# ئایا
# قورئان
# ڕەنگدانەوەی
# سەردەمی خۆیەتی

نووسینی

تەها وەهاب

4 ـ ژنەکانی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ............. ل 144
**بەشی شەشەم :**
**دارِشتنی قورئان** ........................................... ل 158
1 ـ چەندبارەبوونەوە ............................ ل 160
2 ـ موبالەغە ................................. ل 163
3 ـ توانا و دەسەڵاتی خودا ......................... ل 166
4 ـ ستایشی خودا لە قورئاندا ....................... ل 170
5 ـ سوێندخواردن لە قورئاندا ....................... ل 174
6 ـ ناکۆکی لە قورئاندا ........................... ل 179
7 ـ قورئان و دیالێکتی زمانی قورەیش ............ ل 186
8 ـ زمانی بێگانە لە دارِشتنی قورئاندا ............. ل 188
9 ـ زمانی ئاراستەکردن لە قورئاندا ................ ل 190
10 ـ ناسخ و مەنسوخ ........................... ل 193
11 ـ قورئان ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی ........... ل 199

سەرچاوەکان ...........ل 205
ناوەرۆك ..........ل 207

* * * * *



## پێشەکی

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت دیاردەو ڕووداوەکان وەک خۆیان لە واقیعدا چۆن هەن، وە لە حاڵی گۆڕاندا ببینێت، پێویستی بە میتۆدێکی بابەتیانە لە بیرکردنەوەدا هەیە .

به تایبەت لەم سەردەمەی پێشکەوتنی ژیاندا، لە هەموو سەردەمەکانی پێشوو زیاتر، پێویستمان بە میتۆدێکی وەها لە بیرکردنەوەدا هەیە کە بچێتە بنج وبناوانی هەر دیاردەو ڕووداوێک و، بە پشتبەستن بە لۆژیکی ئەقڵ و زانستەکان لە هۆ ئەسڵیەکانی بکۆڵێتەوە .

ئەگەر بەم میتۆدی بیرکردنەوەیە بڕوانینە دیاردەی هوشیاری کۆمەڵایەتی، یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین لە ڕوانگەی زانستیەوە هوشیاری کۆمەڵایەتی بخوێنینەوە، ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە, بەرهەم و دەسکەوتی ملیۆنەها ساڵی پرۆسەی ململانێی کۆمەڵگای مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و لە ناو خۆیدا, لە پێناوی مانەوەو باشترکردنی ژیاندا .

ئاینە جیاوازەکان، هونەر لە کۆنەوە، فەلسەفە و زانستەکان، نموونەی دەسکەوت و چالاکیەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتین . هەموو بوارەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتیش بە گوێرەی گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی مادی کۆمەڵگا، لە قۆناغە جیاوازەکانی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵایەتیدا، هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتنێکی بەردەوامدان .

لەسەر ئەم بنەمایانە، بۆ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە مێژوویەکی دیاریکراودا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زەمینەی مادی و تایبەتمەندیەکانی ئەو مێژووە دیاریکراوەی کە ئەو دیاردەیە تیایدا سەری هەڵداوە.

بۆ کۆمەڵی ئێمە لە کوردستان ، وەک کۆمەڵگایەکی موسوڵمان ، پێویستیەکی گرنگە ئاینی ئیسلام وەک خۆی بناسین ..

تەنها لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی زانستی و بابەتیانەوە دەتوانین ڕۆڵ و کاریگەری ئاینی ئیسلام لە مێژووی گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕووەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و ئازاد و یەکسان دەستنیشان بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمان و زەمینە مادی و ڕۆحی ىە دیاریکراوەی کە ئاینی ئیسلام تیایدا سەری هەڵدا، وە لە پەیوەند بە واقیعەکەی سەردەمی خۆیدا لە بەرنامەی ئاینەکە بکۆڵینەوەو تێی بگەین .

خوێندنەوەی بەرنامەی ئاینی ئیسلام [ قورئان ] لەم ڕوانگەیەوە ، بابەتی ئەم کتێبەیە .

هیوادارم بۆ خوێنەری کورد تیشکێکم خستبێتە سەر ڕاستیەک .

**تەها مەلا وەهاب** .

**1 / 5 / 2004**



# ناوەرۆک


**بەشی یەکەم :**

**سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام :** .................................. ل 3

1 ـ زەمینەی سەرهەڵدان .................................. ل 3

2 ـ ڕاگەیاندنی پێغەمبەری و بانگەوازی ئیسلام ............ ل 22

**بەشی دووەم :**

**قورئان / کتێبی پیرۆزی ئاینی ئیسلام** ........................ ل 31

1 ـ پێناس و پێکهات و بابەتەکانی قورئان ..................ل 32

2 ـ سەرچاوەکانی قورئان ................................ل 37

3 ـ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی قورئان ........................ل 52

**بەشی سێ یەم :**

**ڕەنگدانەوەی تەرازووی هێز لە دەقەکانی قورئاندا** .......... ل 63

1 ـ قۆناغی پێش کۆچ بۆ شاری یەسرب .................. ل 63

2 ـ قۆناغی دوای کۆچ بۆ شاری یەسرب .................. ل 69

**بەشی چوارەم :**

**ڕەنگدانەوەی شێوەی کاری ئیسلام لە دەقەکانی قورئاندا** .. ل 103

1 ـ هەڕەشە و ترساندن .................................. ل 104

2 ـ مزگێنی و پاداشت .................................... ل 108

3 ـ ئەفسانە ........................................ ل 112

4 ـ زەبر و زەنگ ........................................ ل 118

**بەشی پێنجەم :**

**ژن لە سایەی دەسەڵات و ئەحکامی قورئاندا** ............ ل 127

1 ـ هەندێک چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ژناندا .... ل 128

2 ـ جێگا و شوێنی ژن لە قورئاندا ..................... ل 134

3 ـ ئاراستەی گوتاری قورئان سەبارەت بە ژنان ........ ل 139

## سەرچاوەکان بە عەرەبی :

1 ـ القرآن الكريم
2 ـ الكتاب المقدس , العهد القديم ( التوراة ) و العهد الجديد ( الأنجيل ) , دار الكتب المقدس في الشرق الأوسط , لبنان , الطبعة الرابعة 1993 .
3 ـ أسباب النزول / أبي الحسن النيسابوري , دار الكتب العلمية , بيروت , الطبعة الثانية 1991.
4 ـ أسباب النزول / الواحدي ,
5 ـ حروب دولة الرسول / سيد محمود القمني , مكتبة مدبولي الصغير , القاهرة , الطبعة الثانية 1996 .
6 ـ منهاج المسلم / أبوبكر الجزائري , دار الكتب السلفية , القةهرة .
7 ـ تأريخ الأدب العربي , العصر الأسلامي / د. شوقي ضيف , دار المعارف , قاهرة .
8 ـ أطلس التأريخ العربي الأسلامي / د. شوقي أبو خليل .
9 ـ مباحث في علوم القرآن / مناع القطان , مؤسسة الرسالة , الطبعة 34 , بيروت 1998 .
10 ـ أحوال المرأة في الأسلام / منصور فهمي ,منشورات الجمل .
11 ـ النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية / د. حسين مروة , دار الفارابي , بيروت .
12 ـ قصة الديانات / سليمان مظهر , مكتبة مدبولي , قاهرة , الطبعة الثانية 1998 .
13 ـ النص المؤسس و مجتمعه / خليل عبد الكريم , دار مصر المحروسة , القاهرة , الطبعة الثانية 2002 .
14 ـ جدل التنزيل / د. رشيد الخيون , منشورات الجمل , المانيا , الطبعة الأولى 2000 .
15 ـ الدولة و الدين / محمد سعيد طالب , مطبعة الأهالي , سورية .
16 ـ الحريم السياسي , النبي و النساء / فاطمة المرنيسي , ترجمة عبدالهادي عباس ,دار الحصاد ,الطبعة الثانية 1993 .



# بەشی یەکەم :

# سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام

## 1 ـ زەمینەی سەرهەڵدان :

ئاینی ئیسلام لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینیدا, بە ڕابەری (محەمەد کوڕی عەبدوڵلاّ کوڕی عەبدولموتەلیب)ی سەر بە خێڵی قورەیش, لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان سەری هەڵداوە.

نیمچەدوورگەی عەرەبستان کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە. بەهۆی ئەوەی سێ لای سنورەکەی ئاوە, بە نیمچە دوورگە ناسراوە.

بەگوێرەی نەخشەی جوگرافی ئەو سەردەمە, لە ڕۆژهەلاّتەوە کەنداوی عەرەب_فارس, لە باشوورەوە دەریای عەرەبی, لە

ڕۆژئاواوەدەریای سوور( دەریای قەلزەم ), لە باکوورەوە بیابانی شام و عیراق, دەوریان داوە.

بۆ ناساندنی ئەو زەمینەیە کە ئاینی ئیسلام تیایدا سەری هەڵدا, چاک وایە هەندێک لەسەر لایەنەکانی ئابوری, کۆمەڵایەتی, سیاسی وئاینی ئەوسەردەمەی نیمچەدوورگەی عەرەبستان, بەتایبەت ناوچەی حیجاز بدوێین :

**لە ڕووی ئابوریەوە :**

نیمچەدوورگەی عەرەبستان وولاتێکی فراوانە, بەشی زۆری خاکەکەی بیابانە, بە گشتی کەم سەرچاوەی ئاو وکەم بارانە, بەتایبەت لە هاویندا یەکجار گەرم و ووشکە. زەوی بۆ کشتوکاڵ بێ پیت و نالەبارە.

لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا خەڵکی عەرەبستان بە چەند شێوەیەک ژیانیان بەسەر بردووە, وەک :

**1_ شێوەژیانی کۆچەری :**

خێڵە عەرەبە کۆچەریەکان کە بەشی زۆرینەی خەڵکی عەرەبستان بوون , بەدوای بەخێوکردنی مەڕوماڵات و ئاژەڵداریەوە بوون (بەتایبەت وشتر ) لەسەر بەروبوومەکەی ژیاون ولە ڕەوەکانیشیاندا بۆ بارکردن کەڵکیان لێ وەرگرتوون, چونکە وشتر تایبەتمەندی ژیانی بیابانی هەیە لە بەرەنگاری تینوێتی و گەرما و ڕەوی دوورودرێژی بیاباندا.

**2_ شێوەژیانی نیشتەجێ :**

هەندێک ناوچەی عەرەبستان کە سەرچاوەی ئاویان هەبووەو ئاووهەوای بۆ کشتوکاڵ لەبارتر بووە, عەرەبەکان هەر لەکۆنەوە لەو جێگایانە نیشتەجێ بوون و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریک بوون.

گوندو شاریان دروستکردووەو ژیانیان تێدا بەسەربردووە. بۆ نموونە لە شاری یەسرب, شاری تایف و دەوروبەری کشتوکاڵ و ڕەز و



# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە کوردی :

1 ـ قورئانی پیرۆز ⁎ , وەرگێڕانی بۆ کوردی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی , چاپخانەی ئاسۆ , قوم .
2 ـ عەلی میرفیردەوسی / ئیسلام ناسی , وەرگێڕانی سیامەکی بابەکی 1999 .
3 ـ عەلی دەشتی / بیست وسێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , وەرگێڕانی لە فارسیەوە , فریاد کەریم , چاپی دووەم 1999 .
4 ـ عەبدولخالق مەعروف / ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا 1999 .
5 ـ عەبدولعەزیز عەلائەدین / ژیان و ڕەوشتی پێغەمبەر .
6 ـ عەباس عەبدولکەریم / کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا , چاپی یەکەم , ستۆکهۆڵم 1997 .
7 ـ هادی عەلەوی / مێژووی ئەشکەنجەدان لە ئیسلامدا , وەرگێڕانی هاوڕێیانی نووسەر 1999 , لە بڵاوکراوەکانی دەستەی هەنگاو .
8 ـ مەلا ئەمینی سیانی / ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا , گۆڤاری نڤار , ژمارە 8 , ساڵی 2000 .
9 ـ ئارام ڕەشید / جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ , چاپی یەکەم 2001 .
10 ـ گۆیژە زەنگەنە / ئافرەت لە چوار ئایندا , چاپی یەکەم 1999 .
11 ـ جەلال ئەمین بەگ / ئاوێستا , چاپی یەکەم 1999 .
12 ـ تەها حەمەئەمین هەڵەدنی / ڕیشەی قورئان .

**⁎ وەرگێڕانی سەرجەم ئایەتەکان لەم نووسینەدا بۆ کوردی , لە وەرگێڕدراوی قورئان بە کوردی لە لایەن ( محەمەد ساڵح ئیبراهیمی ) ەوە وەرم گرتووە .**

باخ وباخاتیان کردووە, بۆیە خەڵکێکی دەوڵەمەندتر و ژیانیان دامەزراوتر بووە.

( لە شاری تایف مێوژ و هەنگوینی زۆر بەرهەم هاتووە, بەجۆرێک کە تەنها بەرهەمی مێوژ, ساڵانە سێ سەد بارە وشتریان ناردۆتە بازاڕ. سەرباری ئەمە, خەڵکی ئەم شارە خەریکی ئاژەڵداریش بوونە, هەر بۆیە بەم هۆیەوەو بەهۆی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ خێڵە کۆچەریەکانی دەوروبەریشیانەوە, بۆتە شوێنی ناردنەدەرەوەی پێستە بۆ وولاتانی دەوروپشتی).[1]

**3_ بەشێکی دیکەی خەڵکی عەرەبستان لە یەک کاتدا کۆچەری و نیشتەجێش بوون :**

ئەمانە وەرزی کشتوکاڵ تا کاتی هەڵگرتنی بەرهەم نیشتەجێ بوون, دوای کۆکردنەوەی بەرهەم بەدوای لەوەڕدا بۆ ئاژەڵەکانیان لە ڕەودا بوون.

هەروەها ( هەندێکیش بە پیشەسازی دەستیی سەرەتایی یەوە خەریک بوون. وەک دروستکردنی قاپ و کەرەسەی گڵین, پێستەخۆشکردن, خەڵوز, دەرهێنانی عەرەق لە خورما,دروستکردنی شمشێر و نەختینە " توحفە "و شتی جوانی و ڕازاندنەوە).[2]

جگە لەوانە, نیمچەدوورگەی عەرەبستان جێگایەکی بازرگانی گرنگی هەبووە, کەوتبووە سەر چەندین ڕێگای کاروانی بازرگانی, وەک ڕێگای کاروانە بازرگانیەکانی هندستان بۆ شام و فەلەستین و میسر, کاروانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا بۆ وولاتی فارس .

بەشێک لە خەڵکی نیشتەجێ بە کاری بازرگانی ناوخۆوەو هەندێکیش بە بازرگانی دەرەوە خەریک بوون.

زۆربەی کاروانە بازرگانیەکان بە ناوچەی حیجازدا تێپەڕ دەبوون. ناوچەی حیجاز بە هۆی بەرهەمی کشتوکاڵ و ڕێگاکانی بازرگانیەوە,



**پەراوێزی بەشی شەشەم**

1 _ ابي الحسن النيسابوري / أسباب النزول , ص 19 .
2ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ص 248 .
3ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 255 .
4ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ص 247 .
5ـ عەلی میرفیردەوسی / ئیسلام ناسی , وەرگێڕانی سیامەکی بابەکی , ل 70 .
6ـ د. شوقي ضيف / تأريخ الأدب العربي , ج 2 ص 31 .
7ـ مناع القطان / مباحث في علوم القرآن , مؤسسة الرسالة ,بيروت 1998 .
8ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ص 285 .

وەک ناوەندی ناوچەکانی دیکەی عەرەبستان دەرکەوتووە. خەڵکی لەزۆر جێگای ناوخۆو دەرەوە ڕوویان تێکردووە.

شاری مەککە بەهۆی ئەوەی نزیکە لە دەریای سوور, ببووە جێگای ترانسێت و ناوەندێکی گرنگی کاروانە بازرگانیەکان.

خێڵی قورەیش لەمەککە بەهۆی جێگاوڕێگایەک کە لە کۆنەوە لە ڕێگای خزمەتکردنی کەعبەوە بەدەستیان هێنابوو, بۆیان ببووە سەرچاوەی داهاتێکی مادی زۆرو دەسەڵاتێکی سیاسی دیار لەناو خێڵەکانی نیشتەجێی شاری مەککەو دەوروبەریدا. دەوڵەمەندەکانی قورەیش بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە کە هەیانبوو, هەر لەکۆنەوە باجیان لە کاروانە بازرگانیەکان دەسەند. دواتر خۆشیان تێکەڵ بە کاری بازرگانی بوون و کاروانیان بۆ شام و فەلەستین و میسر بەڕێ دەخست.

بازاڕی عوکاز کە بازاڕێکی وەرزی بووە لە نزیک شاری مەککە, لە وەرزی حەج کردندا خەڵک لە زۆربەی ناوچەکانی حیجازەوە بۆ گۆڕینەوەی کەلوپەل وکاڵا ڕوویان تێکردووە.

هەلومەرجی ژیان لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان, بەشێوەیەکی گشتی سەخت بووە.

## لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە:

پاشماوەی ژیان و نەریتی سیستەمی کۆیلایەتی, لەسەردەمی پێش ئیسلامدا,هێشتا باوی هەبوو. هەروەها سیستەمی ژیانی تیرەیی و خێڵەکی پەرش و بڵاو, شەڕوشۆڕ و پەلامارو تاڵانکردنی یەکتر, لەناو خێڵە عەرەبەکاندا نەریتی زاڵ بوو.

نەریتی شەڕی نێوان خێڵەکان, کە بەزۆری لەسەر لەوەڕگاو تۆڵەی خوێن و ناموس پەرستی بووە, هەموو خێڵەکەی دەگرتەوەو سەرچاوەی نەهامەتیەکی گەورە بوو. بەتایبەت بۆ هەژارانی خێڵ, چونکە بەزۆریی لەوان دەکوژران.



لە شێوە و ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئاندا ئەو ڕاستیە دیار و ڕوونە کە, بەرهەمی بیری مرۆڤێکی هوشیارو خاوەن توانایەکی بەرز بووە . لە داڕشتنی کەسێکە کە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی لە ڕابەرایەتی و ئاراستەکردنی بزوتنەوەی ئیسلامدا هەبووە , کاریگەری گەورەی لە سەری هەبووە و بە بیروبۆچوونەکانی خۆی موتوربەی کردوون , بێگومان ئەو مرۆڤە هوشیارو سەرکردەیە محەمەدی ڕابەری ئیسلامە .

**قورئان بەو تایبەتمەندیانەی خۆیەوە کە باسمان کردووە, دەقێکی مێژوویی گرنگە, چونکە کۆمەڵگای عەرەبستان و پەیامی ئاڵوگۆڕەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ئەو سەردەمەی تیا دەخوێنینەوە .**

**باسکردنی تێبینی و سەرنج لە سەر شێوە و ناوەرۆکی قورئان , بە هەڵسەنگاندنی هەموو سەردەمەکان , هیچ لە گرنگی قورئان وەک دەقێکی مێژوویی کەم ناکەنەوە .**

## کۆتایی

واتا : ( وە ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە مەگەر بە زمانی هۆزەکەی تا " بە ئاسانی ڕاستەقینەیان " بۆ بەیان بکا و تێیان بگەیەنێت ) .

ناوەرۆکی ئەم ئایەتەی سەرەوە بەڵگەی ئەوە دەدات بە دەستەوە کە , پەیامی محەمەد بۆ کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان بووە . پەیامی ئەو بۆ ئەوە بووە کە لەو سەردەمەدا ئاڵوگۆڕێک لەو کۆمەڵگایەدا بە ئەنجام بگەیەنێت .

بەم شێوەیە ئەگەر کەسێک بە چاوی سەرنجەوە قورئان بخوێنێتەوە لەوە تێدەگات کە, قورئان لە شێوەو ناوەرۆکدا ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی . ڕەنگدانەوەی هەلومەرج و ئاڵوگۆڕو ڕووداوەکانی ئەو مێژووە دیاریکراوەیە کە محەمەد پێغەمبەرێتی خۆی ڕاگەیاندووە تا سەرکەوتن و دامەزرانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا.

لە سەرجەمی باسەکەو ئەو نموونانەی کە لە بەشە جیاجیاکانیدا لە ئایەتەکانی قورئان هێناومانەتەوە, ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە :

**ناوەرۆکی حوکم و بڕیارەکانی قورئان بە گشتی بۆ سەردەمی خۆی, هەنگاوی چوونەپێشەوە بوون و لە خزمەتی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی خۆیدا بوون .**

**بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بڕیار و حوکمەکانی قورئان نەگۆڕ و بۆ هەمیشەن , بۆیە لەگەڵ سەردەمەکانی دوای خۆیدا تووشی ناکۆکی هاتووەو، بووە بە ڕێگر لە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان .**

قورئان وەک دەقێکی ئەدەبی لە ڕووی دارشتنەوە بە گشتی , وە لە ڕەوانبێژیدا بە تایبەتی لە ئاستێکی بەرزدایە..لەگەڵ ئەوەشدا لە خاڵی لاواز و کەموکوڕی بەدەر نیە .



لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان هەرچەندە کۆیلایەتی وەک سیستەم نەمابوو, بەڵام دیاردەی کۆیلەداری هەر هەبوو.

( سەرەڕای فەوتان و لەناوچوونی دەوڵەتە کۆیلەدارەکانی زۆربەی نیمچەدوورگەی عەرەبستان, کۆیلەداری لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی زاینیدا, لە چەند شارێکی وەک مەککەومەدینە هەر باوی بوو ).3

کۆیلەکان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە وەک ئەندامێکی خێڵ یا کۆمەڵ دانیان پێدا نەنراوەو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە, بەڵکو وەک کەرەسەوئامرازی کار چاویان لێکراوە. کاری قورس و بێ کرێیان پێ دەکرا, کرابوونە سەرچاوەی دەسکەوتی زۆر بۆ خاوەنەکانیان. جگە لەوەش کاروباری ناوماڵیان پێ کراوە. هەروەها لە بازاڕدا وەکو کەلوپەل و کاڵا بازرگانیان پێوە کردوون و قازانجی زۆریان لە کڕین و فرۆشتنیان بەدەستهێناوە.

( لە کۆمەڵگای کۆیلەیەتی دا بەدەگمەن خاوەن کۆیلە ڕێگەی بە کۆیلە داوە وەچە بخاتەوە, کەچی لە کۆمەڵگای عەرەبدا بە پێچەوانەوە.. خاوەن کۆیلە ئافرەتی کۆیلەی ناچارکردووە لەگەڵ پیاوان جووت بن تا منداڵ بخەنەوەو منداڵەکان بفرۆشن. لەمەوە تێ دەگەین کە کۆیلەی ژن لەو کۆمەڵگایەدا لە کۆیلەی ژنی کۆمەڵگای تریش چەوساوەتر بووە. سەرەڕای ئەوەی هێزی بەرهەمهێن بووەو کاری بێ کرێی ئەنجام داوە, سوودیش لە سروشتی مێینەی وەرگیراوەو منالی پێ بەرهەم هاتووە).4

پلەی کۆمەڵایەتی ژنان لە ناو کۆمەڵی عەرەبدا لە ئاستێکی یەکجار نزمدا بووە. ژن خاوەنی کەسایەتی خۆی نەبووە, بەڵکو وەک هەر کەرەسەیەکی دیکە موڵکی پیاو بووە. منداڵیش بۆ باوک گەڕاوەتەوە.

پیاو سالارو خاوەن دەسەڵات و بڕیار بووە.. نەک هەر ئەوەی کە ژن مافی هاوسەرێتی لەدەستی خۆیدا نەبووە, بەڵکو تەنانەت هیچ پیاوێک

لە خێڵدا نەیتوانیوە بەبێ پرس و قایل بوونی سەرۆکی خێڵ کچی خۆی بەشوو بدات.

پیاوان بەگوێرەی نەریتی خێڵ, مافیان هەبووە لە ژنێک زیاتریان هەبێت و, هەر کاتێکیش ئارەزوویان کردبێت تەڵاقیان داون.

( تەبەری لە زوحاکەوە دەگێڕێتەوە, کە پیاو هەبووە خاوەنی 10 ژن بووە ). 5

ژنانی کۆیلەش وەک پیاوانی کۆیلە لە بازاڕدا فرۆشراون.

لێدان و ئەشکەنجەی ژنان لە لایەن پیاوانەوە, شتێکی ڕۆژانەو ئاسایی بووە. ژن بەلاوازو بێ دەسەلات و مایەی سووکی هێنان بە شانی پیاودا, یان وەک شەرەفی پیاوان لە خێڵدا چاویان لێکراوە.

لەدایکبوونی کچ شەرمەزاری بە ڕووی خێزانی عەرەبدا هێناوە.. هەندێک خێڵ بۆ ئەوەی ئەو شەرمەزاریە لە ڕووی خۆیان لابدەن, هەروەها لەترسی بەدیل گرتنی ژنان لە شەڕی خێڵەکاندا, کە دەکاتە دۆڕاندنی شەرەفی خێڵ, هەندێک جاریش لەبەر هەژاری, هەر بە منداڵی زیندەبەچاڵیان کردوون.

ژن موڵکی خۆی نەبووە, کۆیلەی پیاو بووە, وەک کەرەسە بە پارە کڕاوە. مارەیی ژن کە لە شووکردندا لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە وەرگیراوە,نرخی کڕینەکەی بووە.

لە ناو کۆمەڵی عەرەبستاندا چەند شێوە زەواجێک باو بووە کە لە زۆربەیاندا لە کەسایەتی ژن دراوەو کراوە بە پاشکۆو کۆیلەی پیاو, بۆ نموونە :

**- ژن هێنان بە میرات :**

لەم شێوە زەواجەدا, ئەگەر پیاوێک بمردایە, برای پیاوەکە دەیتوانی ژنی براکەی خۆی بە میرات بۆ خۆی مارە بکات.. هەروەها کوڕ دەیتوانی ژنی باوکی خۆی " باوەژنی خۆی " بۆ خۆی مارە بکاتەوە. بەم شێوە زەواجەیان ووتووە ( زواج المقت ). 6



بە گوێرەی مانای ئەم ئایەتەی سەرەوە, شەڕەکانی ئیسلام لەگەڵ خێڵ و هۆزەکانی نیمچەدوورگە, بۆ ئەوەی بە زەبری هێز بکرێن بە موسوڵمان, لە لایەن محەمەدی ڕابەری ئیسلامەوە ساز دراون .. دا ڕشتنی ئایەتەکانی قورئانیش بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕەکان , بەشێک بوون لەو سازدانە. ئەم ئایەتە ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەیە کە, یەکخستنی خێڵە عەرەبەکان ئامانجی سەرەکی بووە .

ـ ( ما كان لأهل المدينة و من حولهم من الأعراب أن يتخلفوا عن رسول الله و لا يرغبوا بأنفسهم عن نفسه ذلك بأنهم لا يصيبهم ظمأ و لا نصب و لا مخمصة في سبيل الله و لا يطئون موطئا يغيظ الكفار ) التوبة / 120 .

واتا : ( ناگونجێ بۆ خەڵکی مەدینە و دەوروبەری لە عەرەبەکانی بیابانی کە خۆ لە ڕەسولی خوا بە جێ بهێڵن و گیانی خۆیان لە گیانی پێغەمبەر خۆشتر بوێ , ئەمە لە بەر ئەوەیە کە هیچ تینویەتی, ماندوویەتی و برسێتی لە ڕێگای خوادا نەگاتە ئەوان, وە هیچ هەنگاوێ کە ببێتە هۆی تووڕەبوونی کافران هەڵناگرن ) .

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ناڕەزایی ئاراستەی خەڵکی مەدینە و عەرەبە بیبانیەکانی دەوروبەری کردووە کە نەچوون بۆ شەڕی کافران!. ئایەتەکە تایبەتە بەو هەلومەرج و خەڵکە دیاریکراوەی کە باسی کردوون .

ـ ( لأيلاف قريش, إيلافهم رحلة الشتاء و الصيف, فليعبدوا رب هذا البيت ) قريش / 1 , 2 , 3.

واتا : ( " سزادانی خاوەنی فیل " لە بەر یەکگرتنی قورەیش بوو, خۆ پێکەوەگرتنی ئەوانە لە سەفەری زستان و هاویناندایە, " جا بە شوکرانەی ئەم نیعمەتە گەورە " با عیبادەتی پەروەردگاری ئەمماڵە " کابە " بکەن ) .

ئەم سورەتە بە تایبەت ئاراستەی خێڵی قورەیش کراوە , بۆ سەردەمێک بووە کە هێشتا خێڵی قورەیش موسوڵمان بوونی خۆیان ڕانەگەیاندووە .

داوایان لێ دەکات کە ببن بە موسوڵمان و خودا بپەرستن .

یانی بە موسوڵمان بوونی خێڵی قورەیش, ئیدی داوای ئەم سورەتە بە سەر چووە .

ـ ( و ما أرسلنا من رسول إلا بلسان قومه ليبين لهم ) إبراهيم / 4 .

ـ ( يا أيها الذين آمنوا ليستأذنكم الذين ملكت أيمانكم و الذين لم يبلغوا الحلم منكم ثلاث مرات من قبل صلاة الفجر و حين تضعون ثيابكم من الظهيرة و من بعد صلاة العشاء ) النور / 58 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە, کەنیزەکانتان و هەروا منالّەکانتان کە هێشتا بلوغ نەبوون ئەبێ لە سێ کاتدا بۆ هاتنە لاتان " نێو هۆدەی تایبەتیتان " ئیجازەتان لێ وەربگرن , 1 ـ بەر لە نوێژی بەرەبەیانان 2 ـ لە نیوەڕۆیاندا کە جلکی خۆتان دادەنێن بۆ حەسانەوە 3 ـ دوای نوێژی خەوتنان ) .

لەم ئایەتەی سەرەوەدا, کە باسی کەنیزان و , هەروەها پشووی نیوەڕوانی گەرما ی کردووە . ئەم دوو خالّە بەلّگەی ئەوەن کە ئایەتەکە بۆ هەلومەرجی سروشتی نیمچەدوورگە داڕێژراوە , نەک بۆ هەموو جیهان . چونکە وەک پێشتریش باسمان کرد , کەنیزەداریی دیاردەیەکی کۆمەلّگای نیمچەدوورگە بووە لە سەردەمی محەمەد دا , دواتر بە سەرچووە و بەم پێ یەش , هەر حوکمێک لە قورئاندا سەبارەت بە کەنیزەداریە بەسەرچووە .

هەروەها ئەوە تایبەتمەندیەکی عەرەبستان بووە کە خەلّک نیوەڕوان لە بەر گەرما , بۆ پشوودان چوونەتەوە بۆ مالّەوە .. ئەم حوکمە خەلّکی زۆربەی وولاّتانی دنیا ناگرێتەوە, کە سروشتی ئەو گەرمایەی عەرەبستانیان نیە.

ـ ( قل للمخلفين من الأعراب ستدعون الى قوم أولي بأس شديد تقاتلونهم أو يسلمون فإن تطيعوا يؤتيكم الله أجرا حسنا و إن تتولوا كما توليتم من قبل يعذبكم عذابا أليما ) الفتح / 16 .

واتا : ( بە خۆقەفکەرانی عەرەبی دەشتەکی " کە لە جیهاد خۆیان دواخستبوو " بلّێ : بە زوویی بانگ دەکرێن بۆ لای هۆزێک " کالەموییین " ی ئازا و جەنگاوەر و پڕ هێزن , لە گەلّیان جەنگ بکەن تا خۆ ئەدەن بە دەستەوەو موسولّمان ئەبن , جا ئەگەر ئیتاعەتتان کرد خوا پاداشتی چاکتان پێ ئەدا و ئەگەر سەرپێچیتان کرد هەر وەکو لە بەرا بۆ " حودەیبیە " سەرپێچیتان کرد , بە عەزابێکی دەرداوی ئازارتان ئەدا ) .



**ـ کچ بە شوودان بە مەرج :**

وەک مەرجی دروێنە, مەرجی ئاژەلّداری, مەرجی سک و زا..هتد. بێگومان لێرەدا کچەکە دەبوو بە گوێرەی مەرجەکانی نێوان باوکی و مێردەکەی هەلّسوکەوت بکات. بەم شێوە زەواجەیان ووتووە ( زواج الأجباري ) .

**ـ ژن بە ژن :**

پیاو کچی خۆی یان خوشکی خۆی داوە بە ژن بۆ خۆی. بەم شێوە زەواجەیان ووتووە ( **زواج الشغار** ).

**ـ ژنهێنان بۆ ماوەی کورت و دیاریکراو :**

بۆ ڕۆژێک, یان دوو ڕۆژ , وە یا زیاتر . بەم شێوە زەواجەیان ووتووە ( **زواج المتعة** ) .

**ـ زەواجێکی نهێنی** هەبووە, کە پیاوی ژندار, یان ژنی مێرددار, لەگەلّ کەسی دیکەدا کردوویانە. پێیان ووتووە ( **زواج الخدن** ) .

**ـ ژن گۆڕینەوە** : ئەگەر دوو پیاو حەزیان لە ژنی یەکتر بکردایە, بە خواستی هەردوو پیاوەکە ژنەکانیان دەگۆڕیەوە, بۆ ماوەیەک بە ئارەزووی پیاوەکان. بەم زەواجەیان ووتووە ( **زواج البدل** ).

ـ ئەگەر پیاوێک حەزی بکردایە ژنەکەی منداڵی جوانی ببێت, ئەوا پیاوی دیکەی بە دلّی خۆی, لە شێوەدا ڕێکوپێکی دەدۆزیەوەو, داوای لێ دەکرد کە سکی ژنەکەی بۆ پڕ بکات, بەم زەواجەیان ووتووە ( **زواج الأستبضاع** ).

شایانی باسە لە هەموو ئەو شێوە زەواجانەی سەرەوەدا, ژنان هیچ بڕیارو دەسەلاّتیان نەبووە, تەنیا جێ بەجێکەری بڕیاری پیاوان بوون. ئەگەر سەرپێچی بڕیاری پیاویان بکردایە, تووشی لێدان و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەکران.

**مافی جیابوونەوە** " تەڵاق " تەنها لە دەستی پیاودا بووە. ژن ئەگەر مێردیشی بە دڵ نەبووبێ, بۆی نەبووە بڕیاری جیابوونەوە بدات. بەڵام پیاو هەر کاتێک ویستبێتی, ژنی خۆی تەڵاق داوە.

هەندێک پیاو ئەو بڕە مارەییەش کە کاتی خۆی داویانە بە ژنەکە, لێیان سەندووەتەوە.

جگە لەو شێوانەی پەیوەندی زەواج, دیاردەی لەشفرۆشیش هەبووە. ژنانێک لە بەر هەژاری, لە جێگای تایبەتیدا, ئەو کارەیان کردووە. پیاوان لەوێدا بە پارە سێکسیان کڕیوە.

**لە ڕووی سیاسیەوە :**

ئەرستۆکراتەکانی قورەیش لە شاری مەککە, بۆ ڕێکخستن و پارێزگاری دەسەڵات وبەرژەوەندیەکانی خۆیان, دامەزراوێکی سیاسیان لەنێوان خۆیاندا دامەزراندبوو, کە لە مێژوودا بە (دارولنەدوە) ناسراوە.

(دارولنەدوە یەکەمین تۆوی دەوڵەت بوو لە کۆمەڵی مەککەدا, کە ئەرکی ئەوە بوو پەیوەندی دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ توێژە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی ئابورییانی ڕێکدەخست و, بەگوێرەی هەلومەرجی مێژوویی ئەو کاتە, شێوەی یاسایی پێ بەخشیبوو و شەرعیەتی بە دەسەڵاتەکەیان دابوو. لەسەر خەڵک پێویست بوو لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە, مل کەچی ئەرستۆکراتە خاوەن دەسەڵاتەکانی قورەیش بن. نەدوە ئەو شورا دەسەڵاتدارە بوو کە نوێنەرایەتی ئەرستۆکراتەکانی دەکردو, بەرژەوەندی وکاروبارەکانی ئەوانی تێدا ڕێک دەخرا ) .7

دارولنەدوە لەسەردەمی ( قوسەی کوڕی کلاب)ی باپیرەگەورەی (محەمەد)ی پێغەمبەری ئیسلامدا دامەزراوە, کە 130 ساڵ پێش (محەمەد) ژیاوە.



ئەو کاتە پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە, ڕۆژێک دادێ کۆیلەداری لە هیچ کۆمەڵگایەکدا نامێنێ . ڕۆژێکیش دادێ جیاوازی ژن و پیاو نامێنێ و , کوشتن بە کوشتن چارەسەر ناکرێت ! .

**بە گوێرەی تێپەڕبوونی سەردەمەکان و بەرەوپێشەوە چوونی ژیان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی, زۆر لە ئایەت و حوکمەکانی قورئان , تەنانەت لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکانیشدا بە سەر چوون و کاریان پێ ناکرێت .**

سەبارەت بە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان , کە یەکێکە لە فەرزەکانی ئاینی ئیسلام , لە قورئاندا دەڵێت :

ـ ( كلوا و اشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود من الفجر ثم اتموا الصيام الى الليل ) البقرة / 187 .

واتا : ( بخۆن و بخۆنەوە تا هەودای سپیایی " دەمە بەیان " لە نێو هەودای ڕەشی " شەو " دەردەکەوێ و جیابێتەوە, لە پاشان ڕۆژووەکەتان تا شەو تەواو بکەن " دوای پارشێو تا ئیفتار بەڕۆژوو بن " ) .

لە دیاریکردنی ماوەی بەڕۆژوو بووندا لەم ئایەتەی سەرەوەدا, تەنها ڕەوشی ناوچەی نیمچەدوورگەی عەرەبستانی لە بەرچاو گرتووە. بۆیە حوکمی ئایەتەکە هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەوی ناگرێتەوە .

بە هۆی کەمی زانیاریەوە لەو سەردەمەدا, لەو ئایەتەدا ئاگاداری ئەوە نەبووە کە لە هەندێ ناوچە و شوێنی دنیادا, وەک سەروی فینلەند و سوید , لە وەرزی هاویندا ماوەیەک بیست وچوار کاتژمێر لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووناکە . لە وەرزی زستانیشدا لەو وڵاتانە , نزیکەی بیست وچوار کاتژمێر تاریکە ! . لەم حاڵەدا بەڕۆژوو بوون " پارشێو و بەربانگ کردن " بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, هیچ مانایەکی نامێنێت .

ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە فەرزی ڕۆژوو گرتن, لە لایەن خودایەکەوە کە بە گوێرەی قورئان ئاگاداری هەموو شتێکە, دانەنراوە ! , بەڵکو لە لایەن محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە , بە گوێرەی زانیاری خۆی و تایبەتمەندی ڕەوشی نیمچەدوورگە, دیاری کراوە .

لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئاندا, ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە , ئاینی ئیسلام و بڕیارو حوکمەکانی قورئان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگاو سروشتی عەرەبستانە لە سەردەمی محەمەد دا.

ـ ( و كذالك أوحينا إليك قرآنا عربيا لتنذر ام القرى و من حولها ) الشورى / 7 .

واتا : ( ئا بەم جۆرە قورئانی عەرەبیمان بۆ تۆ نارد تا مەککە " ام القرى " و خەڵکی دەوروبەری بترسێنن ).

لە مانای ئەم ئایەتەی سەرەوەدا , ئەوە ڕوونە کە قورئان تایبەتە بە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان..ئەوە ڕوانگەو ئامانجی محەمەد بووە کە, ئاڵوگۆڕ و چاکسازی لە کۆمەڵەکەی خۆیدا ئەنجام بدات .

ـ ( يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى الحر بالحر و العبد بالعبد والأنثى بالأنثى ) البقرة / 178 .

واتا : ( ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە, لەمەڕ کوشت وکوشتاری ناهەق حوکمی قەساس " تۆڵەی خوێن " تان لە سەر نووسراوە, ئازاد لە ئاست ئازاد و بەندە بە بەندە و ژن لە بەرانبەر ژن ).

ناوەرۆکی حوکمی ئەم ئایەتەی سەرەوە, ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵی عەرەبستانە کە, کۆیلەداری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بووە.. بڕگەی " بەندە بە بەندە " ئەوەندە تایبەت بە کۆمەڵی عەرەبستانی سەردەمی محەمەد بووە کە, نەک هەر بۆ کۆمەڵانی دەرەوەی نیمچە دوورگە ناگونجێ , بەڵکو بۆ خودی عەرەبستانی دوای دیاردەی کۆیلەداریش حوکمی نەماوە .

هەروەها لە بڕگەی " ژن لە بەرانبەر ژن " دا , تۆڵەی ژنی کوژراوی لە پیاوی کوژراو جیا کردۆتەوە. بۆ هەتا هەتایە بە دوو حوکمی جیا بڕیاری لە سەر داون ! .

قورئان بە گوێرەی سەردەمی خۆی, " مرۆڤی ئازاد " و " مرۆڤی کۆیلە " و " ڕەگەزی ژن " ی بە سێ مرۆڤی جیا سەیر کردووە ! .



(سەپاندنی دەسەڵاتی قورەیش بەهۆی دارولنەدوەوە بە یەکەمین هەنگاو دەژمێردرێ بۆ یەکێتی خێڵەکانی شاری مەککە و کۆکردنەوەیان, لەسەردەمی قوسەی کوڕی کلاب دا) .8

هەنگاوی دووەمی ئەرستۆکراتەکانی قورەیش, لە بواری لەیەک نزیک خستنەوەی خێڵە عەرەبەکاندا, بۆ زامنکردنی بەرژەوەندیە بازرگانیەکانی خۆیان, پێکهێنانی (ئیلاف) بوو.

ئیلاف بریتی بوو لەڕێککەوتن و پێکهاتن لەگەڵ شێخی خێڵەکانی سەر ڕێگاکانی بازرگانی قورەیش. ئیلاف پێداویستیەکی سیاسی گرنگ بوو کە لە زەمینەی بەرەوپێشەوەچوونی گەشەی بازرگانیدا هاتە کایەوە.

(بەم شێوەیە نیزامی ئیلاف, بۆ زامنکردنی ئاسایشی ڕێگاکانی کاروانە بازرگانیەکان بوو کە لە مەککەوە دەهاتن, بۆ گەیشتنی کەلوپەل و کاڵا بازرگانیە گرنگەکان لە کاتی خۆیداو بەبێ دواکەوتن ) .9

## لە ڕووی ئاینی یەوە :

شاری مەککە هەر لە کۆنەوە, لە پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا ناوەندێکی ئاینی بوو. خەڵکەکەی چەندین نەریتی ئاینیان هەبوو.

لە شاری مەککەدا کۆمەڵێک کەعبەی گەورەو بچووکیان وەک شوێنی پەرستگا دروستکردبوو, چەندەها بتیان لەو کەعبانەو دەوروبەریاندا دانابوو. ئەو بتانەیان دەپەرست و دەچوونە زیارەتیان و قوربانییان بۆ دەکردن.

کەعبەی کۆن کە گەورەترین کەعبەی مەککە بوو, 360 بتی جۆراوجۆری خێڵە جیاجیاکانی تێدا بوو, وەک : ( لات ) خودای خێڵی سەقیف, ( عوزا ) خودای خێڵی قورەیش, ( منات ) خودای خێڵی ئەوس و خەزرەج.

گەورەترین بتی کەعبە ناوی ( اللە ) بووە. ئەم کەعبەیە دواتر ئیسلام کردی بە کەعبەی خۆی! .

بەردەڕەشەکەش, کە لە پێش ئیسلامەوە لای خەڵکی حیجاز بە پیرۆز دانراوە, لەویّ دانرا. هەتا ئێستاش موسوڵمانان هەروەک سەردەمی پێش ئیسلام بە پیرۆزی دەزانن و لە مەراسیمی حەج کردندا بە دەوری کەعبەو بەردەڕەشدا دەسووڕێنەوە.

بەم پێیە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانەوەڕوویان کردۆتە شاری مەککە, بۆ بازرگانی و زیارەتی بتەکانی کەعبە. ئەم زیارەتکردنە لە پێش ئیسلامیشدا هەر بە حەج ناوبراوە.

(هەموو ڕێ و ڕەسمەکانی حەج, عەمرە, احرام, دەسدان لە بەردەڕەشەکەو هاتوچۆی سەفاومەروەو , وەستان لە کێوی عەرەفات " رمي جمرة "دا, هەر هەموو ئەمانە لە سەردەمی جاهیلیەتدا پیادەکراون و, تەنیا تۆزێک گۆڕان لە حەجی ئیسلامدا ڕووی داوە. عەرەبی بەر لە ئیسلام لەکاتی سووڕانەوەو تەوافدا ( لبیک یا لات و عزی )و ( لبیک یا منات)یان دەوتەوەو بانگیان لە بتەکەی خۆیان دەکرد. لە ئیسلامدا ووشەی اللهم جێگای بتەکانی گرتەوەو ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە ڕێک کرایەوە : لبیک اللهم لبیک ). 10

خەڵکی نیمچەدوورگەی عەرەب, سەبارەت بە سروشت و کۆمەڵ و دیاردەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان, بەوشێوەیە ڕوانیویانە کە لە ئەفسانەکاندا باو بووە.

لێکدانەوەی ئەفسانەیی, بناغەی بیرکردنەوەی ئاسایی و شیکردنەوەیان بووە. پێیان وابووە خولقاندنی هەموو دیاردەو ڕووداوەکانی سروشت و کۆمەڵ, هەر لە بچووک تا گەورە, لەلایەن هێزی غەیب ( نادیار )و سەروو توانای مرۆڤەوە ئەنجام دراون و بەڕێوەدەبرێن. ئەو دەسەڵاتە غەیبی یە خاوەن توانا لە ڕادەبەدەرە, خوداکانی ئاسمانن. وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بۆ خوداکانی ئاسمان دەگەڕاندەوە. بوون و تواناو دەسەڵاتی خودا بە جۆرێک لە



. ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە قورئان بەرهەمی بیری محەمەدی ڕابەری ئیسلامە .. بیرو بۆچوون و زانیاریەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەن , بۆ نموونە :

زانیاری قورئان لە سەر دیاردەکانی شەو و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان, زانیاری چواردە سەدە بەر لە ئێستان !, دوورن لە ڕادەی ئەو زانیاریانەی کە زانست لە سەردەمەکانی دواتردا هەتا هاتووە زیاتر پەی پێ بردوون . بۆ نموونە :

ـ ( هو الذي جعل لكم الليل لتسكنوا فيه و النهار مبصرا ) يونس / 67 .

واتا : ( ئەو کەسێکە کە شەوی بۆتان داناوە کە لەوا ئارام بگرن و ڕۆژی بە ڕوون کەرەوە دانا ).

ـ ( يسألونك عن الآهلة قل هي مواقيت للناس و الحج ) البقرة / 189 .

واتا : ( لە تۆ لە بابەت هیلالەکانەوە " مانگی یەک شەوە " ئەپرسن, بێژە ئەوانە بۆ دیاری کردنی کاتن بۆ نەزمی کاری ژیانی خەڵک و حەج ).

ـ ( هو الذي جعل لكم النجوم لتهتدوا بها في ظلمات البر و البحر ) الأنعام / 97 .

واتا : ( وە هەر ئەوە کە ئەستێرەکانی ئاسمانی بۆ ئێوە داناوە تا لە تاریکی وشکانی و زەریا بە هۆی ئەوانەوە ڕێنوێن بن ).

بە هۆی ئەوەی ئەو کاتە زانستی مرۆڤ ئەوەندە پێش نەکەوتبوو, هێشتا ئامێر لە ژیانی ئەو سەردەمەی خەڵکی نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا پەیدا نەبووبوو, بۆیە بە هۆی جووڵەی مانگ و ئەستێرەکانەوە, هاتوچۆ و کارەکانی خۆیان ڕێک دەخست .. وەها تێگەیشتبوون کە خودا مانگ و ئەستێرەکانی لە بەر خاتری سەفەر و هاتوچۆکانی ئەوان دروستکردووە.. ئەو بۆچوونە کاریگەری لە سەر بیروبۆچوونەکانی محەمەد داناوەو , لەو ئایەتانەدا ڕەنگی داوەتەوە .

لە ڕاستیدا بوونی ئەو دیاردانە بە هیچ جۆرێک لە پێناوی مرۆڤدا نین , بەڵکو ئەوە مرۆڤ بووە کە لەو سەردەمانەدا , بۆ ڕێکخستنی کارەکانی خۆی, سوودی لە جووڵەی دیاردەو ئاڵوگۆڕەکانی سروشت وەرگرتووە .

**بوو بە هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگای عەرەبستانەوە, لە مێژووی دیاریکراوی سەردەمی محەمەد دا .**

**ئایەتەکانی قورئانیش, چ وەک بیروباوەڕی خوداپەرستی و, چ وەک ئەحکامەکان و ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕو ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە تێیدا باس کراون, بەڵگەی ئەو ڕاستیەن کە, قورئان ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵگای عەرەبستانی سەردەمی محەمەدە .**

**قورئان کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ئەحکامی ئەزەلی و نەگۆڕ و پێشوەخت نەبووە کە تەسلیم بە محەمەدی ڕابەری ئیسلام کرابێت ! , تا بە گوێرەی ئایەتەکان ژیان و چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی و گەردوون بەرێتە پێشەوە .**

**بەڵکو ئایەتەکانی قورئان ( جگە لەوانەی کە گێڕانەوەی ئەفسانەو چیرۆک و بەسەرهاتی کۆنن ) , لە ئەنجامی ڕووداوی ڕۆژانە , یا لە وەڵام بە پرسیاری خەڵکدا , یا لە پەیوەند بە دیاریکردنی ئەرک و حوکمەکان بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان, لە ماوەی بیست وسێ ساڵی ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەو دەسەڵاتی ئیسلامدا, لە لایەن محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە داڕێژراون.**

**هەر بۆیە ناوەرۆکی بیروبۆچوونەکانی قورئان لە سەر هەموو مەسەلەکان, پابەندی گەشەی فکری و کۆمەڵایەتی و نەریت و تەنانەت سروشت و سەرجەم تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای عەرەبستانن .**

( عروبەی قورئان درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو هەلومەرج و فەزایەی کۆمەڵگای عەرەب لە سایەیدا بووەو بۆ ئاکار و نەریتە باوەکانی ئەو سەردەمە وە تەنانەت لە ژێر کاریگەری ئاو و هەوا و فاکتەرە جوگرافیەکاندایە ) . 8

قورئان سەبارەت بە داهاتووی دوای کۆچی دوایی محەمەد و ,چارەنووس و دواڕۆژی ئاینی ئیسلام , هیچ پێشبینیەکی باس نەکردووە



مێشک و زەینیاندا چەسپابوو, کە پێیان وابوو هیچ گۆڕان وڕووداو و جوڵەیەک لە دنیادا بەبێ ئاگاداری ئەو ڕوونادەن.

بەم جۆرە لە زەینی خۆیاندا خودایان دروستکردو دەسەڵاتی ڕەهایان پێ بەخشی .

پێیان وابوو ڕووداوە ناخۆش و زەرەرمەندەکان, وەک : بوومەلەرزە, لافاو, هەورەبروسکە و.. هتد, هۆی تووڕەبوونی خودان بەرانبەر بە کاری خراپی مرۆڤ! .

بیرکردنەوە لە هێزودەسەڵات و تووڕەبوونی خوداکان, ترسێکی ئەوتۆی لە لا دروستکردوون, کە جگە لە تەسلیم بوون هیچ چارەیەکیان لەبەردەم خۆیاندا نەهێشتەوە!, ناچار کەوتنە پاڕانەوەو پەرستن و سوژدەبردن.. بتەکانیشیان بۆیە دروست دەکردو دەچوونە زیارەتیان, تا بەهۆی ئەوانەوە لە خوداکان نزیک ببنەوە. لە بتەکان دەپاڕانەوەو داوایان لێدەکردن تا خوداکان لە هەڕەشەو مەترسی و بەڵاکانی ژیانیان بیانپارێزن. لایان وابوو بتەکان نوێنەری خوداکانی ئاسمانن.

هەر خێڵەو چەندین خوداو بتی جۆراوجۆریان هەبوو, وەک : خودای چاکە, خودای خراپە, خودای باران, خودای نەخۆشی و خودای مردن و ..هتد. لە کۆنەوە بتەکانیان لە پەرستگا ( کەعبە )کاندا دانابوون و, هەر بتەو ئەرک و وەزیفەیەکیان پێ سپاردبوون , بە گوێرەی خواست و داواکاریەکانی خۆیان لێیان دەپاڕانەوەو قوربانی یان بۆ دەکردن , تا بتەکانیش بە دەوری خۆیان داواکانیان بگەیەنن بەخوداکانی ئاسمان. لەکاتی بێ بارانیدا لە خودای باران دەپاڕانەوە تا داوای بارانیان بۆبکات , لە کاتی نەخۆشیدا لە خودای نەخۆشی دەپاڕانەوە تا خودای ئاسمان شفایان بۆبنێرێ.

جگە لە خوداکانی ئاسمان و سەر زەوی, چەندین ئەفسانەی دیکەی وەک : فریشتەو جنۆکەو شەیتانیان لە بیرو مێشکی خۆیاندا دروستکردبوو, کە لە سەرجەم ژیان و هەنگاوەکانی خۆیاندا حسابیان

بۆ دەکردن و لە پشت دیاردەو ڕووداوەکانەوە دەوری گرنگیان دابوونێ.

هەروەها جادوگەری و سیحریان بە ئیلهام وەرگرتن لە هێزی نادیار دەبینی.

جگە لە بتپەرستی, لە ناو خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدوورگەدا, ئاینەکانی : جولەکە, دیان, سابیئە, مەجوس و حونەفا, هەبوون.

**_ ئاینی جولەکە :**

لە بنەڕەتدا, بەهۆی خێڵە کۆچەریەکانی جولەکەوە لە شامەوە گوازراوەتەوە بۆ نیمچەدوورگە.

(گواستنەوەی بیروباوەڕی ئاینی جولەکە بۆ نیمچەدوورگە, بەهۆی بەنی ئیسرائیلەوە بووە, کە چەند سەدەیەک پێش زایین, بە دوای لەوەڕگادا کۆچیان کردووەو لە ناوچەی نێوان یەسرب ( مەدینە )و مەککەدا گیرساونەتەوەو نیشتەجێ بوون. جولەکەکان توانیان بیروباوەڕەکانی تەورات لەناو خێڵە عەرەبەکاندا بلاوبکەنەوە ) 11.

جولەکەکان بڕوایان بە خودای تاک وتەنیا هەبوو. موسا پێغەمبەریان و تەورات کتێبی پیرۆزیان بوو. بڕوایان بەزیندوبوونەوەی دوای مردن و بەهەشت و جەهەننەم هەبوو, نوێژیان دەکردو بەڕۆژوو دەبوون.

جولەکەکان لە شاری یەسرب ژمارەیان زۆر بوو, بەلام لە مەککە ژمارەیان کەم بوو.

**_ ئاینی دیان :**

ئاینێکی هەڵقولاوی ناو عەرەبەکانی نیمچەدوورگە نەبووە, بەڵکو کەسانێکی سەر بەم ئاینە, لە شامەوە بە ئامانجی بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی ئاینی دیان, ڕوویان کردۆتە نیمچەدوورگە.



## 11 ـ قورئان ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی :

لە باسی زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا لەوە دواین کە, بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام لە سەر بنەمای زەمینەی مادی و مل ملانێ و ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکانی هەناوی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان, لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا هاتە ئاراوە.

لەو هەلومەرجەدا بوو کە گەشەی ئابوری بازرگانی ناوخۆو دەرەوە, زەمینەی ئاڵوگۆڕێکی لە پەیوەندی کۆمەلایەتی داخراو و پەرش وبلاویی خێڵە عەرەبەکاندا ڕەخساندبوو.

کاریگەری ئەو هەلومەرجە ئابوری ـ کۆمەلایەتیە, سەرەتاکانی دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی وەبەرهێنابوو کە, خوازیاری نزیکبوونەوەو تێکەڵی زیاتری خێڵەکان بوو .

هوشیارانی ئەو سەردەمە, لە هەوڵی هێنانە مەیدان و بەرەوپێشبردن و ڕابەرایەتیکردنی ئەو بزوتنەوە سەرەتاییەدابوون .

محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا , وەک کەسایەتیەکی هوشیار و دیاری ئەو سەردەمە, لە وەلام بەو هەلومەرجەدا, دەستپێشکەری کردو پەیامی خۆی بۆ کۆکردنەوەو یەکێتی و برایەتی خێڵە عەرەبەکان, بە ڕێبازی یەکخوداناسی و ئاینی ئیسلام ڕاگەیاند .

بە توانایی خۆی ماوەی بیست وسێ ساڵ بزوتنەوەکەی ڕابەرایەتی کرد , بە سەرکەوتنی گەیاند و دەسەلاتی ئیسلامی لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا دامەزراند . وە لە سایەی دەسەلاتی ئیسلامدا کۆمەڵێک ڕیفۆرمی ئابوری و کۆمەلایەتی ئەنجام دا , کە ئامانجی بزوتنەوەکە بوون.

**بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام دیاردەیەکی کت وپڕ نەبوو, لە ئاسمان و غەیبەوە سەری هەڵ نەدا .. بەڵکو وەلامێکی چاوەڕوانکراو و پەیوەندیدار**

بەڵام گۆڕانی هەلومەرج بە بوونی ئیسلام بە دەسەڵات , سزای کەسی زیناکەر, چ ژن و چ پیاو, گۆڕاوە بە لێدانی سەد دار لە هەر یەکەیان .. ئەو حوکمە نوێیە لە ئایەتی 2 ی سورەتی النور دا بەیان کراوە , حوکمەکەش لە لایەن دەسەڵاتی ئیسلامەوە بەڕێوە چووە .

بەم شێوەیە گۆڕانی هەلومەرجەکان لە ماوەی بیست وسێ ساڵی پێغەمبەرایەتی محەمەد دا , کاریگەرییان لە سەر هزری ئەو داناوەو , بە لابردن و گۆڕینی کۆمەڵێک ئایەت لە قورئاندا وەڵامی هەلومەرجە نوێکانی داوەتەوە ! .

ئەگەر بە گۆڕانی هەندێک هەلومەرجی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان, لەو ماوە کورتەی دەسەڵات و ڕابەرایەتی پێغەمبەری ئیسلامدا, کۆمەڵێک حوکم و ئایەت پێویستیان بە لابردن وگۆڕان کردووەو بە زەرورەت نەسخ کراون ! .

بێگومان لە مێژووی چواردە سەدە و نیو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی, ئابوری, فەرهەنگی و سیاسی و هتد , لە کۆمەڵگادا, پێویست بە ناسخ و مەنسوخی بەردەوام و هەمەلایەن هەبووە . کۆمەڵگاکان لە ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی خۆیاندا حوکم و یاسا ئاینیەکانیان بەجێ هێشتووە.



( پەیدابوونی ئاینی دیان, لەسەر دەستی کەسانێکدا بووە کە بەتایبەت کاریان بۆ بڵاوکردنەوەو فێرکردنی بیروباوەڕەکانی دیان کردووە لەناو خێڵە عەرەبەکاندا ). [12]

دیانەکان بڕوایان بە خودا هەبووە, عیسایان بە کوڕی ڕۆحیی خوداو, پێغەمبەری خۆیان دەزانی. ئینجیل کتێبی پیرۆزیان بوو.

ئەمانیش بڕوایان بە زیندوبوونەوەو بەهەشت وجەهەننەم هەبوو, نوێژیان دەکردو بەڕۆژوو دەبوون. بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیان لە چاو ژمارەی جولەکەکاندا کەمتر بووە.

هەردوو ئاینی جولەکەو دیان, پێیان وایە ئاینەکەیان ئاسمانیەو پێغەمبەریان لەلایەن خوداوە بۆ نێردراوە.

**_ ئاینی مەجوس ( زەردەشتی ) :**

ئەم ئاینە نزیکەی ( 700 ) ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا, لە ئێران و کوردستاندا سەریهەڵداوە. بەهۆی بازرگانە عەرەبەکانەوە پەڕیوەتە ڕۆژهەڵاتی نیمچەدوورگەی عەرەبستان.

بڕوایان بە خودای خێر ( ئاهورامەزدا ) و خودای شەڕ ( ئەهریمەن ) هەبووە. خودای خێریان پەرستووە و, زەردەشتیان بە پێغەمبەری خۆیان زانیوە.

کتێبی ئافێستا کە زەردەشت خۆی نووسیویەتی, بە کتێبی پیرۆزی خۆیان زانیوە.

**_ ئاینی سابیئە :**

لە ڕاستیدا سابیئە ڕەوتێکی ئاینی بووە لە شاری مەککە, دژی بتپەرستی بوون و بڕوایان بە خودای تاک و تەنها هەبووە. پێغەمبەرەکەیان ناوی ( یەحیا ) بووە.

**_ ڕەوتی حونەفا :**

ئەم ڕەوتە ئاینی یە لە شاری مەککەو تایف خەڵکیان هەبووە. ئەمانیش ڕەخنەیان لە بتپەرستی گرتووەو, بڕوایان بە یەک خوداناسی

هەبووە. خەڵکانی سەر بەم ڕەوتە, زیاتر ئەوانە بوون کە شارەزاییان لە ئاینەکاندا هەبووەو سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی بیروڕای ئاینی و تاووتوێی ئاینەکانی ئەو سەردەمە بوون.

(محەمەد)ی پێغەمبەری ئیسلام, پێش ئەوەی پێغەمبەریی خۆی ڕابگەیەنێت, سەر بەم ڕەوتە بووە. لەگەڵ هەرە شارەزاکانیاندا ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونە ئاینیەکانی کردووە.

(لە سەردانەکانیدا بۆ لای حونەفاییەکان زیاتر لەگەڵ یەکێکیاندا ناسیاوی و دۆستایەتی هەبوو کە ناوی ورقە کوڕی نوفل _ ئامۆزای خدیجە _ بوو. ورقە شارەزاییەکی زۆری لەمەڕ کتێبەکانی یەهودی و مەسیحی یەت هەبووە, بەجۆرێک کە چەند بەشێک لە ئینجیلی وەرگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی. محەمەد لە ڕێگای ورقەوە زانیاریەکی فراوانی لە سەر ئاینەکانی دیکە پەیدا کرد ).13

هەروەها ( موسەیلەمە ) کە لە سەردەمی ( محەمەد ) دا پێغەمبەریی خۆی ڕاگەیاند, سەر بە ڕەوتی حونەفا بوو.

بێگومان خەڵکی عەرەبی سەر بەم ئاین و ڕەوت و بیروبۆچوونە جیاوازانە, مێژوویان گرێدراوی یەکتر بووەو ژیانیان پێکەوە بردۆتە سەر. لە ئاینەکانیاندا کاریگەریان لەسەر یەکتر داناوە.. ئاینە نوێکان سوودیان لە بۆچوونی ئاینەکانی پێشتر وەرگرتووە.

## ـ بزوتنەوەی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان :

شاری مەککە وەک ناوەندێکی بازرگانی و ئاینی گرنگ لە ناوچەکەدا دەرکەوتبوو. خێڵی قورەیش لە مەککە, ساڵانە دەسکەوتێکی زۆریان لە بازرگانی و سەندنی باج و زیارەتی کەعبە هەبوو. دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتی گەورە گەورەیان تێدا هەڵکەوتبوو, ببوون بە خاوەنی زەوی وزاری کشتوکاڵی و موڵکی زۆر. بەتایبەت لە شاری تایف و



نزیکانی خۆی, بە جۆرێکی شیاو وەسیەت بکا ) . ئەم ئایەتە بەم ووتەیەی پێغەمبەری ئیسلام لابراوە :
( إن الله قد أعطى كل ذي حق حقه , فلا وصية لوارث ) .
واتا : ( خودا بۆ هەموو خاوەن مافێک " لە میراتدا " مافی خۆی دیاری کردووە , وەسیەتکردن بۆ میراتگران پێویست ناکات ) .

ئەو ئایەتانەی قورئان کە نەسخ کراون , لەم سێ شێوەیەدان :

ـ هەندێک ئایەت , خوێندنەوە ( تلاوە )یان لابراوە , بەڵام حوکمیان هەر ماوە .
ـ هەندێک ئایەت , حوکمەکەیان لابراوە , بەڵام خوێندنەوەیان لانەبراوە.
ـ هەندێک ئایەت , خوێندنەوە و حوکمیان لابراوە .

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەرنج بدەینە ناوەرۆکی ئایەتەکانی " ناسخ و مەنسوخ " و بەراوردێک لە نێوان ئایەتەکانی ناسخ لەگەڵ ئایەتەکانی مەنسوخ دا بکەین , ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە :

ئایەتەکانی ناسخ و ئایەتەکانی مەنسوخ لە دوو هەلومەرجی جیادا نووسراون .

**یانی دیاردەی " نەسخ " لابردن و گۆڕینی حوکمی هەندێک ئایەت, بە حوکم و ئایەتی نوێ , بەرئەنجامی گۆڕانی هەلومەرجە واقعیەکان بوون لە سەردەمی ژیانی محەمەد خۆیدا . بە تایبەت بوونی ئیسلام بە دەسەڵات, کاریگەری گەورەو سەرەکی هەبووە لە سەر گۆڕانی ناوەرۆک و شێوەی داڕشتنی ئایەتەکان .**

**بۆ نموونە :**

بە گوێرەی حوکمی ئیسلامی پێش دەسەڵات, سزای ژنی زیناکەری بە کەس وکارەکەی سپاردووە . کە بریتی بووە لەوەی لە ماڵەوە زیندانی بکرێن هەتا مردن ! . ئەو حوکمە لە ئایەتی 15 ی سورەتی النساء دا بەیان کراوە .

ـ ( يسألونك عن الخمر و الميسر قل فيهما إثم كبير و منافع للناس و إثمهما أكبر من منافعهما ) البقرة / 219 . بەم ئایەتەی خوارەوە لابراوە :

ـ ( يا أيها الذين آمنوا إنما الخمر والميسر و الأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه ) المائدة / 90 .

**دووەم / لابردنی سوننەت بە ئایەت :**

مەبەست لە سوننەت , هەموو قسەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی محەمەدە.

موسوڵمانان لە سەرەتادا , بە فەرمانی محەمەد , لە نوێژکردندا ڕوویان لە قیبلەی مەسجیدولئەقسا دەکرد . بەڵام دواتر ئەو سوننەتە بەم ئایەتەی خوارەوە لابرا و ڕوویان کردە کەعبە :

ـ ( فول وجهك شطر المسجد الحرام ) البقرة / 144 .

واتا : ( ڕووی خۆت بۆ لای مەسجدولحەرام وەرگێڕە ) .

هەروەها بە فەرمانی محەمەد , موسوڵمانان لە سەرەتاوە لە شاری مەدینە , ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژوو دەبوون . بەڵام دواتر ئەو ڕۆژووە بەم ئایەتەی خوارەوە لابرا :

ـ ( فمن شهد منكم الشهر فليصمه ) البقرة / 185 .

واتا : ( جا هەرکەس لە مانگی ڕەمەزاندا لە ماڵ بێ " لە سەفەردا نەبێ " دەبێ ڕۆژوو بگرێ ) .

**سێیەم / لابردنی ئایەت بە سوننەت :**

هەندێک لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە لە ئیسلامدا دەگونجێ ئایەت بە فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام لاببرێن . چونکە حوکم و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام هەر وەحی یە و لە خوداوەیە , بەڵام بە ووتە و ڕەفتارەکانی پێغەمبەری ئیسلام دەربڕراون . بۆ نموونە , ئەم ئایەتەی خوارەوە :

ـ ( كتب عليكم إذا حضر أحدكم الموت إن ترك خيرا الوصية للوالدين والأقربين ) البقرة / 180 .

واتا : ( لە سەر ئێوە نووسراوە کە هەر کاتێ مەرگی یەکێک لە ئێوە هات , ئەگەر خێری " ماڵی " لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێ بۆ باوک و دایک و



دەوروبەری, ڕەز و باخاتی زۆری خورماو میوەیان کڕیبوو. بەرهەمەکانیان لە برەودا بوون.

(ئەرستۆکراتەکان پارەیان ئەدا بە قەرز, بۆ بەشداری لە کاروانە بازرگانیەکاندا, بە سوودێکی یەکجار زۆر, کە دەگەیشتە ڕادەی لە سەدا سەد ) .[14]

گەشەی بەرهەم بووە هۆی گەرم بوونی بازاڕو بازرگانی ناوخۆو دەرەوە. دەرکەوتنی دراویش بووە پێداویستیەکی گرنگی پرۆسەی گەشەی ئاڵوگۆڕو بازاڕ.

گەشەی بەرهەم و دەرکەوتنی دراو, پێکەوە کاریان کردە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خێڵە عەرەبەکان. هەتا دەهات سنوری تەسک و داخراوی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەپساو زیاتر تێکەڵی یەکتر دەبوون. ئاڵوگۆڕی بەرهەمی کاڵایی زەمینەی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتری خولقاند. ناکۆکی و مل ملانێی توندوتیژی نێوان خێڵەکان تا دەهات کاڵتر دەبووەوەو, جێی خۆی دەدا بە دەرکەوتنی جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران.

لە جیاتی داخراوی و پەرش و بڵاوی و هێرشی تاڵانی, نزیکبوونەوەو بەرژەوەندی هاوبەشی خێڵەکان هاتە کایەوە.

**لەسەر بنەمای ئەو زەمینە مادیە, بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی _ سیاسی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی خێڵە عەرەبەکان, سەری هەڵدا. یانی هاتنە کایەی بزوتنەوەیەک بۆ یەکخستنی خێڵە عەرەبەکان ببووە زەرورەتێکی مێژوویی, بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵتەرناتیفی هەلومەرجی پێشوو, چونکە:**

**ژیانی پەرش وبڵاو و شەڕی خێڵایەتی لەگەڵ هەلومەرجی ئابوری گەشەکردوتردا ئیتر نەدەهاتەوە. بۆیە دەبوو هەلومەرجێک بێتە ئاراوە کە خێڵەکان ئارام تر لە جاران, لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی نزیک لە یەکدا بژین**, ئەمە لەلایەک , لە لایەکی دیکەخێڵەکان دەبوو لەبەرانبەر

تەماعی هەردوو دەوڵەتی ئێران و ڕۆمی ڕۆژهەلاٌتدا,بۆ پاراستنی ڕێگاکانی بازرگانی نیمچەدوورگەی عەرەب, خۆیان ڕێک بخەن.

گەلێک لە شاعیران و وتاربێژان و خەڵکانی هوشیاری ئەو سەردەمە, بۆ زیاتر خەملاٌندنی هەلومەرجە ئاڵوگۆڕخوازەکە, بە بیروڕاو شیعرو وتار داوایان لە خێڵەکان کردووە بۆ نزیکبوونەوەو یەکێتی.

هەندێک لەوانە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەخنەیان لە دیاردەی بتپەرستیی گرتووەو بە هۆیەکی پەرش و بلاٌوی و تەفرەقەیان لە قەڵەم داوە.

هوشیارەکانی ڕەوتی حونەفا, خوازیاری یەکێتی خێڵەکان بوون و بانگەوازیان بۆ دەکرد.

(قس بن ساعدە ئەیادی کە وتاربێژێکی بە تواناو شاعیرێکی لێهاتوو بوو, لە کەعبە و بازاڕی عەکاز بە گوتارو شیعر داوای لە خەڵک دەکرد کە واز لە پەرستنی بتەکان بهێنن.. هەروەها امیە بن ابی سەڵت کە خەڵکی تایف و لە خێڵی بنی سەقیف و پورزای پێغەمبەر بوو , لە گەورەپیاوانی حونەفاش بوو , داوای خواناسی و یەزدان پەرستی دەکرد ). 15

(بازاڕی عەکاز ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە کۆکردنەوەو کارلێکردنی بۆچوونەکان و خستنەڕووی نەریت و ئاینە جۆرەکان, محەمەدیش هەر لە سەرەتای لاویەوە بەشداری لەو وتارانەدا دەکرد کە زۆر جار لەم بازاڕەدا دەدران ). 16

**بەکورتی, ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریانەی کە لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا هاتنە دی و, کاریگەری خۆیان لەسەر پەیوەندیە کۆمەلاٌیەتیەکان دانا, بوونە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەک, کە لە ناوەرۆکدا یەکێتی خێڵە عەرەبەکانی کردە ئامانجی بنەڕەتی خۆی, وە لە شێوەشدا بزوتنەوەیەکی ئاینی ڕیفۆرمخوازی کۆمەلاٌیەتی هێنایە ئاراوە.**



دەرکەوتووە وا دەرنەچووە ! , بۆیە ئایەتی یەکەم نەسخ کراوە و ئایەتی دووەم لە جێگای دانراوە کە لەوێدا دەڵێ : هەر موسوڵمانێک دەتوانێت بە سەر دوو کافردا زاڵ بێت ! .

زانایانی ئیسلام پێیان وایە لابردن ( نەسخ ) سێ شێوەی هەیە کە ئەمانەن :

**یەکەم / لابردنی ئایەت بە ئایەت** , وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینین :

ـ ( و اللاتي يأتين الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عليهن أربعة منكم فإن شهدوا فأمسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت ) النساء / 15 .

واتا : ( وە کەسانێ لە ژنانی ئێوە کە زینا ئەکەن , چار شایەدان لە خۆتان لە سەریان بگرن, جا ئەگەر شایەدیان لە سەر دان , ئەوانە " ژنە زیناکەرەکان " لەماڵی خۆتان ڕابگرن تا دەمرن " مەیەڵن بچنە دەرێ " ) .

ئەو ئایەتەی سەرەوە بەم ئایەتەی خوارەوە لابراوە :

ـ ( الزانية والزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة و لا تأخذكم بهما رأفة ) النور / 2 .

واتا : ( لە هەر یەکە لە ژن و پیاوی زیناکەر سەد داریان لێ بدەن , لە " بەڕێوەبردنی " دینی خوا دڵسۆزی نەتانگرێ ! ) .

هەروەها ئەم دوو ئایەتەی خوارەوە , ئایەتی یەکەمیان لابراوە و لە جێگایدا ئایەتی دووەمیان دانراوە :

ـ ( انفروا خفافا و ثقالا و جاهدوا بأموالكم و أنفسكم في سبيل الله ) التوبة / 41 .

واتا : ( " بەرەو جەنگ " ڕاپەڕن , چ سووک و چ گران بن و بە ماڵ و گیانی خۆتان لە ڕێگای خوادا جیهاد بکەن ) .

ـ ( و ما كان المؤمنون لينفروا كافة فلو لا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفقهوا في الدين ) التوبة / 122 .

واتا : ( ناگونجێ بڕواداران هەموو بۆ " جیهاد " بڕۆن , جا با لە هەر دەستەیەک لەوان هەندێ بڕۆن تا لە دین ئاگاداری پەیا بکەن ) .

هەروەها ئەم دوو ئایەتەی خوارەوە :

له سەردەمی محەمەد دا , رەخنەگران رەخنەیان لێ گرتووەو پێیان ووتووە, ئەمرۆ بڕیارێک لە ئایەتێکدا دەردەکات , بەیانی لێی پەشیمان دەبێتەوەو بە ئایەتێکی دیکە بڕیارەکەی پێشوو لادەبات ! .

ئەم ئایەتەی خوارەوە لە وەڵامی ئەو رەخنەگرانەدا هاتووە :

ـ ( و إذا بدلنا آية مكان آية و الله أعلم بما ينزل قالوا إنما أنت مفتر بل أكثرهم لا يعلمون ) النحل / 101 .

واتا : ( وە کاتێک ئایەتێک لە جێی ئایەتی تر دابنێین ( حوکمێ نەسخ بکەینەوە ) , خوا باشتر دەزانێ کە چ حوکمێ نازڵ بکا , ئەوانە دەڵێن : تۆ لە زاری خواوە درۆ دەڵێی , بەڵام زۆربەیان " هەقیقەت " نازانن ) .

( السيوطي لە کتێبی " الأتقان " دا ئاماژەی بە بیست و یەک ئایەت کردووە کە , لابراون و ئایەتی دیکە لە جێگایان دانراوە ) . 7

بەگوێرەی قورئان, مەبەست لە ( نسخ )کردنی ئایەت , کارئاسانی کردن بۆ موسوڵمانان بووە . وەک لەم دوو ئایەتە ( ناسخ و مەنسوخ )ەی خوارەوەدا ڕوونە :

ـ ( إن يكن منكم عشرون صابرون يغلبوا مائتين و إن يكن منكم مائة يغلبوا ألفا من الذين كفروا ) الأنفال / 65 .

واتا : ( ئەگەر بیست کەسی بە تابشت لە ئێوە هەبن , بە سەر دوو سەد کەسدا زاڵ ئەبن و, ئەگەر سەد کەس لە ئێوە هەبن , بە سەر هەزار کەس لە کافراندا زاڵ دەبن ) .

ئەو ئایەتەی سەرەوە , بەم ئایەتەی خوارەوە نەسخ کراوە :

ـ ( الآن خفف الله عنكم و علم أن فيكم ضعفا فإن يكن منكم مائة صابرة يغلبوا مائتين و إن يكن منكم ألف يغلبوا ألفين بأذن الله ) الأنفال / 66 .

واتا : ( هەر ئێستا خوا بارسووکی لە سەر کردن و زانی کە کز و کەنەفتی لە ئێوەدا هەیە, جا ئەگەر سەد کەسی بە تابشت لە ئێوە هەبن , بە سەر دووسەد کەسا زاڵ ئەبن و ئەگەر هەزار کەس هەبن بە ئیزنی خوا بە سەر دوو هەزار کەسا زاڵ ئەبن ) .

بە گوێرەی بۆچوونی ئایەتی یەکەمیان , هەر موسوڵمانێک توانای هەیە بە سەر ( دە ) کافردا زاڵ بێت ! , بەڵام دوای ئەوەی لە شەڕدا



(فاکتەرە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکریەکان, بۆ داڕوخانی سیستەمی خێڵەکی و هاتنەکایەی ئەڵتەرناتیف پێگەیشتبوو, بەڵام دابەشبوونی کۆمەڵی نیمچەدوورگە, بۆ خێڵە جیاجیاو لەیەک دابڕاوەکان, ڕێگر بوو لەبەردەم پرۆسەی گەشەسەندنی قۆناغەکەدا, بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. بۆیە دەبوو ئەو ڕێگریە تێک بدرێ, تا ئەو چوارچێوە یەکگرتووە بێتە مەیدان کە تیایدا کۆمەڵ, بە ناکۆکیە کۆمەڵایەتیە نوێکانەوە, بەخۆوە بگرێت. بەم شێوەیە, ئیسلام بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە هاتە مەیدانی کارەوە, کە ئەوە مانای یەکبوون _ تەوحید_ بوو. ئەمە لە چەند شوێنی قورئاندا, ئایەتەکانی ئاراستە کردووەو ئاماژەی پێ کردووە ) .17

( واعتصموا بحبل الله جميعا و لا تفرقوا ) آلعمران/ 105 .

واتا : ( وە هەموو دەس بگرن بە عەهدو پەیمانی خواوەو لێک جیا مەبنەوە ) .

## بزوتنەوەیەکی ئاینی بۆچی ؟

کۆمەڵگای عەرەب لەو سەردەمەدا, بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئاین و ڕەوتە ئاینیە جۆراوجۆرەکاندا بوو.. بیرکردنەوەی ئاینی و ئەفسانەیی بیرو مێشکی خەڵکی داگرتبوو. گرنگی و ڕەواجی ئاین, خاڵی هاوبەشی نێوان زۆربەی خێڵەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبستان بوو. لە بەرئەوە گەلێک لەو ڕابەرو کەسایەتیانەی کە لە کۆمەڵگای عەرەبستاندا خوازیاری ڕیفۆرم و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوون, هەریەکەو بە ناوی ئاینێکەوە بانگەوازی پەیامی خۆیان دەکرد.

ڕێبازی ئاینی بۆیە بە لایانەوە گونجاو بووە, تا خەڵک بڕوایان پێ بهێنن و لە دەوریان کۆببنەوە. هیچ سەرۆک خێڵ یا ڕابەرێک, هەروا لە جێگای خۆیەوەو بە ناوی خۆیەوە, نەیدەتوانی ئالای یەکێتی و

کۆکردنەوەی خێڵەکان هەڵبگرێ. چونکە سەرۆک خێڵەکان, لە بەر پاراستنی جێگاو بەرژەوەندی خێڵەکی خۆیان, نەدەچوونە ژێر ڕکێفی یەکترەوە.

کەسانێکی هوشیار, کە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەو سەردەمە حاڵی بوون, دەیانزانی کە لەو هەلومەرجەدا, ڕێگای بزوتنەوەیەکی ئاینی نوێ,ئاسانترین ڕێگایە بۆ هێنانەمەیدانی خێڵەکان و ڕابەرایەتی کردنیان بەرەو ئامانجی یەکێتی. بۆیە خۆیان وەک پێغەمبەری خودا بە خەڵک دەناساند. وایان ڕادەگەیاند کە بیروبۆچوونەکانیان پەیامی خودایەو لە ئاسمانەوە بۆیان هاتۆتە خوارەوە. لەلایەن خوداوە نێردراون, بۆ ئەوەی خەڵک بۆ کردەوەی چاک و برایەتی و یەکێتی بانگەوازبکەن. خەڵکیش لە بەر گەورەیی خوداو ترس لە تواناو دەسەڵاتەکەی, بە دەنگیانەوە بچن و پەیڕەوی قسەکانیان بکەن. بۆ نموونە :

( هود ) لە خێڵی عاد, ( ساڵح ) لە خێڵی سەمود, ( شوعەیب ) لە خێڵی مەدیەن, ئەم کەسایەتیانە بەر لە ( محەمەد )ی پێغەمبەری ئیسلام, بانگەوازی پێغەمبەرییان کردووەو, خوازیاری چاکسازی کۆمەڵایەتی بوون. ئەوانە لە قورئاندا لە سورەتی هود, ئایەتی 53 , 60 , 62 , 89 , ئەعراف/ 77 ,93 , 65 , شوعەرا/ 124 , 142 دا ناویان هاتووە .

دواتر ( محەمەد کوڕی عەبدوڵلا ) لە خێڵی قورەیش, خۆی وەک پێغەمبەر ناساندو ئاینی ئیسلامی ڕاگەیاند.

هەر لەسەردەمی محەمەد دا, موسەیلەمە کوڕی حەبیبولمەنفا, کە لە یەمامە ژیاوە, لە مەککە داوای پێغەمبەریی کردووە. لەگەڵ محەمەد دا لەسەر پێغەمبەریی زۆر ناکۆک بوون.. محەمەد بە موسەیلەمەی درۆزن ناوی بردووە.

چەندین کەسی دیکەش, وەک : ( وەرەقە کوڕی نوفل ) کە سەر بە ڕەوتی حونەفا بووەو, ئامۆزای خەدیجەی خێزانی محەمەد بووە,



## 10 ـ ناسخ و مەنسوخ :

( ناسخ و مەنسوخ ) دیاردەیەکە لە قورئاندا هەیە .. زانایانی ئیسلام ( ناسخ و مەنسوخ ) بە زانستێک لە زانستەکانی قورئان دەزانن . بە ئایەتیش لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە :

ـ ( ما ننسخ من آية أو ننساها نأت بخير منها أو مثلها ) البقرة / 106 .

واتا : ( ئەگەر ئایەتێک " لە ئایەتەکانی قورئان " نەسخ بکەین " بسڕینەوە " یا لە بیر ببەینەوە, لەو چاکتر یا وەکو ئەو دێنینەوە ) .

ووشەی ( ناسخ ) عەرەبیەو لە ووشەکرداری ( نسخ ) ەوە وەرگیراوە.

( نسخ ) بە مانای لای برد , یان سڕییەوە .

( ناسخ و مەنسوخ ) یانی ( لابەر و لابراو ) .

مەبەست لە ناسخ و مەنسوخ ئەوەیە کە , ئایەتێکی قورئان لابراوە و ئایەتێکی دیکە " دەربارەی هەمان بابەت " لە جێگای دانراوە .

ئایەتەکەی کە لابراوە مەنسوخە , ئایەتەکەی کە لە جێگای دانراوە ناسخە .

هەروەها ووشەی ( نسخ ) بە مانای گواستنەوە " نەقڵ کردن " لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکە دێت . یانی کۆپی کردن . وەک کۆپی کردنی نووسراو .

**ئاماژەکردنی قورئان بە ( ناسخ و مەنسوخ ) , دان نانە بەوەدا کە هەندێک ئایەتی قورئان , یا بڕیارو حوکمی قورئان, لابراون و لە جێگایان ئایەتی دیکە دانراون ! .**

سورەتەدا خودا هیچ داوایەکی لە مرۆڤ نەکردووە کە جێ بەجێ ی کات, بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە سوپاسی ئاراستەی خودا کردووە , پێی ووتووە کە دەیپەرستێ و پشتی پێ بەستووە. هەروەها داوای لە خودا کردووە کە بیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ! . ئەم ئاراستەکردنە لە مرۆڤەوەیە بۆ خودا, یانی لە لایەن مرۆڤەوە داڕێژراوە.

ـ ( كتب الله لأغلبن أنا و رسلي ) المجادلة / 21 .

واتا : ( خوا وای داناوە کە من و پێغەمبەرانم سەرکەوین ) .

ئاراستەی ئەم ئایەتە ناتەواوە, چونکە ناگونجێ خودا بڵێت : خودا وای داناوە من و پێغەمبەرانم سەرکەوین .. ئەو ڕستەیە دەکاتە ئەوەی کە, خودا , خودایەکی دیکەی هەبێت و بڕیاری ئەوی بە دەست بێت. وە بۆی دانابێت کە خوداو پێغەمبەرانی سەردەکەون ! .

ـ ( إذا مسكم الضر فإليه تجأرون ) النحل / 53 .

واتا : ( هەر کاتێک تووشی دەرد و ڕەنجێک بوون, هاوار بۆ ئەو دەبەن ).

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە پێغەمبەری ئیسلام قسە دەکات و , بە خەڵک دەڵێت : ئێوە هاوار بۆ ئەو " خودا " دەبەن.

ـ ( ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا ربنا و لا تحمل علينا إصرا كما حملته على الذين من قبلنا ربنا و لا تحملنا ما لا طاقه لنا به و اعف عنا و ارحمنا أنت مولانا فانصرنا على القوم الكافرين ) البقرة / 286 .

واتا : ( ئەی پەروەردگاری ئێمە ! ئەگەر ئێمە لە بیرمان چوو یا هەڵەمان کرد, لێمان مەگرە ! باری قورس مەخە سەرمان, هەر وەکو خستبووتە سەر ئەوانەی بەر لە ئێمە بوون, ئەی پەروەردگاری ئێمە ! سزایێ کە لە وزەماندا نیە مەیخە سەرمان, وە لە گوناحمان خۆشبەو بمانخە بەر مەغفیرەتی خۆت, وە ڕوحممان پێ بکە, جا بە سەر هۆزی کافران دا زاڵمان بکە و یارمەتیمان بدە ) .

ئەم ئایەتەی سەرەوە, لە زمانی کەسێکی دیکەوە لە خودا دەپاڕێتەوە. ناگونجێ خودا خۆی بپاڕێتەوە, یان بۆ خەڵک بپاڕێتەوە.



( ئومییە کوڕی ئەبی سەڵت )لە خێڵی بەنی سەقیف, ئەمیش سەر بە ڕەوتی حونەفا بووەو پورزای مح‌ەمەد بووە, ئەمانە لە خەڵکانی هوشیاری ئەو سەردەمە بوون, کە ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونیان لەگەڵ مح‌ەمەد دا کردووەو, کەم تا زۆر خەڵکیان لەدەور کۆبوونەتەوە.

بەڵام لەناو ئەو کەسایەتیانەی سەردەمی محەمەددا, لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان, هیچیان وەکو ئەو نەیانتوانی ببنە ئەو ڕابەرەی کە توانی بە هوشیاری و لێهاتوویی خۆی ئاینێک دابمەزرێنێ.

بەم شێوەیە, پێغەمبەرایەتی ئاوا ببوو بە دیاردەیەکی ئەو سەردەمە.. وەڵامی کەسانێکی هوشیاری ئەو سەردەمە بووە بۆ ئەو هەلومەرجە مێژووییە دیاریکراوە, کە بیری مرۆڤ ئەوەندە گەشەی نەکردبوو.

پێغەمبەرەکان لە ئاینەکاندا وەڵامیان بە پرسیارەکانی خەڵک داوەتەوە. یانی دیاردەی ئاین و پێغەمبەرایەتی بەرهەمی بیری مرۆڤە, دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.

**لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاینی ئیسلام لەسەر زەمینەی مادی و فکری هەلومەرجی دیاریکراوی کۆمەڵگای عەرەبستان, پێداویستیەکی ئەوسەردەمە بووە, ئەگەر محەمەدی ڕابەری ئیسلامیش نەبوایە, کەسانێکی وەک ئومەییەی کوڕی سەڵت, یان موسەیلەمەی کوڕی حەبیبولمەنفا, یان وەرەقەی کوڕی نوفل, کە لە خەڵکانی هوشیاری ئەو سەردەمە بوون, خۆیان دەکردە پێغەمبەرو جڵەوی ئەو بزوتنەوەیەیان وەردەگرت کە لە هەناوی کۆمەڵگای عەرەبستانەوە سەری هەڵدابوو.**

بەڵام محەمەد بۆ ئەو سەردەمە, ئەو ڕابەرە هوشیارو بە تواناو لێوەشاوەیە بووە, کە زۆر بەچاکی لە باری دەروونی و ڕۆحیەوە, لە کۆمەڵەکەی خۆی تێگەیشتبوو.. هەلومەرجەکەی دروست هەڵسەنگاندو, بەرنامەی خۆی بۆ چۆنێتی کارکردن و گەیشتن بە ئامانجی بزوتنەوەکە داڕشت, کە لە قورئاندا خۆی نواند.

بزوتنەوەکەی لەژێر ئالاّی کۆبوونەوە لە ڕێبازی خوداپەرستیدا هێنایە مەیدان و, هەنگاو بە هەنگاو بەگوێرەی قۆناغە جیاجیاکان و گۆڕانی تەرازووی هێز لە نێوان ئیسلام و نەیارەکانیدا, لە سورەت و ئایەتەکاندا بەرنامەی بۆ داڕشت و, بە بیروبۆچوونەکانی متوربەی کرد. لە گەلّ ڕەوت و ئاینە جیاجیاکان و بتپەرستان, دوای چەندین سالّ تێکۆشان بە شێوەی جۆراوجۆر ( کە لە بەشەکانی دواتردا باسیان دەکەین ) وەک ئاینێکی نوێ بۆ ئەو سەردەمە چەسپاندی و , لە ماوەی ( 23 ) سالّدا کردی بە دەسەلاّتێکی سیاسی _ ئاینی ئەوتۆ , کە لە سایەیدا یەکێتی خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبستان هاتە دی.

## 2 ـ ڕاگەیاندنی پێغەمبەری و بانگەوازی ئیسلام :

پێشتر ووتمان کە ( محەمەد ) هەر لە تەمەنی لاوێتیەوە خولیای بیرکردنەوەو ڕامان و ئالّوگۆڕی بیروڕا بووە. بەجۆرێک کە لەناو خەڵکی شاری مەککەدا وەک کەسایەتیەکی هوشیارو بیرتیژو خاوەن جێگایەکی دیار چاویان لێکردووە.

بەهوشیاری خۆی, هەر زوو لەناو ڕەوتی حونەفادا خۆی دۆزیەوە. وەک ڕەخنەگرێکی شێلگیری دیاردەی بتپەرستی, فرەخودایی و پەرش وبلاّوی خێڵە عەرەبەکان, لەناو ئەواندا دەرکەوتووە.. لەناو خەڵکدا وەک کەسێکی مرۆڤدۆست و چاکەخواز, کە بیری لای چاکسازیی کۆمەلاّیەتی بووە, ناسراوە. لەو پێشڕەوانە بووە کە یەکخستنی خێڵە عەرەبەکانی کردبووە ئامانجی خۆی.



مرۆڤ ئاراستە نەکراون . بەڵکو هەندێکیان لە زمانی مرۆڤەوە قسە دەکەن و ئاراستەی خودا کراون . هەندێک ئایەتی دیکە , بە ڕوونی لە زمانی نووسەری قورئانەوە بۆ خودا ئاراستە کراون. هەندێک ئایەتیش لە خودایەکەوە بۆ خودایەکی دیکە ئاراستە کراون و , گەلێک نموونەی لەم بابەتانە :

– ( دەستپێکردنی ئایەتەکان بە " بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان " نەگونجاوە لەگەلّ ئەوە کە قسەی ڕاستەوخۆی خودا بن .. چونکە ناشێ خودا خۆی بلّێت " بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان " ! . ئەو دەکاتە ئەوەی کە خوداش خودایەکی دیکەی هەبێت .

ئەو دەستپێکردنە بە " بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان " , تەنها لەو حالّەتەدا دروست دێتەوە کە , کەسێکی دیکە نەک خودا, ئایەتەکانی نووسیبێت .

بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان , ستایشێکە لە لایەن کەسێکەوە نووسراوەو ئاراستەی خودا کراوە .

سورەتی فاتحە کە دەلّێت :

ـ ( الحمد لله رب العالمين, الرحمان الرحيم, مالك يوم الدين, إياك نعبد و إياك نستعين, إهدنا الصراط المستقيم, صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم و لا الظالين ) .

واتا : ( هەموو ستایشێک بۆ خودایە , کە پەروەردگاری جیهانیانە , " خودایەک " کە بەخشەر و میهرەبانە, " خودایەک " خاوەنی ڕۆژی جەزا و سزایە, " ئەی پەروەردگار " تەنیا تۆ ئەپەرستین و هەر لە تۆیش یارمەتی ئەخوازین , ئێمە بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنی بکە, ڕێگای کەسانێ کە نیعمەتت بەوان داوە , نەک ڕێبازی کەسانێ کە لێیان توورە و قەلّسی و غەزەبت لێ گرتوون, وە نەمانخەیتە سەر " ڕێگای " ڕێگا لێ هەلّەبووان " ) .

ئەم سورەتە شێوەی داڕشتن و ئاراستەکردنەکەی, لە لایەن خوداوە نیە بۆ مرۆڤ, بەلّکو بە پێچەوانەوە , لە لایەن مرۆڤەوەیە بۆ خودا. لەم

| | | |
|---|---|---|
| كنز | | فارسی |
| گەنجینە | | |
| زنجبیل | | پەهلەوی |
| زەنجەفیل | | |
| سجیل | پەهلەوی | گرمۆڵە |
| | | قوڕی وەک بەرد |
| فردوس | پەهلەوی | باخ , |
| | | یان باخی بەهەشت |
| مقاليد | پەهلەوی | کلیل |
| ملكوت | نەبەتی | فریشتە |
| أليم | نەبەتی | ئازاری |
| | | بە سوێ |
| سينا | نەبەتی | کێوی |
| | | سینا |
| سفار | نەبەتی | پەرتووک) .6 |

هەروەها زۆر ووشەی دیکە ! .

دیاردەی بەکار هێنانی ووشەی زمانەکانی بێگانە لە داڕشتنی ئایەتەکانی قورئاندا , بەڵگەی ئەوەیە کە نووسەری قورئان لە ژێر کاریگەری ئەو زمانانەدا بووەو , وەک ڕوناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆی نەیتوانیوە لە بەکارهێنانیان خۆی بپارێزێت .

## 9 ـ زمانی ئاراستەکردن لە قورئاندا :

دیاردەی ئاراستەکردنێکی ناجۆر لە قورئاندا هەیە . ئەمە بەو مانایە کە شێوەی داڕشتن و ئاراستەکردنی کۆمەڵێک ئایەت لە خوداوە بۆ



لە بواری ئاینەکاندا, لەگەڵ شارەزایانی ئەو سەردەمە, ئاڵوگۆڕی بیروڕای ئاینی کردووەو, شارەزایی باشی دەربارەی ئاینەکان وپێغەمبەران و پێغەمبەرایەتی هەبووە.

ئەوەندە خولیای بیرکردنەوەو ڕامانی ئاینی بووە, زۆر جاران بۆ خەڵوەکێشان بەتەنیا چووە بۆ (ئەشکەوتی حەڕا) .18

لەوێ هزری خۆی بۆ بیرکردنەوە لە خودا, ئاین, بوونی مرۆڤ و لێکدانەوەی باری کۆمەڵەکەی تەرخان کردووە.

پەرۆشی ئەو بۆ کۆمەڵگاکەی گەیاندیە ئەو بڕوایەی کە, لە زەمینەو هەلومەرجی ئاڵوگۆڕخوازی عەرەبستاندا, بە ڕێبازی ئاینێکی نوێ , بەشداری کاریگەر بکات. ئەم بیرەی کردە پەیام و ئامانجی سەرەکی خۆی. یەکخستنی کۆمەڵی عەرەبستانی لە سایەی ئاینێکی نوێدا خستە بەرنامەی کارو خەباتی خۆیەوە, بەگوێرەی ئەو ئامانج و بەرنامەیە دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان..

ئەوەی لا ڕوون بووە کە بۆ گەیاندنی پەیام و بەرنامەکەی بە خەڵکی عەرەبستان, ئەگەر وەک خودی (محەمەد) هەنگاو هەڵگرێ و هەوڵی ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەک بدات, لەو زەمینەیەدا ئەوەندە گوێی لێ ناگیرێ و ناتوانێ خەڵکی بۆ ئەو ئاڵوگۆڕەی کە مەبەستی بوو, بهێنێتە مەیدان. بۆیە پەنای بردە بەر ڕێگاچارەی پێغەمبەرایەتی و, پێغەمبەرێتی کردە ئامراز بۆ ئامانجی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان و کۆمەڵێک چاکسازیی کۆمەڵایەتی.

**بەم شێوەیە ( محەمەد ) وەک مرۆڤێکی هوشیارو شارەزای ئاین و پێغەمبەران, لە ئەسڵی پێغەمبەرایەتی حاڵی بووەو لای ڕوون بووە کە چۆن دەستی بۆ بردووە.. یانی ئەو گۆڕانەی کە بڕوای پێی هەبووە لە کۆمەڵەکەیدا, ئەوی گەیاندۆتە بڕیاری ڕاگەیاندنی پێغەمبەریی.**

لە تەمەنی ( 40 ) ساڵیدا, لە ئەشکەوتی ( حەڕا )وە, یەکەمین دەقی بۆ پەیامەکەی لە ژێر ناوی ( سورەتی عەلەق ) دا کردە هەنگاوی یەکەم و

بەڵگەی دەستی, بۆ ڕاگەیاندنی پێغەمبەری و پەیوەندی نێوان خۆی و خودای نادیار.

داستانی پەیدابوونی سورەتی ( عەلەق )ی وەها بە خەدیجەی خێزانی ڕاگەیاند, کە لە ئەشکەوتی حەڕا دا, فریشتەیەک بە ناوی ( جوبرەئیل ) لە لایەن خوداوە, لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوەو, ئەم سورەتەی ( اقرا باسم ربك الذي خلق, خلق الأنسان من علق, اقرا و ربك الأكرم الذي علم بالقلم, علم الأنسان ما لم يعلم ) بە شێوەی سروش ( وەحی ) فێرکردووە.

مانای سورەتەکە ئەمەیە : (بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت کە ( دنیا )ی خولقاندووە, مرۆڤی لە خوێنی مەیو خولقاندو گرواندی, بخوێنە, وە پەروەردگارت بەخشندەترینە, خوایێ کە بەهۆی قەڵەمەوە فێرکردنی ساز دا, بە مرۆڤ ئەوەی نەیدەزانی فێری کرد ).

بە گێڕانەوەی داستانی جوبرەئیل و سورەتی عەلەق بۆ خەدیجە, ئەوەبوو خەدیجە بە محەمەدی ووت : دیارە تۆ لە لایەن خوداوە بە پێغەمبەر هەڵبژێردراوی.. بڕوای پیێ هێنا کە خودا ئەوی بە پێغەمبەر ناردووە.

سەرەتا لای کەسانێکی نزیک و جێ متمانەی خۆی , بەنهێنی ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند, وەک (عەلی کوڕی ئەبو تالیب )ی ئامۆزای و (ئەبوبەکر ی کوڕی سەدیق )ی هاوڕێی.

لەدوای سورەتی عەلەق, ماوەیەک, کە هەندێک دەڵێن دوو ساڵ و هەندێکیش دەڵێن سێ ساڵ, هیچ سورەتی دیکەی بەدوادا نەهاتووە.

ئەو ماوەیە محەمەد لە حاڵەتێکی ڕاڕایی و نائومێدیدا بووە! , ئاخۆ هۆی ئەوە بووبێ لە بڕیاری پێغەمبەرێتیەکەی دوودڵ یا پەشیمان بووبێ ؟, یان لە شێوەی ڕاگەیاندنی سورەتی عەلەق, بەهۆی جوبرەئیل و بە ڕێگای سروش!؟ . ئاخۆ گومانی هەبووبێ لە سەرکەوتنی بیروباوەڕو بەرنامەکەی؟ ئاخۆ وەک کەسێکی ڕاستگۆ هەستی ویژدان و حاڵەتی دەروونی و ناوەوەی خۆی, خستوویەتیە بەردەم



واتا : ( ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی یەکی ئاشکرایە ) . بەڵام دەیان ووشە و زاراوەی زمانەکانی بێگانەی دراوسێ و ناو نیمچەدوورگەی عەرەبستانی بەکار هێناوە , بۆ نموونە :

| ووشە | زمان | مانابەکوردی |
|---|---|---|
| جهنم | عیبری | دۆزەخ |
| زکاة | عیبری | زەکات |
| سبت | عیبری | شەممە |
| ماعون | | عیبری |
| باربوو | | |
| بعیر | عیبری | وشتر |
| رحمان | | عیبری |
| بەخشندە | | |
| طاغوت | | حەبەشی |
| زۆردار | | |
| مشکاة | | حەبەشی |
| چرادان, | | |
| | | تاقێک چرای تێدا هەڵکرابێ |
| طە | | حەبەشی |
| پەیامنێر | | |
| جبت | حەبەشی | درەخشان |
| أباريق | فارسی | تونگە |
| , | | |
| | | مەسینە |
| سرادق | فارسی | بڵێسە |
| ياقوت | فارسی | یاقوت |

له قۆناغێکدا لەبەرکردن و ووتنەوەی ئایەتەکانی قورئان بوو بە فەرزێک لە سەر موسوڵمانان .

( بەم شێوەیە موسوڵمانان هەموویان قورئانیان لەبەردەکرد , گەورە و بچووکیان دەیانووتەوە, تەنانەت بیابانیەکانیش, ئەمە وای کرد کە زیاتر بکەونە ژێر کاریگەری زمانی قورئانەوە ) . [5]

ئاینی ئیسلام لە مێژووی خۆیدا, زمانی قورئانی کردووە بە زمانی یەکگرتووی نەتەوەی عەرەب .

## 8 ـ زمانی بێگانە لە داڕشتنی قورئاندا :

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی زمانی عەرەبی , لە سەردەمێ محەمەد دا ئەوە بووە کە, بە هۆی پێکەوەژیان و تێکەڵی ئابوری و ئاینیەوە لەگەڵ زمانەکانی بێگانەی ناوچەکە, وەک : عیبری , حەبەشی , فارسی , نەبتی , کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەبووەو, ووشە و زاراوەی یەکتریان بەکار هێناوە.

ئەم تایبەتمەندیە لە زمانی داڕشتنی قورئانیشدا ڕەنگی داوەتەوە . لە قورئاندا جگە لە ووشەو زاراوەی ئەو زمانە بێگانانەی سەرەوە, ووشەو زاراوەی هیچ زمانێکی بێگانەی دوور, کە تێکەڵییان لەگەڵ کۆمەڵگای نیمچەدوورگەدا نەبووبێت و , کاریگەریان لە سەر یەکتر نەبووبێت ,وەک ووشەی یابانی , چینی , ئینگلیزی , فەرەنسی , ئیتالی و ...هتد بە کار نەهاتووە.

ئەگەرچی لە قورئاندا دەڵێت :

ـ ( قرآنا عربيا غير ذي عوج ) الزمر / 28 .

واتا : ( قورئانی بە زمانی عەرەبی , بێ کەم و کوڕی ناردووە ) .

هەروەها :

ـ ( و هذا لسان عربي مبين ) النحل / 103 .



هەڵوێستێکی وەها نائارام, تا ئەو ڕادەیەی کە هەوڵی خۆکوشتنی داوە؟.

(بێ ئومێدی محەمەد بەجۆرێک بووە کە هەندێک جار ویستوویەتی ئینتیحار بکات و لەسەر شاخێکەوە خۆی بەربداتە خوارەوە ). [19]

لەڕاستیدا محەمەد بە بڕیاری ڕاگەیاندنی پێغەمبەریی, خۆی خستۆتە بەردەم ئەرکێکی یەکجار قورس و گەورە. پێدەچێت لەوە دوودڵ و بەگومان بووبێت کە, چۆن بە بێ بەڵگەیەکی ڕوون و دیار خەڵک بۆ ئاینەکەی قایل بکات؟ بە بڕیاری پێغەمبەریی خۆی دەخاتە بەردەم کێشەیەکی زۆر گەورە.

بەهەرحاڵ بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر هۆی ئەو حاڵەتە نیە.

دوای تێپەڕ بوونی ئەو ماوەیە, دیارە دوای بیرکردنەوەی قووڵ و توێژینەوەو لێکدانەوەی حاڵەتەکە, لەگەڵ خۆیدا, بڕیاری باوەڕبەخۆبوون و کۆڵنەدان زاڵبووە بەسەر دوودڵی و نائومێدیدا. هوشیاری و توانای بەرزی ئەدەبی خستۆتە کار و ئەمجارەیان بە وورەو گەرموگوڕیەکی بێ هاوتاوە, دەستی پێکردۆتەوە.. ئایەت و سورەت بەدوای یەکدا, بەبێ دابڕان هاتووە. هیچ ناخۆشی و ئازارو نووچدانێک, تا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج کۆڵیان پێ نەداوە.

لە سەرەتای پەیامەکەیدا, هەموو سورەت و ئایەتەکان و تەبلیغی محەمەد ی پێغەمبەری ئیسلام, بۆ بڕواهێنانی خەڵک بە خودای تاک وتەنها بووە. ( قل هو الله احد, الله صمد, لم يلد و لم يولد, و لم يكن له كفوا احد ).

واتا : ( بڵێ خوا تاک و تەنیایە, خوایەکی بێ نیاز " کە نیازمەندان ڕوو دەکەنە ئەو کە نیازیان جێ بە جێ بێ " , هیچ شتێک لێ ی نەبووەو لە هیچ شتێکیش نەبووە, وە هیچ هاولف و هاوتایەکیش بۆ ئەو نیە ).

لە ئایەتەکاندا نموونەی دەهێنایەوە, تا خەڵک بیر لە گەورەیی و دەسەڵاتی ڕەهای خودا بکەنەوە, بڕوای پێ بهێنن و بیپەرستن. لەم

ڕێگایەوە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خەڵکی پەرش و بڵاوی خێڵەکان, لە ڕێبازی یەکخوداناسیدا, یەک بگرن.

دارشتنی ئایەت و سورەتەکان لە ئاستێکی ئەدەبی وەهادا کە نموونەی دارشتنی بەرزی ئەو سەردەمە بێت, لای محەمەد مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ بووە. متمانەی ئەو بە هوشیاری و توانای بەرزی ئەدەبی خۆی, بەگوێرەی ئەدەبی ئەو سەردەمە, ئەوەندە بەهێز بووە کە بیکاتە تاکە بەڵگەی دەستی و, دەقەکانی قورئان وەک دەقی دارێژراوی خودایی ڕاگەیاندووە و, کێبەرکێی هەموو شاعیران و ئەدیبانی سەردەمی خۆی پێ کردووە.

بە توانای بەرزی ڕەوانبێژی لە دارشتنی دەقی ئایەتەکانی قورئاندا, بەرادەیەکی زۆر هەستی خەڵکی بۆ ئاینی ئیسلام بزواندووەو کاری تێکردوون.

لە هەمان کاتدا, خەڵکانێکیش هەبوون بروایان پێ نەکردووەو, لە شاعیر یا لە شێت بەولاوە هیچی تریان پێ نەوتووە.

(جارێک لە ڕۆژانی مەراسیمی حەج دا کە تیرەو هۆزە جۆراوجۆرەکان لە کەعبەدا کۆدەبوونەوە, " محەمەد " چووە لای سەرۆکەکانیان و داوای لێ دەکردن ببن بە ئیسلام, " ئەبو لەهەب " ی مامی کە بەدوایەوە بوو, ڕووبەڕوو بە " محەمەد "ی گوت : ئەم برازایەم شێتەو گوێ بە قسەکانی مەدەن ). [20]

محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام , لە ئایەتدا ئاوا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە بە شێت و شاعیری ناو دەبەن : ( فذكر فما انت بنعمة ربك بكاهن و لا مجنون, ام يقولون شاعر نتربص به ريب المنون, قل تربصوا فاني معكم من المتربصين ) الطور / 29, 30, 31 .

واتا : ( پەندیان بدە, تۆ لە بابەت نیعمەت و بەرەکەتی پەروەردگارت نە کاهن و نە شێتی, یا ئەوان دەڵێن : ئەو شاعیرە, چاوەنواڕی مردنی دەکەین, بڵێ چاوەنوارِ بن, جا منیش لەگەڵ ئێوە چاوەنوارِ دەبم ).



بە دیالێکتی خۆیەوە دەکرد و لە هەمان کاتیشدا بەشداری بەکارهێنانی زمانی یەکگرتووش دەبوون لە بۆنە و بازاڕەکاندا ) . [2]

هەروەها ڕێنووسی زمانی عەرەبیش , کە لە زمانی نەبتی وەرگیراوە, لە پرۆسەی دەرکەوتنی دیالێکتی زمانی قورەیشدا وەک زمانی یەکگرتوو, ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە.

( لێکۆڵینەوەکان لە ئاسەوارە زمانەوانی یەکان ئەوەیان داوە بە دەستەوە, کۆمەڵێک نەخشی نووسین لە وولاتی شام دۆزراونەتەوە کە بە خەتی نەبتی نووسراون , خەتی عەرەبیش هەر لە خەتی نەبتی وەرگیراوە, لێکۆڵەرەوە پسپۆرەکان ئەوەیان سەلماندووە کە عەرەبەکان لە چەرخی چوارەمەوە نووسینی ئەبجەدی یان بەکارهێناوە ) [3] .

یانی نزیکەی سێ سەدە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و هاتنەکایەی قورئان, عەرەبەکان نوسین و خوێندنەوەیان لە ناودا هەبووە .

د . حسەین مروە لەم بارەیەوە دەڵێت : ( عەرەبەکانی حیجاز زمانی نەبتی یان لە مامەڵە بازرگانیەکانیاندا بە کارهێناوە, ئەم شێوە نووسینە لە نێوان کۆتایی چەرخی سێ یەم و سەرەتای چەرخی چوارەمی زاییندا لە هەموو ناوچەکانی وولاتی عەرەبدا بڵاوبۆتەوە ) . [4]

**گەشەی دیار و فراوان بوونەوەی زمان و ئەدەبی عەرەبی بە دیالێکتی قورەیش لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا لە لایەک , لە لایەکی دیکە ئەوە کە محەمەد خۆی سەر بە خێڵی قورەیش بووە , ئەو دوو فاکتەرە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگیان لەوەدا بینیوە کە , قورئان بە دیالێکتی زمانی قورەیش نووسراوە.**

لە سەردەمی محەمەد خۆیدا , پێ بە پێی گەشەی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بە ناوچە جیاجیاکانی نیمچەدوورگەدا, کاریگەریەکی بەهێزتر و فراوانتری هەبوو بۆ زیاتر ناساندن و گشتی بوونەوەی دیالێکتی زمانی قورەیش.

## 7 ـ قورئان و دیالێکتی زمانی قورەیش

لە سەردەمی پێش ئیسلامدا, خەڵکی عەرەبی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان گەلێک دیالێکتی جیاجیای ناوچەیی و خێڵەکیان لە زمانی ئاخاوتندا بەکارهێناوە.

لە ناو هەموو ئەو دیالێکتانەدا دیالێکتی زمانی قورەیش, کە زمانی خێڵی قورەیش بووە لە مەککە, لە ناوچەی حیجاز و بگرە لە هەموو نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا , ناسراوتر بووە. بێگومان ئەوەش , وەک پێشتر باسمان کردووە, دەگەڕێتەوە بۆ جێگای گرنگی بازرگانی شاری مەککە, ئەمە لە لایەک , وە لە لایەکی دیکە شاری مەککە هەر لە کۆنەوە بە هۆی کەعبە و بتەکانەوە, لە ناو خێڵە عەرەبەکاندا جێگایەکی پیرۆزی ئاینی هەبووە.

خێڵی قورەیش لە مەککەدا خاوەنی هەردوو دەسەڵاتی بازرگانی و ئاینیش بوون .. ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە هەموو نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە ڕوویان تێدەکردن.

شاری مەککە ببوە مەڵبەندی بەیەکگەیشتنی زۆربەی خێڵە عەرەبەکان.. گەلێک لەوانە بە دیالێکتی زمانی قورەیش ئاشنا بوون. لە مامەڵە بازرگانیەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. شاعیران و وتاربێژان لە هەموو نیمچەدوورگەوە دەهاتن و , کردبوویانە زمانی شیعر و ئەدەبیات .

بەم شێوەیە, دیالێکتی زمانی قورەیش لە ناو هەموو دیالێکتەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا, زیاتر هەلی بۆ ڕەخسابوو کە, لە پرۆسەی گەشەکردنی زمانی عەرەبیدا وەک زمانی یەکگرتوو دەرکەوتووە.

لە گەڵ ئەوەشدا کە دیالێکتی زمانی قورەیش ئاوا دەرکەوتبوو , ( پێکهاتنی زمانی یەکگرتوو نەبووە هۆی فەوتاندن و لە ناوبردنی دیالێکتە جیاجیاکانی زمانی عەرەبی, بەڵکو هەر ناوچەیەک پارێزگاری



محەمەد لە سەرەتاوە بە ڕەخنەگرتن لە دیاردەی بتپەرستیی دەستی پێکرد و بە ئایەت داوای لە خەڵک دەکرد کە واز لە بتپەرستی بهێنن, چونکە بتەکان دروستکراوی دەستی مرۆڤەکان خۆیانن, هیچ شتێکیان لە دەستدا نیەو سوودێک بە ژیانی ئەوان ناگەیەنن. چاکتر وایە خودای گەورەو تاک و تەنها بپەرستن, خودایەک کە ژیان و مردنی ئەوان و, هەموو شتێکی دنیا لە دەستی ئەودایە.

_( قل اني نهيت ان اعبد الذين تدعون من دون الله لما جائني البينات من ربي و امرت ان اسلم لرب العالمين ) غافر / 66 .

واتا : ( بڵێ : بەڕاستی نەهیم لێ کراوە کە عیبادەت بکەم بۆ ئەوانەی کە بێجگە لە خوا بانگی دەکەن, لە کاتێکدا لە پەروەردگارمەوە بەڵگەی ڕوونم بۆ هاتووەو فەرمانم پێ دراوە کە لە ڕاست پەروەردگاری جیهانیان خۆبەدەسەوەدەر بم ) .

لە مانای ئەم ئایەتەی سەرەوەدا, پەیامی محەمەد ڕوونە, کە دەیەوێت خەڵک لە جیاتی بتپەرستی, تەسلیم بە خودای نادیار بن و تەنها ئەو بپەرستن. هەر بۆیە پەیامەکەیشی ناونا ئیسلام.

**ئیسلام** لە زمانی عەرەبیدا لە تەسلیم بوونەوە وەرگیراوە.

( مسلم ) واتا موسوڵمان, ئەو کەسەیە بڕوای بە ئیسلام هێناوە, یانی خۆی تەسلیم بە فەرمانەکانی ئاینی ئیسلام کردووە.

محەمەد هەر لەدوای ڕاگەیاندن, بە دروشمی :

( اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا رسول الله ) , واتا : ( شایەتی ئەدەم کە جگە لە خودا هیچ خودایەکی دیکە نی یە, وە شایەتی ئەدەم کە محەمەد نێردراوی خودایە ) خۆی و خودای کردە تەواوکەری یەکتر.

بەم دروشمە لەلایەک خودای کردە ئاڵتەرناتیفی بتپەرستیی, لەلایەکی دیکەش, خۆی وەک هەڵبژاردەو نوێنەری خودا بۆ بانگەوازی ئاینی ئیسلام ناساند. هەرکەسێک ببوایە بە موسوڵمان, دەبوو ئەو دروشمەی قبوڵ بکردایەو بیگوتایەتەوە. یانی دەبوو دان بەوەدا بنێت کە تەنها

یەک خودا هەیە, لە ئاسمانە, دەبێت بیپەرستێ, محەمەدیش پێغەمبەری خودایەو لە قسەو فەرمانەکانی دەرنەچن.

**ئەوەی شایانی باسە لێرەدا, ئەوەیە کە بە ڕاگەیاندنی پێغەمبەری, گۆڕانێک لە بیروبۆچوونەکانی محەمەد دا ڕوویان نەدا.. شێوەی بیرکردنەوەی محەمەدی پێغەمبەر, تەواوکەری هەمان بیروبۆچوونەکانی محەمەدی سەر بە ڕەوتی حونەفا بوو. محەمەد کاتێک کە لەگەڵ ڕەوتی حونەفادا کاری دەکرد, باوەڕیان بە یەکخوداناسی هەبوو, دژی بتپەرستی و پەرش و بڵاوی خێڵە عەرەبەکان و هەندێک لە نەریتە باوەکانی جاهیلی بوون.**[21]

تەنها گۆڕانێک لە شێوەی کارو تەبلیغی محەمەد دا ڕووی دا, ئەویش ئەوەبوو کە بیروبۆچوونەکانی کرد بەناوی خودای نادیارەوە, مۆری ئاسمانی لێدان .. ڕایگەیاند کە ئایەتەکان دەقی قسەی ڕاستەوخۆی خودان, لە غەیبەوە بەڕێگای فریشتەو سروش گەیشتوون بەو .

بەم شێوەیە دەقی ئایەتەکانی پیرۆز کرد, بۆ ئەوەی لێدوان و لێکۆڵینەوە ڕەخنە هەڵنەگرن. ئایەتەکان هەرچی بڵێن, فەرمانی خودان و دەسەڵاتی محەمەدیان تێدا نیە!. ئەو کەسانەی دەبن بە موسوڵمان, دەبێ بێ چەندوچوون جێ بەجێیان بکەن و قسەیان تێدا نەکەن.

محەمەد ووتی : منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە, تەنها ئەوەندە هەیە کە من لە لایەن خوداوە هەڵبژێردراوم, تا ڕێنمایی و قسەکانی خودا, کە ئایەتەکانی قورئانن, وەکو خۆیان بە بێ کەم و زیاد و دەسکاری, بگەیەنم بە خەڵک.

( و ما على الرسول الا البلاغ المبين ) النور / 54 .

واتا : ( تەنیا ڕاگەیاندنی ئاشکرا لەسەر پێغەمبەرە ) .



مانای ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە, خودا نازانێت چی لە دڵ و دەروونی خەڵکاندایە ! , ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ئایەتەی خوارەوەدا :

ـ ( أو لا يعلمون إن الله يعلم ما يسرون و ما يعلنون ) البقرة / 77 .

واتا : ( ئایا ئەوانە نازانن کە بە ڕاستی خوا بەوەی کە ئەیشارنەوە و ئەوەی ئاشکرای ئەکەن ئاگادارە ؟ ) .

ـ ( هو الذي أرسل رسوله بالهدى و دين الحق ليظهره على الدين كله ) الصف / 9 .

واتا : ( خوا زاتێکە ڕەسولی خۆی بە هیدایەت و دینی بەرهەق ناردووە تا بە سەر هەموو دینەکاندا سەری بخاو زاڵی بکا ) .

بە گوێرەی ئەم ئایەتە خودا پێغەمبەری خۆی بە ئاینی ئیسلامەوە ناردووە , تا بە سەر هەموو ئاینەکانی مرۆڤ لە دنیادا سەری بخا و زاڵی بکات.. یانی محەمەد بەو ئامانجە هاتووە کە هەموو مرۆڤایەتی بکات بە موسوڵمان !.

ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە, لەگەڵ واقیعی ئاینی ئیسلامدا ناکۆکە, چونکە نە لە سەردەمی محەمەد خۆیدا و نە دوای خۆی, ئاینی ئیسلام بە سەر هەموو ئاینەکانی دنیادا سەرنەکەوتووە.

هەتا پێغەمبەری ئیسلام خۆی لە ژیاندا بوو بەشێک لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان بوون بە موسوڵمان.

تەنانەت ئاینەکانی جولەکە و دیان, کە لە نیمچەدوورگە ئاینی ئیسلام زاڵ بوو بە سەریاندا, هەتا ئێستا لە دنیادا لە سەر ئاینی خۆیان ماون و نەبوون بە ئیسلام.. جگە لەوانەش سەدان ئاینی دیکە لە کۆمەڵگا جیاجیاکانی دنیادا هەن, ئەوانیش وەک ئاینی ئیسلام لە ناو ملیۆنەها خەڵکدا پەیڕەو دەکرێن !.

ئەو ئایەتانەی لە سەرەوە بە نموونە هێنامانەوە, هەندێک بوون لەو ناکۆکیانەی کە لە قورئاندا هەن . ئەوانەش بەڵگەی ئەوە دەدەن بە دەستەوە کە , قورئان لە لایەن غەیری خوداوەیە .

واتا : ( ئەگەر بڕواداران و کافران " لە مەککە " لە یەکتر جیاکرابانەوە, کافرەکانیانمان بە عەزابی دەرداوی ئازار ئەدا ) .

یانی خودا نەیتوانیوە جیایان بکاتەوە! , تا کافرەکان بە جیا بکەونە بەردەستی و عەزابی دەرداوییان بدات ! .

ناوەرۆکی ئەو ئایەتەی سەرەوە ناکۆکە لەگەڵ ئەو توانا ڕەهایەی خودادا کە , لە چەندین ئایەتدا باسی کردووە,

بۆ نموونە :

ـ ( إنه على كل شيء قدير ) الأحقاق / 33 .

واتا : ( ئەو " خودا " بە سەر هەموو کارێکدا بە دەسەڵاتە ).

ـ ( و لقد فتنا الذين من قبلهم فليعلمن الله الذين صدقوا و ليعلمن الكاذبين ) العنكبوت / 3 .

واتا : ( کەسانێک کە بەر لەمانە بوون تاقیمان کردنەوە, تا خوا کەسانێ کە ڕاستیان ووتووە بیانناسێ و کەسانێ کە درۆزن بوون لێ یان ئاگادار بێ ).

مانای ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە, خودا هەتا خەڵک تاقی نەکاتەوە, نازانێ ڕاستگۆن یان درۆزنن ! .

ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ئایەتەی خوارەوەدا کە دەڵێت :

ـ ( إني أعلم غيب السماوات و الأرض و أعلم ما تبدون و ما كنتم تكتمون ) البقرة / 33 .

واتا : ( من غەیب و ڕاز ی ئاسمانەکان و زەوی دەزانم و هەر وایش ئەوەی ئاشکرای دەکەن یا دەیشارنەوە پێ ی دەزانم ) .

ـ ( فإذا ركبوا في الفلك دعوا الله مخلصين له الدين فلما نجاهم الى البر إذا هم يشركون ) العنكبوت / 65 .

واتا : ( کاتێ سواری گەمی یەک بوون, خوا بانگ دەکەن, لە کاتێکدا دینی خۆیان بۆ ئەو پاک کردووە, جا کاتێ ئەوانی بردە ووشکایی و ڕزگاری کردن, هێمان هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ).



## پەراوێزی بەشی یەکەم

1_ ئارام ڕەشید, جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ, ل 59 .
2_ د. حسين مروة, النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية, دار الفارابي, بيروت, ج 1 ص 137 .
3_ عەلی میر فیردەوسی, ئیسلام ناسی, وەرگێڕانی سیامەکی بابەکی, ل 11 .
4_ عەباس عەبدولکەریم, کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا, ل 78 .
5 ـ ئارام ڕەشید / جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ , ل 212 .
6 ـ لە باسکردنی ئەم شێوە زەواجانەدا سوودم لە کتێبی ( ئافرەت لە چوار ئاین دا ) وەرگرتووە , لە نووسینی گۆیژە زەنگەنە , ل 106 , 107.
7_ د. حسين مروة , النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية, دار الفارابي , بيروت , ج 1 ص 230 .
8_ سيد محمد القمني, حروب دولة الرسول,ج 1 ص10 .
9_ هەمان سەرچاوە, ل 12 .

10_ عەلی دەشتی, بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی, وەرگێڕانی لە فارسی یەوە بۆ کوردی : فریاد کەریم, ل 76 .

11_ سليمان مظهر , قصة الديانات , الطبعة الثانية 1998 , مكتبة مدبولي _ قاهرة ,
ص 470 .

12_ هەمان سەرچاوە, هەمان ل.

13_ عەلی میر فیردەوسی, ئیسلام ناسی, وەرگێڕانی سیامەکی بابەکی, ل 18 .

14_ د. حسين مروة , النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية , دار الفارابي , بيروت, ج 1 ص 223 .

15_ عەلی میر فیردەوسی, ئیسلام ناسی, وەرگێڕانی سیامەکی بابەکی, ل 14 .

16_ هەمان سەرچاوە, ل 16 .

17_ د. حسين مروة, النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية, دار الفارابي, بيروت, ج 1 ص 334 .

18_ ئەشکەوتی حەڕا : ئەشکەوتێکە بە قەدپاڵی شاخی ( حەڕا )وە, سێ کم لە شاری مەککەوە دوورە, دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری مەککە.

19_ ئارام ڕەشید, جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ, ل 157 . ئەویش لە کتێبی ( الكامل في التاريخ ), ابن الاثير, ج 2 ص 32 , وەری گرتووە.

20_ عەلی دەشتی, بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی, ل 39 , وەرگێڕانی لە فارسی یەوە : فریاد کەریم, چاپی دووەم 1999 .

21_ [ ووشەی جاهیلی نازناوێکی ئیسلامیە, بە سەردەمەکانی پێش ئیسلام ووتراوە. ئیسلام سەردەمی جاهیلی کردووە بە دوو بەشەوە :
سەردەمی جاهیلی یەکەم , بەو سەردەمە دەڵێن کە ئیبراهیم تیایدا لەدایک بووە.



سەر ئاینی ئیسلام , ئەوا خەڵکی خراپن .. هەروەها دەڵێ , لە بەرئەوەی زۆربەیان نەهاتوونەتە سەر ئاینی ئیسلام , بۆیە هەتا بڵێی خەڵکی خراپن .

ـ ( و لو شاء ربك لآمن في الأرض كلهم جميعا ) يونس / 99 .

واتا : ( وە ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە, ئەوانە کە لە سەر زەوین, هەموو بە تێکڕا بڕوایان دەهێنا ).

مانای وایە کە, خودا خۆی نەیویستووە هەموو مرۆڤ ببن بە موسوڵمان ! . ئەگینا هەموو خەڵکی بە بێ کێشە و گیروگرفت هیدایەت دەکرد و , ئەو مێژووە دوورو درێژە پڕ لە کوشتارەشی پێویست نەدەکرد ! .

بەڵام لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێت :

ـ ( و ما لكم لا تقاتلون في سبيل الله ) النساء / 75 .

واتا : ( ئەی چیتانە ؟ بۆچ لە ڕێگای خوادا جەنگ ناکەن ؟ ) .

مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە, خودا ویستوویەتی خەڵک ببن بە موسوڵمان, بەڵام خەڵک نەبوون بە موسوڵمان..نەک هەر ویستوویەتی هەموو خەڵک ببن بە موسوڵمان , بەڵکو سەرزەنشتی موسوڵمانانی کردووە کە بە باشی لە ڕێگای خودادا نەجەنگاون, بۆ ئەوەی خەڵک بکەن بە موسوڵمان !.

ناوەرۆکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە, ناکۆک و پێچەوانەی یەکترن . لە ئایەتی یەکەمیانا خودا نەیویستووە خەڵک ببن بە موسوڵمان , بە لاّم لە ئایەتی دووەمدا ویستوویەتی بە شەڕو کوشتار خەڵک موسوڵمان بن !.

ـ ( فاذا قضى أمرا فانما يقول له كن فيكون ) غافر / 68 .

واتا : ( جا هەر کاتێ ئیرادەی شتێ بکا, تەنیا پێ ی دەڵێ ببە, جا ئەویش دەبێ ).

ـ ( هو الذي خلق السماوات و الأرض في ستة أيام ) الحديد / 4 .

واتا : ( خوا زاتێکە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا خولقاند ) .

ماوەی شەش ڕۆژ, ناکۆکە لەگەڵ " کن فیکن " ی ئایەتی پێشوو .

ـ ( لو تزيلوا لعذبنا الذين كفروا منهم عذابا أليما ) الفتح / 25 .

ئیدی لە دوای ڕاگەیاندن و شیکردنەوەی بیروباوەڕەکە, هەڵوێستی خەڵک هەرچیەک بێت, ببن یان نەبن بە موسوڵمان خۆیان سەرپشکن.. لەوە بەولاوە کاری پێغەمبەر نیە .

بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, ئەگەر خەڵک بە ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە نەبوون بە موسوڵمان, پێغەمبەر مافی ئەوەی نیە بە ڕێگای توندو تیژ و زۆرکردن خەڵک بکات بە موسوڵمان.

بەڵام لەم ئایەتەی خوارەوەدا, بە پێچەوانەی ئایەتی پێشوو, ڕێگای شەڕو کوشتار و جەنگ بە پێغەمبەری ئیسلام ڕادەگەیەنێت :

ـ ( یا أیها النبي حرض المؤمنین علی القتال ) الأنفال / 65 .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر بڕواداران دنە بدە بۆ جەنگ کردن ) .

یانی ئەی محەمەد , کارەکە تەنیا بە ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە و ووتووێژ تەواو نابێت ! , چونکە خەڵک بەم جۆرە و بە خۆشی خۆیان نابن بە موسوڵمان ! , ئنجا نۆرەی ڕێگای زۆرکردن و شەڕو کوشتارە.. موسوڵمانان هان بدە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەی کە نابن بە موسوڵمان.

لە نێوان ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا, ناکۆکیەکی ڕوون وئاشکرا هەیە.

ـ ( لا تجادلوا أهل الکتاب إلا بالتي هي أحسن ) العنکبوت / 46 .

واتا : ( لەگەڵ ئەهلی کتێب " جولەکە و فەلە " مشتومڕ مەکەن, مەگەر بە چاکترین شێوە ).

لەم ئایەتەی سەرەوەدا داوای ئەوە لە موسوڵمانان دەکات کە , بە چاکترین شێوە گفتوگۆ لەگەڵ جولەکە و فەلە بکەن.. بەڵام لەم ئایەتەی خوارەوەدا بە پێچەوانەوە هێرشیان دەکاتە سەر :

ـ ( لو آمن أهل الکتاب لکان خیر لهم منهم المؤمنون و أکثرهم الفاسقون ) آل عمران / 110 .

واتا : ( ئەگەر ئەهلی کتێب بە " پێغەمبەری ئیسلام " بڕوایان هێنابا, بۆیان باشتر بوو, هەندێ لەوانە بە بڕوان, وە زۆربەشیان فاسقن ).

مانای ئەوەیە, ئەگەر خەڵکی جولەکە و دیان ببن بە موسوڵمان و بڕوا بە محەمەد بهێنن, ئەوا خەڵکی بڕوادار و باشن , بەڵام ئەگەر نەیەنە



سەردەمی جاهیلی دووەم, بەو سەردەمە دەڵێن کە نزیکی ئیسلام بووە, واتا محەمەد تیایدا لەدایک بووە] , د. حسین مروة, النزعات المادیة في الفلسفة العربیة الاسلامیة, ج 1 ص 177 , الحاشیة .

* * *

## بەشی دووەم :

# قورئان / کتێبی پیرۆزی ئاینی ئیسلام

قورئان سەرچاوەی یەکەم و بێ ئەملاوئەولای ئاینی ئیسلامە.

وەک کتێبە پیرۆزەکانی ئاینەکانی دیکە, قورئانیش کتێبی پیرۆزی موسوڵمانانە.

محەمەدی ڕابەری ئیسلام, لەماوەی ڕابەرایەتی خۆیدا, بە بیروبۆچوون وبڕیاروحوکمەکانی قورئان, ئاین وحوکم ودەسەڵاتەکەی بەڕێوەبردووە.

جگە لە قورئان, ئەو دەقانەی کە بە ووتەکانی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ناسراون, ئەو خۆی مەبەستی نەبووە بیاننووسێتەوە, داوای لە

هیچ کەسیش نەکردووە کە قسەی ئاسایی ڕۆژانەی بنووسنەوە, یان بیکەن بە شەریعەت و لە کۆمەڵدا حوکمی پێ بکەن.

[موسلم لە ئەبی سەعد ئەلخدری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر " د خ " فەرموویەتی : ( لا تكتبوا عني, و من كتب عني غير القرآن فليمحه ) ] .1

واتا : ( دەربارەی من هیچ مەنووسنەوە, وە هەرکەس لەبارەی منەوە, جگە لە قورئان, شتێکی نووسیوە با لەناوی بەرێ ).

بۆیە منیش لەم نووسینەدا, تەنها ئاماژەم بە دەقەکانی قورئان وەک گرنگترین سەرچاوەی ئاینی ئیسلام کردووەو, بە نموونە لێم وەرگرتووە.

## 1ـ پێناس و پێکهات و بابەتەکانی قورئان :

**پێناسەی قورئان :**

ووشەی ( قرآن ) لە بنەڕەتدا لە ووشەکرداری ( قرأ ) ی زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە.

ووشەی ( قرآن ) و ووشەی ( قراءة ) هەردوکیان چاوگی ووشەکرداری (قرأ ) ن .

( قرأ ) یانی خوێندیەوە , ( قراءة ) یانی خوێندنەوە, ( قرآن ) یانی خوێندراوە .

هەروەها ووشەی ( قرأ ) [ بە مانای کۆکردنەوەو خستنەسەر دێت.. کۆکردنەوەی پیت و ووشەکان لەگەڵ یەکدی.. خودا دەفەرموێت ( ان علينا جمعه و قرآنه فاذا قرأناه فاتبع قرآنه ) القيامة / 17, 18 ] .2

واتا : ( بە ڕاستی کۆکردنەوەو خوێندنی ئەوە لەسەر ئێمەیە, جا هەر کاتێ کە ئێمە ئەوەمان خوێند, تۆ لەو خوێندنەوەیە پەیڕەوی بکە ).



لەم ئایەتەدا , کە دوای ئایەتی پێشوو هاتووە, ئاینەکانی دیکە لای خودا قەبوڵ نین ! , خودا قەبوڵی نیە خەڵک لە سەر دینەکانی دیکە بمێنن ! یا بچنە سەر ئاینی دیکە . کەس مافی ئەوەی نیە جگە لە ئیسلام ئاینێکی دیکەی هەبێت ! .

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە, پێچەوانە و دژی یەکترن .

ـ ( أدع الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي أحسن ) النحل / 125 .

واتا : ( بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاک خەڵک بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە و لەگەڵ ئەواندا بە شێوەیەکی جوان وتووێژ و مشت و مڕیان لەگەڵدا بکە ) .

ئەم ئایەتە بانگەوازی ڕێز دانانە بۆ خەڵکانی دیکە کە موسوڵمان نین . داوای مامەڵەی نەرم و دیالۆگی لەگەڵ کەسانی بەرانبەر کردووە. داوای لە موسوڵمانان کردووە کە گوێ لە ڕای جیاوازی بەرانبەر بگرن و , بە نەرمی پێیان بڵێن بۆ ئەوەی کە موسوڵمان بن !.

بەڵام لەگەڵ ئەم ئایەتەی خوارەوەدا, کە دواتر هاتووە , ناکۆکە :

ـ ( قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله و لا باليوم الآخر ) التوبة / 29 .

واتا : ( بجەنگن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوایان بە خوداو ڕۆژی بەرێ نی یە ).

یانی ئەو کەسانە بکوژن کە ڕایان لەگەڵ ڕای ئێوەدا جیاوازە ! , هیچ کەس بۆی نیە ڕایەکی جیاوازی هەبێت ! هەر کەس دەیەوێت بژی و بە زیندوویی بمێنێت , با ببێت بە موسوڵمان !

ـ ( و ما على الرسول إلا البلاغ المبين ) النور / 54 .

واتا : ( تەنیا ڕاگەیاندنی ئاشکرا لە سەر پێغەمبەرە ).

مانای ئەوەیە ئەرک و لێپرسراوێتی محەمەد وەک پێغەمبەری ئیسلام, تەنیا ئەوە بووە کە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی ئاینی ئیسلام بە خەڵک ڕابگەیەنێت و بۆیان ڕوون بکاتەوە .

واتا : ( ئەگەر ئایەتێک نەسخ بکەین " بسڕینەوە " یا لە بیر بەرینەوە, لەو چاکتر, یا وەکو ئەو دێنینەوە ) ]. 1

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە وەڵامن بەو کەسانەی کە لە سەردەمی محەمەد خۆیدا, دەربارەی ناکۆکی لە قورئاندا, ڕەخنەیان لێ گرتووە.

با پێکەوە سەرنج بدەینە چەند نموونەیەک لە ناکۆکی لە نێوان ئایەتەکانی قورئاندا :

ـ ( لا إكراه في الدين ) البقرة / 256 .

واتا : ( بۆ قەبوڵ کردنی دین زۆرێک نی یە ) .

مانای ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە, هەر کەس ئازادە ببێت بە موسوڵمان یان نەبێت. ئاینی ئیسلام زۆر لە کەس ناکات ! .

مانای ئەو ئایەتەی سەرەوە لەگەڵ مانای ئەم ئایەتەی خوارەوە, پێچەوانە و ناکۆکن, کە دەڵێت :

ـ ( و من يبتغ غير الأسلام دينا فلن يقبل منه ) آل عمران / 85 .

واتا : ( وە هەر کەسێ بێجگە لە ئیسلام دینێ تر هەڵبژێرێ, جا هەرگیز لێی قەبوڵ ناکرێ ).

یانی قەبوڵ کردنی ئیسلام بە زۆرە !, کەس مافی ئەوەی نیە کە ئاینێکی دیکەی هەبێت ! .

ـ ( لكم دينكم و لي دين ) الكافرون / 6 .

واتا : ( دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم ).

لەم ئایەتەی سەرەوەدا, بە ڕوونی و بێ پێچ و پەنا دانی ناوە بە ئازادی بیروباوەڕی ئاینیدا. هەر وەک چۆن بۆ خۆی بە ڕەوا بینیوە کە موسوڵمان بێت , کەسی بەرانبەریشی ئازاد کردووە کە هەر ئاینێکی هەبێت مافی خۆیەتی.

بەڵام لەگەڵ ئەم ئایەتەی خوارەوەدا تەواو ناکۆکە , کە دەڵێت :

ـ ( إن الدين عند الله الأسلام ) آل عمران / 19 .

واتا : ( تەنیا دینێ کە لای خوا قەبوڵە ئیسلامە ).



بەگوێرەی چەند ئایەتێکی قورئان, یانی لە ڕوانگەی خودی قورئانەوە, ئاوا قورئان دەناسێنێت :

ـ ( تنزيل الكتاب من الله العزيز الحكيم ) الزمر / 1 .

واتا : ( نازل بوونی ئەم کتێبە " قورئان " لەلایەن خودای عەزیزو حەکیمەوەیە ).

ـ ( كتاب انزلناه اليك لتخرج الناس من الظلمات الى النور ) ابراهيم / 1 .

واتا : ( ئەمە کتێبێکە بۆ تۆمان نازل کردووە تا خەڵک لە تاریکاییەوە بەرەو ڕووناکی ببەی ).

ـ ( كتاب ربك لا مبدل لكلماته ) الكهف / 27 .

واتا : ( هیچ کەس نی یە بتوانێ قسەکانی خودا بگۆڕێ ).

لە مانای ئەو سێ ئایەتەی سەرەوەدا, وەک نموونە, پێناسەیەکی ڕوون سەبارەت بە قورئان دەدەن بە دەستەوە. بەگوێرەی ئەو ئایەتانە, قورئان قسەی پیرۆزی خودایە, لە خوداوە بۆ محەمەدی پێغەمبەری خودا وەحی کراوە, بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤ بۆ ڕێگای ڕووناکی ئاینی ئیسلام ڕێنوێنی بکات. ئایەتەکانی قورئان بە هیچ شێوەیەک لەلایەن مرۆڤەوە گۆڕان و دەسکاری هەڵناگرن. قورئان کتێبێکی هەمیشەییە, فەرمان و باس و حوکمەکانی بۆ هەتاهەتان. یانی هەتا مرۆڤ لە دنیادا بێت, دەبێت بەبێ هیچ گومان و دوودڵی یەک, سەرجەم ئایەتەکانی قورئانیان وەک بەرنامەی ئاینی ئیسلام قبوڵ بێت و جێبەجێی بکەن.

بەگشتی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەو پێناسەیە کۆکن کە, قورئان قسەی پیرۆزی خودایەو بۆ محەمەد دابەزیوە.

پێناسەیەکی گشتی بۆ قورئان, کە چ موسوڵمانان و چ غەیری موسوڵمانان لەسەری کۆکن, ئەوەیە کە :

قورئان بەرنامەی تیوری و پراتیکی موسوڵمانانە, چ لەسەردەمی محەمەد خۆیداو چ لەسەردەمانی دواتردا.

## پێكهاتی قورئان :

كتێبی قورئان لە ( 114 ) سورەت و , سەرجەمی سورەتەكانیش لە ( 6336)ئایەت پێكهاتووە, بە(بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ) ەكانەوە.

لە ناو هەموو سورەتەكانی قورئاندا , تەنها سورەتی ( تەوبە ) بەبێ ( بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ) دابەزیوە.

سەرجەمی ئایەتەكانی قورئان لە ماوەی ( 23 ) ساڵی پێغەمبەرایەتی محەمەد دا داڕێژراون.

لە كۆی ( 114 ) سورەتی قورئان, ( 86 ) سورەتی مەككییە, بەو مانایە لە قۆناغی پێش كۆچكردنی محەمەد بۆ شاری یەسرب, لە ماوەی ( 13 ) ساڵی خەباتی مەككەدا نووسراون.

ئەو سورەتانە ئەمانەن : ( الانعام, الاعراف, يونس, هود, يوسف, الرعد, ابراهيم, الحجر, النحل, الاسراء, الكهف, مريم, طه, الانبياء, الموءمنون, النور, الفرقان, الشعراء, النمل, القصص, العنكبوت, الروم, لقمان, السجدة, سبا, فاطر, يس, الصافات, ص, الزمر, غافر, فصلت, الشورى,الزخرف,الدخان, الجاثية, الاحقاف, قاف, الذاريات, طور, النجم, القمر, الرحمان, الواقعة, الملك, القلم, الحاقة, المعارج, نوح, الجن, المزمل, المدثر, القيامة, الانسان, المرسلات, النبأ, النازعات, عبس, التكوير, الانفطار, المطففين, الانشقاق, البروج, الطارق, الاعلى, الغاشية, الفجر, البلد, الشمس, الليل, الضحى, الشرح, التين, العلق, القدر, التكاثر, العصر, الهمزة, الفيل, قريش, الماعون, الكوثر, الكافرون, المسد, الاخلاص, الفاتحة ) .

هەروەها ( 28 ) سورەتی مەدەنیە, بەو مانایەی لەقۆناغی دوای كۆچ بۆ شاری یەسرب, لەماوەی ( 10 ) ساڵی دەسەڵاتدا نووسراون.

ئەو سورەتانە ئەمانەن : ( البقرة, آل عمران, النساء, المائدة, الانفال, التوبة,الحج, الاحزاب, محمد, الفتح, الحجرات, الحديد, المجادلة, الحشر, الممتحنة, الصف, الجمعة, المنافقون, التغابن, الطلاق, التحريم, البيَنة, الزلزلة, العاديات, القارعة, النصر, الفلق, الناس ) .

سورەتەكانی مەككی بەژمارە, زیاتر لە سێ ئەوەندەی ژمارەی سورەتەكانی مەدەنین.



## 6 ـ ناكۆكی :

ـ ( أفلا يتدبرون القرآن , و لو كان من عند غير الله لوجدوا فيه إختلافا كبيرا ) النساء / 82 .

واتا : ( بۆچی بیر لە قورئان ناكەنەوە , ئەگەر قورئان لە لایەن غەیری خواوە بوایە , لەوا ئیختیلافێ زۆریان ئەدی ).

بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, قورئان بە هۆی ئەوەی كە قسەی خودایە, بێ هەڵە و كەموكوڕی و ناكۆكیە.

یانی ئەگەر قسەی كەسێكی دیكە بوایە جگە لە خودا, هەڵبەتە هەڵە و كەموكورتی , یا ناكۆكی لە نێوان ئایەتەكانیدا دەبوو !.

دیاردەی ناكۆكی لە قورئاندا, بە مانای بوونی دوو ئایەت لە سەر هەمان باس و بابەت, بەڵام بە دوو بۆچوونی جیاواز و پێچەوانەی یەكترەوە.

سەبارەت بە دیاردەی ناكۆكی لە نێوان ئایەتەكانی قورئاندا, لە سەردەمی محەمەد خۆیشیدا, كەسانێك هەبوون كە هەمان ڕەخنەیان لێ گرتووە.

[ ڕاڤەكاران ووتیان : بێ بڕوایان ووتیان : ئایا سەیری محەمەد دەكەن, فەرمانێك بۆ لایەنگرانی خۆی دەردەكات, پاشان نەهی یان لێ دەكات و فەرمانێكی پێچەوانەی ئەوەی پێشوو دەردەكات ؟ . ئەمڕۆ شتێك دەڵێ و سبەینێ لێی پەشیمان دەبێتەوە, ئەمەی لە قورئاندایە قسەی محەمەد خۆیەتی و هەر لە خۆیەوە شت دەڵێت , ئەوانە قسەی ناكۆكن لەگەڵ یەكتر. دوای ئەوە , ئەم ئایەتە دابەزی : ( و إذا بدلنا آية مكان آية ) النحل / 101.

واتا : ( وە ئەگەر ئایەتێكمان لە جێی ئایەتێك دانا ) . هەروەها ئەم ئایەتەش دابەزی :

( ما ننسخ من آية أو ننساها نأت بخير منها أو مثلها ) البقرة / 106 .

حوكمی چاوی مرۆڤەوە, ئەو دیاردانەو ئاڵوگۆڕەكانیانی خوێندۆتەوەو لەو ئایەتانەدا سوێندی پێ خواردوون!.

بە هۆی ئەوەی پەی بە هۆكانی ئەو ئاڵوگۆڕە سروشتیانە نەبردووە, لە هیچ جێگایەكی قورئاندا باسی ئەوەی نەكردووە كە چۆن ڕوو دەدەن !. قورئان بە گوێرەی زانستی ئەو سەردەمە, نەیتوانیوە لە خوێندنەوەی چاو واوەتر بچێت.

زانستی ئەو سەردەمە نەگەیشتبووە ئەو ڕاستیە كە زەوی خڕە و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە. بە هۆی ئەوەی تیشكی ڕۆژ هەر بەر لایەكی زەوی دەكەوێت , ئەو لایە ڕووناك دەكاتەوە, یانی لەوێ ڕۆژە.. لەم حاڵەتەدا لاكەی دیكەی زەوی, تیشكی ڕۆژی تێ ناكەوێ, بۆیە تاریك دەمێنێتەوە, یانی لەوێ شەوە.

لە سەردەمی محەمەد دا درك بەوە نەكراوە كە, هاتنی شەو و ڕۆژ بە دوای یەكدا, لە دووبارەبوونەوەی هەمیشەیی ئەم پرۆسەیەدا , لە ماوەی ( 24 ) كاتژمێردا ڕوو دەدات. بەڵكو ئەو كاتە وایان زانیوە هەر بە ئیرادەی خودا و لە بەر خاتری ئیش وكار و پشوودانی مرۆڤ, شەو و ڕۆژی بۆ دروستكردوون !. لە بەر ئەوە مرۆڤیش دەبێت بە پیرۆزیان بزانێت ! .

لەو نموونانەی سەرەوەدا , بینیمان قورئان سوێند بەو دیاردانە دەخوات كە بە چاو و ئەقڵ و زانستی ئەو كاتەی خەڵكی كۆمەڵی عەرەبستان بینراو و زانراون.

لەو بڕوایەدام ئەگەر پێغەمبەری ئیسلام, شاخە بەفرینەكانی قوتبەكانی زەوی ببینیایە, یا زانیاری دەربارەیان ببیستایە, وەك خۆر و مانگ و ئەستێرە و شەو و ڕۆژ, سەرنجی ئەویان ڕادەكێشاو لە چەند ئایەتێكدا سوێندی پێ دەخوارد ! , یا وەك نموونەی كاری خودایی باسی دەكرد !.



(سورەتەكانی مەككی زیاتر دەربارەی بیروباوەڕەكانی ئیسلام و ئەركەكانی موسوڵمانانن, بەڵام سورەتەكانی مەدەنی زیاتر چارەسەر بوون بۆ ئەو كێشانەی كە دووچاری پێغەمبەر دەهاتن و, هەروەها, وەڵام بەو پرسیارانەی كە موسوڵمانان دەیانكردن ). [3]

**ـ تایبەتمەندی سورەتەكانی مەككی :**

ـ سورەتەكان كورتتر و ژمارەی ئایەتەكان كەمترن.

- سورەتەكانی مەككی بە نەرمونیانی داوای یەكتاپەرستی و وازهێنان لە بتپەرستی دەكەن.
- گرنگی بە باسی بەهەشت و پاداشتەكان بۆ موسوڵمانان و دۆزەخ بۆ بێ بڕوایان دەكەن.
- لە سورەتەكانی مەككیدا, هەڵوێست بەرانبەر بێ بڕوایان نەرمەو بانگەوازی یەكێتی و برایەتی دەكەن.
- ڕەخنەگرییان تێدایە لە هەندێك نەریتی دزێوی كۆمەڵگای پێش ئیسلام.
- سورەتەكانی مەككی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی نەبوونی دەسەڵاتن, ئایەتەكان پەروەردەیین و داوای ڕەوشتی ئیسلامی دەكەن.

**ـ تایبەتمەندی سورەتەكانی مەدەنی :**

- بەگشتی سورەت و ئایەتەكانی مەدەنی درێژو ژمارەی ئایەتەكان زۆرترن.
- سورەتەكانی مەدەنی بەهۆی ئەوەی كە زۆربەیان لە سەردەمی دەسەڵاتدا داڕێژراون زیاتر بڕیارو یاساو ئەحكامیان بەخۆوە گرتووە.
- ئایەتەكانی مەدەنی زیاتر هێرشن بۆ سەر بێ بڕوایان و, بانگەوازی شەڕو كوشتار دەكەن لە دژیان, بۆ ئەوەی موسوڵمان بن.
- لە ئایەتەكانی مەدەنیدا هەڵوێست بەرانبەر جولەكەو دیان زۆر توندە.
-

**ـ بابەتەکانی قورئان :**

لە ڕاستیدا قورئان کتێبێکی بەربڵاوە, لە زۆر لایەنی ژیان و بوون, بەگوێرەی سەرهەڵدان و گەشەی خۆی تا گەیشتن بە دامەزرانی دەسەڵاتی ئیسلام, قسەی کردووەو گەلێک بابەتی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە, بۆ نموونە :

ـ ئەفسانەکانی کۆن و داستان و بەسەرهاتەکانی پێغەمبەران و ئاینەکانی پێش ئیسلام.

ـ بیروباوەڕەکانی ئاینی ئیسلام, سەبارەت بە : یەکخوداناسی, تواناو دەسەڵاتی ڕەهای خودا, زیندوبوونەوەی ئەودنیا, ڕۆژی قیامەت, بەهەشت و پاداشت, دۆزەخ وعەزاب بەشێوەی جۆراوجۆر, حـــەڵاڵ و حـــــــــەرام, فریشتە, جنۆکە و شەیتان...هتد.

ـ بابەتی ڕەخنە لە هەندێک لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای جاهیلی.

ـ هەندێک چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو سەردەمە.

ـ ململانێی سیاسی لەگەڵ نەیاران و ئاینەکانی دیکە, بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام .

ـ بابەتی ئەرک و فەرزو ڕەوشتە ئیسلامیەکان .

ـ بابەتی بڕیارو یاساو حوکمە ئیسلامیەکان.

لە بەشەکانی داهاتوودا لەسەر هەموو ئەم بابەتانە دەدوێین.



هەروەها سوێندی بەو بریسکە ئاگرە خواردووە کە, هەندێ جار لە کاتی ڕەو یا غاردانندا لە نووکی سمی ئەسپدا پەیدا بووە. بێگومان بە گوێرەی زانستی ئەو سەردەمە پەی بەوە نەبردووە کە, ئەو بریسکە ئاگرە لە ئەنجامی بەرکەوتنی ناڵی ئەسپەکان بە بەردی ڕەق لە خێراییدا, پەیدا بووە. بەڵکو پێی وابووە کە لە حەماسەتی ئەسپەکانەوە, بۆ هێرش بردن بۆ سەر نەیاران پەیدا بووە! .

ـ ( نون و القلم و ما یسیطرون ) القلم / 1 .

واتا : ( سوێند بە قەڵەم و ئەوەی دەنووسن ).

قەڵەم لە سەرەتایی ترین شێوەیدا, ئامرازێکی بە کەڵک و گرنگ بووە بۆ مرۆڤ بۆ نووسین, بەڵام لە داهێنان و دەسکردی مرۆڤ خۆی بووە.

ئەوەندە پیرۆز نەبووە تا لە لایەن خوداوە سوێندی پێ بخورێت. هەروەها ئەوەی کە بە قەڵەم دەنووسرێت, مەرج نیە هەر ئایەتی قورئان بێت.

ئەم ئایەتە تەواو دیارە کە ڕەنگدانەوەی بیری محەمەدە, چونکە لە ڕاستیدا ئەو وەک کەسێکی ڕووناکبیری سەردەمەکەی خۆی , لە ناو کۆمەڵی عەرەبستاندا, گرنگی زۆری بۆ ڕووناکبیری هەبووە. لەو ڕوانگەیەوە قەڵەمی بە لاوە گرنگ بووەو بەرز و پیرۆز نرخاندوویەتی.

ـ ( و الشمس و ضحاها, و القمر اذا تلاها, و النهار اذا جلاها, و اللیل اذا یغشاها, و السماء و ما بناها و الأرض و ما طحاها ) الشمس / 1 ـ 5 .

واتا : ( بە خۆر و پەرەگرتنی ڕووناکی ئەو سوێند, وە سوێند بە مانگ, کاتێ کە دوای ئەو ڕۆژ هەڵدێ , وە بە ڕۆژ کاتێ کە ڕووی زەوی ڕووناک دەکاتەوە, وە بە شەو کە ڕووی زەوی دائەپۆشێ, وە بە ئاسمان و ئەو کەسەی کە سازی داوە , وە بە زەوی و ئەو کەسەی کە ئەوی پان کردۆتەوە ).

لەم ئایەتانەی سەرەوەدا سوێندی بە هەندێک لە دیاردەکانی گەردوون خواردووە کە لە بەرچاوی مرۆڤن.. وە هەر لە گۆشەنیگای بینین و

سەرجەم لە هەموو قورئاندا ( 71 ) ئایەت سوێند بە شتی جۆراوجۆر دەخوات, بۆ نموونە :

ـ ( و التين و الزيتون, و طور سينين, و هذا البلد الأمين, لقد خلقنا الأنسان في احسن تقويم ) التين / 1 , 2, 3 , 4 .

واتا : ( سوێند بە هەنجیر و زەیتون, سوێند بە توری سینین, سوێندم بەم شارە ئەمن و ئەمانە " مەککە " ,بێ شک ئێمە مرۆڤمان بە باشترین شێوە خولقاندووە ).

لەم ئایەتانەی سەرەوەدا, خودا سوێند بۆ مرۆڤ دەخوات کە, ئەو خۆی " خودا " مرۆڤی دروست کردووە ! . سوێند بە زەیتون و هەنجیرو کێوی سینین و شاری مەککە دەخوات , لە حاڵێکدا کە ئەو شتانە هیچ پەیوەندیەکیان بە دروستبوونی مرۆڤەوە نیە!.

بە هۆی ئەوەی شیکردنەوەیەکی دروست و بەڵگەیەکی سەلمێنەری لە توانادا نەبووە, بۆیە پەنای بردۆتە بەر سوێندخواردن بەو شتانە کە, لە دەوروبەری خەڵکی مەککە و مەدینەدا وەک شتی بەرجەستە و دیار و ناسراو هەبوون.

ـ ( و العاديات ضبحا, فالموريات قدحا, فالمغيرات صبحا ) العاديات / 1 , 2 , 3 .

واتا : ( سوێند بە ئەسپانی توندڕەو کە بە پرمەپرم بەرەو پێش دەڕۆن, سوێند بە ئەسپانێ کە بە نووکی سم ئاگر لە بەرد هەڵدەستێنن, سوێند بە ئەسپانێ لە بەرەبەیاناندا هێرش هێنەرن ).

ئەسپ یەکێکە لەو وولآخانەی کە لە کۆنەوە لای خەڵکی نیمچەدوورگەی عەرەبستان گرنگیەکی تایبەتی هەبووە, چونکە سوودی زۆریان لێ وەرگرتووە.. وە بە تایبەت لە شەڕی خێڵەکان و شەڕەکانی ئیسلامدا بە زۆری ئەسپیان بەکارهێناوە. ئەو هێزەی کە ئەسپی زۆرتری هەبوویێت, سەرکەوتنی لە شەڕدا مسۆگەرتر بووە. بۆیە عەرەبەکان زۆر خولیای ئەسپ بوون.

ئەم ئایەتانەش هەر لەو دیدەوە سوێندیان بە ئەسپ خواردووەو , ڕەنگدانەوەی باری پێشکەوتنی ئەو سەردەمەن .



## 2ـ سەرچاوەکانی قورئان :

کەسێک بە وردی قورئان بخوێنێتەوەو, باس و بابەتەکانی لەگەڵ هەندێک لە کتێبە ئاینیەکانی پێش ئیسلام, وەک ئاڤێستا, تەورات و ئینجیل بەراورد بکات, ئەوەی لا ڕوون دەبێتەوە کە داڕشتنی ئایەتەکانی قورئان نەک هەر لە ژێر کاریگەری باس و بابەتەکانی ئەو ئاینانەدایە, بەڵکو گەلێک لە داستانەکانی قورئان, ڕێ و ڕەسم و نەریتەکان و هەندێک لە بڕیارو حوکمەکانی قورئان, بە دەسکاریەوە لەوان وەرگیراون.

هەروەها لە ڕەخنەو بۆچوونەکانی قورئاندا سەبارەت بە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای جاهیلی, ئیسلام هەندێکیانی بە دەسکاریەوە گواستۆتەوە ناو قورئان و, وەک نەریت و ڕەسم و یاسای ئیسلام جێگیری کردوون.

لەم بارەیەوە, لە نووسینەوەی قورئاندا لەم سەرچاوانەی خوارەوە سوود وەرگیراوە :

### ـ ئاین و ڕێ وڕەسمە ئاینیەکانی پێش ئیسلام :

لە باسی زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا, هەندێک لەو ئاینانە دواین کە لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا هەبوون, وەک ئاینەکانی جولەکە, دیان, زەردەشتی, سابیئەو ڕەوتی حونەفا.

بێگومان ئەو ئاینانە هەر یەکەیان بەگوێرەی تێکەڵییان لەگەڵ یەکتر و کۆنی و نوێییان لە مێژوودا, کاریگەرییان لەسەر یەکتر داناوە.

لە داڕشتنی بیروبۆچوون و حوکمە شەرعی و نەریت و ڕێ وڕەسمە ئاینیەکاندا, ئاینی نوێ سوودی لە ئاینەکانی پێش خۆی وەرگرتووە. بۆ نموونە, ئاینی دیان لەژێر کاریگەری ئاینی جولەکەدا بووە. ڕەوتی حونەفا, کە محەمەد تا پێش ڕاگەیاندنی پێغەمبەری سەر بەو ڕەوتە بووە, لە ژێر کاریگەری ئاینی جولەکەو دیاندا بووە.

ئەوانە بەگشتی کاریگەریان لە سەر بیروبۆچوون و گەشەی فکری محەمەد هەبووەو, لە دامەزراندنی ئاینی ئیسلامدا وەک سەرچاوە سوودی لێ وەرگرتوون.

جگە لەوانە کەسانێکی نزیکی محەمەد, چ وەک کاریگەری فکری , یان وەک پێشنیازو پرسیارکردن, ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنی بابەتەکانی چەند ئایەتێکی قورئاندا.

پێغەمبەری ئیسلام ( لە یەکەم هەنگاودا بیری پێغەمبەرێتی لە پێغەمبەرانی پێش خۆی, بەتایبەت ئیبراهیم, زەردەشت, موسا و عیسا وەرگرتووە. بەگوێرەی قورئان, ئاینی ئیسلام تەواوکەری هەردوو ئاینی جولەکە و دیانە ). 4

لە قورئاندا ( 11 ) جار دووبارەی کردۆتەوە کە, ئاینی ئیسلام تەسدیقی ئەو دوو ئاینە دەکات, بۆ نموونە :

_ ( نزل عليك الكتاب بالحق مصدقا لما بين يديه و انزل التوراة و الأنجيل ) آل عمران / 3 .

واتا : ( ئەم کتێبە " قورئان " ی بەهەق بۆ تۆ نارد کە تەسدیق کەرەوەیە بۆ کتێبە پێشووەکان, وە تەورات و ئینجیلی ناردووە ).

_ ( و هذا كتاب انزلناه مبارك مصدق الذي بين يديه ) الأنعام / 92 .

واتا : ( وە ئەمە کتێبێکە نازڵمان کردووە, پیرۆزی و بەختەوەری خەڵکی تێدایە, کتێبە ئاسمانیەکانی وا بەرلەخۆی نازڵ بووە تەسدیق دەکا ).



ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکانیان پەرستووە, بە پیرۆزیان داناون و سوێندیان پێ خواردوون. سەردەمانێکی دواتر, بتە دەسکردەکانی خۆیان بە پیرۆز داناوەو سوێندیان پێ خواردوون. ئنجا دواتر سوێندیان بە خودا و پێغەمبەران و کەسایەتیە ئاینیەکان خواردووە !.

بەم شێوەیە, سوێندخواردن دیاردەیەک بووە لە بەرهەمی بیری مرۆڤ.

لە کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا, پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام, کە کۆمەڵگایەکی بتپەرستی بووە, دیاردەی سوێندخواردن بە بتەکان و کەعبەکان نەریتێکی باو بووە.

لە سەردەمی ئیسلامیشدا , ئەم نەریتە کۆنە درێژەی پێ دراوەو گوازراوەتەوە ناو قورئان .

ئاینی ئیسلام لە نەریتی سوێندخواردندا گۆڕانکاریەکی کردووە , ئەویش ئەوە بووە کە لە جیاتی سوێندخواردن بە بتەکانی سەردەمی جاهیلی, لە قورئاندا سوێند بە هەندێک دیاردە و شتی جۆراوجۆری دیکە دەخوات !.

گواستنەوەی ئەم نەریتە بۆ ناو قورئان بەڵگەی ئەوەیە کە, قورئان لە داڕشتنی کەسێکە کە, فکری ئەو لە ژێر کاریگەری نەریتە کۆمەڵایەتیە باوەکانی ئەو سەردەمەدا بووە, ئەویش محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامە.

بۆیە سوێندخواردن لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا هەر لە کۆنەوە نەریتێکی باو بووەو, هەتا هاتووە فراوانتریش بووە.

**بە بۆچوونی من, سوێندخواردن یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان لە داڕشتنی قورئاندا, چ بو بە پیرۆزکردنی هەندێک دیاردە، چ وەک ئەوەی بۆ قایلکردنی خەڵک بە بیروبۆچوونەکانی قورئان، بەکار هاتووە.**

**پەنابردنە بەر سوێندخواردن نیشانەی ئەوەیە کە, نووسەری قورئان نەیتوانیوە بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا و بەرجەستە, ڕاستی و دروستی بیروبۆچوونەکانی بە خەڵک بسەلمێنێت.**

ڕۆژهەلآت داوە, بەلآم دەربارەی سروشتی وولآتان و گەلانی دیکەی دنیا, کە سەدان دیاردەو شتی سەرسوڕهێنەرو شایانی باسیان هەبووە , هیچی نەوتووە !.

زانیاریەکانی دەربارەی کۆمەڵی نیمچەدوورگەی عەرەبستانیش, تا ئەو کاتەیە کە محەمەد لە ژیاندا بووە.. بۆ دوای کۆچی دوایی محەمەد و , چارەنووسی ئاینی ئیسلام و پەیوەندی بە گەلانی دیکەوە, نەیتوانیوە داهاتوو بخوێنێتەوە, بۆیە هیچی لە سەر باس نەکردوون !.

زۆربەی ئەو ئایەتانەش کە ستایشی خودا دەکەن , لە زمانی کەسێکی دیکەوە ئاراستەی خودا کراون, بۆ نموونە
دەڵێت :

ـ ( و هو السمیع العلیم ) , ( و هو العلي العظیم ) , ( و أنت خیر الغافرین ) .

واتا : ( ئەو ئاگا و زانایە ) , ( ئەو پایەبەرز و گەورەیە ) , ( وە تۆ باشترینی لێبورانی ) .

ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە هەموو ئەو ستایشانە بۆ خودا , لە ئایەتەکانی قورئاندا , لە لایەن محەمەدەوەن بۆ خودای خۆی .

## 5 ـ سوێندخواردن لە قورئاندا :

سوێندخواردن وەک دیاردەیەک لە کۆنەوە لە بیری مرۆڤدا, بۆ بە پیرۆز ڕاگرتن و بەرز نرخاندنی ئەو دیاردانەی کە لایان پیرۆز بوون, وە دواتریش لە ئاخاوتندا بۆ سەلماندنی بیروبۆچوون و قایلکردنی کەسی بەرانبەر بەکارهاتووە.

دیاردەی سوێندخواردن بە گوێرەی سەردەمە جیاجیاکان و جێ گۆڕکێی دیاردە پیرۆزەکان, لە گۆڕاندا بووە. سەردەمانێک کە مرۆڤ



قورئان لەم تەسدیق کردنەیدا بۆ تەورات و ئینجیل, مەبەستی ووتنەوەو لاسایی کردنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئەوانە, تا ئەو ڕادەیەی کە خۆی بە تەواوکەری ئەوان دەزانێت.

بابەتەکانی وەک, یەکخوداناسی, مردن و زیندوبوونەوە, ڕۆژی قیامەت, بەهەشت و جەهەننەم, حەرام و حەلآڵ, فریشتە, شەیتان , هەروەها گەلێک داستان و ئەفسانە لە ئاینەکانی جولەکەو دیانەوە وەرگیراون و بە دەسکاریەوە لە قورئاندا داڕێژراونەتەوە. بۆ نموونە , ئەم باسانە لە تەوراتەوە وەرگیراون :

ـ ( ئەفسانەی ئادەم و حەوا و دەرکردنیان لە بەهەشت , لە بەر ئەوەی میوەیەکی قەدەغەکراوی بەهەشتیان خواردووە ). [5]

ـ ( داستانی تۆفانی نوح و کەشتیەکەی ) .[6]

ـ ( داستانی ئیبراهیم , کە خودا ئیبراهیمی تاقی کردۆتەوە, داوای لێ کردووە کە کوڕەکەی خۆی " ئیسحاق " سەر ببڕێت ! . ئیبراهیم وویستوویەتی فەرمانەکەی خودا جێ بەجێ بکات , لەو کاتەدا خودا مەڕێکی بۆ ناردووە , کوڕەکەی لە سەربڕین ڕزگار کردووە و مەڕەکەی کردۆتە قوربانی ) .[7]

ـ ( داستانی لە دایک بوونی مووسا لە میسر , کە بە ساوایی دایکی فڕێی داوەتە ڕوبارێکەوە . لە لایەن کچی فیرعەونەوە دۆزراوەتەوە و گەورە کراوە . دواتر پیاوێک دەکوژێت و هەڵدێت , حەوت ساڵ دەبێت بە شوانی کابرایەک, کابرا کچەکەی خۆی دەداتێ . ئنجا خودا قسە لەگەڵ موسا دەکات و دەیکات بە پێغەمبەر .. بە گۆچانەکەی دەستی گەلێک موعجیزەی ئەنجام داوە . دواتر باسیان دەکەین ). [8]

ـ ( داستانی یوسف , کە لە میسر کۆیلەی ماڵێک دەبێت . ژنی خاوەن ماڵەکە دەیەوێت دەست لەگەڵ یوسف تێکەڵ بکات, بەلآم یوسف قایل نابێت ) .[9]

ـ ( لە ناوبردنی هۆزی لوت , بە هۆی ئەوەی کە هەموویان نێرباز بوون ). 10 ... هتد .

جگە لە ئەفسانە و داستان ,چەندین بڕیارو حوکمی تەورات لە قورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە .

هەروەها لە ئینجیلەوە چەند بابەتێکی وەرگرتووە , بۆ نموونە :

ـ ( لە دایک بوونی عیسا لە مەریەم , کە هێشتا کچ بووە و لەگەڵ هیچ پیاوێکدا نەنووستووە ) .11

ـ ( لە ئینجیلدا عیسا کوڕی خودایە ) 12 . قورئان ڕەخنەی لەو بۆچوونەی ئینجیل گرتووە .

ـ بە گوێرەی ئینجیل, عیسا ووتوویەتی :

( وا تێ مەگەن کە, من بۆ ئەوە هاتووم شەریعەت و دیدی پێغەمبەران پووچەڵ بکەمەوە , بۆ پووچەڵکردنەوە نەهاتووم , بەڵکو بۆ تەواو کردن ) .13

محەمەد بە لاسایی کردنەوەی عیسا , ووتوویەتی قورئان تەواوکەری تەورات و ئینجیلە.

بە سوودوەرگرتن لە ئاینەکانی جولەکەو دیان, کە خۆیان بە ئاینی ئاسمانی ناساندووە, پەنای بردۆتە بەر هەمان بۆچوون و, ئاینی ئیسلامی بە ئاسمانی ڕاگەیاندووە. یانی تەسدیق کردنی تەورات و ئینجیلی کردووە بە پاڵپشت و بەڵگەی ئاسمانی بوونی قورئان و ئاینی ئیسلام.

دیارە لە واقیعدا قورئانیش هەر بەڕادەی تەورات و ئینجیل لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە!.

سەبارەت بە ئینجیل, کە کتێبی پیرۆزی دیانەکانە, دیانەکان خۆیان دەزانن کە کتێبێکی نووسراوی ئاسمانی نیە, بەڵکو نووسینی چەند کەسێکە.



ـ ( إن الله كان عليما حكيما ) النساء / 11 .
واتا : ( بە ڕاستی خوا عەلیم و حەکیمە ).
ـ ( و كان الله غنيا حميدا ) النساء / 131 .
واتا : ( وە خوا بێ نیاز و شیاوی ستایشە ).
ـ ( و هو السميع العليم ) الأنعام / 115 .
واتا : ( وە ئەو بیسەر و زانایە ).
ـ ( إنا لصادقون ) الأنعام / 146 .
واتا : ( ئێمە ڕاستبێژین ).
ـ ( و انت أرحم الراحمين ) الأعراف / 151 .
واتا : ( وە تۆ دلۆڤانترینی دلۆڤانانی ).
ـ ( و انت خير الغافرين ) الأعراف / 155 .
واتا : ( وە تۆ باشترینی لێبورانی ).
ـ ( و الله عزيز ذو إنتقام ) المائدة / 95 .
واتا : ( وە خوا توانا و تۆڵەسێنە ).
ـ ( و الله خير الماكرين ) الأنفال / 30 .
واتا : ( خوا چاکترینی تەگبیرکەران و " پیلان گێڕانە " ).

ئەو سیفاتانە کە لەو نموونە ئایەتانەی سەرەوەدا باسکراون, هەروەها دەیان سیفەتانی دیکە, وەک ئەوەی خودا تووڕە دەبێت, خەمبار دەبێت, بڕیاری جەنگ دەدات, هەمووی سیفاتی مرۆڤن , لە قورئاندا کۆ کراونەتەوە و دراون بە خودا !.

**ئەگەرچی باسی ستایش و سیفات و توانایی خودا لە قورئاندا گەلێک زۆرن, بەڵام ئەگەر بە وردی زانیاریەکانی ناو قورئان بخوێنینەوە, ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە, زانایی و ئاگاییەکەی یەکجار سنوردارە ! , زانیاریەکانی زۆر کەم لە سروشتی عەرەبستان و هەلومەرجی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانی سەردەمی محەمەد واوەتر چووە !.**

کەمێک زانیاری دەربارەی شام و فەلەستین و میسری ئەو سەردەمە تێدایە و , ئاماژەیەکی بچووکی بە هەردوو ئیمپراتۆری فارس و ڕۆمی

پیرۆزی کرد و پەرستی, بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕووی تێدەکرد و لێی دەپاڕایەوە !.

بێگومان خاوەنی توانا و دەسەڵاتێکی وەها مەزن, کە خولقێنەری هەمووو گەردوون بێت و بیبات بە ڕێوە!, دەبێت کۆمەڵێک سیفاتی مەزنیشی هەبێت. بۆیە مرۆڤ هات لە سیفەتە مرۆییەکانی خۆیەوە, کە لە واقیعدا هەن, لە بەرزترین پلەیدا بۆ خودایشی داڕشت و, دەستی کرد بە ستایش کردنی خوداو سیفەتەکانی !.

گوتی خودا بە توانایە, خولقێنەرە, ئاگایە, دەبینێ, دەبیستێ, زانایە, بە بەزەییە, بەخشندەیە, میهرەبانە, سزادەر و تۆڵەسێن و ...هتد . دەبێت مرۆڤ بیپەرستێ و نوێژی بۆ بکات و سوژدەی بۆ بەرێت. هەمیشە سوپاس و ستایشی بکات, ئەگینا تووڕە دەبێت و تۆڵە دەسێنێت . کە تووڕە بوو, مرۆڤ تووشی بەڵای وەک لافاو و بوومەلەرزە و نەخۆشی و بێ بارانی و ڕووداوی ناخۆش و ...هتد دەکات !.

بەم شێوەیە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا, ئاینە جیاجیاکان پەیدا بوون . لە کۆمەڵێک ئایندا پەرستنی خودای نادیار و ستایش کردنی, مەسەلەی بنەڕەتییە.

ئاینی ئیسلامیش یەکێکە لەو ئاینانە کە باوەڕی بە خودای غەیب و پەرستن و ستایش کردنی هەیە.

دیاردەی ستایش کردنی خودا و سیفەتەکانی, لە قورئاندا گەلێک بەرچاوە. سەرجەم ( 698 ) جار , ستایشی خودا و سیفەتەکانی لە قورئاندا باسکراوە , بۆ نموونە :

ـ ( إن الله على كل شيء قدير ) آل عمران / 165 .

واتا : ( خودا بە سەر هەمموو شتێکدا بە توانایە ).

ـ ( و الله بما تعملون بصير ) آل عمران 156 .

واتا : ( وە خوا بەوەی وا ئەیکەن بینا و ئاگایە ).

ـ ( إن الله كان عليا كبيرا ) النساء / 34 .

واتا : ( بە ڕاستی خوا پایەبەرزێکی گەورەیە ).



ئینجیل ( یەک کتێب نیە, بەڵکو حەوت ئینجیلی جیاجیایە, سیانیان بە فەرمانی کەنیسە لابراون!, چوار ئینجیل ماوەتەوە کە بەناوی نووسەرەکانیانەوەن , بریتین لە : _ ئینجیلی مەتا , ئینجیلی مەرقەس , ئینجیلی لۆقا و ئینجیلی یوحەنا . ئەم چوار ئینجیلە بە چوار گێڕانەوەو داستانی جیا لە یەکتر, باسی ڕەوتی ژیانی مەسیح دەکەن ) .[14]

لە هیچ ئینجیلێکدا نەوتراوە کە ئینجیل قسەی ڕاستەوخۆی خودایە, بەڵکو لەنووسینی نووسەرەکانیانن . قورئان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئینجیل کتێبێکی ئاسمانیە . هەرچەندە لەو چوار ئینجیلە ( قورئان تەسدیقی گێڕانەوەی ئینجیلی لۆقا دەکات, لە سورەتی ئال عەمراندا. وە ئینجیلەکانی دیکەی تەسدیق نەکردووە. بۆ نموونە قورئان ئەوەی بەرپەرچ داوەتەوە کە عیسا کوڕی خودا بێت ). [15]

سەبارەت بە تەورات, لە ڕاستیدا تەورات ئەو کتێبە ئاسمانیە نیە کە لە ئاسمانەوە بۆ موسا هاتبێتە خوارەوە, بەڵکو ( تەورات خۆی ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەلواح موقەدەسەی بۆ هاتۆتە خوارەوە.. یانی تەورات خۆی ئەو کتێبە نیە کە بۆ موسا هاتووە, بەڵکو لە زمانی موساوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ) .[16]

کەواتە نە تەورات و نە ئینجیل کتێبی ئاسمانی نین, وەک قورئان بە ئاسمانییان دەزانێت.

( لە تەوراتدا ڕووداوەکان وەک زانست و مێژوو تۆمار کراون, بەرواروو کات و شوێنی ڕووداوەکانی دیاریکردووە ). [17]

بەم شێوەیە تەورات زیاتر مێژووە نەک دەقی ئاینی. مێژووی ئاینی جولەکەیە لە سەرەتای دروستبوونەوە تا سەردەمی عیسا .

قورئانیش هاتووە تەورات و ئینجیلی کردووە بە بەڵگەی ئاسمانی بوونی خۆی و وەک سەرچاوە سوودی زۆری لە بۆچوون و گێڕانەوەی داستانەکانیان وەرگرتووە.

جگە لە تەورات و ئینجیل, قورئان لە شێوەی داڕشتنی سورەت و ئایەتەکاندا, لەژێر کاریگەری ( ئاڤێستا )ی زەردەشتدایە.. ئاڤێستا نزیکەی ( 1300 ) ساڵ پێش قورئان نووسراوە, کاریگەری بۆ سەر بیری محەمەد و داڕشتنی قورئان هەبووە.

ئاڤێستا لە ( گاتا ) و ( هایتی ) پێکهاتووە. زەردەشت بە ڕاشکاوی وتوویەتی کە خۆی ئاڤێستای نووسیوە بۆ سوودی مرۆڤ.

سورەت و ئایەتەکانی قورئان بەرانبەر گاتا و هایتیەکانی ئاڤێستان.. هەموو گاتایەک ناوی خۆی هەیە, لە قورئانیشدا هەموو سورەتێک ناوی خۆی هەیە.. هەموو گاتاکانی زەردەشت بە ( بەناوی خوداوەندی گەورەو زانا ) دەست پێدەکەن , هەروەها سورەتەکانی قورئانیش بە ( بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ) دەست پێدەکەن.

لە ناوەرۆکیشدا نزیکیان زۆرە, بۆ نموونە :

لە هایتی دەهەمی گاتای ئیشتۆ دا دەڵێت : ( تۆ دەبێت بەهۆی پاڕانەوەو نوێژەکانتەوە, ئەو کەسە بناسیت کە هەرگیز بووەو هەیەو دەبێت, ناوی ئاهورامەزدایە ) .18

لە ئاڤێستادا سەبارەت بە ئاهورامەزدا ی ( خودای ئاینی زەردەشت ) دەڵێت : ( هەموو شتێک دەزانێت, بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە, قادری موتڵەقە, فەرمانڕەوایە, پاکەو هەرگیز بەدی لێ ناوەشێتەوە, سەرچاوەی هەموو شتێکە, هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ). 19

قورئانیش کە باسی سیفەتەکانی خودا دەکات, هەمان ئەو سیفەتانە دەڵێتەوە کە زەردەشت بۆ ئاهورامەزدای داناوە. بۆ نموونە لە ئایەتی ( 284 )ی سورەتی ( بقرة )دا دەڵێت :

_ ( لله ما في السماوات و ما في الأرض و ان تبدوا ما في انفسكم أو تخفوه يحاسبكم به الله فيغفر لمن يشاء و يعذب من يشاء والله على كل شيء قدير ).

واتا : ( ئەوەی وا لە ئاسمان و زەویدایە هی خوایە, وە ئەوەی وا لە دڵتاندایە ئاشکرای بکەن یا بیشارنەوە, خوا بە پێی ئەو حیسابتان لێ



جێگاوشوێنی لە سروشتدا چی یە ؟ , چ هێزێک ئەم ئاڵوگۆڕانە ئەنجام دەدات و , چەندەها پرسیاری دیکەی لەم بابەتە ! .

بێگومان مرۆڤ بە گوێرەی تاقیکردنەوەکانی خۆی لە سروشتدا و , هەروەها بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆی لە سەردەمە جیاجیاکاندا, وەڵامی جۆراوجۆریان بەو شێوەپرسیارانە داوەتەوە.

لە وەڵام بەو پرسیارانەدا , بیروبۆچوون و ئاینە جیاجیاکان هاتوونەتە کایەوە. سەردەمانێک مرۆڤ خۆر و مانگ یا ئەستێرەکانیان بە هەڵسوڕێنەری چەرخی گەردوون زانیوەو پەرستوویانن ! .

لە سەردەمانێکی دواتردا بە دەستی خۆیان پەیکەریان لە بەرد و دار دروستکردووەو, بە لێپرسراو و خودای ئاڵوگۆڕەکان دایان ناون و پەرستوویانن.

دواتر, وەڵامی مرۆڤ بۆ ئەو پرسیارانە ئەوە بووە کە, هێزێکی گەورەو نادیار, بەدەر و بەرزتر لە خۆر و مانگ و ئەستێرە و پەیکەری داتاشراو, مەزنتر لە مرۆڤ, خولقێنەری هەموو گەردوون و ئاڵوگۆڕەکانە, بە مرۆڤیشەوە.

دەیانووت ئەو هێزە نادیار ( غەیب )ە و خۆی نیشانی مرۆڤ نادات.. خاوەنی دەسەڵات و توانایەکی ڕەهایە, هیچ گۆڕان و ڕووداوێک بە بێ ئاگاداری ئەو ڕوو نادەن. ئیدی لەو سەردەمەوە, خودای غەیب لە بیر و مێشکی مرۆڤدا کراوە بە خولقێنەری هەموو گەردوون و ئاڵوگۆڕەکان.

یانی خودای نادیار, داهێنانی هوشیاری و بیری مرۆڤ خۆی بووە. وەڵامی مرۆڤ خۆی بووە بەو پرسیارانەی کە لە مێشکی دا دروست بوون. وەڵامی ئەو سەردەمانەی مرۆڤ بووە کە, هۆی ئەسڵیی دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی نەزانیوە.

بەم جۆرە, مرۆڤ خودای لە خەیاڵ و هزری خۆیدا داهێنا. خۆی تەسلیم بە خودای خەیاڵی خۆی کرد و لە ڕادەبەدەر گەورەی کرد.

له مرۆڤایەتی داوە, هیچیان له دەسەڵاتی خۆیاندا نەبووە هەرچییان کردووە !.
ـ ( من یشاء الله یضلله و من یشاء یجعله علی صراط مستقیم ) الأنعام / 39 .
واتا : ( هەرکەس خوا بیەوێ لە ڕێگای لائەدا , وە هەر کەسیش خوا بیەوێ , ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ).

هەر وەک لەو ئایەتانەی سەرەوەدا ڕوونە, توانا و دەسەڵاتێکی وەها بۆ خودای نادیار دانراوە کە, هیچ مەودایەکی بۆ مرۆڤ خۆی نەهێشتۆتەوە. مەبەست لەو دەسەڵاتە ڕەهایە بۆ خودا, ئەوەیە کە بە مرۆڤی ووتووە :
ئەی مرۆڤی بەندە, جگە لە تەسلیم بوون بەو دەسەڵاتە هیچ چارەیەکی دیکەت نیە ! .

بەم ڕێگایە محەمەد دەسەڵاتی خودای نادیاری کردۆتە پاڵپشت بۆ دەسەڵاتی خۆی, بۆ ملکەچ پێکردنی خەڵکی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان .

## 4 ـ ستایشی خودا لە قورئاندا :

پێشتر لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا, ووتمان مرۆڤی کۆن بۆ مانەوە و باشتر زامنکردنی ژیانی خۆی, پێویستی بەوە هەبووە کە, لە دیاردە و ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سروشتیەکانی دەوروبەری خۆی تێ بگات.. تا بتوانێت بە گوێرەی ئەو ئاڵوگۆڕانەو چەندبارەبوونەوەیان, ژیانی خۆی بگونجێنێت.

لە کۆنەوە مرۆڤ ئەوەی لە لا پرسیار بووە کە, گەردوون چۆن دروست بووە ؟ , باران چۆن دەبارێت ؟ , وەرزەکان چۆن دەگۆڕدرێن ؟ , شەو و ڕۆژ چۆن دروست دەبن و هەمیشە بە دوای یەکتردا دێن ؟ , گۆڕانەکانی دیکەی سروشت بەگشتی چۆن ڕوو دەدەن ؟ ,مرۆڤ



دەکێشێ, جا هەرکەس کە بیەوێ لێی خۆش ئەبێ و, هەرکەس بیەوێ عەزابی ئەدا, وە خوا بەسەر هەموو شتێکدا بە وزەیە ).

لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژکردن, کە یەکێکە لە فەرزەکانی ئاینی ئیسلام, لە ئاینی زەردەشتی وەرگرتووە.. هەروەها دەستنوێژ هەڵگرتنی پێش نوێژکردن, نەریتێکی ئاینی زەردەشتیە. زەردەشتیەکان پێش نوێژکردن ( بە ئاوێکی پاک قاچ و دەست و دەم وچاو و لووت و کونەگوێچکەیان شتووە, دەستێکی تەڕیان هێناوە بە سەروملیاندا ). 20

لە قورئاندا دەڵێت : ( یا أیها الذین امنوا اذا قمتم بالصلاة فاغسلوا وجوهکم و ایدیکم
الی المرافق و امسحوا بروءسکم و ارجلکم الی الکعبین ) المائدة / 6 .
واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە! کاتێ کە هەڵدەستن بۆ نوێژکردن, دەم وچاوو دەستان تا ئانیشکتان بشۆن و مەسحی سەرتان بکەن و پێتان تا گوێزینگەکانتان بشۆن ).

بەڕۆژوو بوون کە یەکێکە لە فەرزەکانی ئاینی ئیسلام, پێش ئیسلام لە ئاینەکانی زەردەشتی, جولەکە و دیاندا هەبووە.
لە قورئانیشدا دەڵێت : ( یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم ) بقرة / 183 .
واتا : ( ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ڕۆژووگرتنتان لەسەر نووسراوە هەروەکو لەسەر کەسانێ وا بەر لە ئێوە بوون واجب کرابوو ).

لە مانای ئەو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆژوو گرتن لە ئاینی ئیسلامدا لاسایی کردنەوەی ئاینەکانی پێش ئیسلامە ).

( دەقێکی سەردەمی جاهیلی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی " 512 "ز, بە ناوی " کتابة زید " ناسراوە, بە زمانی نەبتی " النبطیة " نووسراوە, ڕێنووسەکەی نزیکە لە کۆنترین ڕێنووسی ئیسلامی , ئەم نووسینە بە

" بسم الاله " دەست پێدەکات, دەست پێکردنی سورەتەکانی قورئانیش بە " بسم الله " هەر لاسایی کردنەوەی ئەو سەرچاوانەیە نەک قسەی خودا ) . 21

لە ڕاستیدا سەبارەت بە دەستورو یاسا ڕەوشتیەکانی قورئان, زۆر لە ڕابەرانی ئاینە جیاجیاکان, زۆر لە پێش ئیسلامدا, لە ئاینەکانی خۆیاندا ئەو شتانەیان باس کردووە, وەک : بودا, کونفۆشیوس, زەردەشت, موسا و عیسا.

ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە بەڵگەی ئەوەن کە محەمەد لە داڕشتنی ئاینەکەیدا, سوودی لە ڕۆشنبیریە ئاینیەکانی سەردەمەکەی خۆی و کۆنیش وەرگرتووە.

## ـ داب ونەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی سەردەمی جاهیلی :

محەمەد گرنگیی زۆری بۆ ئەو داب ونەریتانە هەبووە. هەندێکیانی وەکو خۆیان بەبێ گۆڕان گواستۆتەوە ناو قورئان, هەندێکیشیانی دەسکاری کردووەو لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی خۆی و هەلومەرجی نوێ گونجاندوونی و شەرعیەتی پێداون, بۆ نموونە:

_ **زیارەتی کەعبەو بتەکان و بەردەڕەش**, هەر لەکۆنەوە لەناو خێڵە عەرەبەکاندا نەریتێکی باو بووەو بە " حەج کردن " ناویان بردووە.

پێغەمبەری ئیسلام, هەمان نەریتی بە هەمان ناوەوە گواستەوە ناو قورئان, لەسەر موسوڵمانان فەرزی کردو کردی بە یەکێک لە پێنج کۆڵەکەکەی ئاینی ئیسلام.

لەدوای داگیرکردنی مەککە, ساڵی ( 8 )ی کۆچی, موسوڵمانان بتەکانی مەککەیان شکاند, بەڵام زیارەتی کەعبەو بەردەڕەش هەتا ئێستاش هەروەکو خۆی ماوەتەوە.

( و اذن في الناس بالحج ياتوك رجالا و على كل ضامر يأتين من كل فج عميق ) الحج / 27 .



پەی بەوە نەبردووە کە ڕۆژێک دادێ زانستی مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە, دەزانێ چی لە منداڵدانی دایکدایە. نەک هەر ئەوەش بەڵکو زانستی پزیشکیی دەتوانێ لە سەر خواستی دایک و باوک پرۆگرام بۆ منداڵ بوون دابنێت, کە ئایا کوڕیان دەوێت یان کچ .

ئەو ئایەتەی سەرەوە بەڵگەی ئەوەیە کە, محەمەد بە گوێرەی شارەزایی خۆی لە زانستدا لەو سەردەمەدا دایڕشتووە.

هەروەها سەبارەت بە دەسەڵاتی خودا لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤدا, قورئان بە جۆرێک باسی کردووە کە, ورد و درشتی هەموو ئەو دیاردەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن, یا بەسەر مرۆڤەکاندا دێن, هەر هەموویان بە ئیرادەی خودان و پێش ئەوەی ڕووبدەن, خودا لە ( لوح المحفوظ ) دا تۆماری کردوون !.

ـ ( ما أصاب من مصيبة في الأرض و لا في أنفسكم إلا في كتاب من قبل أن نبراها إن ذلك على الله يسير ) الحديد / 22 .

واتا : ( هیچ ڕووداوێ لە زەویدا ڕوو نادا , یا بەسەر ئێوە نایە, مەگەر بەر لەوەی کە بیخولقێنین لە لەوحولمەحفوزدا نووسراوە, بە ڕاستی ئەمە بۆ خوا ئاسانە ).

ـ ( قل لن يصيبنا إلا ما كتب الله لنا ) التوبة / 51 .

واتا : ( بڵێ هیچ ڕووداوێک بۆ ئێمە ڕوو نادا مەگەر ئەوەی خوا بۆ ئێمەی نووسیوە ).

بە گوێرەی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە, هەموو ڕووداوێکی باش و خراپ, هەموو کردەوەیەکی چاک و خراپی مرۆڤ, پێش ئەوەی ڕوو بدەن ئیرادە و بڕیاری خودایان لە سەرە ! . کەواتە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نیە کە مرۆڤێک مرۆڤێکی دیکە دەکوژێت, یا هەر کارێکی خراپ دەکات, بەڵکو لە دەسەڵاتی خودادایە . چونکە ئەو مرۆڤە زۆر پێش ئەوەی لە دایک بێت, خودا ئەوەی لە چارە نووسیوە ! . یانی چ ئەو مرۆڤەی کە کارێکی مەزن بۆ خزمەتی مرۆڤ دەکاو, چ ئەو مرۆڤەی کە زیانی زۆری

فەرمانی خودای کردووە, خوداش بە ئاسانی لێی خۆش نابێ و تووشی عەزابی سەختی دەکات.

ئەو هەموو باس و چیرۆک و داستانانەش کە لە قورئاندا نووسراون, هەر بۆ ئەو مەبەستەن کە خەڵک بترسن و لە دەسەڵاتی خودا یاخی نەبن!, بۆ نموونە :

ـ ( و لله ملك السماوات و الأرض و الله على كل شيء قدير ) آل عمران / 189 .

واتا : ( وە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ خودایە, وە خوا بە سەر هەموو شتێکدا بە توانا و وزەیە ).

ئایەتەکان بۆ ناساندنی تواناو دەسەڵاتی ڕەهای خودا, ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمەی واقیع و دەوروبەری محەمەد خۆیەتی.

ـ ( أفلا تنظرون الى الأبل كيف خلقت ) الغاشية / 17.

واتا : ( ئایا بە وشتر ناڕوانن کە چلۆن خەلق کراوە ).

ـ ( و من آياته الجوار في البحر كالأعلام ) الشورى / 32.

واتا : ( وە لە نیشانەکانی " دەسەڵاتی " خودا گەمی گەلێکە کە هەر وەکو کێو لە دەریادا لە ڕۆیشتندان ).

ئەو سەردەمە, کەشتی لە دەسکردە هەرە پێشکەوتووەکانی مرۆڤ بووە, وە لەو شتە سەرسوڕهێنەرانە بووە کە سەرنجی محەمەد و خەڵکی عەرەبستانی ڕاکێشاوە.. پرسیار بووە لە لایان کە ئەو قەبارە گەورەیە چۆن سەرئاو دەکەوێت و نوقم نابێت ؟ .

لە بەرئەوەی پەییان بە هۆی زانستیی وەستان و نوقم نەبوونی کەشتی نەبردووە, بۆیە گەڕاندوویانەتەوە بۆ تواناو دەسەڵاتی خودا. محەمەد ئەو حاڵەتەی لەو ئایەتەی سەرەوەدا داڕشتووە.

ـ ( إن الله عنده علم الساعة و ينزل الغيث و يعلم ما في الأرحام ) لقمان / 34 .

واتا : ( سەردەمی داهاتنی قیامەت لای خوایە و هەر ئەو باران دەبارێنێ و دەزانێ چی لە منداڵدانی دایکدایە ).

بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, هەر لە توانا و زانیاری خودادایە کە, ئەو ساوایەی لە منداڵدانی دایکدایە ئاخۆ کوڕە یان کچ !.



واتا : ( خەڵک بۆ حەج بانگ بکە, تا بە پیادەو بە سواری چارەوێی لەڕ لە هەر ڕێگایەکی دوورەوە بەرەو ماڵی خوا بێن ).

ـ **تاڵانکردنی سەروەت و سامان**, کە نەریتێکی باوی شەڕی نێوان خێڵەکان بوو لە سەردەمی جاهیلی دا, لە سەردەمی ئیسلامیشدا بە هەمان شێوە درێژەی هەبوو. قورئان ئەم نەریتەی بە ڕەسمیەت ناسی, سوپای موسوڵمانان بەگوێرەی ئایەتی قورئان, لە هێرش و پەلامارو شەڕەکانی ئیسلامدا جێبەجێیان دەکرد. ( واعلموا انما غنمتم من شيء فان لله خمسه و للرسول و لذي القربى و اليتامى والمساكين و ابن السبيل ) الأنفال / 41 .

واتا : ( وە بزانن بەڕاستی هەر جۆرە سوود و غەنیمەتێک بە ئێوە بگات, یەک پێنجەمی ئەوە بۆ خوداو پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و لە ڕێگا داماوانە ).

ئاینی ئیسلام لەئایەتەکانی قورئاندا درێژە بەم نەریتە دزێوە دەدات و بۆ موسوڵمانان حەلاڵی دەکات :

( فكلوا مما غنمتم حلالا طيبا ) الأنفال/ 69 .

واتا : ( لەوەی وا بە غەنیمەت گرتووتانە بخۆن حەلاڵ و پاکە ).

ـ **کۆیلەداری**, کە دیاردەیەکی سەردەمی جاهیلی بوو, محەمەد وەک دیاردەیەکی هەمیشەیی چاوی لێکردووە.. لە قورئاندا بە ڕەسمیەت ناسی و هەروەکو سەردەمی جاهیلی حەلاڵی کرد.

ـ **فرەژنی**, یەکێک بوو لە نەریتەکانی سەردەمی جاهیلی, ئاینی ئیسلام پاراستی و لە قورئاندا بە ڕەسمیەت ناسی. ئەوەندە هەبوو ئیسلام ئەو سنورەی بۆ پیاو دانا کە, لە یەک کاتدا لە چوار ژن زیاتری نەبێت :

( فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع ) النساء / 4 .

واتا : ( ئافرەتانێ کە خۆشتان لێ یان دێ و پێتان خوشیک و پاکن, دووان یان سیان یا چوار ژن مارەی بۆ خۆتان ببڕن ).

_ **مارەبڕینی ژن و مارەیی دان بە ژن,** ئەویش نەریتێکی سەردەمی جاهیلی بوو, محەمەد گواستیەوە ناو قورئان و کردی بە یەکێک لە حوکمە ئیسلامیەکان :

( واتوا النساء صدقاتهن نحلة ) النساء/ 4 .

واتا : ( بەناوی پێشکەش مارەیی ژنان بدەن ).

لەو نموونانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە, گەلێک لە نەریتەکانی کۆمەڵگای عەرەبستان لە سەردەمی جاهیلیدا, لە سەردەمی ئیسلامیشدا درێژەیان هەبووەو, بوونەتە مایەی ئیلهام و سەرچاوە بۆ دارشتنی هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان.

## ـ وەڵام بە پرسیارەکانی خەڵک :

پرسیارەکانی ڕۆژانەی خەڵک لە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام, بوون بە یەکێک لەوسەرچاوە گرنگانەی کە لە چەندین باسی جیاجیادا , ئەویان بزواندووەو بە دارشتنی ئایەت وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانی داوەتەوە.

_ [ ئەنس کوڕی مالک گێڕایەوە, لەسەردەمی جاهیلیدا لە کاتی حەج کردندا بەدەوری دوو بتدا دەسوڕاینەوە, یەکێکیان لەسەر گردی سەفا و ئەوی دیکەیان لەسەر گردی مەروە بوو, هەروەها ماوەی نێوان ئەو دوو گردەمان بە ڕاکردن دەبڕی. بە هاتنی ئیسلام, لە محەمەدی ڕابەرمان پرسی : ئایا لەسەر ئەو نەریتە جاهیلیە بەردەوام بین ؟ , ئەوە بوو ئەم ئایەتە دابەزی :

ـ ( ان الصفا والمروة من شعائر الله ) بقرة / 158 ] .22

واتا : ( بە ڕاستی سەفا و مەروە لە دروشمەکانی خوان ).

بەشێک لە ئایەتەکانی ئەحکام, هەر لە وەڵام بە پرسیارەکانی خەڵکدا, لە لایەن محەمەدەوە دارێژراون.



بەگوێرەی قورئان, خودا خۆی غەیبە. هەروەها دەسەڵات و ئیرادە و ئیدارەکەی هەر غەیبە.. غەیب شتێکە هەر خۆی دەیزانێ, لە بەرئەوەی هەر خۆی دەسەڵاتی ڕەهایە و کلیلی غەیبیش لای خۆیەتی :

ـ ( و عندة مفاتيح الغيب لا يعلمها إلا هو و يعلم ما في البر و البحر و ما تسقط من ورقة إلا يعلمها ) الأنعام / 59 .

واتا : ( وە کلیلی گەنجینەکانی غەیب لای خودایە, هیچ کەس بێجگە لە خۆی بەوانە نازانێ, ئەوەی لە بەژ و زەریادایە ئەیزانێ, وەهیچ گەڵایەک ناوەرێ مەگەر خوا پێی ئاگایە ).

لە بەرئەوە باوەڕهێنان بە غەیب یەکێکە لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام.. بڕواداران دەبێ بڕوایان بە غەیب هەبێت.

ـ ( الذين يؤمنون بالغيب و يقيمون الصلاة ) البقرة / 3 .

واتا : ( خۆپارێزان ئەوانەن کە بە غەیب " ئەوەی وا لە هەست نهێن و نادیارە " بڕوا دێنن و نوێژ دەکەن ).

**محەمەد بۆ ئەوەی توانا و دەسەڵاتی خودا لە زەینی خەڵکدا بچەسپێنێ, لە باوەڕ بە غەیب و دەسەڵاتی نادیارەوە هەنگاوی هەڵگرتووەو , لەوێشەوە خۆی بە نوێنەری ئەو دەسەڵاتە نادیارە ناساندووە.. وەهای نیشانداوە کە فەرمانەکانی خۆی, فەرمانی دەسەڵاتی نادیارن, هیچ کەس بۆی نیە بە قسەی نەکات :**

ـ ( من يطع الرسول فقد أطاع الله ) النساء / 80 .

واتا : ( هەر کەس بە قسەی پێغەمبەر بکا, بە ڕاستی بە قسەی خوای کردووە ).

ـ ( من يعص الله و رسوله فقد ظل ظلالا مبينا ) الأحزاب / 36 .

واتا : ( هەر کەس نافەرمانی خوا و ڕەسولی ئەو بکا, جا بە هەقیقەت لارێ بووە, لارێ یەکی ئاشکرا ).

بە گوێرەی مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە, هەرکەس ملکەچی فەرمانەکانی محەمەدی نوێنەری خودا بێت, یانی ملکەچی دەسەڵات و فەرمانی خودایە. هەر کەسیش مل بادا و نەیەتە ژێر بار, سەرپێچی

شەڕدا ژمارەیان لە ژمارەی دوژمنانیان کەمتر بێت, پشت ئەستور بن بە هێزی سوپای نادیار و, شەڕی خۆیان لە پێناوی ئاینی ئیسلامدا بکەن.

ـ ( و لله يسجد من في السماوات و الأرض طوعا و كرها و ظلالهم بالغدو و الأصال ) الرعد / 15 .

واتا : ( هەموو ئەوانە کە لە ئاسمانەکان و زەویدان بیانەوێ و نەیانەوێ, هەروەها سێبەرەکانیان لە ئێواران و بەیانیاندا بۆ خوا سوژدە دەبەن ).

لەم ئایەتەدا موبالەغەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە. ڕاستیەکەی ئەوەیە, تەنها ئەو کەسانەی کە لە ئاینە جیاجیاکاندا " بە ئیسلامیشەوە " باوەڕیان بە خودایەک هەبووە, سوژدەیان بۆ بردووە.. ئەوانەی کە بڕوایان نەبووە, نە خۆیان و نە سێبەرەکانیان سوژدەیان نەبردووە.

لەو نموونانەی سەرەوەدا, ئەوە ڕوونە کە, موبالەغە دیاردەیەکی دیار و خاڵێکی لاوازە لە داڕشتنی قورئاندا. ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە, قورئان لە لایەن خاوەن توانایەکی ڕەهاوە نەنووسراوە, بەڵکو لە لایەن محەمەدی مرۆڤ و ڕابەر و بیرمەندی ئاینی ئیسلامەوە نووسراوە.

## 3ـ توانا و دەسەڵاتی خودا :

ـ ( هو الذي يحيى و يميت فأذا قضى أمرا فإنما يقول له كن فيكون ) غافر / 68 .

واتا : ( ئەو زاتێکە زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ, جا هەر کاتێ ئیرادەی شتێ بکا, تەنیا پێی دەڵێ ببە, جا ئەویش ناچار دەبێ ).

ئەم ئیرادە و توانا و دەسەڵاتە ڕەهایەی خودا کە لەو ئایەتەی سەرەوەدا باس کراوە, لە قورئاندا بەشێکی بەرچاوە.

سەرجەم لە ( 1907 ) ئایەتدا بە شێوەی جۆراوجۆر ئاماژەی پێ کراوە.. ئەم ژمارەیە زیاترە لە 25% ی هەموو ئایەتەکانی قورئان!.



ـ [ مەعاز کوڕی جەبەل و چەند کەسێک لە ئەنسارەکان لە پێغەمبەر ـ دخ ـ یان پرسی :

ڕوونکردنەوەیەکمان لەسەر خواردنەوەو قومار بدەرێ ؟, بە دوایدا ئەم ئایەتە دابەزی : ( يسألونك عن الخمر و الميسر قل فيهما اثم كبير و منافع للناس و اثمهما اكبر من منافعهما ) بقرة / 219 ] 23 .

واتا : ( لە بابەت بادەو قومارەوە لێت دەپرسن, بڵێ لەو دووانەدا گوناحێ گەورە هەیە و قازانجی بۆ خەڵک ـ لە بارەی دەواو سوودی مادی ـ هەیە, بەڵام زیانیان لە سوودیان زۆرترەو گەورەترە ).

ـ هەروەها ئایەتێک لە قورئان, سەبارەت بە گەڕاندنەوەی موڵک وماڵی منداڵانی بێ باوک, لە تەمەنێکی دیاریکراودا, لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە موسوڵماناندا داڕێژراوە :

[ سابت کوڕی ڕەفاعە منداڵێکی بچکۆلانە دەبێت کە ڕەفاعەی باوکی دەمرێت. مامەکەی, سابت دەباتە لای خۆی.. مامی چووە لای پێغەمبەری خوداو لێی پرسی : برازاکەم بە هەتیوی لە ماڵەکەی مندایە, چی لە پارەی ئەو بە من حەڵاڵەو, کەی پارەکەی خۆی بدەمێ ؟. بە دوایدا ئەم ئایەتە دابەزی : ( وابتلوا اليتامى حتى اذا بلغوا النكاح فأن انستم منهم رشدا فادفعوا اليهم اموالهم ) النساء / 6 ] 24 .

واتا : ( هەتیوان تاقی بکەنەوە, هەتاکو دەگەنە تەمەنی ژنهێنان و شووکردن, جا ئەگەر لەواندا بڕشت و ژیریتان دی ماڵ و داراییەکەیان بدەنەوە ).

ـ [ یەعقوب کوڕی حەمید لە سوفیانەوە گێڕایەوە : ئوم سەلمە ووتی : ئەی پێغەمبەری خودا, نابیستم خودا لە مەسەلەی کۆچکردندا هیچ باسی ژنانی کردبێ ! . بۆیە خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند :

ـ ( فاستجاب لهم ربهم اني لا اضيع عمل عامل منكم من ذكر و انثى ) آل عمران / 195 ]. 25

واتا : ( جا پەروەردگار ـ دوعاوپاڕانەوەی ـ قەبوڵ کرد, بەڕاستی ئەمن کاروکردەوەی هیچ خاوەن کردەوەیەک لە ئێوە لە ژن یا لە پیاو زایە ناکەم ).

مانای وایە, هەتا ئوم سەلمە بیری پێغەمبەرو خودای نەخستەوە, مەسەلەی ژنانیان لە کۆچکردندا هیچ لەبیر نەبوو, وە هیچ ئایەتی لەبارەوە دانەبەزیبوو! بەڵکو دوای پرسیار و ڕەخنەکەی ئوم سەلمە, ئنجا ئەو ئایەتەی سەرەوە دابەزیوە.

ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە محەمەد دوای ڕەخنەکەی ئوم سەلمەی خێزانی, یانی لەبەر خاتری ئەو, ئەو ئایەتەی نووسیوە.

### ـ داڕشتنی ئایەت بەدوای ڕووداودا :

ژمارەیەک لە ئایەتەکانی قورئان بە دوای ڕووداني ڕووداوی جۆراوجۆری ڕۆژانەدا دابەزیون. یانی ژمارەیەک ڕووداوی ڕۆژانە کە لە سەردەمی ژیانی محەمەد دا ڕوویان داوە, بوون بەهۆ و بابەت و سەرچاوە بۆ نووسینی ئەو ئایەتانە!, بۆ نموونە :

سەبارەت بە هەڵوێستی ئیسلام لەسەر مەسەلەی مەی خواردنەوە, جگە لەو ئایەتەی کە پێشتر لە وەڵام بە پرسیاری " مەعاز کوڕی جەبەل " دا هاتووە, دوو ئایەتی دیکەش لە قورئاندا هەر لەسەر مەسەلەی مەی خواردنەوە, بە دوای دوو ڕووداوی جیاوازدا هاتوون :

_ ( یا أیها الذین آمنوا لا تقربوا الصلاة و انتم سکاری ) النساء / 42 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە, لە حاڵێکدا کە مەستن نزیکی نوێژ مەبنەوە ).

[ ئەم ئایەتە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە هاتەخوارەوە کە, هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ـ دخ ـ مەی یان ئەخواردەوەو بە سەرخۆشی نوێژیان ئەخوێند.. ئەبی عەبدولڕەحمان گێڕایەوە : عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف دەعوەتی هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ـ دخ ـ ی کرد.



لەم ئایەتەدا موبالەغەیەکی بێ ڕادە هەیە, کە لە خەیاڵ و ئەندێشەی محەمەدەوە سەبارەت بە توانای ڕەهای خودا سەرچاوەی گرتووە .. بۆ سەلماندنی توانای ڕەهای خودا, پەنای بردۆتە بەر ئەگەرێک کە هەرگیز لە واقیعدا ڕوو نادات و ئەقڵ نایبڕێ ! . خۆ ئەگەر قسەی خودا ئەوەندە زۆر بێت, وەک لەو ئایەتەی سەرەوەدا باسی کردووە, مانای وایە قورئان گەلێکی ماوە دابەزێت ! , دوایین پێغەمبەریش کۆچی دوایی کردووە !.

ـ ( فأشارت إلیه قالوا کیف نکلم من کان في المهد صبیا, قال إني عبدالله آتاني الکتاب و جعلني نبیا ) مریم / 29 , 30 .

واتا : ( مەریەم ئیشارەی بە " عیسا " کرد, ووتیان چۆن لەگەڵ منداڵێکی نێو لانک و بێشکەدا قسە بکەین ؟ , " لە ناکاو عیسا بە زمان هات " ووتی : من بەندەی خودام کتێب " ئینجیل "م پێ ئەدا و دەمکاتە پێغەمبەر ).

لەم ئایەتەدا دەڵێت کە عیسا منداڵێکی چەند ڕۆژە بووە, وەڵامی پرسیاری خەڵکی بە قسە داوەتەوە !.

زانستی سەرجەم زمانەکانی کۆن و نوێ, پەسەندی موبالەغەی ئەو ئایەتەی سەرەوە ناکات.. چونکە زمانی قسەکردن دیاردەیەکی غەریزی نیە لە منداڵدا, تا کە لە دایک بوو یان پاش چەند ڕۆژێک لە خۆیەوە بێتە زمان و لە زمان تێ بگاو قسە بکات.

ـ ( إذ تستغیثون ربکم فاستجاب لکم إني ممدکم بألف من الملائکة مردفین ) الأنفال / 9 .

واتا : ( زەمانێ " لە جەنگی بەدر دا " لە پەروەردگارتان کۆمەکتان داوا کرد, جا وەڵامی ئێوەی داوەو فەرمووی : بە ڕاستی من بە یەک هەزار کەس لە مەلائیکە کە بە دوای یەکدا دێنە خوارێ پشتیوانیتان لێ ئەکەم ).

بەڵێ لە ڕاستیدا موسوڵمانەکان لە شەڕی بەدر دا, ئەگەرچی ژمارەیان لە ژمارەی قورەیشەکان کەمتریش بوو, سەرکەوتنیان بە دەستهێنا.

مەبەستی ئەم ئایەتە ئەوە بووە کە هێز و توانای موسوڵمانان گەورەتر نیشان بدات لەوەی کە لە ڕاستیدا هەبووە.. تا لەوە نەترسن ئەگەر لە

## 2ـ موبالەغە :

موبالەغە بە مانای ڕوانین و باسکردنی دیاردەیەک یا ڕووداوێک , جیاواز لەوەی کە لە واقیعدا هەیە یا ڕوویداوە.

بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە لە قورئاندا, هەندێ جار بە ڕادەیەکە کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەقڵ و لۆژیکدا نایەتەوە!.

بە بۆچوونی من ئەم دیاردەیە, لەلایەک پەیوەندی بەو هەلومەرجە زەینیەوە هەبووە کە, لە کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەو سەردەمەدا خورافە و باوەڕ بە غەیب, بەشێک بوون لە بیرکردنەوەی خەڵک.. ئەمە وای لە مرۆڤی کۆمەڵگای عەرەب کردبوو کە, چەند لە خورافە نزیک بووبن , ئەوەندە لە مەنتیقی ئەقڵ دوور بوون . ئەمە هۆیەک بووە کە دیاردە و ڕووداوەکان , وەکو خۆیان چۆن لە واقیعدا هەن نەبینن , گەورە یان بچووکیان کردوونەتەوە .

لەلایەکی دیکە, **خەیاڵ و ئەندێشەی محەمەد خۆی, لە سەر بنەمای باوەڕ بە غەیب و توانای ڕەهای خودا, وای لێ کردووە بۆ ڕەواجدانی زیاتر بە ئاینەکەی, پەنای بردۆتە بەر موبالەغە.**

**بێگومان محەمەدیش مرۆڤێکی سەردەمەکەی خۆی بووە و لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەو هەلومەرجی فکری و زەینی ئەو سەردەمەدا بووە. بۆیە ئەم دیاردەیە لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕەنگدانەوەی هەیە.**

**ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە, قورئان بەرهەمی بیری محەمەد خۆیەتی , وە لە ژێر کاریگەری واقیع و سەردەمەکەی خۆیدایە** , بۆ نموونە :

ـ ( و لو أنما في الأرض من شجرة أقلام و البحر يمده من بعده سبعة أبحر ما نفدت كلمات الله إن الله عزيز حكيم ) لقمان / 27 .

واتا : ( ئەگەر هەموو داروچیوی ڕووی زەوی ببنە قەڵەم و دەریاش بۆی ببێتە مەرەکەب و حەوت دەریای دیکەش بێ بە کۆمەکیەوە, قسەی خوا " یان پێ نانووسرێ " دوایی نایە, بە ڕاستی خوا عەزیز و حەکیمە ).



خواردیان و خواردیانەوە, دوای ئەوە بە سەرخۆشی چوون بۆ نوێژی خەوتنان. عەبدولڕەحمان خۆی پێشنوێژی بۆ کردن و ئاوا دەستی پێ کرد : ( قل يا أيها الكافرون ! ), بۆیە خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند :

ـ ( يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة و انتم سكارى ) ] .[26]

هەروەها ئایەتی ( يا أيها الذين آمنوا انما الخمر والميسر و الأنصاب و الأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه ) المائدة / 90 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە, بە ڕاستی بادە و شەراب و قومار و بتگەل و ئەزلام " جۆری بەخت تاقیکردنەوە " پیسن و لە کردەوەی شەیتانن, جا لەبەر ئەمە لەوانە دووری بکەن ).

( واحیدی ) لە کتێبی ـ اسباب النزول ـ دا هۆی دابەزینی ئەم ئایەتەی سەرەوە ئاوا باس دەکات :

[ سەماک کوڕی حەرب ووتی : مەسعەب کوڕی سەعد کوڕی ئەبی وەقاس بۆی گێڕامەوە کە باوکی وتوویەتی : چووم بەسەر چەند کەسێک لە موهاجریندا لە بێستانێکدا. پێیان ووتم : وەرە با تێر خواردن و خواردنەوەت بکەین, پێش ئەوەی مەی حەرام بکرێت.. لە لایان دانیشتم , گۆشتی بەرخیان دەبرژاندو قەڕابەی مەی دانرابوو, دەستمان کرد بە خواردن و خواردنەوە.. من باسی ئەنسار و موهاجرینم بۆ کردن, ووتم : موهاجرین لە ئەنسار باشترن.. لەسەر ئەم قسەیە یەکێک لەوان مستێکی کێشا بە لووتما.. منیش چوومە خزمەت پێغەمبەر ـ دخ ـ و ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە .. ئەوە بوو خودای گەورە بەو بۆنەیەوە, سەبارەت بە مەی خواردنەوە, ئەم ئایەتەی دابەزاند :

ـ ( يا أيها الذين آمنوا انما الخمر والميسر والأنصاب ...الخ ) ] .[27]

لەبارەی هاتنی ئایەت بەدوای ڕووداودا, ئەگەر کەسێک بیەوێت, دەتوانێت لە کتێبی ـ اسباب النزول ـ دا دەیان ئایەت کە بە هۆی ڕووداوی ڕۆژانەوە نوسراوە, بخوێنێتەوە.

**ـ ڕۆڵی کەسانی نزیکی محەمەد لە داڕشتنی ئایەتەکاندا :**

جگە لە زیرەکی محەمەد خۆی, کەسانێکی دیکەش ڕۆڵیان هەبووە لە هەڵبژاردنی بابەتی هەندێک لە ئایەتەکانی قورئاندا. ئەوانە بە زیرەکی خۆیان کاریان لە بیری محەمەد کردووەو, پێشنیازیان بۆ کردووە لە نووسینی چەند ئایەتێکدا.

بۆ نموونە, عومەری کوڕی خەتاب, کە دوای موسوڵمان بوونی لە نزیکترین یارانی محەمەد بوو, چەند جارێک پێشنیاز و بیروبۆچوونەکانی لەلایەن پێغەمبەری ئیسلامەوە پەسەندکراون و دواتر بە ئایەت داڕێژراون.

( موجاهید دەگێڕێتەوە : عومەر شتێکی دەووت, پاشان ئایەتێکی گونجاو بەدوای بۆچوونەکەی ئەودا دەهاتەخوارەوە ) .[28]

[ بوخاری دەگێڕێتەوە : کە عومەری کوڕی خەتاب وتوویەتی : لەگەڵ خودای خۆم سێ جاران هاوڕا بووم, جارێک ووتم , ئەی پێغەمبەری خودا , ئەگەر جێگاکەی ئیبراهیم بکەی بە شوێنی نوێژکردن!؟ , ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی :

ـ ( واتخذوا من مقام ابراهيم مصلى ) بقرة / 125 .

واتا : ( لە مەقامی ئیبراهیم نوێژگەیەک بۆ خۆتان ـ لەبەرچاو ـ بگرن ). هەروەها ووتم : ئەی پێغەمبەری خودا, هەموو جۆرە کەسانێک دەچنە ماڵەکەت و ژنەکانت دەبینن, ئەگەر فەرمانت پێ دابانایە کە حیجاب بکەن ؟, ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی کە دەڵێت :

ـ ( يا أيها النبي قل لأزواجك و بناتك و نساء الموءمنين يدينين عليهن من جلابيبهن ذلك ادنى ان يعرفن فلا يوءذين و كان الله غفورا رحيما ) الأحزاب / 59 .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر بە ژنان و کچانی خۆت و ژنانی بڕوادار بڵێ : جلک و چارشێوی خۆیان لە خۆیان بپێچن, ئەمە باشترە ـ تا لە ژنانی ئازاد و کۆیلە ـ بناسرێن و ئازار نەدرێن, وە خوا غەفورو ڕەحیمە ).



ـ ( إنا أرسلنا عليهم حاصبا إلا آل لوط نجيناهم بسحر ) , ئەم داستانە ( 6 ) جار دووبارە بۆتەوە.

ئەفسانەی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت , کە دەڵێت :

ـ ( فازلهما الشيطان عنها فأخرجهما مما كانا فيه و قلنا أهبطوا بعضكم لبعض ) , ئەم ئەفسانەیە ( 3 ) جار دووبارە بۆتەوە.

**ـ چەندبارەبوونەوەی ناو و زاراوە : بۆ نموونە :**

| | | |
|---|---|---|
| عەزاب | 370 | جار دووبارە بۆتەوە . |
| کافران | 287 | جار |
| ڕۆژی قیامەت | 270 | جار |
| ئاگری سووتێنەر | 113 | جار |
| موسا | 112 | جار |
| بەهەشت | 83 | جار |
| جەهەننەم | 61 | جار |
| وەحی | 60 | جار |
| فیرعەون | 49 | جار |
| شەیتان | 41 | جار |
| نوح | 39 | جار |
| عیسا | 31 | جار |
| لوت ( هۆزی لوت ) | 25 | جار |
| ئادەم | 17 | جار |
| لوح المحفوظ | 15 | جار , .... هتد . |

چەندبارەکردنەوەی ئەو ناو و زاراوانە, بە هەر مەبەستێک بووە, وەک خاڵێکی لاواز دێتە ژمار .

بۆتەوەو , وەک خاڵێکی لاواز لە داڕشتنی قورئاندا دێتە بەرچاو. بۆ نموونە :

ـ ( جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ) , ئەم بڕگەیە ( 41 ) جار دووبارە بۆتەوە.

ـ ( و لله في ما في السماوات و ما في الأرض ) , ئەم بڕگەیە ( 37 ) جار دووبارە بۆتەوە.

ـ ( و الذين كفروا و كذبوا بآياتنا أولئك أصحاب الجحيم ) , ( 18 ) جار دووبارە بۆتەوە.

ـ ( إن ربكم الذي خلق السماوات و الأرض في ستة أيام ثم استوى على العرش ) , ( 10 ) جار دووبارە بۆتەوە.

ـ ( و هو الذي أحياكم ثم يميتكم ثم يحيكم ) , ( 10 ) جار دووبارە بۆتەوە .

ـ ( قلنا للملائكة أسجدوا لآدم فسجدوا إلا إبليس لم يكن من الساجدين ) , ( 7 ) جار دووبارە بۆتەوە . ...هتد .

**ـ چەندبارە گێڕانەوەی ئەفسانە و داستان :**

بۆ نموونە :

گێڕانەوەی ئەفسانەی دارەکەی دەستی موسا کە هەڵیداوەو بووە بە ئەژدیها , دەڵێت :

ـ ( فألقى عصاه فإذا هي ثعبان مبين, و نزع يداه فإذا هي بيضاء للناظرين ) , ئەم ئەفسانەیەی ( 12 ) جار گێڕاوەتەوە.

داستانی نوقم کردنی فیرعەون و خەڵکەکەی, کە دەڵێت :

ـ ( فأهلكناهم بذنوبهم و أغرقنا آل فرعون و كل كانوا ظالمين ) , ئەم داستانە ( 8 ) جار دووبارە بۆتەوە .

ئەفسانەی تۆفانی نوح و کەشتیەکەی , کە دەڵێت :

ـ ( و اصنع الفلك بأعيننا و وحينا و لا تخاطبني في الذين ظلموا انهم مغرقون ) , ئەم ئەفسانەیە ( 7 ) جار دووبارە بۆتەوە.

داستانی لەناوبردنی هۆزی لوت بە بەردباران لە ئاسمانەوە , کە دەڵێت :



هەروەها جارێک ژنانی پێغەمبەر ـ دخ ـ لەسەر غیرەکردن لە ناو خۆیاندا لەگەڵ پێغەمبەر کۆبوونەوە, من ووتم : هیوام وایە ئێوە تەڵاق بداو پەروەردگاری ئەو ژنانی باشتر بەو بدات ! , بەدوای ئەوەدا ئەم ئایەتە دابەزی :

ـ ( عسى ربه ان طلقكن أن يبدله أزواجا خيرا منكن ) التحريم / 5 .

واتا : ( هیوایە ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا, پەروەردگاری ئەو ژنانی باشتر بەو بدات ) ].[29]

هەروەها وەرەقە کوڕی نوفل , هەرچەند موسوڵمانیش نەبوو, یەکێک بوو لەو کەسایەتیە زیرەکانەی کە کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی بیری محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام هەبووە, بە تایبەت لە مەسەلەی یەکخوداناسی و ڕەخنە لە دیاردەی بتپەرستیدا.

بە گشتی لە باسی سەرچاوەکانی قورئاندا, ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە محەمەد, بۆ وەڵام بەو هەلومەرجە دیاریکراوەی کۆمەڵگای عەرەبستان, لەسەر بنەمای ئەو سەرچاوانەی کە باسکران, دەستی بردووە بۆ داڕشتنی ئایەتەکان و بەگوێرەی بیروبۆچوونەکانی خۆی, چ وەک مرۆڤێکی ئاگا و چاکسازی ئەو سەردەمە کە, سەلیقەی ئەدەبی و زیرەکی خۆی تێدا بەکار بردووە, چ وەک ڕابەری بزوتنەوەکە و کەسایەتی ڕەها ـ موتڵەق ـ ی دەسەڵاتی ئیسلام, ڕێبازو شێوەحوکمی دەسەڵاتە ئاینیەکەی بەگوێرەی سەردەمی خۆی تێدا تۆمار کردووە.

## 3ـ کۆکردنەوە وڕێکخستنی قورئان :

( پێش کۆکردنەوەو ڕێکخستنی قورئان لە بەرگێکدا, کەسانێک لە هاوڕێیانی محەمەد ئەوەندەی بۆیان کرابوو لەبەریان کردبوو. هەندێکیش لەسەر پارچەی پێستە, بەرد, دار و لقی دارخورما نووسرابوونەوە ) .[30]

### ـ کۆکردنەوەی قورئان :

محەمەد هەتا خۆی لە ژیاندا مابوو, هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو سورەتەکانی قورئانی لە بەرگێکدا نەدا, لەو بارەیەشەوە هیچ قسەیەکی نەکردووە!. هەرچەندە لە حەجی ماڵئاواییدا, کە ساڵێک پێش مردنی بووە, پێغەمبەری ئیسلام ئەم ئایەتەی خوارەوەی بۆ موسوڵمانان خوێندۆتەوە, کە ئاماژە بە تەواوبوونی ئاینەکەی دەکات :

ـ ( الیوم اکملت لکم دینکم و رضیت لکم الأسلام دینا ) المائدة / 3 .

واتا : ( ئەمڕۆ دینی ئێوەم کامڵ کرد و نیعمەتی خۆم بۆ ئێوە تەواوکردووە, بۆ ئێوە بە دینی ئیسلام ڕازی بووم ).

بەگوێرەی مانای ئەو ئایەتەی سەرەوە, کە ئاینی ئیسلامی تەواو کردووە, یانی محەمەد لە توانایدا هەبووە هەتا خۆی لە ژیاندا بووە,



ئەوانیش ئەسپی خۆیان لە بواری داڕشتنی ئەدەبیدا تاو دەن و خۆیان تاقی بکەنەوە .

بە دڵنیاییەوە پێیان دەڵێت کە, ئەگەر جنۆکەکانیش یارمەتیدەریان بن , هێشتا کارێکی وایان بۆ ناکرێت !.

لەم مل ملانێ ئەدەبیەدا لە سەر داڕشتن و ڕەوانبێژی, کە لەو سەردەمەدا لە ئاستێکی گەشەکردوودا بووە, داڕشتنی قورئان بە بێهاوتا و شۆڕەسواری مەیدان و, ڕەخنەگرانیش بە بێ توانا و لاواز و دۆڕاو دەزانێ.

**هەرچەندە لە مێژووی دوور و درێژی ئاینی ئیسلامدا, ڕەخنەگرتن نە لە شێوە و نە لە ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان بە هیچ جۆرێک قبوڵ نەبووەو نیە!, ڕەخنەگر لە قورئان بە کافر لە قەڵەم دراوە و , کافریش حوکمی کوشتنی لە سەرە, بەڵام لە کۆنەوە کەسانێکی ئەدیب و ڕوشنبیر نەترسانە ڕەخنەی خۆیان لە قورئان گرتووە و, لەو پێناوەدا گەلێک کەسانی مەزن لە لایەن حوکمی ئیسلامەوە سزای مەرگیان بە سەردا سەپاوە!.**

ئەگەر بە چاوی ڕەخنەوە بڕوانینە شێوەی داڕشتنی ئایەتەکانی قورئان و هەڵیان بسەنگێنین, کۆمەڵێک دیاردە جێگای سەرنجن, بۆ نموونە :

## 1 ـــ چەندبارە بوونەوە :

چەندبارەبوونەوە یەکێکە لەو دیاردانەی کە, بە شێوەیەکی بەربڵاو لە قورئاندا, بە چەند شێوەیەک خۆی دەنوێنێ, بۆ نموونە :

### ـ چەندبارەبوونەوەی دەق :

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دەقێکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە, لە چەندبارەکردنەوەی ڕستە و بڕگە بە هەمان مەبەست و ماناوە, خۆی بپارێزێت. بەڵام لە داڕشتنی قورئاندا ئەم لایەنە ڕەچاو نەکراوە.. بە دەیان ئایەت , زیاتر لە دە جار بە هەمان مەبەست و مانا چەندبارە

**هوشیارانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە جێگای ڕەخنە بووەو, مل ملانێی ئەدەبییان لەگەڵدا کردووە.**

چەند ئایەتێک لە قورئان, کە وەڵامن بۆ ئەو ڕەخنانە, بەڵگەو شایەدی ئەو ڕەخنەگرتن و ململانێ ئەدەبیەن :

ـ ( قالوا أساطير الأولين اكتتبها فهي تملى عليه بكرة و أصيلا ) الفرقان / 5 .

واتا : ( ووتیان ئەمە چریکەو چروکی پێشینانە کە داوای کردووە بۆی بنووسن, کە هەر بەرەبەیانان و هەر ئێوارانێک بۆی دەخوێندرێ ).

ـ ( أم يقولون افتراه قل فأتوا بعشر سور مثله مفتريات ) هود / 13 .

واتا : ( یا ئەوانە دەڵێن : ئەم قورئانەی بە درۆ داوەتە پاڵ خوا, بڵێ : ئەگەر ڕاست بێژن, جا ئێوەش " دە " سورەتی وەکو ئەو سورەتە درۆینانە بێنن ).

مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە, ئەو بەڵگەیە دەدەن بە دەستەوە کە, کاتێک محەمەد لە سەردەمی خۆیدا ئایەتەکانی بڵاو کردۆتەوە, کەسانێک هەبوون ڕەخنەیان لێ گرتووە .

بۆ نموونە گوتوویانە محەمەد داستانی سورەتەکانی قورئانی لە داستان و ئەفسانەکانی پێشینانەوە وەرگرتووە. یا گوتوویانە, محەمەد خۆی نووسیویەتی و داویەتیە پاڵ خودا.

قورئان ناوی ئەو ڕەخنەگرانەی نەهێناوە.. بەڵام ئەو دووئایەتەی سەرەوە وەڵامن بۆ ئەو ڕەخنەگرانە. دیارە کەسانی ئەدیب یا ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەبوون , بۆیە محەمەد پێیان دەڵێت : ئێوەش دە سورەتی وەکو ئەو سورەتانە دارێژن.

هەروەها لە ئایەتی ( 88 ) ی سورەتی الأسراء دا دەڵێت :

ـ ( قل لئن إجتمعت الأنس و الجن على أن يأتوا بمثل هذا القرآن, لا يأتوا بمثله ) .

واتا : ( بڵێ : ئەگەر جنۆکە و ئینسان پێکەوە کۆببنەوە هێشتا ناتوانن شتێکی وەک قورئان دارێژن ).

لەم ئایەتەدا, بە باسکردنی قورئان وەک بەرهەمێکی بەرز و بێهاوتا شانازی کردووە.. داوای لە ڕەخنەگرانی سەردەمی خۆی کردووە کە,



قورئان لە بەرگێکدا کۆبکاتەوە, بەڵام بە هەر هۆیەک بووە نەیکردووە.

ڕایەک دەڵێت ئەو ئایەتەی سەرەوە دواین ئایەتی قورئان نیە, پێغەمبەری ئیسلام لەبەر ئەوە قورئانی لە بەرگێکدا کۆنەکردۆتەوە, چونکە نەیزانیوە قورئان کەی تەواو دەبێت.

منّاع القطان لە کتێبی ـ مباحث في علوم القرآن - دا دەڵێت : [ دواین ئایەتی قورئان کە دابەزیوە, ئەم ئایەتەی خوارەوەیە : ( و اتقوا يوما ترجعون فيه الى الله ) بقرة / 281 ] .31

واتا : ( وە لە ڕۆژێک خۆ بپارێزن کە تێیدا ئەگەڕێنەوە بۆ لای خوا ).

هەروەها دەڵێت : ( قورئان لە بەرگێکدا کۆنەکرایەوە, قورئان ـ لەبەران لەبەریان دەکردو نووسەرانی وەحی دەیاننووسیەوە, پێویستیش نەبوو لە بەرگێکدا کۆبکرێتەوە, چونکە پێغەمبەر ـ دخ ـ کات وناکات چاوەڕوان بووە وەحی بۆ بێتەخوارەوە, لەوانە بووە ئایەتێک دابەزێ لابەر ( ناسخ ) بێت بۆ ئایەتێکی پێشتر ) .32

ئەو سورەتانەی کە نووسرابوونەوە, بە پەرش وبڵاوی, هەندێک لە ماڵی محەمەد خۆی و هەندێکی دیکە لای هاوەڵانی پارێزرابوون.

( لە شەڕی یەمامەدا, کە لەسەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکری سەدیق دا ڕوویدا, ژمارەیەکی زۆر لەو موسوڵمانانەی کە قورئانیان لەبەر بوو کوژران. دەوترێت بەهۆی ئەو کوشتارەوە, کە نزیکەی ( 70 ) کەس لە قورئان ـ لەبەران کوژرابوون, ژمارەیەک سورەت فەوتاون ) .33

ئەم ڕووداوە عومەری کوڕی خەتاب ی هاندا کە بیر لە کۆکردنەوەی قورئان بکاتەوە.. بۆیە داوای لە ئەبوبەکر کرد, بۆ ئەوەی قورئان نەفەوتێ, لە بەرگێکدا هەوڵی کۆکردنەوەی بدەن. ئەبوبەکر داواکەی عومەری پەسەند کرد و بۆی دەست بەکار بوون.

ئەوەبوو عومەر ( بە دەنگە جەماوەریەکەی بانگەوازی کرد : هەرکەس لە پێغەمبەری خوداوە شتێک لە قورئانی لا هەیە, با بۆمان بێنێت ) [34].

بۆ کۆکردنەوەی سەرجەمی ئایەتەکانی قورئان, هەرچی لە توانایاندابوو هەوڵیاندا. بەگشتی سوودیان لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرت :

ـ ئەو نووسراوانەی کە لە ماڵەکەی محەمەدی خۆیدا پارێزرابوون.

ـ ئەو کەسانەی کە قورئانیان لەبەر بوو, ( بە شایەتی دووکەس کە لە محەمەد خۆیەوە لەبەریان کردووە, لێیان وەردەگیرا ) [35] . لەسەر ئەم بڕیارە ئەوەبوو ئایەتی ( الشيخ و الشيخة اذا زنيا فارجموهما البتة نكالا من الله و الله عزيز حكيم ) لە عومەری کوڕی خەتاب وەرنەگیرا, چونکە تەنها خۆی لەبەری بوو, شایەتیشی نەبوو.

ـ بەرگی لای عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود, کە لە یارانی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام بوو. ژمارەی سورەتەکانی ئەم بەرگە ( 112 ) سورەت بوو, هەردوو سورەتی ( قل أعوذ برب الفلق ) و ( قل أعوذ برب الناس ) ی تێدا نەبوو.

( عەبدوڵڵا ڕەئی وابوو, وە دەیسەلماند کە " الفلق و الناس " قورئان نین بەڵکو دوعان.. ئەو محەمەدی بینیوە کە وەک دوعا بۆ حەسەن و حوسەینی خوێندووە ) [36].

ـ بەرگی لای ئەبی کوڕی کەعب , ژمارەی سورەتەکانی ئەم قورئانە ( 116 ) سورەت بوو . سورەتەکانی ( الفلق و الناس ) و هەردوو سورەتی ( افتتاح دعاء القنوت ـ الحمد و الفلق ) ی تێدا بوو.

ـ بەرگی لای حەفسەی کچی عومەر .

ـ بەرگی لای عەلی کوڕی ئەبو تالیب .



## بەشی شەشەم :

# داڕشتنی قورئان

قورئان دەقێکی مێژووییە.. لە سەردەمێکی مێژووییدا کە سەردەمی ژیانی محەمەدە, هەروەها لە هەلومەرجی واقیعێکی دیاریکراودا کە کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستانی ئەو سەردەمە بووە, هاتۆتە بەرهەم.

قورئان کیێبێکی هەمەلایەنە, وەک لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردووە, زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەوسەردەمە, لە باس وبابەتەکانی قورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

قورئان لە شێوەی داڕشتن و ناوەرۆکدا بەشێکە لە ئەدەبی عەرەبیی سەردەمی خۆی. لە ژێر کاریگەری زمان و ئەدەبی عەرەبیی باڵای سەردەمی خۆیدا بووە و, کاری لە زمان و ئەدەبی عەرەبیی سەردەمانی دوای خۆیشی کردووە.

**قورئان لە شێوەی داڕشتنی ئەدەبیدا, لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە, شاکارێکی کەم وێنەی واقیع و سەردەمی خۆیەتی, ئەمە لایەنێکی دیار و گرنگ و بەهێزی قورئانە.. داهێنانێکی ئەوەندە بەرز بووە کە هەموو بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمەی تێپەڕاندووە.. مەزنی ئەو داهێنانە گەورەیە لەو سەردەمەدا , دەگەڕێتەوە بۆ بلیمەتی و سەلیقەی ئەدەبی محەمەد.**

**لەگەڵ ئەوەشدا ئایەتەکانی قورئان لە لایەنی داڕشتن و ڕەوانبێژیەوە بەرزن , بەڵام هەر لە سەردەمی ژیانی محەمەد خۆیدا, لە لایەن هەندێک لە**

## پەراوێزی بەشی پێنجەم

1 – منصور فهمي / أحوال المرأة في الأسلام ,منشورات الجمل , ص 109 .
2 – عەبدولخالق مەعروف / ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا / چاپی دووەم , ل 26 .
3 – هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 60 .
4 – هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 27 .
5 – أبي الحسن النيسابوري/ اسباب النزول / دار الكتب العلمية , بيروت , ص 40 .
6 – عەبدولخالق مەعروف / ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا , چاپی دووەم , ل 35 .
7 – منصور فهمي / احوال المرأة في الأسلام / ص 29 .
8 – هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 29 .
9 – خليل عبدالكريم / النص المؤسس و مجتمعه / دار مصر المحروسة , الطبعة الثانية , ص 56 .
10 – أبي الحسن النيسابوري / اسباب النزول , ص 201 .
11 – عەلی دەشتی / بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , ل 167 .
12 – منصور فهمي / احوال المرأة في الأسلام , ص 22 .
13 – عەبدولخالق مەعروف / ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا , ل 47 .
14 – خليل عبدالكريم / النص المؤسس و مجتمعه , ص 108 .
15 – أبي الحسن النيسابوري / اسباب النزول , ص 206 .

* * *



لە هەموو ئەو سەرچاوانە بەرگێک کۆکرایەوەو, بە ( مصحف ابوبکر ) ناسرا.

[ ئەبوبەکر خودا لێی ڕازی بێ , یەکەم کەس بوو کە قورئانی لە بەرگێک - مصحف - ێکدا کۆکردەوە, هەرچەندە هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر, بەرگی تایبەتی خۆیان لە لا بوو, وەک بەرگی لای عەلی, بەرگی لای ئەبی, بەرگی لای ئیبن مەسعود, بەڵام بەشێوەی ( مصحف ابوبکر ) نەبوون. هەندێک لە زانایان ناونانی قورئان بە ( مصحف ) دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەبوبەکر ] .37

لەگەڵ فراوان بوونی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامدا لەسەردەمی عوسمان کوڕی عەفان دا, خەڵکی ناوچە جیاجیاکان بە تایبەت شام و عیراق و میسر و ناوچەکانی دیکە, بەگوێرەی دیالێکتی زمانی خۆیان قورئانیان دەخوێندەوەو دەنووسیەوە. بەهۆی ئەوەوە کۆمەڵێک گۆڕان و جیاوازی لە قورئاندا پەیدا بووبوو.. بۆیە عوسمان, بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیانە لە قورئاندا نەهێڵێ و, تەفرەقە نەکەوێتە ناو موسوڵمانانەوە, فەرمانی دەرکرد تەنیا ( مصحف )ەکەی ئەبوبەکر تەواوە, کە لای حەفسە بوو.

( عوسمان ناردی ( مصحف )ەکەی لای حەفسەیان هێنا, ئنجا ناردی بەدوای زەید کوڕی سابت ئەلئەنساری, عەبدوڵڵا کوڕی زوبێر, سەعد کوڕی عاس و عەبدولڕەحمان کوڕی حارس دا, کە سێ کەسەکەی دواییان قورەیشی بوون, فەرمانی پێدان کە لە چەند ( مصحف )ێکدا لەبەری بنووسنەوە. وە ئەگەر لە نووسینەوەدا لە شتێکدا جیاوازیتان هەبوو, ئەوا بە زمانی قورەیش بینووسنەوە, چونکە بە زمانی قورەیش دابەزیوە ) .38

ئەمە لەحاڵێکدا کە زەید خۆی نووسەرەوەی وەحی بوو لای محەمەد !.

بێگومان لە نووسینەوەدا جیاوازیان کەوتە نێوانەوە, بۆ نموونە :

( لە کاتێکدا لە سەر نووسینەوەی ووشەی ( التابوت ) جیاوازیان کەوتە نێوانەوە, زەید ووتی ( التابوە ) , هەر سێ قورەیشیەکە ووتیان ( التابوت ) , ئەم کێشەیەیان بردە لای عوسمان, ئەو ووتی : بنووسن ( التابوت ) چونکە قورئان لەسەر زمانی قورەیش دابەزیوە ) .39.

لە ئەنجامدا بەرگێک ڕێکخرا, ( عوسمان ئەو بەرگە ڕێکخراوەی پەسەند کردو هەموو قورئانەکانی دیکەی سووتاند ) .40.

ئەوەبوو ناڕەزایی زۆر لای موسوڵمانانی ئێراق و میسرەوە بەرز بووەوە , ووتیان عوسمان کتێبی خودای سووتاندووە!.

ئەو قورئانەی کە لە سەردەمی عوسمان دا نووسرایەوە, ئەو قورئانەیە کە ئێستا لە بەر دەستدایە. هەموو موسوڵمانان بە مەزهەبە جیاجیاکانیانەوە, ئێستا لە سەری کۆکن.

( ڕیوایەتێک لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەگێڕنەوە کە ووتوویەتی : ئەگەر عوسمان نەیسووتاندایە, من دەمسووتاند ). 41

لە ناو گەلێک لە موسوڵماناندا ووتراوە کە, عوسمان کوڕی عەفان قورئانی لە بەرگێکدا کۆکردۆتەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەسەردەمی ئەبوبەکر دا کۆکراوەتەوە.

( حارس المحاسبی ووتوویەتی : لای خەڵک وا بڵاوە کە عوسمان کۆکەرەوەی قورئانە, بەڵام وا نیە, بەڵکو عوسمان وای کردووە کە خەڵک بە یەک شێوە قورئان بخوێننەوە ) .42.

بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی وەک, کوشتاری شەڕی یەمامە کە لە قورئان ـ لەبەران کرا, ئایەتی ( الشيخ و الشيخة اذا زنيا فارجموهما البتة ) کە لە عومەر کوڕی خەتاب وەرنەگیراو , لە قورئانەکەی ئێستادا نیە, جیاوازیەکانی نێوان بەرگەکانی لای هاوەڵانی محەمەد , ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە ئەو قورئانەی ئێستا لە بەر دەستدایە, بە تەواوی هەموو سورەت و ئایەتەکانی قورئان نیە .



لایەک ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ژنانی کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستانی ئەو سەردەمەیە و, لە لایەکی دیکە بیروبۆچوون و هەست و ناخی محەمەد دەربارەی ژن بە گشتی و ژنەکانی خۆی بە تایبەتی دەردەبڕن .. ڕێکخستنی حەز و ئارەزووەکانی خۆی لەگەڵ ژنەکانیدا و , گرفتە خێزانییەکانی کاریان لە هەست و بیر و هۆشی کردووەو, لە پێناوی چارەسەریاندا لە ئایەتدا دایڕشتووە.. وای بە باش زانیوە بیروبۆچوون و بڕیارەکانی خۆی بۆ ژنەکانی بخاتە بەرنامەی ئاینەکەیەوە, تا ئەوانەش وەک دەقەکانی دیکە, وەک قسەی خودا بە ژنەکانی ڕابگەیەنێت و بە ڕێگای چارەسەری ئاسمانی قبوڵ بکرێن .

* * *

ـ ( لا يحل لك النساء من بعد و لا أن تبدل بهن من أزواج و لو أعجبك حسنهن إلا ما ملكت يمينك و كان الله على كل شيء رقيبا ) .

واتا : ( دوای ئەمانە هیچ ژنێک بۆ تۆ حەلاڵ نیە و ناتوانی ئەوانە بە ژنانی تر بگۆڕی, هەرچەندە لە جوانی ئەو سەرت سوڕ بمێنێ, مەگەر بە وێنەی کەنیز ببیە خاوەنی, وە خوا بە سەر هەموو شتێکدا چاودێرە ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە , زیاتر حاڵەتی تەمەنی پیری و پێ نەمان و بە سەرچوونی توانای ژنهێنانی دیکەی محەمەدی پێوە دیارە.

هەر بە دوای ئەو ئایەتەی سەرەوەدا, یانی لە ئایەتی ( 53 ) ی هەمان سورەتی ئەحزابدا, کە ئەمەیان وەک وەسیەتی محەمەدە سەبارەت بە ژنەکانی , دەڵێت :

ـ ( و ما كان لكم أن تؤذوا رسول الله و لا أن تنكحوا أزواجه من بعده أبدا, إن ذلكم كان عند الله عظيما ) .

واتا : ( بۆ ئێوە ناشێ ئازاری پێغەمبەر بدەن و هەرگیز ناشێ دوای ئەو ژنانی ئەو مارە بکەن, بە ڕاستی لای خوا ئەم کارە تاوانێکی زۆر گەورەیە ).

محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام بەم ئایەتە, بۆ دوای مردنی خۆی, شووکردنەوەی لە هەموو ژنەکانی خۆی قەدەغە کردووە ! , هەرچەندە زۆربەیان لە تەمەنی شووکردنەوەدا بوون.

کاتێک کە محەمەد کۆچی دوایی کرد, ئایشە تەمەنی ( 18 ) ساڵ بوو !.. لە واقیعدا ئیتر سەرەتای تەمەنی شووکردنی بوو ! بەڵام بەو ئایەتەی سەرەوە هەموو ژنەکانی پێغەمبەری ئیسلام لەو مافەیان بێبەری بوون.

[ لە ئیبن و عەباس دەگێڕنەوە : ( یەکێک لە سەرکردەکانی قورەیش وتوویەتی : ئەگەر محەمەد بمرێ ئایشە دەهێنم ) , بۆ یە ئەو ئایەتەی سەرەوە دابەزی ] . 15

لە هێنانەوەی هەموو ئەو دەقانەی سەرەوەدا لە قورئان, دەربارەی ژن و ژیانی خێزانیی محەمەد , ئەو ڕاستیانە دیارن کە ئایەتەکان , لە



بەم شێوەیە ئەگەر محەمەد خۆی قورئانی کۆبکردایەتەوە, گیروگرفت لەسەر دەقەکانی قورئان لە نێوان موسوڵماناندا دروست نەدەبوو.

**ڕێکخستنی قورئان :**

ئەگەر کەسێک بە وردی و بە چاوی ڕەخنەوە, قورئان لە بەرگەوە بۆ بەرگ بخوێنێتەوە, هەست بە ناڕێکی و لاوازیەک لە شێوەی ڕێکخستن و ڕیزبەندی سورەت و ئایەتەکاندا دەکات.

**ـ ڕێکخستنی سورەتەکان :**

محەمەد هەتا خۆی لە ژیاندا مابوو, هەروەک چۆن سەرجەم قورئانی لە بەرگێکدا کۆنەکردەوە, ڕیزبەندی سورەتەکانیشی بەگوێرەی مێژووی هاتنەبەرهەمیان نەکردووە.

هەروەها هاوەڵانیشی چ لەسەردەمی محەمەد خۆیدا و چ لە دوای کۆچی دوایی ئەو, سوور نەبوون لەسەر ڕێکخستنی سورەتەکان بەگوێرەی مێژووەکانیان, وە لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕا نەبوون.

بەڵگەش بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە, ئەو بەرگانەی قورئان کە هاوەڵانی محەمەد لای خۆیان پاراستبوویان, جیاواز بوون لە یەکتر .. لە ناو ئەوانەدا تەنیا بەرگی لای عەلی کوڕی ئەبو تالیب بەگوێرەی مێژووی دابەزینی سورەتەکان ڕێکخراوە.

( بەرگی لای عەلی بەگوێرەی دابەزینی سورەتەکان ڕێکخراوە, یەکەم " أقرأ ", ئنجا " المدثر " , دوای ئەوە " نون ", القلم , المزمل , بەم شێوەیە

تا کۆتایی ئایەتەکانی مەککی و مەدەنی. بەرگی لای ئیبن مەسعود بە سورەتی " بقرة " دەست پێدەکات, ئنجا " النساء " , آل عمران . بەرگی لای ئەبی : الفاتحة, بقرة, النساء, آلعمران ) .43

ئەو قورئانەی ئێستاش کە لەدوای کۆچی دوایی محەمەد لەسەردەمی ئەبوبەکر دا, پاش کۆمەڵێک گیروگرفت ڕێکخرا, جیاوازە لەو بەرگانەی کە لای هاوەڵانی محەمەد بوون.

**ـ ڕێکخستنی ئایەتەکان :**

ئایەتەکانیش بە هەمان شێوەی سورەتەکان, بەگوێرەی مێژووی هاتنە بەرهەمیان ڕێک نەخراون.

محەمەد ئەوەندەی خۆی جێگای ئایەتەکانی دیاری کردووە, بە هەر هۆیەک بووە ڕەچاوی مێژووەکانیانی نەکردووە.

منَاع القطان لەم بارەیەوە دەڵێت : ( نووسینەوەی قورئان و ڕێکخستنی, بەگوێرەی دابەزینی ئایەتەکان نیە, بەڵکو دوای دابەزین ئایەتەکە دەنووسرایەوە, ئنجا پێغەمبەر ـ دخ ـ ئاماژەی دەکرد کە ئەو ئایەتە لە نێوان فلاّن و فلاّن ئایەتدا, وە لە فلاّنە سورەتدا دابنێن ) .44

هەروەها ئایەتەکانی قورئان بە گشتی, بەگوێرەی باس و بابەتە جیاجیاکان لە سورەتەکاندا ڕێک نەخراون.. تێکەڵکردنی باسەکان, لە باس دابڕان و جارێکی دیکە هاتنەوە سەریان لە سورەتەکاندا, دیاردەیەکی بەرچاوە لە ناو قورئاندا, بۆ نموونە :

ـ لە سورەتی " بقرة " دا ئەم باسە جیاجیایانە بە تێکەڵی لە ئایەتەکاندا هەن : بەرتیل, لە دەرگاوە بچنە ماڵان, لە ڕێگای خودا دا شەڕبکەن, حەج و عومرە, بادە و قومار, هەتیوان, ژنانی موشریک مارە مەکەن, حەیزی ژنان, تەڵاقدانی ژنان, شەڕی تالوت و جالوت, سوودخۆری و قەرزکردن و...هتد.

ـ سورەتی " النساء " ئەم باسانەی بە خۆوە گرتووە : دارایی هەتیوان, میرات, مارەبڕینی ژنان, چاکەکردن, بەخیلی, سەرخۆشی, لەش پیسی,



لە ئایەتی ( 30 ) هەمان سورەتی ئەحزابدا, بەم شێوەیەی خوارەوە ژنەکانی دەترسێنێ کە کاری خراپ نەکەن :

ـ ( يا نساء النبي من يأتي منكن بفاحشة مبينة يضاعف لها العذاب ضعفين و كان ذلك على الله يسيرا ) .

واتا : ( ئەی ژنانی پێغەمبەر هەر کەس لە ئێوە کاری ناحەز و ناشیاو بکا, دوو بەرابەر ئازار ئەدرێ, وە ئەمە بۆ خوا ئاسانە ).

ـ ( عسى ربه إن طلقكن أن يبدله أزواجا خيرا منكن, مسلمات مؤمنات قانتات تائبات عابدات سائحات ثيبات و أبكارا ) التحريم / 5 .

واتا : ( هیوایە ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا, پەروەردگاری ئەو لە باتی ئێوە ژنانی باشتر بەو " پێغەمبەر " بدا, ژنانی موسوڵمان , بڕوادار, فەرمانبەر, تۆبەکار, عیبادەتکار و ڕۆژووەوان, جا بێوەژن بن یا کچ ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە , هەڕەشەی تەڵاقدان لە ئایشە و حەفسە دەکات کە, لەگەڵ زەینەب ناکۆک بوون و دەنگەدەنگیان هاتووە. محەمەد لەم ئایەتەدا ویستوویەتی پێیان بڵێ, ئەگەر شەڕ و ئاژاوە بکەن تەڵاقتان ئەدەم و ژنی باشتر لە ئێوە دەهێنم !, بەڵام بۆ ئەوەی ژنەکانی لە سەدا سەد قسەکەی بە جێ بگەیەنن, بڕیارەکەی خۆی بە ئاسمانی و خودایی, بە ژنەکانی ڕاگەیاندووە.

لە ڕاستیدا لێپرسراوێتی و بە سەربردنی ژیان بۆ محەمەد کە مێردی ئەو کۆمەڵە ژنە زۆرە بووە, هەر یەکەیان بە گیروگرفتی تایبەتی خۆیەوە, چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوانیان, دابینکردنی سۆز و پێداویستی ڕۆحییان, کارێکی ئاسان نەبووە .

هەروەها کەوتنە تەمەنی محەمەد و, وردە وردە ئاوابوونی خۆری گەنجیی, جگە لە ئەرکی زۆری بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی ئیسلام, ئەمانە پێکەوە ئەویان گەیاندە ئەو بڕیارەی کە سنوورێک بۆ ژنهێنانی خۆی دابنێت. ناوەرۆکی ئەو بڕیارەی لە ئایەتی ( 52 ) ی سورەتی ئەحزابدا, بەم شێوەیە دارشتووە :

( ژنانی پێغەمبەر " دخ " هەموو شەو لە ماڵی ئەو ژنەی کە نۆبەی بووە کۆبوونەتەوە. ئێوارەیەک لە ماڵی ئایشە بوو, کە زەینەبەی ژنی پێغەمبەر هات و پێغەمبەریش دەستی بۆ برد !, ئایشە گوتی : ئەوە زەینەبەیە ! , پێغەمبەریش دەستی خۆی کێشایەوە, ئیدی ئایشە و زەینەبە لێک وە دەنگ هاتن هەتا دەنگیان بەرز بۆوە و هاواریان لێ هەستا ) .13

[ ( جارێک پێغەمبەری خودا لە ماڵی حەفسەی ژنی, لەگەڵ ماریە قبتی کەنیزەکی خۆی چووبووە ناو جێگاوە.. کە حەفسە ئەمە دەبینێ کەللەیی دەبێ ! , پێغەمبەر پێی دەڵێ : تووڕە مەبە, لە ئێستاوە ئەم ژنە لە من حەرام بێ و نزیکی ناکەومەوە, بەڵام تۆ لای کەس باسی مەکە ) , وە بە دوای ئەو ڕووداوەدا ئەم ئایەتە دابەزی : ( يا أيها النبي لم تحرم ما أحل الله لك تبتغي مرضات أزواجك و الله غفور رحيم ) التحريم / 1 ] . 14

واتا : ( ئەی پێغەمبەر ! بۆچ شتێ کە خوا بۆ تۆی حەڵاڵ کردووە لە بەر پێخۆشبوونی ژنەکانت لە خۆتی حەرام دەکەی , وە خوا غەفور و ڕەحیمە ).

لە ئایەتی ( 32 ) ی سورەتی ئەحزابدا ئاوا ئامۆژگاری ژنەکانی دەکات :

ـ ( يا نساء النبي لستن كأحد من النساء ان أتقين فلا تخضعن بالقول فيطمع الذي في قلبه مرض, و قلن قولا معروفا ) الأحزاب / 32 .

واتا : ( ئەی ژنانی پێغەمبەر ئێوە وەکو هیچ یەک لە ژنانی دیکە نین, خۆ بپارێزن, جا بە نەرمی و ناز قسە مەکەن, تا ئەو مرۆڤەی کە لە دڵدا نەخۆشە, تەما نەیگرێ, و قسەی چاک و شیاو بکەن ).

لەم ئایەتەی سەرەوەدا, یان ئەوەتا محەمەد درکی بە شتێک کردووە ! , یاخود ویستوویەتی پێش بەوە بگرێ کە ژنە ناڕازیەکانی, لە قسەکردن و هەڵسوکەوتیاندا , سەرنجی پیاوانی دیکە بۆ خۆیان ڕابکێشن .. ئەوان نابێ کارێکی وا بکەن کە پیاوانی دیکە هەوڵی پەیوەندییان لەگەڵدا بدەن. بۆیە بەو ئایەتەی سەرەوە ئاگاداری کردوون .



ئەمانەت, شەڕ لە ڕێگای خودا دا, وەڵامی سڵاو باش بدەنەوە, کوشتن و سوڵح کردن, نوێژکردن, شایەدی دان, بڵندکردنی عیسا بۆ ئاسمان و ...هتد.

ـ لە سورەتی " المائدة " دا ئەم باسانە هەن : مەڕومالاّتی گیاخۆر بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە, دەستنوێژ و ئوسڵ دەرکردن, شایەدی دان بە دادگەری, دەستی ژن و پیاوی دز ببڕن, جولەکە و دیان مەگرن بە دۆست, شەراب و قومار و بتگەل لە کردەوەی شەیتانن, لە سەرەمەرگدا کاتی وەسیەتکردن دووکەس بگرن بە شایەد, عیسا ووتی خودایە مائیدەیەک لە ئاسمانەوە بۆ ئێمە بنێرە و... هتد.

ـ سورەتی " الأنعام " ئەم باسانەی تێدایە : ئاژەڵ و دارودرەختی میوە, حەڵاڵ و حەرام, چاکەکردن لەگەڵ دایکوباوک, ماڵی هەتیوان مەخۆن, منداڵەکانتان مەکوژن و ...هتد.

ـ لە سورەتی " النحل " دا ئەم بابەتانەی باسکردووە : بزن و مەڕ و گا و وشتری ئەفراندووە, زەرعات و زەیتون و خورما و ترێ, هەموو جووڵەندەکان سوجدە بۆ خودا دەبەن, هەنگ, غەیب تایبەت بە خودایە, خودا فەرمان بە دادگەری و چاکە دەکات و نەهی لە فەحشا دەکات, نەسخ کردنی ئایەت, گۆشتی مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەرازی حەرام کردووە, لە سزادان بە ئەندازەیەک کە بۆتان دانراوە تۆڵە بستێنن و...هتد.

ـ لە سورەتی " العنكبوت " دا ئەم باسانە هەیە : بە مرۆڤمان ڕاگەیاند چاکە لە گەڵ دایک و باوکیان بکەن, ( نوح ) مان بە پێغەمبەری نارد ( 950 ) ساڵ لە ناو هۆزەکەیدا ژیا, ئیبراهیم, لوت, شوعەیب, موسا, خودا ڕزقی خزۆک و جووڵەندەکان دەدات, " حەرەم " مان کردە جێگایەکی ئەمن و ...هتد.

لەو چەند نموونەیەی سەرەوەدا, تێکەڵ وپێکەڵی باسەکان بە ڕوونی دیارن. بابەتەکانی ناو هەر سورەتێک لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن,

هەروەها لەگەڵ ناونیشانی سورەتەکانیش نایەنەوە. باسێکی تەواو نەکردووە, چۆتە سەر باسێکی دیکە و دواتر لە سورەتێکی دیکەدا چۆتەوە سەر هەمان باس, بۆ نموونە : باسی مەسەلەکانی پەیوەند بە ژنانی لە سورەتی " النساء " دا تەواونەکردووەو, لە سورەتەکانی (بقرة , المائدة, الأنعام, العنكبوت ) و چەندین سورەتی دیکەدا دەچێتەوە سەریان.

* * *

## پەراوێزی بەشی دووەم

1 _ مناع القطان / مباحث في علوم القرآن , موءسسة الرسالة, الطبعة 34 , بيروت 1988 , ص 10 .
2 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 20 .
3 ـ فاطمة المرنيسي / الحريم السياسي,النبي و النساء, ترجمة عبدالهادي عباس, دار الحصاد, الطبعة الثانية, ص 42 .
4 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية, ص 354 .
5 ـ الكتاب المقدس / جمعية الكتاب المقدس / دار الكتاب المقدس , لبنان , العهد القديم
( الأنجيل ) , سفر التكوين , الأصحاح الثالث, ص 4 .
6 ـ نفس المصدر السابق / سفر التكوين , الأصحاح 6 , 7 , ص 6, 7, 8 .
7 ـ نفس المصدر السابق / سفر التكوين , الأصحاح 22 , ص 24 .
8 ـ نفس المصدر السابق / سفر التكوين , الأصحاح 2, 3, 4 , ص 68 ـ 71 .
9 ـ نفس المصدر السابق / سفر التكوين , الأصحاح 39 , ص 49 .
10 ـ نفس المصدر السابق / سفر التكوين , الأصحاح , 19 , ص 20 , 21 .
11 ـ نفس المصدر السابق / العهد الجديد ( الأنجيل ) , إنجيل متى 1 , ص 4 .
12 ـ نفس المصدر السابق / أنجيل متى 10 , ص 18 .
13 ـ نفس المصدر السابق / أنجيل متى 5 , ص 9 .
14 ـ الصادق النيهوم / الأسلام في الأسر, رياض الرئيس للكتب و النشر, لندن, ص 136 .



معك و امرأة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان أراد النبي أن يستنكحها خالصة لك من دون المؤمنين قد علمنا ما فرضنا عليهم في أزواجهم و ما ملكت أيمانهم لكي لا يكون عليك حرج و كان الله غفورا رحيما ) الأحزاب / 50 .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر بە ڕاستی ئێمە ئەو ژنانەی تۆ کە مارەیی ئەوانت داوە, بۆتمان ؛حەڵاڵ کرد, وە هەروا کەنیزانێ کە لە ڕێگای غەنیمەتەوە خوا پێی بەخشیوی و کچانی مامت و کچانی پورت و کچانی خاڵت و کچانی خوشکی دایکت کە لەگەڵ تۆدا کۆچیان کرد, وە ژنی بڕوادار کە نەفسی خۆی بە پێغەمبەر ببەخشێ, ئەگەر پێغەمبەر بیەوێ کە مارەی بکا بۆ خۆی, بەڵام مارەکردنێکی وا تەنیا بۆ تۆ دروستە نەک بۆ بڕواداڕانی تر, بە هەقیقەت ئێمە دەزانین بۆ ئەوان لە بابەت ژنانیانەوەو کەنیزانیانەوە چیمان فەرز کردووە " چ حوکمێکمان داوە " , لە بەرئەوەی موشکیلێکت بۆ نەبێ, وە خوا غەفور و ڕەحیمە ) .

بە گوێرەی ئەم ئایەتە, محەمەد مۆڵەتی بە خۆی داوە کە ئارەزووی هەر ژنێک لەوانە بکات, ئەوە فەرمانی خودایە, ئەو ژنە دەبێ تەسلیم بە پێغەمبەری خودا بێت و فەرمانی خودا جێ بەجێ بکات !.

ـ ( ترجى من تشاء منهن و تؤى اليك من تشاء و من ابتغيت ممن عزلت فلا جناح عليك ذلك أدنى أن تقرأ عينهن و لا يحزن و يرضين بما أتيتهن كلهن ) الأحزاب / 51 .

واتا : ( نۆبەی هەر یەکە لە ژنەکانت بتەوێ ئەتوانی بخەیتە دواوەو هەر یەکەش لەوان بتەوێ لای خۆت ڕای بگرە, وە هەر کاتێ یەکێ لەوانە کە دوورت خستوونەتەوە, کە بخوازی بێتە لات , تاوانت بۆ نیە, ئەمە فەرمانی خوایە بۆ ڕووناکی چاوی ئەوان و بۆ ئەوە کە غەمگین نەبن و بەوەی کە لە ئختیاری هەموویان دای ئەنێی ڕازی و شاد بن ).

لە مانای ئەم ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە, ژنەکانی محەمەد ڕەخنەیان لێی هەبووە کە بە یەکسانی نەچۆتە لایان.. جا بۆ ئەوەی قایلیان بکات کە فەرمانی خودا وایە و بە دەست خۆی نیە , بەو ئایەتە وەڵامی داونەتەوە.. خودا پێی گوتووە کە لەگەڵ هەر کامیان پێت خۆش بوو, نۆرەبڕی بۆ بکە, هیچ گوناهت لەسەر نیە !.

**هەبوونی کێشەو گیروگرفتی خێزانیی, لە لایەک لە نێوان محەمەد و ژنەکانیدا, وە لە لایەکی دیکە لە نێوان ژنەکان خۆیاندا, هەروەها نێوان ژنەکانی و خەڵکی دیکە, ناڕەزایی ژنەکان لە محەمەد , بەڵگەی ئەوەن کە ئەو نەیتوانیوە یەکسانی لە نێوان ژنەکانیدا دەستەبەر بکات. ئەوەندەی دەربەستی خۆشی خۆی بووە لەگەڵ ژنەکانیدا, ئەوەندە پەرۆشی ماف و حەز و ئارەزووی ژنەکانی نەبووە.**

قایل بوونی پێغەمبەری ئیسلام بەوە کە , لە دوای مردنی خەدیجە ( 19 ) ژنی دیکەی هێناوە, بەڵگەی قایل بوونی ئەوەبە زوڵم و ستەم لەو ژنانە.. بە تایبەت هەندێک لەو ژنانە پێشتر پیاوی خۆیان هەبووە و, لە لایەن محەمەدەوە داگیر کراون !.

( جارێک ژنەکانی محەمەد فاتمەی کچی محەمەد ڕادەسپێرن, تا بە پێغەمبەر بڵێ ژنەکانی داوای لێ دەکەن کە, مامەڵەی هەموویان وەک مامەڵەی لەگەڵ ئایشەدا بکات ! , بێگومان ئەم داوایە بۆ محەمەد زۆر گران بوو.. چونکە محەمەد یەکجار ئاشقی ئایشە بوو ) .12

چەند ئایەتێکی قورئان باسیان لە کێشە و گرفتەکانی ژیانی خێزانیی تایبەتی محەمەد و ژنەکانی کردووە. بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ چارەسەری کێشە خێزانیەکانی, چ وەک ئامۆژگاری و چ وەک هەڕەشە, لە چەند ئایەتێکدا ئاراستەی ژنەکانی کردووە.

بە بڕوای من, باسکردنی ئەو مەسەلە خێزانیە تایبەتیانەی خۆی لە ئایەتەکاندا , بەو مەبەستە بووە کە, فەرمان و ئارەزووەکانی خۆی لەگەڵ ئەو ژنانەدا, وەک کار و فەرمانی خودایی بە بێ چەندوچونی هیچ کەس , بە جێ بگەیەنێت. هەروەها گرفتەکانی, بە ڕێگای ئایەتەکان ئاسانتر چارەسەر کردووە.. چونکە ئایەتی قورئان لای موسوڵمان قسەی خودایە و هیچ دەسەڵاتی پێغەمبەریشی تێدا نیە ! , قسەی خوداش کەس بۆی نیە بەرپەرچی بداتەوە! .

ـ ( یا أیها النبي انا أحللنا لك أزواجك اللاتي أتيت أجورهن و ما ملكت يمينك مما أفاء الله عليك و بنات عمك و بنات عماتك و بنات خالك و بنات خالاتك التي هاجرن



15 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 137 .
16 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 136 .
17 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 137 .
18 ـ جەلال ئەمین بەگ / ئاوێستا, ل 120 .
19 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 80 .
20 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 67 .
21 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية, ص 251 .
22 – ابي الحسن النيسابوري / اسباب النزول, دار الكتب العلمية, بيروت, ص 80 .
23 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 38 .
24 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 80 .
25 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 82 .
26 ـ الواحدي / اسباب النزول, ص 80 .
27 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 110 .
28 ـ مەلا ئەمینی سیانی/ ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا, گۆڤاری نڤار, ژمارە 8 ,ساڵی 2000 , ل 46 .
29 ـ خليل عبدالكريم / النص الموءسس و مجتمعه, دار مصر المحروسة,القاهرة, الطبعة الثانية, ص 228 .
30 – د. رشيد الخيون / جدل التنزيل, دار الجمل, ص 29 .
31 – مناع القطان / مباحث في علوم القرآن, ص 145 .
32 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 124 .
33 ـ د. رشيد الخيون / جدل التنزيل, ص 29 .
34 – خليل عبدالكريم / النص الموءسس و مجتمعه, ص 370 .
35 – د. رشيد الخيون / جدل التنزيل, ص 30 .
36 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 34 .
37 ـ مناع القطان / مباحث في علوم القرآن, ص 128 .
38 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 129 .
39 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 147 .

40 ـ د. رشيد الخيون, جدل التنزيل, ص 52 .
41 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 56 .
42 ـ مناع القطان / مباحث في علوم القرآن, ص 133 .
43 – هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 142 .
44 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل 124 .

* * *

## بەشی سێ یەم :

# ڕەنگدانەوەی تەرازووی هێزەکان لە دەقەکانی قورئاندا

بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام, لە سەرهەڵدانیەوە تا سەرکەوتن و دامەزراندنی دەسەڵاتی یەکگرتوو, لە نیمچەدوورگەی عەرەبستان, بە دوو قۆناغی گرنگدا تێپەڕ بووە, کە بریتین لە :

**یەکەم / قۆناغی پێش کۆچ بۆ شاری یەسرب ( مەدینە ).**

**دووەم / قۆناغی دوای کۆچ بۆ شاری یەسرب ( مەدینە ).**



**16 ـــ فاتیمە کچی زوحاک.**

**17 ـــ ڕەیحانە**, لە شەڕی بەنی قورەیزەدا بە دیل گیرا.

**18 ـــ زەینەب کچی یەزید.**

**19 ـــ ماریای قیبتی** , لە میسرەوە بە دیاری بۆی هاتبوو !.

**20 ـــ ئوم شەریک** " دایکی شەریک " .

دایکی شەریک و مەیمونە , خۆیان پێشکەش بە محەمەد کردووە.

لە بارەی خۆپێشکەشکردنەوە, لە ئایەتی ( 50 )ی سورەتی ئەحزابدا دەڵێت :

ـ ( و امرأة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان أراد النبي أن يستنكحها خالصة لك من دون المؤمنين ).

واتا : ( وە ژنی بڕوادار کە نەفسی خۆی بە پێغەمبەر ببەخشێ, ئەگەر پێغەمبەر بیەوێ کە مارەی بکا بۆ خۆی, بەڵام مارەکردنێکی وا , تەنیا بۆ تۆ دروستە, نەک بۆ بڕواداران تر ).

مەبەستی ئەو ئایەتەی سەرەوە ئەوەیە کە, بەر بەوە بگرێت ژنان خۆیان پێشکەش بە سەرکردەکانی دیکەی ئیسلام بکەن , تا پێشکەش کردن تایبەت بە خۆی بێت !.

دوای ئەو ئایەتەی سەرەوە, ئایشە بە محەمەدی گوتووە :

[ ( اني أرى ربك يسارع في هواك ) . واتا : ( دەبینم کە خودات فریای ئارەزووە دەروونیەکانت دەکەوێت ) ] .11

بەم شێوەیە محەمەد لە ماوەی ( 10 ) ساڵی دوایی ژیانیدا لە مەدینە, بەهۆی جێگاو شوێن و دەسەڵاتەکەیەوە, بێجگە لە خەدیجە کە لە پێش دەسەڵاتی ئیسلامدا ژنی بووە, ( 19 ) ژنی دیکەی هێناوە ! , جگە لەو کەنیزانەش کە بە کۆمەڵ هەیبووە و ژمارەیان ڕوون نیە !

مامەڵەو بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵە ژنە, بۆ محەمەد لەو تەمەنەدا , لەگەڵ سەرقاڵیی ڕابەری کردنی ئاینی ئیسلام و دەوڵەتەکەی, کارێکی ئاسان نەبووە.

## قۆناغی پێش کۆچ بۆ شاری یەسرب :

ئەم قۆناغە لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە, واتە لە ساڵی ( 611 ) ز یەوە, لە مەککە دەستی پێکرد, تا کۆچی محەمەد و هاوەڵەکانی بۆ شاری یەسرب لە ساڵی ( 624 ) ز دا. یانی قۆناغی پێش کۆچ ماوەی ( 13 ) ساڵی خایاندووە.

هەروەک پێشتر ووتمان, بانگەوازی ئیسلام, لە ترسی دەسەڵاتی قورەیش, سەرەتا بە نهێنی دەستی پێکرد. پاش ماوەیەک لە خەباتی نهێنی, محەمەد بانگەوازەکەی ئاشکرا کرد.. لە چوارچێوەی وتار و پەند و ئامۆژگاریدا, دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی کرد.. بیرەباوەڕەکانی خۆی لە ئایەتەکاندا چڕ کردەوەو, لە هەر جێگاو کۆڕوکۆمەڵێکدا کە بە باشی بزانیایە, بۆ خەڵکی دەخوێندنەوە.

داوای لە خەڵک دەکرد کە, خودای تاک و تەنها بپەرستن, نوێژ بکەن و واز لە فرەخودایی بهێنن..

وەک کەسێکی مرۆڤدۆست و چاکسازی کۆمەڵایەتی, بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ ئاشتی, یەکێتی, برایەتی, ڕەفتاری باش, چاکەکردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

لەگەڵ ئاشکراکردنی بانگەوازی ئیسلامدا, محەمەد و موسوڵمانەکان خۆیان لە بەرانبەر تانەوتەشەر و گاڵتەپێکردنی قورەیشەکاندا بینیەوە, بۆ نموونە :

ـ جارێکیان [ نەزەر کوڕی حارس ووتی : ئەگەر ئەوەی کە محەمەد دەیڵێ ڕاستە! دەبا بارانی بەرد لە ئاسمانەوە بەسەر سەرماندا ببارێنێ! . بۆیە لە بەرانبەر ئەو قسەیەدا ئەم ئایەتە دابەزی : ( و اذ قالوا اللهم ان کان هذا هو الحق من عندك فامطر علینا حجارة من السماء ) الأنفال / 32 ].[1]

واتا : ( کاتێ ووتیان ئەی پەروەردگار ئەگەر ئەمە ئەو هەقەیە کە لەلایەن تۆوەیە, بارانی بەرد بە سەر سەرماندا ببارێنە ).



( لە سالم و عەبدوڵلاوە دەگێڕنەوە کە ووتوویانە : ئێمە نەماندەووت زەیدی کوڕی حارسە, بەڵکو هەمیشە دەمانووت زەیدی کوڕی محەمەد.. کاتێک کە پێغەمبەر زەینەبی کچی جەحشی هێنا, کە ژنی زەید بوو, جولەکە و مونافیقەکان ووتیان محەمەد ژنی کوڕەکەی خۆی هێناوە, کەچی نەهی لە خەڵک دەکات بۆ کاری وا ) .[10]

لە بەر ئەوە ئەم ئایەتە دابەزی : ( و ما جعل أدعیائکم أبنائکم ذلکم قولکم بأفواهکم و الله یقول الحق و هو یهدي السبیل ) الأحزاب / 4 .

واتا : ( وە ئەو زارۆکانەی کە بە نێوی ئێوە بانگ دەکرێن, " خوا " نەیکردۆتە منداڵی هەقیقی بۆ ئێوە, ئەمە قسەی سەرزارەکیتانە, هەر خوا هەق دەڵێ و هەر ئەویشە ڕێگای ڕاست نیشان دەدات ).

**4 ـــ حەفسە کچی عومەری کوڕی خەتاب.**

**5 ـــ ئوم سەلمە " دایکی سەلمە ".**

**6 ـــ جوریە کچی حارس**ی سەرۆکی تیرەی بەنی موستەڵەق, کە لە شەڕی ئەو تیرەیەدا بە دیل گیرا و , محەمەد بۆ خۆی مارەی کرد.

**7 ـــ سەفیە کچی حەی کوڕی ئەختوبی جولەکە**, ژنی کەنانەی کوڕی ڕەبیع, سەرۆکی یەکێ لە تیرەکانی خەیبەر بوو. ئەمیش لە شەڕی ئەو تیرەیەدا بە دیل گیرا و , محەمەد بۆ خۆی مارەکرد.

**8 ـــ سودە کچی زەمعە.**

**9 ـــ هیند کچی یەزید.**

**10 ـــ مەیمونە کچی حارسی هیلالی**, خوشکی ئەبو سوفیان بوو.

**11 ـــ زەینەب کچی خەزیمە.**

**12 ـــ ئوم حەبیبە** " دایکی حەبیبە " , پێشتر ژنی عەبدوڵلای کوڕی جەحش بووە.

**13 ـــ فاتیمە کچی سەریع.**

**14 ـــ ئەسما کچی سەیاء.**

**15 ـــ هیلە کچی قەیس.**

جگە لەو ئایەتەی سەرەوە, محەمەد هیچ وەڵامێکی ئەو گاڵتەکردنەی ( نەزەر کوڕی حارس )ی نەداوەتەوەو, بارانی بەردیش بە سەریا نەباریوە!.

ـ جارێک [ وەلید کوڕی مغیرە, عاسی کوڕی وائیل, عودەی کوڕی قەیس, ئەسوەد کوڕی عەبدولموتەلیب و ئەسوەد کوڕی عەبد غەیوس گاڵتەیان بە قسەکانی محەمەد دەکرد. محەمەد بە توندی نیگەران و نائومێد دەبێت, بۆیە بەدوایدا ئەم دوو ئایەتە دابەزی :

ـ ( و لقد نعلم أنك يضيق صدرك بما يقولون , فسبح بحمد ربك و كن من الساجدين ) الحجر / 97, 99 ] .2

واتا : ( ئێمە دەزانین کە لە قسەی ئەوانە نیگەران و قەڵس بویت, بەڵام تۆ ڕوو لە خودای خۆت بکە تا بە تەواوی دڵنیا بیت ).

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە بەڵگەی ئەوەن کە, بەهۆی ئەوەی موسوڵمانەکان بە ژمارە کەم بوون, هێشتا سەنگ و هێزیان لە کۆمەڵدا پەیدا نەکردبوو, نەیاندەتوانی بەرپەرچی تانەوتەشەری قورەیشەکان بدەنەوە. ئایەت بە دوای ئایەتدا دادەبەزی و داوای لە موسوڵمانان دەکرد کە, بە هێمنی و بە شێوەی جوان لە ناو خەڵکدا گفتوگۆ بکەن.

ـ ( ادع الى سبيل ربك بالحكمة و الموعظة الحسنة, و جادلهم بالتي هي أحسن ) النحل / 125 .

واتا : ( بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاک خەڵک بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکەو لەگەڵ ئەواندا بە شێوەیەکی جوان وتو وێژ و مشت ومڕیان لەگەڵدا بکە ).

محەمەد و موسوڵمانەکان, بەهۆی ئەوەی نەیاندەتوانی، لە گفتوگۆکانیاندا زۆریان لە کەس نەدەکرد بۆ بوون بە موسوڵمان, بۆیە دەیانگوت هەرکەس ئازادە هەر ئاینێکی هەبێت :

ـ ( لكم دينكم و لي دين ) الكافرون / 6 .

واتا : ( دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم ).



واتا : ( وە بۆ هیچ پیاو و ژنێکی بڕوادار " ئەو مافە " نی یە کە هەر کاتێ خوا و ڕەسولی خوا لە کارێکدا حوکمێکیان کرد, بۆ ئەوانیش لە کاری خۆیاندا ئختیارێک هەبێ, وە هەر کەس نافەرمانی خوا و ڕەسولی ئەو بکات, جا بە هەقیقەت لاڕێ بووە, لاڕێیەکی ئاشکرا ).

بەم شێوەیە زەینەبی بۆ زەید هێنا !, دواتر, دیارە کە هۆی خۆی هەبووە ( بۆچوونێک هەیە دەڵێت, محەمەد خۆی هۆی ئەوە بووە ) زەید زەینەب تەڵاق دەدات. وە محەمەد خۆی زەینەب مارە دەکاتەوە !.

[ شەعبی دەگێڕێتەوە : زەید کوڕی حارسە نەخۆش کەوتبوو, پێغەمبەر هات بۆ لای بۆ ماڵەوە, زەینەب لای سەریەوە دانیشتبوو, ویستی هەستێتە سەرپێ, لەو کاتەدا پێغەمبەری خودا ( دخ ) سەیری کرد..!, سەرێکی بادا و گوتی سبحان الله مقلب القلوب و الأبصار , زەید گوتی ئەی پێغەمبەری خودا بۆت تەڵاق بدەم ؟, پێغەمبەر گوتی نەء , خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند :

_ ( و اذ تقول للذي أنعم الله عليه و أنعمت عليه أمسك عليك زوجك و اتق الله و تخفي في نفسك ما الله مبديه و تخشى الناس و الله أحق أن تخشاه فلما قضى زيد منها وطرا زوجناكها لكي لا يكون على المؤمنين حرج في أزواج أدعيائهم اذا قضوا منهن وطرا و كان أمر الله مفعولا ) الأحزاب / 37 ] . 9

واتا : ( وە بێنەوە بیر سەردەمێ کە بە کەسێ " زەید " کە خوا نیعمەتی پێ دابوو و تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو, دەتووت : خێزانت بۆ خۆت ڕاگرە و لە خوا بترسە " و هەمیشە ئەمەت دووپات دەکردەوە " و تۆ لە دڵی خۆتدا شتێکت دەشاردەوە کە خوا دیاری دەری ئەوە بوو, لە خەڵک دەترسای کەچی خوا شیاوترە کە لێی بترسی, جا کاتێ زەید " کوڕی حارسە " نیازی خۆی لە خێزانی بڕی و جیا بۆوە, ئێمە ئەو " زەینەب " مان لە تۆ مارە کرد, تا موشکیلێک نەبێ بۆ بڕواداران لە مارەکردنی ژنانی بە کوڕ گرتووەکانیان, کاتێ کە نیازی خۆیان لەوان بڕیبێ, وە فەرمانی خوا ئەنجام دراوە " قسەی لە سەر نەماوە " ).

ئایشەی مارە کرد کە هێشتا منالێکی حەوت ساڵان بوو.. ئەبوبەکر لە پێغەمبەری خودای پرسی : پیاو دەتوانێ کچی برای خۆی مارە بکات ؟! . بە هەرحاڵ ئەبوبەکر قایل بوو, هەرچەند ئایشە مارەبڕی ئیبن جوبەیر بوو ) . [7]

محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام, گوێی نەدا بە ( 44 ) ساڵ جیاوازی تەمەنی خۆی و ئایشە.. گرنگ ئەوە بوو بە گوێرەی نەریتی باو و نەریتی ئیسلام , باوکی ئایشە قایل بووە !.

( محەمەدی مەزنی یاسادانەر, لە ژێر کاریگەری حەز و ئارەزووەکانی ئایشەی منداڵدا بوو.. هەموو هەوڵێکی محەمەد لەگەڵ ئایشەدا بۆ ئەوە بوو کە لێی ڕازی بێت.. بۆیە محەمەد بە گوێرەی تەمەنی ئایشە لەگەڵیدا ڕای دەکرد و یاری لەگەڵدا دەکرد.. کاریگەری ئایشە لە سەر محەمەد بە جۆرێک بوو کە کاری کردە سەر هەندێ لە یاساکانی قورئان و چارەنووسی ئەو گەلانەی کە بڕوایان بە ئیسلام هێنا ) . [8]

**وەک ووتمان محەمەد کاتێک کە نەدار بوو, پلەوپایە و دەسەڵاتی نەبوو, خەدیجەی هێنا کە ( 15 ) ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو. بەڵام کە بوو بە خاوەن دەسەڵات و پلەوپایە, ئایشەی هێنا کە ( 44 ) ساڵ لە خۆی منداڵتر بوو !.**

**3 ـــ زەینەب کچی جەحش :**

زەینەب ژنی زەید کوڕی حارسە بوو. زەید لە ماڵی محەمەد و خەدیجەدا گەورە بووبوو.. محەمەد کردبووی بە کوڕی خۆی. خەڵکیش وەک کوڕی محەمەد دەیانناسی و پێیان دەوت زەیدی کوڕی محەمەد.

کاتی خۆی, محەمەد خۆی خوازبێنی زەینەبی بۆ زەید کرد. ئەوەبوو نە زەینەب ڕازی بوو, نە عەبدوڵڵای برای. بۆیە محەمەد ئەم ئایەتەی بۆ خوێندنەوە :

ـ ( و ما كان لمؤمن و لا لمؤمنة اذا قضى الله و رسوله أمرا ان يكون لهم الخيرة من أمرهم و من يعص الله و رسوله فقد ضل ضلالا مبينا ) الأحزاب / 36 .



ـ ( و ان أتلو القرآن فمن يهتدي فانما يهتدي لنفسه و من ظل فقل انما أنا من المنذرين ) النمل / 92 .

واتا : ( وە قورئان بخوێنم, هەرکەس ڕێنوێن بێت تەنیا بۆ خۆی ڕێنوێن ئەبێ, هەرکەسیش لاڕێ بێ, بە ئەستۆی خۆیەتی, جا بڵێ من تەنیا لە ترسێنەرانم ).

## هەڵوێستی ئەرستۆکراتەکانی قورەیش :

محەمەد لە سەرەتای بانگەوازی ئاینی ئیسلامدا, جگە لە بانگهێشتن بۆ خوداپەرستی و ڕەخنە لە دیاردەی بتپەرستی, ڕەخنەی لە دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی قورەیش دەگرت کە, دەستیان گرتبوو بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵدا و سوودخۆری ( ربا )یان پێوە دەکرد.

ئەم ڕەخنەیەی محەمەد لە ڕاستیدا بە قازانجی خەڵکی هەژارو خوارەوەی کۆمەڵ بوو . بۆیە دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتەکان بەرانبەر بە ڕەخنەکانی محەمەد, کەوتنە دژایەتی و سووکایەتی پێکردنی.. بەڵام هەڵوێستی محەمەدو موسوڵمانان هەر نەرم و ئارام و دان بەخۆداگرتن بوو.

بێگومان ئەم هەڵوێستە بەهۆی لاوازی و نەبوونی هێزو دەسەڵاتەوە بووە, تا بەگوێرەی نابەرابەری هێز لە نێوان خۆیان و قورەیشەکاندا ڕەفتار بکەن, بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و بتوانن درێژە بە خەباتەکەیان بدەن. بەم شێوەیە تا وردە وردە جێگای خۆیان هەندێک لە کۆمەڵدا کردەوەو, توانیان ژمارەیەکی کەم خەڵک لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

( لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامەوە ئەوە ئاشکرا بوو کە, جێگای ئیسلام لە بەرەوپێش بردنی بزوتنەوەکەدا, جێگایەکی کاریگەر دەبێت بە قازانجی پێشکەوتن, بە قازانجی ئەو پرۆسە مێژووییە کە دەیویست

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە شێوەی سەرەتاییەوە, بەگوێرەی یاسا گشتیە بابەتیەکانی پێشکەوتن, بگوازێتەوە بۆ شێوەیەکی باڵاتر. ئا لێرەوە بەرپەرچدانەوە بە ڕووی محەمەد دا خێرا دەستی پێکرد ). 3

ئەرستۆکراتەکانی قورەیش لە ڕەخنەکانی محەمەدەوە, لە دیاردەی بتپەرستی ودەسەڵاتی ئابورییان, وەهای بۆ چووبوون کە, گەشەی ئاینی ئیسلام لە داهاتوودا, بەرژەوەندیە ئابوری و ئاینی و سیاسیەکانی ئەوان دەخاتە مەترسیەوە. چونکە ساڵانە دەسکەوتێکی زۆریان لە مەراسیمی حەج و زیارەتی کەعبەو بتەکان و بازاڕی وەرزیی کاتی حەج بەدەست دەهێنا. پێیان وابوو بە لەناوچوونی بتەکان, ئەو سەرچاوەیەی ژیانیان لە دەست دەچێت.

لەلایەکی دیکەشەوە, لەوە دەترسان بەهۆی گەشەی ئاینی ئیسلامەوە, دەسەڵاتە سیاسیەکەیان, کە بریتی بوو لە شورایەکی نوێنەرایەتی دەوڵەمەندەکان بە ناوی ( دارولنەدوە ) 4 , لەناو دەچێت.

( سەرانی قورەیش لە ناوەرۆکی بانگەوازەکەی محەمەد دا, تارمایی ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی و فکرییان بەدی دەکرد. لایان وابوو کە ئەگەر سەربکەوێت, لەلایەک جێگاو شوێنی ئاینیی بتپەرستیان لە کەعبەدا, کە سەرچاوەی دەسکەوتی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوەیان بوو, لە ناو دەبات. لە لایەکی دیکەوە ئەو فەرمانڕەواییەی قورەیش, کە لە ناوەرۆکدا فەرمانڕەواییەکی ئابوری ـ سیاسی بوو, دەستی بە سەردا دەگیرێت ) .5

جگە لەمانەش, ئەرستۆکراتەکان دیاردەی بتپەرستییان بە نەریتی پیرۆزو لەمێژینەی باب وباپیرانیان دەزانی, دەیانویست بیپارێزن.

لە بەر ئەو هۆیانە دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی قورەیش, کەوتنە دژایەتی کردن و ئازاردانی محەمەد و موسوڵمانەکان.

لە ڕاستیدا خوێندنەوەو تێگەیشتنیان بۆ ئاینی ئیسلام, لە بەرانبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا, تەواو نەبوو, چونکە پەیامی سەرەکی



کاتێک کە خەدیجەی هێنا, خۆی تەمەنی ( 25 ) ساڵ بوو. بەڵام خەدیجە تەمەنی ( 40 ) ساڵ بوو, دوو منداڵیشی لە مێردی پێشووی هەبوو. یانی کاتێک کە محەمەد , خەدیجەی هێنا, ( 15 ) ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو.

زیاتر لەوە دەچێت محەمەد لە بەر دەوڵەمەندی خەدیجە و نەداری خۆی, یانی بۆ مسۆگەرکردنی ژیانێکی باشتر, بڕیاری هێنانی ئەوی دابێت.

دوای ڕاگەیاندنی پێغەمبەری, هەتا ئەو کاتەی خەدیجە لە ژیاندا مابوو, محەمەد ژنی دیکەی بە سەر خەدیجەدا نەهێنا. پێم وایە هەلومەرجی نەداری محەمەد و دەوڵەمەندی خەدیجە وای کردبوو کە, خەدیجە جێگایەکی بەهێزتری لە محەمەد لە ژیانی خێزانییاندا هەبووبێت, بۆیە محەمەد نەیتوانیوە ژنی دیکەی بە سەر بهێنێت.

کە خەدیجە مرد, محەمەد تەمەنی ( 51 ) ساڵ بوو, یانی ماوەی ( 26 ) ساڵ پێکەوە بوون. دوای دوو ساڵ لە مردنی خەدیجە, واتا لە تەمەنی ( 53 ) ساڵیدا , محەمەد کۆچی کرد بۆ مەدینە.

بە مردنی خەدیجە و کۆچی محەمەد بۆ مەدینە, بە تایبەت دوای پەیداکردنی دەسەڵات, دەستی بۆ ژنهێنان ئاوەڵا بوو.. بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆک خێڵ و میر و شاکان ڕەفتاری کرد. کۆمەڵێک ژنی دیکەی هێنا, کە ئەمانەی خوارەوە بوون :

**2 ـــ ئایشە کچی ئەبوبەکری سدیق :**

محەمەد, ئایشەی لە تەمەنی ( 7 ) ساڵیدا مارە کرد و لە تەمەنی ( 9 ) ساڵیدا گواستیەوە !.

کاتێک کە ئایشەی گواستەوە, خۆی تەمەنی ( 53 ) ساڵ بوو. یانی ( 44 ) ساڵ لە ئایشە گەورەتر بوو. ئایشە لەو تەمەنەدا نەیزانیوە شووکردن چی یە و , محەمەدی هاوڕێی نزیکی باوکی چ نیازێکی بەو هەیە !.

( کاتێک محەمەد داوای ئایشە لە ئەبوبەکر دەکات, ئەبوبەکر سەرسام دەبێت لەم داوایەی پێغەمبەر, بە هۆی جیاوازی تەمەنیانەوە..!, پێغەمبەر

( قورئان ) دا سنورێکی بۆ ئەو نەریتە دیاریکردووە.

بەگوێرەی ئایەتی قورئان, وەک پێشتر لەم بەشەدا بە نموونە ئەو ئایەتەمان هێنایەوە, پیاوێک مافی نیە لە چوار ژن زیاتری هەبێت لە یەک کاتدا, جگە لە کەنیزان. ئەمە بڕیار و حوکمی ئیسلامە لە سەردەمی محەمەد خۆیەوە. هەتا ئێستاش کاری پێ دەکرێ و لای موسوڵمانان ئاساییە پیاوێک چوار ژنی پێکەوە هەبێت.

**لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئەم بڕیار و حوکمە, محەمەد خۆی نەگرتۆتەوە.. یانی محەممەدی پێغەمبەری ئیسلام خۆی بە گوێرەی ئەو ئایەتە ڕەفتاری نەکردووە و, ئەوسنورەی بۆ ژنهێنانی خۆی جێ بەجێ نەکردووە.**

شێوەی ژنهێنان و پەیوەندی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژنەکانی خۆیدا , بە گوێرەی نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەو سەردەمە بووە. هەر وەک سەرۆک خێڵ و ئەرستۆکراتەکانی قورەیش, کۆمەڵێک ژنی هەبووە. هەندێک لەو ژنانە, پێشتر ژنی کەسانی تر بوون , لە شەڕی ئیسلام لەگەڵ خێڵەکانی دیکەدا بە تاڵانی بە دیل گیراون و محەممەد بۆ خۆی مارەی کردوون.

ژنەکانی محەممەد, کاریگەریان لەسەر بیرو هەڵوێستی محەمەد و تا ڕادەیەک لە سەر ڕەوتی بزوتنەوەی ئیسلام هەبووە..

ژنەکانی محەممەد چ لە ناو خۆیاندا و چ لەگەڵ محەممەد دا, کێشەو گرفتیان هەبووەو لە هەندێک لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە بە بەڵگەو نموونەوە, باشتر وایە لیستی ناوی ژنەکانی محەمەد و چەند بەسەرهات و ڕووداوێک لە ژیانی تایبەتی خۆی لەگەڵ ژنەکانیدا بەیان بکەین :

**1 ـــ خەدیجە کچی خوەیلد** :

محەمەد پێش بانگەوازی ئیسلام, کە هێشتا پلەو پایەی لە دەسەڵاتدا پەیدا نەکردبوو, تەنها یەک ژنی هەبوو, کە ئەویش " خەدیجە " بوو.



ئیسلام بۆ یەکخستنی خێڵە عەرەبەکان , بەرژەوەندی دەوڵەمەندانی پاراست و گەشەی پێدا. لەم بارەیەوە د. حسەین مروە دەڵێت :

( تێپەڕاندنی سنوری خێڵەکان و پێکهێنانی چوارچێوەیەک بۆ یەکخستنی خێڵەکان, وەک ئەرکی یەکەم لەو ئەرکە مێژووییانەی کە ئاینی ئیسلام دەستپێشکەری تێدا کرد, ناکۆک نەبوو لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی توێژی دەوڵەمەندی قورەیش, کە ماوەی ( 13 ) ساڵ دژایەتی سەرسەختی بانگەوازی ئاینی ئیسلامیان کرد. ئەرستۆکرات و دەوڵەمەندەکان نەیاندەزانی بەو دژایەتیەیان, قۆناغی گەشەکردنی خۆیان دوادەخەن, بۆ ئەوەی ڕۆڵی داهاتوویان وەک چینێکی سەرەکی, لە دامەزراندنی کۆمەڵگای عەرەبی ـ ئیسلامیدا, بگێڕن.. لێرەوە بۆچوونی سەرانی قورەیش دەربارەی بەرژەوەندی خۆیان هەڵە بوو, چونکە ئیسلام لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەوان هیچ ناکۆک نەبوو ).6

قورەیشەکان کە زانیان محەمەد هەر بەردەوامە لە سەر بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی, وە ژمارەیان زیادی کردووە, فشاری زیاتریان بۆ هێنان و کەوتنە گرتن و ئازاردانیان.. تا لە ساڵی پێنجەمی خەباتیاندا, ژمارەیەکیان لە ترسی گرتن و ئازاردان هەڵاتن بۆ حەبەشە.

( کاتێک قورەیش موسوڵمانە بێ پشتیوانەکانی ئازار دەدا, محەمەد داوای لێکردن بچن بۆ حەبەشە ).7

ئەو موسوڵمانانەی هەڵاتن بۆ حەبەشە, لەوێ ئۆقرەیان نەگرت و نەیانتوانی بەردەوام بن, بۆیە گەڕانەوە بۆ مەککە.

بەگشتی لە ماوەی ( 13 ) ساڵ خەبات و مل ملانێی نێوان موسوڵمانەکان و قورەیش, لە شاری مەککە, بەهۆی دەسەڵات و ستەمی قورەیشەکانەوە, ئەوەندە بە قازانجی موسوڵمانەکان نەچووە پێشەوە. هێزێکی وەهایان نەبوو کە بتوانن بەرەنگاری ستەمی

قورەیشەکان ببنەوە.. خوداپەرستی و ئەو ڕیفۆرمانەی کە محەمەد لە ئایەتەکاندا باسی دەکردن, ڕەواجێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتیان پەیدا نەکرد . بە ماوەی ( 13 ) ساڵ ژمارەیان نەگەیشتە( 100 ) کەس.

بەکورتی, لاوازی موسوڵمانان لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتی باڵای قورەیشدا, محەمەدی گەیاندە سەر ئەو بڕوایە کە, ئاسۆی خەباتی موسوڵمانان لە مەککەدا ڕوون نیە. دیارە لە سەر ئەو باوەڕەش بووە کە, لە لایەن هێزی نادیارەوە پشتیوانی و هێزیان بۆ دانابەزێت, تا تەرازووی هێز بە لای موسوڵماناندا بشکێنێتەوە! , بۆیە بیری لەوە کردەوە کە, مەککە بەجێ بهێڵن.. ئەوە بوو ناچار بڕیاری کۆچ بەرەو شاری ( یەسرب )ی دا, بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژیانی خۆیان بکەن و, لەوێوە درێژە بە خەبات بدەن.

## قۆناغی دوای کۆچ بۆ شاری یەسرب :

ئەم قۆناغە لە کۆچکردنی محەمەد و موسوڵمانەکانەوە , لە شاری مەککەوە بۆ شاری یەسرب , لە ساڵی ( 624 ) ز دا دەستی پێکرد و تا کۆچی دوایی محەمەد لە ساڵی ( 634 ) ز دا بەردەوام بووە. یانی ماوەی ( 10 ) ساڵ و چەند مانگێکی خایاندووە.

### هەلومەرجی شاری یەسرب :

لە شاری یەسرب دوو خێڵی عەرەب کە ناویان ( ئەوس و خەزرەج ) بوو, هەروەها سێ خێڵی جولەکە کە ناویان ( بەنو قەینوقاع, بەنو نەزیر, بەنو قورەیزە ) بوو, پێکەوە دەژیان.

خێڵی ئەوس و خەزرەج زیاتر بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و, هەندێکیش بە کاری بازرگانی و پیشەی دەستیەوە خەریک بوون .



پاک و جوان لە خزمەتیاندان. هیچ گرنگیەکی بە ژنانی بڕوادار نەداوە, پێیان ناڵێ کە لەو دنیا ژیان و پەیوەندیان لەگەڵ پیاوان چۆن دەبێت !.

لەو نموونانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە, گوتاری قورئان بە گشتی و سەبارەت بە ژنانیش بە تایبەتی ڕوو لە پیاوانە. بێگومان ئەو شێوە گوتارە لەو واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە کە, پیاو لە کۆمەڵگای عەرەبستانی ئەو سەردەمەدا خاوەن بڕیار و دەسەڵات بووە.. هەروەها ئەوە ڕوونە کە ئاینی ئیسلام درێژەدەرو پارێزگاریکەری سیستەمی پیاوسالارانەی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان بووە.

بە گوێرەی گوتاری ئایەتەکانی قورئان, محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام ڕێزی بۆ ئەو سیستەمە داناوەو جیاوازی و نابەرابەریەکانی نێوان ژنان و پیاوانی ئەو کۆمەڵگایەو زۆرێک لە نەریتەکانیانی بۆ هەمیشە بە پیرۆز ڕاگرتووە!.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیە کە, بیروبۆچوونەکانی قورئان سەبارەت بە ژنان, درێژە و تەواوکەری هەلومەرجی ژیانی ژنانی سەردەمی جاهیلی کۆمەڵگای عەرەبستانە لە هەلومەرجێکی باڵاتردا, باشتر وایە هەندێکیش لە سەر ڕەفتارو هەڵوێستی محەمەد سەبارەت بە ژنەکانی خۆی, وە ڕەنگدانەوەی ئەو باسە لە ناو ئایەتەکانی قورئاندا, بدوێین.

## 4 – ژنەکانی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام :

لە باسی ڕیفۆرمەکانی ئاینی ئیسلام, لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ژیانی ژنانی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا, ووتمان کە ئاینی ئیسلام ڕەخنەی لە دیاردەی فرەژنی بێ سنور گرتووە, کە نەریتێکی باوی ئەو کۆمەڵگایە بووە لە سەردەمی پێش ئیسلامدا, وە لە بەرنامەی خۆی

ڕەخنەو حوکمەکەی ئاراستەی پیاوان کردووە , بە پیاوان دەڵێت ئەگەر چوار پیاو شایەد بوون لە سەر ژنێکی خاوەن مێرد کە زینای کردووە, ئەوا لە ماڵەوە زیندانیان بکەن تا دەمرن !. ئەمە جگە لەوەی کە ئایەتەکە باسی حوکمی ئەو پیاوەی نەکردووە کە ژنی هەیەو زینای کردووە!.

ـ ( و اذا طلقتم النساء فبلغهن اجلهن فلا تعضلوهن ان ينكحن أزواجهن اذا تراضوا بينهم ) البقرة / 232 .

واتا : ( هەر کاتێ ژنەکانتان تەڵاق داو عیدەی خۆیان تەواو کرد, لەوە کە بیانەوێ شوو بە مێردە پێشووەکەیان بکەنەوە مەنعیان مەکەن, بەو مەرجەی بە چاکی پێک ڕازی بن ).

لەم ئایەتەشدا, جگە لەوەی کە بە هەمان شێوەی نەریتی جاهیلی بڕیاری تەڵاقی خستۆتە دەستی پیاوانەوە, ڕووی گوتارەکەی لە پیاوان کردووە, کە ئەگەر ژنیان تەڵاق دا ڕێگای شووکردنەوەیان لێ نەگرن .. نەهاتووە ڕاستەوخۆ بە ژنان بڵێت : ئەی ژنانێ کە تەڵاق دراون , مافی شووکردنەوەتان بە مێردی پێشووتان هەیە.

قورئان نەک هەر لە ژیانی ئەم دنیادا, بەڵکو لەو ژیانە هەمیشەییەشدا کە لە دنیای دوای مردندا باسی کردووە!, ژنانی موسوڵمانی پشت گوێ خستووە و ڕووی گوتاری هەر لە پیاوانە , لە سورەتی " آل عمران / 15 " دا دەڵێت :

ـ ( قل أؤنبئكم بخير من ذلكم للذين اتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها و أزواج مطهرة و رضوان الله ).

واتا : ( بڵێ : ئایا ئەتانەوێ ئێوە لە شتێ چاکتر لە تەواوی سەرمایەی دنیا ئاگادار بکەم ؟, بۆ پارێزگاران لای پەروەردگاریان باغ و بێستانگەلێ هەیە کە چۆمە ئاو بە بن دارەکانیدا تێئەپەڕێ, بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمێننەوە, وە ژنانی پاک و خاوێن و ڕەزامەندیتان لای خوا دەست ئەکەوێ ).

قورئان لەم ئایەتەدا ڕووی گوتارەکەی تەنها ئاراستەی پیاوانی بڕوادار کردووە, باسی ژیانی خۆشی ئەودنیای هەر بۆ پیاوان کردووە کە, ژنی



جولەکەکانیش بە زۆری خەریکی دوکانداری و کاسبی ناو بازاڕ بوون, بە تایبەت زەرەنگەری.

( جولەکەکانی یەسرب , لێکۆڵەرەوەیەک ژمارەیانی بە زیاتر لە " 40000 " کەس خەملاندووە, ئەم ژمارەیە کەم نەبووە, جگە لەوەش توانای ئابوریان زۆر بەرز بووە.. ئەخباریەکان پێمان دەڵێن کە لەو سەردەمەدا خاوەنی ( 400 ) دوکانی زەرەنگەری بوون.. باڵیان کێشابوو بە سەر تەواوی بازاڕدا, هەندێک بازاڕ بە ناوی ئەوانەوە بوون, وەک بازاڕی بەنی قەینوقاع ) .8

ژیان لە شاری یەسرب, لە چاو ناوچەکانی دیکەی نیمچەدوورگەدا, دامەزراوتر, ئارام تر و تا ڕادەیەک پێشکەوتوو تر بووە. ناکۆکی لە نێوان خێڵە جولەکەکان و خێڵە عەرەبەکاندا نەبوو.

( بەڵام لە کۆنەوە ناکۆکیەک لە نێوان قورەیشەکانی مەککە و هەردوو خێڵی ئەوس و خەزرەجدا هەبوو, بەهۆی ئەوەی مەککە مەڵبەندێکی بازرگانی - ئاینی بوو, مەدینەش مەڵبەندێکی کشتوکاڵی بوو.. ئەمە وای لە خێڵەکانی ئەوس و خەزرەج کردبوو چاو ببڕنە ئەوەی بە گرتنە باوەشی بانگەوازی ئیسلام و سەرکەوتنی, جێگاوشوێنی دیاری مەککە بدەن بە مەدینە ) .9

سەرانی ئەوس و خەزرەج, پێشتر دوو جار لە مەراسیمی حەجی ساڵی ( 621 و 622 ) ز دا, لە عەقەبە محەمەدیان بینیبوو. جاری یەکەم ( 12 ) کەس و, جاری دووەم ( 72 ) کەس . پشتیوانی و موسوڵمان بوونی خۆیان بۆ محەمەد دەربڕیبوو, هەروەها پێشنیازیان بۆ کردبوو کە, خۆی و موسوڵمانەکان لە زوڵم و زۆری قورەیشەکان ڕزگار بکات و بچنە شاری یەسرب , لەوێوە کار بۆ ئاینەکەی بکات.. پەیمانیان لەگەڵدا بەستبوو ئەگەر بچێتە یەسرب هاوکاری بکەن. ئەم دوو پەیمانە لە مێژووی ئیسلامدا بە پەیمانی یەکەم و دووەمی عەقەبە ناسراوە.

هەلومەرجی ئارام و کراوەتری شاری یەسرب و, پشتیوانی ئەوس و خەزرەج, هۆی گرنگ بوون کە محەمەدیان هاندا بڕیاری کۆچکردنی دا.

هەرچی جولەکەکانیش بوون, لە مل ملانێی نێوان محەمەدو قورەیشەکاندا, سەرکەوتنی محەمەدیان لە لا باشتر بوو.. چونکە ئەمانیش باوەڕیان بە یەکخوداناسی هەبوو, لەگەڵ بتپەرستی قورەیشەکاندا نەبوون. جگە لەوەش, وەهای بۆ دەچوون کە, بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە شاری یەسرب دەبێ بە مەڵبەندی نیمچەدوورگەو, مەککە گرنگیەکی ئەوتۆی نامێنێ.. لەمەدا بەرژەوەندی خۆیان زیاتر گەشە پێ دەدەن.

## کاریگەریی بڕیاری کۆچ لەسەر گەشەی خێرای ئاینی ئیسلام :

بە گەیشتنی محەمەد و هاوەڵەکانی بۆ شاری یەسرب, لە لایەن خەڵکی شارەوە پێشوازی کران.

لە یەسرب زەمینەی مانەوەو درێژەدان بە خەبات, بۆ محەمەدو موسوڵمانان لەبارتر بوو.. هەلومەرجی بەئازادی کارکردن بۆ ئاینی ئیسلام, تەکانێکی باش بەرەوپێشی بردن.. لە ڕاستیدا بڕیاری کۆچ لەلایەن محەمەدەوە, بڕیارێکی مێژوویی بوو, چونکە گۆڕانێکی گەورەو خێرای بە سەر گەشەی هێزو توانای بزوتنەوەی ئیسلامدا هێنا.

هەر بۆیە ( موسوڵمانان مێژووەکەیان نە بە ساڵی لەدایک بوونی محەمەد, نە بە ڕۆژی هاتنەخوارەوەی وەحی, وە نە بە ڕۆژی کۆچی دوایی محەمەد دەست پێ ناکەن!, بەڵکو بەو ڕۆژە دەستیان پێ کردووە کە محەمەد لە تەمەنی " 53 " ساڵیدا, لە مەککەوە بۆ یەسرب کۆچی



ئیسلامدا, وەک خەلیفەکان و ئیمامەکان و .. هتد, هەموویان هەر پیاو بوون. تا ئێستا تەنانەت مەلای مزگەوتێک لە سەرانسەری کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی دنیادا ژن نەبووەو نیە !.

قورئان بە گوێرەی هەمان نەریتی جاهیلی, ئامۆژگاری و فەرمانەکانی بۆ ژنان بە خاوەنەکانیان ( پیاوەکانیان ) ڕادەگەیەنێت :

ـ ( یا أیها الذین آمنوا لا یحل لکم ان ترثوا النساء کرها ) النساء / 19 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە , بۆتان حەڵاڵ نیە بە زۆر و ئیکراه ژنان بە میرات بەرن ).

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە ئەگەرچی بە قازانجی ژنان بووە, لەو ڕوانگەیەوە کە بە زۆر لە لایەن پیاوانەوە بە میرات نەبرێن, بەڵام گوتارەکەی ڕوو لە پیاوانە. نەهاتووە بە ژنان خۆیان بڵێت : ئەی ژنانێ کە بڕواتان هێناوە, ئێوە کەرەسەو سامان نین, مرۆڤن, مەیەڵن پیاوان بە میرات بتانبەن !.

ـ ( و ان أردتم استبدال زوج مکان زوج و آتیتم احداهن قنطارا فلا تأخذوا منه شیئا ) النساء / 20 .

واتا : ( وە ئەگەر ویستتان لە جیاتی ژنێ " کە ئێستا هەتانە " ژنێ تر بێنن, وە بە یەکێ لەو ژنانە ماڵێکی زۆرتان بە ناوی مارەیی داوە, هیچ شتێک " لەو ماڵە دراوە " لەو ژنە مەستێننەوە ).

لەو ئایەتەی سەرەوەشدا قورئان ئەگەرچی بەرگری لە مافی مارەیی ژنان دەکات, بەڵام لە کێشەکەدا ڕووی گوتارەکەی لە ژنان , کە خاوەنی مافەکەن, ناکات !, بەڵکو بە پیاوان دەڵێت لێیان مەستێننەوە !.

ـ ( و اللاتي یأتین الفاحشة من نساءکم فاستشهدوا علیهن أربعة منکم فأن شهدوا فامسکوهن في البیوت حتی یتوفاهن الموت ) النساء / 15 .

واتا : ( وە کەسانێ لە ژنانی ئێوە کە زینا ئەکەن, چوار شایەدان لە خۆتان لە سەریان بگرن, جا ئەگەر شایەدیان لە سەر دان, جا ئەوانە " ژنە زیناکەرەکان " لە ماڵی خۆتان ڕابگرن تا دەمرن ).

قورئان لەم ئایەتەدا ڕەخنەی لە دیاردەی زینا ( سێکس لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی ئیسلامی ) گرتووەو حوکمیان دەدات .. ڕووی گوتارو

**زۆرینەی ئایەتەکانی قورئان دەربارەی ژنان, بەرگری لە دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا دەکەن و, جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان ژنان و پیاوان وەک دیاردەی خوداکرد دەناسێنێ و پیرۆزی دەکات.**

لە سەر ئەم بنەمایە, گوتارەکانی قورئان سەبارەت بە ژنان, ڕوو لە پیاوانە.. بە پیاوان دەڵێت, ژنەکانتان دەبێ وا بن و وا بکەن! .

ئامۆژگاری و حوکمەکانی قورئان, سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ژنان لە خێزاندا بەرانبەر بە پیاو, ڕەفتاری ژنان لە کۆمەڵدا, چۆنیەتی کچ بەشوودان , جیابوونەوە " تەلاق " و, بە گشتی چارەنووسی ژنان لە هەردوو دنیا! بە پیاو دەسپێرێت.

لە سەرانسەری قورئاندا, لە کۆی ( 6336 ) ئایەت, ( 79 ) ئایەت سەبارەت بە ژن قسەی کردووە. کە دەکاتە یەک بەش لە هەشتاو دوو بەش. لە کۆی ئەو ( 79 ) ئایەتەش , ( 57 ) ئایەت ئەگەرچی باسی ژنانی کردووە, بەڵام ڕاستەوخۆ ووتارەکەی ئاراستەی پیاوان کردووە!. ئەمە لەو ڕوانگەیەوەیە کە قورئان , پیاوان بە گەورەو خاوەن و وەلی ئەمری ژنان دەزانێت.

هەر لەو ڕوانگەیەوە کە لەو سەردەمەدا پیاو ( ڕەگەزی نێر ) لە کۆمەڵدا باڵادەست بووە, بۆیە قورئانیش پیاو مەزنتر چاو لێدەکات و, خوداش هەر بە نێر باس دەکات و دەیناسێنێ .. قورئان هەمیشە ( هوً , الذي ) , کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ نێر بە کار دێن, بۆ خودا بە کار دەهێنێت, بۆ نموونە :

– ( ان ربك لهو العزيز الرحيم ) الشعراء / 122 .
– ( و هو الواحد القهار ) الرعد / 16 .
– ( و هو رب العرش العظيم ) التوبة / 129 .
– ( الذي علَم بالقلم ) العلق / 4 .
– ( الذي أطعمهم من جوع ) قريش / 4 .

پێغەمبەرانیش کە هەر لە کۆمەڵگا پیاوسالاریەکانەوە هاتوون, هەر هەموویان پیاو بوون. پلە ئاینیەکانی دیکەش لە هەموو مێژووی



کردووە. وە لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژە گرنگترین ڕۆژ بووە لە ژیانی محەمەدو مێژووی ئیسلامدا ) [10].

لە ماوەی ساڵی یەکەمی کۆچدا, محەمەد ئالای برایەتی و بە ئاشتی پێکەوەژیان و هاوکاری هەڵکرد. لەگەڵ ئەوس و خەزرەج و جولەکەکاندا, بۆ ئاسایش وبەرگریکردنی هاوبەش و بەڕێوەبردنی شار پەیمانیان مۆر کرد.

لە یەسرب ( موسوڵمانەکانی قورەیش و ئەوس و خەزرەج و خێڵەکانی دیکە پێکەوە بەبێ جیاوازی دەژیان. وە پەیمانیان لەگەڵ جولەکەکانی یەسرب ساز دا بۆ بەرگری کردن لە شار و بەڕێوەبردنی ئیش وکار و سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوە. وە لەو پەیمانەدا ئەرک و فەرمانەکانی هەر لایەک دیاری کرا..ئەمە کۆنتراکتێک بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە یەسرب. لە ڕاستیدا هاوکاری کردنێکی نوێ بوو. بەهۆی ئەوەی موسوڵمانەکان زۆربە بوون, پێغەمبەر کرا بە سەرۆک و ڕابەری ئەم دەوڵەتە " یەسرب " ) [11].

ئەم پەیمان مۆرکردنە بە " بەڵگەنامەی مەدینە " ناوبراوە.

( شاری یەسرب لە قەلای ئەوس و خەزرەج و جولەکەوە, گۆڕا بە پایتەختی پێغەمبەر و موسوڵمانان. وە ناوی نرا " مەدینە " بۆ جیاکردنەوە لە دێهات و شاروچکەکانی حیجاز ) [12].

موسوڵمانەکان لە سەرەتاوە پەیوەندییان لە گەڵ جولەکەکان زۆر باش بوو, لە نوێژکردندا ڕوویان دەکردە قیبلەی جولەکە ( مسجد الأقصى ) . لە ڕۆژی غەفران دا, کە جولەکە بەڕۆژوو دەبوون, ئەوانیش بەڕۆژوو دەبوون.. هەموو کەس ئازاد بوو لە ئاینی خۆیدا.

محەمەد لە یەسرب, لە سەرەتادا بە هوشیاری و توانای ڕابەری کردن, سەرنجی خێڵە عەرەبەکان و جولەکەکانی بۆ کەسایەتی خۆی و ئاینە نوێکەی ڕاکێشا. ژمارەی موسوڵمانان لە زیادبوونێکی خێرادا بوو.

هەلومەرجی ئارام و لەبار, پێکەوەژیانی ئاشتی و برایەتی, ئازادی ئاین, لە ماوەی ساڵی یەکەمی کۆچیدا لە یەسرب, لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕەنگیان دایەوەو باسیان کراوە, بۆ نموونە :

ـ ( انما الموءمنون أخوة ) الحجرات / 10 .

واتا : ( بڕواداران برای یەکترن ) . لەم ئایەتەدا مەبەستی لە بڕواداران, هەر سێ ئاینە ئاسمانیەکەیە.

ـ ( و هو ربنا و ربکم و لنا أعمالنا و لکم أعمالکم ) بقرة / 139 .

واتا : ( ئەو خودای ئێمەو ئێوەشە, ئێمە کردەوەی خۆمان و ئێوەش کردەوەی خۆتان ).

ـ ( لا أکراه في الدین ) بقرة / 256 .

واتا : ( زۆرکردن لە ئایندا نیە ).

لە سەرەتادا محەمەد و موسوڵمانان لە شاری مەدینە, لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە کردەوە ئەو ئایەتانەی سەرەوە لە ژیانی ڕۆژانەو هەڵوێستەکانیاندا جێ بەجێ بکەن.

محەمەد دوای ئەوەی کرا بە سەرۆکی شار, بانگەوازی موسوڵمانان و خەڵکی کرد لە هەموو نیمچەدوورگەی عەرەبەوە, بۆ ئەوەی بێن لە مەدینە بژین و هاوکاری بکەن لە دامەزراندنی کۆمەڵی نوێدا.

( پێغەمبەر بانگەوازی هەموو بڕوادارانی کرد لە سەرانسەری نیمچەدوورگەوە, بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ مەدینە و لەوێ بژین. وە ئەمەی بە بەشێک لە ئیمان و ئەرکێکی ئاینی لەو قۆناغەدا چاولێکرد, لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێدا. ئەم بانگەوازە بە شێوەیەکی فراوان کاری کردە سەر لایەنەکانی ژیان لە مەدینە, وە ژمارەی دانیشتوان زیادی کرد ) .13

گەشەو زۆربوونی ژمارەی موسوڵمانان, بوو بەهۆی پەیدابوونی هێزێکی گەورە بۆ ئاینی ئیسلام, لە ژێر فەرمانی محەمەدی ڕابەری ئیسلامدا.



کەسایەتی ژن و کات و حەز و ئارەزووی سێکسی ژن هیچ حسابی بۆ نەکراوە!!.

( ئیبن و عەباس ووتوویەتی : تاقمی قوڕەیش, لە ناویانا باو بوو کە لە پێشەوەو لە دواوە سێکسیان لەگەڵ ژنەکانیان دەکرد. کاتێک کە هاتنە مەدینە, وە لە پشتگیریکەران " ئەنسار " ژنیان هێنا, ویستبوویان هەر وایان لەگەڵدا بکەن, هەر وەکو لە مەککە کردبوویان. ژنەکان پێیان باش نەبووبوو, پێیان ووتبوون ئێمە ئەم کارە ناکەین.. باسەکە بڵاو بووبووەوە تا گەیشتبوو بە پێغەمبەری خودا " دخ " , بۆیە خودای گەورە ئەو ئایەتەی سەرەوەی ناردە خوارەوە ) . 5

( مەبەست لە هێنانەوەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە قورئان هەر باسی ئارەزووی پیاوی کردووە, باسی ئارەزووی ژنی نەکردووە, کە چۆنە یا چی یە , ئەوجار ژنیشی بە کێڵگەو موڵکی پیاو داناوە و چۆنی دەسکاری دەکا بە ئارەزووی خۆیەتی و هیچ مافێک لەم ئارەزووە بۆ ژن نیە ) . 6

قورئان لە ڕوانگەی تایبەتی پیاوسالارانەی خۆیەوە کە, پیاوان بە کارسازو سەرپەرشتیکاری ژنان دەبینێ , گوتاری خۆی بۆ ژنان ئاراستەی پیاوان کردووە.

## 3 ـــ ئاراستەی گوتاری قورئان سەبارەت بە ژنان :

ئەگەر بە گشتی سەیری گوتاری قورئان سەبارەت بە ژنان بکەین, بەو ئایەتانەشەوە کە ڕیفۆرمیان بە قازانجی ژنان کردووە, دەبینین ڕەنگدانەوەو درێژەی ئەو ژیان و پلە کۆمەڵایەتیەیە کە ژنان لە سەردەمی کۆمەڵگای پیاوسالاری پێش ئیسلامدا هەیانبووە.

به گوێرەی مانای ئەم ئایەتەی سەرەوە, پیاوان بۆ هەمیشە کارساز و سەرپەرشتی ژنانن. چونکە خودا ئەم کارسازیەی هەر لە سەرەتاوە لە بایۆلۆگیەتی پیاودا دروست کردووە و گۆڕان هەڵناگرێ .

ژنان دەبێ هەتاهەتایە, لە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵ و سەرپرشتی پیاواندا بن!. هەروەها دوای ئەوە دەڵێت, لەبەرئەوەش کە پیاوان لە ماڵی خۆیان نەفەقەی ژنانیان ئەدەن .

ناوەرۆکی ئەم ئایەتەش تەواو ڕەنگدانەوەو درێژەی سیستەمی پیاوسالاری و نەریتەکانی کۆمەڵگای جاهیلی و سەردەمی ژیانی محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامە کە قورئان بۆ هەمیشە دایناوە!.

ـ ( لا جناح عليكم ان طلقتم النساء ) البقرة / 236 .

واتا : ( ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق بدەن تاوانێکتان لە سەر نیە ).

ئەم ئایەتە پیاوی ئازاد کردووە کە, هەر کاتێک ویستی ژنەکەی یا ژنەکانی تەڵاق بدات!. ئەوەی باسی نەکرابێت لە قورئاندا, قسەو بڕیاری ژنە لە مەسەلەی جیابوونەوە " تەڵاق " دا.. پلەی کۆمەڵایەتی ژن لە بڕیاری جیابوونەوەدا, بە گوێرەی قورئان, سفرە.

( تەڵاقدان هەر بەدەست پیاوە و ژن بە هیچ جۆرێک مافی ئەوەی نیە پرسی پێ بکرێ کە ئایا تەڵاق بدرێ یا نا, هەرچی ئایەتی قورئان هەیە و هاتووە دەربارەی تەڵاقدان خوا ڕووی لە پیاو کردووە و تەنها مافێک بۆ ژن هەبێت مارەیی و ناندانە ) . [4]

ـ ( نساؤكم حرث لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم ) البقرة / 223 .

واتا : ( ژنەکانتان جێی کشتوکاڵن بۆ ئێوە, کەوابوو هەر زەمان و هەر جۆرێ بتانەوێ " لە پاکیدا " دەسیان لەگەڵ تێکەڵ بکەن ).

جێگاوشوێنێک کە قورئان لەم ئایەتەدا بە ژنانی بەخشیوە ئەوەیە کە, ژنان ئامراز و هۆی خۆشی و چێژوەرگرتنی سێکسی پیاوانن.. پیاوان هەر کاتێک و هەرچۆنێکیان بوێت, دەبێ ژنان بۆیان هەڵسوڕێن, تا کاری پیاو بە ئەنجام دەگات.



هێزێکی وەها پێویستی بە سەرچاوەیەکی داهات بوو, بۆ ژیان و درێژەدان بە خەباتی داهاتوویان.

موسوڵمانانی ئەوس و خەزرەج, ئەگەرچی یارمەتی موسوڵمانانی ( موهاجیر ) [14] یان دەدا, لە خۆراک و جێگای مانەوەو نوستندا, بەڵام بەهۆی زۆربوونی ژمارەی موسوڵمانانەوە لە توانایاندا نەمابوو.

ئەمە ببووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و ناکۆکیەک لە نێوان موسوڵمانانی ئەنسار و موهاجریندا.

لەلایەکی دیکەوە, کۆبوونەوەی ئەو خەڵکە زۆرە لە مەدینەدا, بێکاری و هەژارییەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

[ بێکاری و هەژاری ببووە هۆی ناڕێکی و ناتەبایی لە نێوان ( ئەنسار ) [15] و موهاجرینەکاندا, کە هەلپەرستان بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی, بە فرسەت وەریان گرت بۆ فشار خستنەسەر پێغەمبەر, بۆ ئەوەی مەدینە بەجێ بهێڵێ ] .[16]

ـ ( و ان كادوا ليستفزونك من الأرض ليخرجوك منها ) الأسراء / 76 .

واتا : ( نزیک بوو بە دنەدان و گزی لەم سەر زەوی یە دەرت بکەن ).

## پێکهێنانی سوپای موسوڵمانان و دەرکردنی بڕیاری جیهاد :

محەمەد, لە لایەک بۆ ئەوەی چارەسەری کیشەکانی بێکاری و ناکۆکی ناوخۆی موسوڵمانان بکات, وە لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەی هێزی موسوڵمانان یەکبخات و بیخاتە گەڕ, سوپای موسوڵمانانی دامەزراند.

دامەزراندنی سوپای موسوڵمانان, لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی گەشەی خێرای بزوتنەوەی ئیسلام بوو.

لەگەڵ دامەزراندنی سوپادا, محەمەد بڕیاری جیهاد ی ڕاگەیاند.

( بڕیارنامەکانی جیهاد و شەڕکردنی دەرکردو کردی بە ئەرکێک

" فەرزێک " لەسەر هەموو ئەو موسوڵمانانەی کە توانای شەڕکردنیان هەبوو ).[17]

ئەو بڕیارانە لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ڕاگەیەندران :

ـ ( یا أیها النبي جاهد الکفار و المنافقين و اغلظ عليهم و مأواهم جهنم و بئس المصير ) الفرقان / 52 .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر لەگەڵ کافران و دووڕووان جیهاد بکە و بەسەریاندا توند و تووڕە بە, وە جێگایان جەهەنەمەو چ چارەسەرێکی خراپە ).

ـ ( توءمنون بالله و رسوله و تجاهدون في سبيل الله بأموالكم و انفسكم ) الصف / 11 .

واتا : ( بە خوداو پێغەمبەری خودا بڕوا بێنن و لە ڕێگای خوادا بە ماڵ و گیانی خۆتان جیهاد بکەن ).

ـ ( أذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا و ان الله على نصرهم لقدير ) الحج / 39 .

واتا : ( بەوانەی کە جەنگیان بە سەردا سەپاوە, ئیجازەی جەنگ و جیهادیان پێدراوە ).

هەروەها بڕیاری زەکاتی لە سەر موسوڵمانان فەرز کرد :

ـ ( و أقيموا الصلاة و اتوا الزكاة ) بقرة / 43 .

واتا : ( نوێژ بەجێ بێنن و زەکات بدەن ).

هەروەها بڕیارەکانی کۆکردنەوەی باج و تاڵانکردن و جزیە سەندن, وەک زەرورەتێک بۆ دابینکردنی پێداویستیە مادی و ئابوریەکانی دەوڵەت و سوپای موسوڵمانان, بەڕێوەبران.. خەڵکیش زۆر ئامادە بوون بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوت و تاڵانیی, بەشداری لە جیهاد دا بکەن! .

سوپای موسوڵمانان بە دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ قورەیشەکان و, پەلاماردانی کاروانە بازرگانیەکانی مەککە و تاڵانکردنی سەروەت وسامانیان, خرایە گەڕ.



واتا : ( وە هەروەها دوو شایەد لە پیاوانی خۆتان " موسوڵمان " بکەنە شایەد, جا ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوت پیاوێک و دوو ژن ).

**لەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا, پلەی کۆمەڵایەتی ژن لە قورئاندا ڕوون دەبێتەوە کە, نیوەی پلەی کۆمەڵایەتی پیاوانە.. یانی پلەی ژن لە ڕوانگەی قورئانەوە کەمترە لە پیاو, بۆیە دوو ژن بە یەک پیاو حسابە لە مافی میرات وەرگرتن و شایەدی داندا.**

ـ ( زين للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطير المقنطرة من الذهب و الفضة و الخيل المسومة و الأنعام و الحرث و ذلك متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن المئاب ) آل عمران / 14 .

واتا : ( خۆشەویستی ئارەزووەکانی نەفسانی بۆ خەڵک ڕازاوەتەوە کە بریتیە لە : ژنان, زاروڵە, کیسەی زێڕ و زیو, ئەسپی خۆشڕەنگ و نیشانەدار و پڕ خاڵ, مەڕوماڵات, کشتوکاڵ, ئەمانە کالای ژیانی دنیان و سەرەنجامی چاک لای خوایە ).

لەم ئایەتەدا, مەبەستی لە ووشەی " الناس " خەڵک, تەنها پیاوانە و هیچ حسابێکی بۆ ژنان نەکردووە, تەنها ئەوە نەبێت کە وەک کەرەسەیەک بۆ خۆشی پیاو, لەگەڵ کەرەسەکانی دیکەدا , لە لایەن خوداوە دراوە بە پیاو.. لەم ئایەتەدا ژن خراوەتە ڕیزی کیسەی زێڕ و زیو و ئەسپ و مەڕوماڵات!.

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە, درێژەکێشانی هەمان پلەی کۆمەڵایەتی ژنانە لە سەردەمی جاهیلیدا. ئەو کالا و ئامرازانەی لەم ئایەتەدا ناویان هاتووە, ئامراز و هۆی خۆشی ئەو سەردەمە بوون بۆ پیاوان.

ـ ( الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض و بما انفقوا من أموالهم ) النساء / 34 .

واتا : ( پیاوان کارساز و سەرپەرشتی ژنانن, لە بەرئەوەی خوا هەندێ لەوانەی بە سەر هەندێکا فەزیلەت داوە, وە لەبەرئەوەی پیاوان لە ماڵی خۆیان نەفەقەی ژنانیان ئەدەن ).

فرۆشتنیان و لەگەڵ ڕابواردنیان, چونکە بە ڕای ئیسلام ئەو ژنە بە مێردانەی بە دیل و تالاَنی دەگیرێن, کرێی مارەییان لادەچێ بە بوونیان بە دیل. هەروەها کەنیزەک هیچ هەقی پرس و ڕا وەرگرتنیان نی یە, نە بۆ کڕین و نە بۆ فرۆشتن, وەکو هەر ماڵ و کوتاڵێک کە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ ) . [2]

ژنانی کەنیزەک لە ئیسلامدا, نزمتر لە ژنانی ئازاد چاویان لێ کراوە. بە گوێرەی حەز و ئارەزووی موسوڵمانەکان لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردوون و, دوای ئەوەی تێر سێکس بوون لەگەڵیان, بازرگانیان پێوەکردوون.

( لە ئەبا سەعید دەگێڕنەوە ووتوویەتی: لە بەسەردادانی بەنی موستەلەق گەورە ژنانی عەرەبمان بە تالاَن گرت و دەمێکیش بوو ڕەبەن بووین, لە ژنانمان دوور بووین. وویستمان ڕابوێرین لەگەل ئەو ژنە بە دیل گیراوانە, بەلاَم لە منالْ بوونیان دەترساین, بۆیە گوتمان ڕادەبوێرین و ئاویان تێ ناکەین, لە پاشان گووتمان پێغەمبەرمان لەگەڵدایە بۆ لێی نەپرسین ؟ .. لێمان پرسی, گووتی بۆ وا دەکەن , بە دڵی خۆتان بکەن و لە دەرەوەی مەکەن, ئەوەی خوا بیەوێ دروستی بکا دەیکا, ئەگەر لە دەرەوەش بێ ) . [3]

هەروەها لەم ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوونە کە, **ئاینی ئیسلام بە گوێرەی بڕیاری قورئان, درێژەی داوە بە هەمان نەریتی فرەژنی سەردەمی جاهیلی. یانی ئیسلامیش هەر وەک سەردەمی جاهیلی تەنها ئارەزووی پیاوانی لە لا مەبەستە, هیچ دەربەستی ماف و ئارەزووی ئەو چوار ژنە نیە کە هەر یەکێکیان خوازیاری ئەوە بن لەگەڵ یەک پیاودا ژیان بە سەر بەرن.**

ـ ( یوصیکم الله في أولادکم للذکر مثل حظ الأنثیین ) النساء / 11 .

واتا : ( خوا لە بابەت منالْەکانتانەوە ڕاتان دەسپێرێ کە بۆ کوڕ بە ئەندازەی دوو کچ میرات هەیە ).

ـ ( و استشهدوا شهیدین من رجالکم فان لم یکونا رجلین فرجل و امرأتان ) البقرة / 282 .



( شورای قورەیش بە یەکەم لێدانی سوپای موسوڵمانان ئاگادار کرانەوە..!, دەستەیەک بە ڕابەری " عەبدوڵلاَ کوڕی جەحش " هەستان بە شکاندنی نەریتی کۆنی حەرامکردنی شەڕ لە مانگەکانی بازرگانی دا. لە نەخڵە " نخلة " ڕێگایان بە کاروانێکی بازرگانی قورەیشەکان گرت و, یەکێکیان بە ناوی " عەمرو کوڕی حەزرەمی " لێ کوشتن و, دووانیشیان لێ بە دیل گرتن, هەروەها دەستیان بە سەر کاروانەکەدا گرت. ئەم لێدانە قورەیشەکانی تووڕە کرد, هاواریان لێ بەرز بووەوە کە محەمەد و هاوڕێکانی, نەریتی مانگە حەرامەکانیان شکاند, خوێنیان تیا ڕشت و ماڵیان تالاَن کردو خەڵکیان بە دیل گرت ) .[18]

" عەبدوڵلاَ کوڕی جەحش " لە دەسکەوتەکان ( 1/5 )ی جیاکردەوە بۆ محەمەد, ئەوەی کە مایەوە, دابەشی کرد بە سەر خۆی و شەڕکەرەکانیدا.

[ دیاریکردنی ( 1/5 )ی دەسکەوتەکانی شەڕ بۆ پێغەمبەر, دەگەڕێتەوە بۆ کوڕی پوورەکەی پێغەمبەر " عەبدوڵلاَ کوڕی جەحش " کە لە نەخڵە نەریتی مانگە حەرامەکانی شکاندو دەستی گرت بە سەر کاروانەکەدا. ئەوە یەکەمین دەسکەوتی موسوڵمانەکان بوو ] . [19]

بەدوای ئەو کەمینەدا, ئەم ئایەتە دابەزی :

ـ ( و اعلموا انما غنمتم من شيء فأن لله خمسه و للرسول و لذي القربی و الیتامی و المساکین و ابن السبیل ) الأنفال / 41 .

واتا : ( وە بزانن بە ڕاستی هەر جۆرە سوود و غەنیمەتێک بە ئێوە بگا, یەک پێنجەمی بۆ خوا و بۆ پێغەمبەر و خزمان و هەتیوان و مسکێنان و لەڕێگاداماوانە ) .

یانی دابەشکردنەکەی " عەبدوڵلاَ کوڕی جەحش " لە لایەن محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە پەسەند کراو, کرا بە بڕیار, وە لەو ئایەتەی سەرەوەدا بۆ هەموو موسوڵمانان دابەزی! .

بە دوای لێدانی یەکەمدا, محەمەد گەمارۆی ئابوری خستە سەر مەککە و نەیهێشت گەنمی مەدینەیان بۆ بچێت. هەروەها دەستە سەربازیەکانیش بەردەوام لە سەر ڕێگاکانی مەککەدا کەمینیان دەدەنا.

لە دوای ساڵی یەکەمی کۆچییەوە محەمەد بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵ قورەیشەکان بڕی. تەنانەت موسوڵمانەکانی هان دەدا بۆ ئەوەی ژن لە قورەیشەکان نەهێنن! .

_ ( و لا تنكحوا المشركات حتى لا يوءمن ) بقرة / 221 .

واتا : ( وە ژنانی موشریک مارە مەکەن, مەگەر بڕوا بێنن ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە, بە بۆنەی ( ابي مرصد الغنوي ) یەوە دابەزی, کە حەزی لە کچێکی زۆر جوانی قورەیش بووە, بە پێغەمبەری ووتووە : زۆر شەیدای بووم و سەرنجی ڕاکێشاوم ) .[20]

بەڵام محەمەد نەیهێشتووە بیهێنێ و, ( ابي مرصد ) ئاواتەکەی نەهاتۆتە دی! .

هەواڵ گەیشت بە محەمەد کە, کاروانێکی بازرگانی قورەیشەکان بە سەرکردەیی ( ئەبو سوفیان ), لە شامەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەککە.

محەمەدی ڕابەر, سوپای موسوڵمانانی کۆکردەوەو, لە کاتی دیاریکراودا لە دۆڵی بەدر چوونە سەر ڕێگای کاروانەکە.. بەڵام لە هەمان کاتدا, هەواڵ بە ئەبوسوفیانیش گەیشتبوو کە, محەمەد کەمینی بۆ داناوە. بۆیە ئەویش زیرەکانە ڕێگای گەڕانەوەی گۆڕیبوو, کاروانەکەی بە سەلامەتی گەیاندبوەوە مەککە.

**شەڕی بەدر:**

بە بۆنەی گەیشتنەوەی کاروانەکە بە سەلامەتی, قورەیشەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان, چووبوونە دەرەوەی شار.. لە دۆڵی بەدر کەوتنە ناو کەمینی موسوڵمانەکانەوە. شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕووی دابوو, لە ئەنجامدا سوپای موسوڵمانان سەرکەوتن و قورەیشەکان تێکشکان,



چواردە سەدە و نیو زیاتر بە سەر ئەو یاسا و حوکمانەدا تێپەڕیوە!. کۆمەڵگاکان زۆر لەمێژە لە گەشەو بەرەو پێشەوەچوونی خۆیاندا ئەو بڕیارو یاساو حوکمانەیان تێپەڕاندووە.

جێگاو شوێن و هەلومەرجی ژیانی ژنانیش بە گشتی لەو بڕیار و حوکم و مافانەی کە ئاینی ئیسلام پێی ڕەوا بینیون بەرزترە.

ـ ( و لهن مثل الذي عليهن بالمعروف و للرجال عليهن درجة والله عزيز حكيم ) البقرة / 228 .

واتا : ( وە ژنان مافیان لە سەر پیاوان هەیە, بەڵام بۆ پیاوان پلەیەک مافی زیاتر هەیە, وە خوا بە ووزە و حەکیمە ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە, بڕیار و حوکمی قورئانە کە, پلەی نزم و خوارتر لە پیاوان لە کۆمەڵدا بۆ هەمیشە بپارێزێ. یانی بە گوێرەی قورئان, کە هەموو یاسا و حوکمەکانی ئیسلام لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە, ژن و پیاو هەرگیز لە خێزان و لە کۆمەڵدا یەکسان نابن.

ـ ( فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فان خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ما ملكت أيمانكم ) النساء / 3 .

واتا : ( ئافرەتانێ کە خۆشتان لێیان دێ و پێتان خوشیک و پاکن, دووان یان سیان یا چوار ژن مارەی بۆ خۆتان ببڕن, جا ئەگەر بترسن کە نەتوانن دادگەری لە بەرچاو بگرن, یەک ژن بەسە, یا لە ژنانێ کە ئێوە خاوەنی ئەوانن کەڵک وەربگرن ).

بە گوێرەی حوکمی ئەم ئایەتە, پلەی کۆمەڵایەتی ژن بەو ڕادەیەیە کە, هەر پیاوێک بۆی هەیە لە یەک کاتدا چوار ژنی هەبێت! . تەنیا مەرجیش لە سەر پیاوەکە ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان مافی چوار ژنەکەیدا نەکات.

هەروەها پیاوانی موسوڵمان بۆیان هەبووەو هەیە کە, کەنیزەک بۆ خۆیان مارە بکەن. ( کەنیزەک " جاریە " ئەو ژنانەن کە لە شەڕی دوژمنانی ئیسلامدا بە دیل و تالانی دەسکەوتوون و گیراون. ئەو ژنانە بە مێرد بن و مێردەکانیان لە ژیاندا مابێ یا کوژرابێ فەرق ناکا بۆ کڕین و

( 70 ) کەسیان لێ کوژرا و ( 70 ) کەسیان لێ بە دیل گیرا.. موسوڵمانەکان دیلەکانیان بردەوە بۆ مەدینە.

( لە ڕێگا بە فەرمانی محەمەد لە دیلەکان : ئەلنەزەر کوڕی حارس, عەقەبە کوڕی ئەبی, ئەبو حەکەم ـ ئەبو جەهل ـ , نوفل کوڕی خوەیلد کە ژنبرای محەمەد خۆی بوو, کوژران ) .21

دواتر دیلەکانی دیکەش بە پارەی زۆر بەرەڵا کران.

[ ڕۆژی بەدر موسوڵمانەکان لە نێو خۆیاندا, لەسەر دەسکەوتی شەڕ ببوو بە شەڕیان.. پێغەمبەر ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو, بۆیە ئەم ئایەتە دابەزی : ( يسألونك عن الأنفال قل الأنفال لله و الرسول فاتقوا الله و اصلحوا ذات بينكم ) الأنفال / 1 ]. 22

واتا : ( لە بابەت ئەنفالەوە لە تۆ دەپرسن, بڵێ ئەنفال تایبەتی خواو پێغەمبەرە, جا لە خوا خۆ بپارێزن و ناوبژی خۆتان بکەن و یەکتر ئاشت بکەنەوە ).

لە ڕاستیدا شەڕی بەدر, سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ موسوڵمانەکان, هەروەها بووە هۆی بەهێز تر بوونی کەسایەتی محەمەد.

**مەحکەم کردنی دەسەڵات لە مەدینە :**

( پێغەمبەر لە ناو خێڵەکانی نزیک مەدینەدا, جێگاوشوێن و ڕێزێکی زۆری پەیداکرد. دیاری زۆری بۆ دەهات بۆ ئەوەی لێیان ڕازی بێت. شەڕی بەدر بووە هۆی فراوان بوونی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی نوێ, لە بەرانبەردا بووە هۆی لاوازکردنی بەرەی مەککە, چونکە زیانی زۆری لە بزوتنەوە بازرگانیەکەیان دا.

ئەمە وای کرد خێڵەکان چاو بخشێننەوە بە هەڵوێستی خۆیان لە بەرانبەر قورەیش و دەسەڵاتی نوێی مەدینەدا.. توانای مادی و مەعنەوی موسوڵمانان باشتر بوو, ئەمە وای لێکردن لە مەدینەدا



## 2 ـ جێگا و شوێنی ژن لە قورئاندا :

هەر وەک لە باسی چاکسازیەکاندا ئاماژەمان پێ کرد, ڕەخنەکانی بەرنامەی ئاینی ئیسلام ( قورئان ) لە مەسەلەکانی پەیوەند بە ژنانەوە, بریتی بوون لە ڕەخنە لە هەندێ دیاردەو دابونەریتی کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستان کە, لە سایەیاندا ژنان ستەمی زۆریان لێ کراوە.

**ئاینی ئیسلام, بە گوێرەی بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ژنان و, ئەوەندەی بۆی کراوەو لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا, هەوڵی گۆڕانکاری و چاکسازی لە هەندێک لەو نەریتانەدا داوە, کە ئەوانە بە لایەنی گەش بۆ ئاینی ئیسلام, بۆ ئەو سەردەمە , دێنە ژمار.**

بەڵام لێرەدا پێویستە لە سەر خاڵێکی گرنگ هەڵوەستە بکەین, ئەویش ئەوەیە کە, ئاینی ئیسلام لە هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتیەکاندا, لەوانەش لە مەسەلەی ژناندا, ڕەخنەی ڕیشەیی لە سیستەمی پیاوسالاری باوی ئەو سەردەمە نەگرتووەو, خوازیاری نەهێشتنی جیاوازیەکان نەبووە.

هەروەها بە گشتی خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان نەبووە.

نەخێر, **بەڵکو بەرنامەی ئاینی ئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامی, خۆی درێژەی کۆمەڵگای پیاوسالاری و زۆربەی نەریتە باوەکانی ئەو سەردەمە بووە , پارێزگاریکەری جیاوازیەکانی نێوان ژنان و پیاوان بووە.. نەک هەر ئەوە, بەڵکو ئاینی ئیسلام جێگاو شوێنی نزم و پلە دووی بۆ ژنان , لە چاو پیاواندا, لە بڕیار و حوکمەکانی قورئاندا بۆ هەمیشە بە ڕەسمی ناسیوەو پیرۆز ڕایگرتووە.**

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەبێت کۆمەڵ بۆ هەمیشە بەو بڕیارو حوکمانەی قورئان , کە بۆ سەدەی شەشەمی زاینی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستان داڕێژراون, حوکم بکات. ئەمە لە حاڵێکدا کە

هەولّی دەسەلاّتی تەواو بدەن.. بۆ ئەو مەبەستە دەستیان کرد بە تەمبیّ کردنی نەیاران, ترس ولەرزیان دەخستە دلّیانەوە, هەر کەسێک دژایەتی دەولّەتی نوێی بکردایە دەکوژرا ). [23]

دەبوو هەموو کەس ملکەچی فەرمانی محەمەد بێت! . ئەم گۆڕانە, لە ئایەتەکانی قورئانیشدا ڕەنگیان دایەوە :

ـ ( و ما أرسلنا من رسول الا ليطاع ) النساء / 64 .

واتا : ( وە هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە مەگەر لەبەر ئەوە نەبیّ کە پەیڕەوی لیّ بکریّ ).

ـ ( من يطع الرسول فقد أطاع الله ) النساء / 80 .

واتا : ( هەرکەسیّ بە قسەی پێغەمبەر بکا, بەڕاستی بە قسەی خوای کردووە ).

ناوەرۆکی ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە ئەوە دەگەیەنێت کە, هەرکەس پەیڕەوی لە محەمەد نەکات, مانای پەیڕەوی خودای نەکردووە!, هەرکەسیش پەیڕەوی خودا نەکات, یانی بە کافر دەدرێتە قەلّەم, کافریش دژی ئیسلامەو تاوانبارە! .

بەم شێوەیە, سەرکەوتنی شەڕی بەدر بووە هۆی گۆڕینی سیاسەت و هەلّوێستی محەمەد, لە پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەلّ خێلّەکانی ناو مەدینە.

( بۆ ئەوەی قۆناغێکی نویّ لە هێلّی ستراتیجی دەست پیّ بکاو قۆناغی هاوپەیمانی تاکتیکی, لەگەلّ هێزە لاوازەکان تێپەڕێنیّ ). [24]

ئاینەکانی جولەکە و دیان, لای محەمەد و موسولّمانان گرنگییان نەما! , ئایەتی 62 / بقرة , ئیدی کاری پیّ نەکرا, کە دەلّێت :

ـ ( ان الذين آمنوا و الذين هادوا و النصارى و الصابئين من آمن بالله و باليوم الأخر و عمل صالحا فلهم أجرهم عند ربهم ).

واتا : ( بەڕاستی کەسانیّ کە بڕوایان هێناوەو یەهود و نەسارا و سابئین, هەرکەس کە بە خواو ڕۆژی بەریّ بڕوای هێناوەو کارو



لە ڕاستیدا ئەو ڕیفۆرم و بڕیارو حوکمانەی قورئان لە سەردەمی خۆیدا, دەوری خۆیان لە کەمتر کردنەوەی ڕادەی چەوساندنەوەی ژنانی عەرەبستاندا گێڕاوەو, خستوونیەتە پلەیەکی بالاّتر لە سەردەمی پێش ئیسلام.

بەلاّم گرفتی ئاینی ئیسلام و بەرنامەکەی لەوەدایە کە, ئەو ڕیفۆرمانەی وەک بڕیارو حوکم لە ئایەتەکاندا داڕێژراون و, بۆ ئەو سەردەمە دیاریکراوەی کۆمەلّگای عەرەبستان ڕیفۆرمی باش بوون, هەروەها ئەو بڕیار و حوکمانەش کە ڕیفۆرم نین , بۆ هەمیشەو وەک یاسا و حوکمی نەگۆڕ و دەقی پیرۆزی خودایی چاو لیّ کردووە! .

بەرنامەی ئاینی ئیسلام لەگەلّ بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی کۆمەلّگادا نیە. لەگەلّ ئەوەدا نیە کە, ئەو بڕیارو یاسایەی یۆ سەردەمێکی دیاریکراو ڕیفۆرم و گۆڕانێکی ڕوو لە پێش بووە, بۆ سەردەمی دوای خۆی بەسەر دەچێت و ناتوانیّ بۆ هەمیشە بە پێشکەوتوویی بمێنێتەوە.. هەمان ئەو بڕیارو حوکمانە بۆ سەردەمەکانی دواتر ڕێگر بوون لە پێشکەوتنی کۆمەلّ .

گۆڕان وبەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی سەرجەم کۆمەلّگاکانی مرۆڤ ئەوەیان سەلماندووە کە, هیچ ئاین و بڕیار و یاسایەک لەگەلّ هەموو سەردەمەکاندا نایەتەوە. هەموو ئەو بۆچوون و ئاینانەی کە بڕیار وحوکم و یاسای نەگۆڕیان بۆ کۆمەلّ داڕشتووە, خۆیان لە کۆمەلّ بە جێماون.

**بڕیار و حوکمەکانی قورئانیش سەبارەت بە جێگاوشوێن و پلەیەک کە بە ژنانی ڕەوا بینیوەو, لە سەردەمی خۆیدا چاکسازی و جێگای شانازی ئیسلام بوون , بە حوکمی مێژووی ڕوو لە پێشی کۆمەلّ, بۆ سەردەمانی دواتر بوونەتە یاسای ڕێگر لە پێشکەوتن و بەدەسهێنانی یەکسانی و ژیانی باشتر بۆ ژنان.**

ڕیفۆرمەکەش ئەوە بوو کە, ئیسلام لێدانی ژنانی خستۆتە دواترەوە. وە لەم ئایەتەدا داڕێژراوە :

ــ ( و اللاتي تخافون نشوزهن فعضوهن و اهجروهن في المضاجع و اضربوهن فأن اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا, ان الله كان عليا كبيرا ) النساء / 34 .

واتا : ( وە ژنانێ کە بەرزەفڕن و, ئەترسن کە نافەرمانیتان بکەن, لە بەرا ئامۆژگاریان بکەن, لە پلەی دووەمدا جێیان لێ جیابکەنەوە, جا لە پلەی سێ یەمدا لێیان بدەن و تەمبێیان بکەن, بەڵام ئەگەر بە قسەیان کردن, ئێوەش " بیانویان پێ مەگرن " ڕێی ستەم کردن لەوان مەگرنە بەر, بە ڕاستی خوا پایەبەرزێکی گەورەیە ).

ــ هەروەها لە ئایەتی 22 ی هەمان سورەتدا دەڵێت :

ــ ( و لا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء الا ما قد سلف انه كان فاحشة و مقتا و ساء سبيلا ).

واتا : ( وە ژنانێ کە باوکتان مارەیان بڕیون, مارەیان مەبڕن, مەگەر ئەوە کە بەر لەم " حوکمە " کرابێ, چونکە ئەمە خراپە و ناشیاوە, وە ڕق هێنەرە و ڕەوشتێکی بەدفەڕە ).

دیارە ئەم دیاردەیە, کە یەکێک باوەژنی خۆی مارە بکاتەوە, هەبووە, بۆیە ئیسلام لەو ئایەتەی سەرەوەدا یاساغی کردووە.

ئەو نموونانەی سەرەوە هەندێک لەو گۆڕان و چاکسازیانە بوون کە, دەسەڵاتی ئیسلام لە سەردەمی ژیانی محەمەد خۆیدا, بە ئەنجامی گەیاندوون. ئەگەر لە ناوەڕۆک و بابەتی ئەو ڕیفۆرمانە ورد بینەوە, لەوە تێدەگەین کە, چارەسەرەکان وەڵامی تایبەت بەو هەلومەرج و سەردەمە دیاریکراوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانی نیمچەدوورگەی عەرەبستانن.. چارەسەرەکان کە لەو ئایەتانەدا داڕێژراون, حوکم و بڕیارێک نین لە پێش هەبوونی کێشەکانەوە داڕێژرابن, بەڵکو وەڵامی ئەو بزوتنەوە واقیعیەن کە لەسەر ئەرزی عەرەبستاندا بۆ خزمەتی کێشەکانی ئەو سەردەمەی ئەو کۆمەڵگایە لە دایک بووە.



کردەوەی چاکی ئەنجام داوە, جا بۆ ئەوانە لای پەروەردگاری خۆیان ئەجر هەیە ).

بە کردەوە ئایەتی 19 ی سورەتی ئالعەمران , خرایە گەڕ کە دەڵێت :

ــ ( ان الدين عند الله الأسلام ).

واتا : ( تەنیا دینێ کە لای خوا قەبوڵە ئیسلامە ).

دوای سەرکەوتنی شەڕی بەدر, محەمەد قیبلەی موسوڵمانانی گۆڕی, لە قیبلەی هاوبەش ( قودس )ەوە, بۆ قیبلەی سەربەخۆ ( کەعبە ). هەروەها بە لای محەمەدی ڕابەرەوە, هاوکاری و دەسەڵاتی هاوبەش لە بەڕێوەبردنی شاری مەدینەدا, ئیتر زەرورەتی نەما, دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام دەبوو جێگای دەسەڵاتی هاوبەش بگرێتەوە. بۆیە لە یەکەم هەنگاودا قیبلەی موسوڵمانانی لە قیبلەی جولەکە جیاکردەوە, ئەم ئایەتەش بۆ گۆڕینی قیبلە دابەزی :

( قد نرى تقلب وجهك في السماء فلنولينك قبلة ترضاها فول وجهك شطر المسجد الحرام ) بقرة / 144 .

واتا : ( ئێمە گەڕانی ڕووی تۆ بە ئاسماندا ئەبینین, ئێستا ئەتخەینە سەر ڕووگەیەک کە پێت خۆشە, ڕووی خۆت بۆ لای مەسجیدولحەرام وەرگێڕە ).

دوای جیاکردنەوەی قیبلە, محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام, پلانی هێرش بۆ سەر جولەکەکانی بەنوقەینوقاعی دانا.

ئەوەبوو ( جولەکەکانی لە بازاڕی قەینوقاع کۆکردەوەو پێی ڕاگەیاندن : تەسلیم بن بە ئیسلام پێش ئەوەی وەکو قورەیشتان بەسەر بێت! ) .[25]

یانی داوای لێکردن کە واز لە ئاینی خۆیان ( جولەکە ) بهێنن و هەر هەموویان ببن بە موسوڵمان!.

جولەکەکان داواکەی محەمەدیان بۆ جێ بەجێ نەکرا, لەبەر ئەوە محەمەد بە سوپای موسوڵمانان هێرشی بردە سەریان. ماوەی ( 15 ) ڕۆژ لە ماڵەکانی خۆیاندا گەمارۆی دان..

( ویستی هەموویان بکوژێ )[26] , بەڵام ( عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی )[27] , سەرۆکی خێڵی خەزرەج داوای لە محەمەد کرد کە, ئەو کارەیان بەرانبەر نەکات.. ئەوەبوو محەمەد کوشتاری لێ نەکردن, بەڵام بەو مەرجەی, لە ماوەی ( 3 ) ڕۆژدا مەدینە بەجێ بهێڵن!. بڕیارەکەی بە سەردا جێ بەجێ کردن و, دەستی گرت بەسەر هەموو سەروەت و سامان و موڵک و زەویەکانیاندا.

لە سەر هەڵوێستی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی, کە داوای لە محەمەد کرد, جولەکەکانی بەنوقەینوقاع نەکوژێ, ئەم ئایەتەی خوارەوە دابەزی, کە ئاگادارکردنەوەو هەڕەشە بوو بۆ عەبدوڵڵا :

ـ ( یا أیها الذین آمنوا لا تتخذوا الیهود و النصاری أولیاء بعضهم أولیاء بعض و من یتولهم منکم فأنه منهم ) المائدة / 51 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە, جولەکەو مەسیحیان مەگرن بە دۆست و پشتیوان, چونکە ئەوان یار و پشتیوانی یەکترن, وە هەرکەس دۆستی لەگەڵ ئەوان بکا, جا بە ڕاستی لەوان دێتە ژمار ).

## گۆڕینی گوتاری قورئان :

**پێ بە پێی گۆڕانی هێز و گەشەی سوپای موسوڵمانان و مەحکەمترکردنی دەسەڵات, گوتاری قورئان و بابەتی ئایەتەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دەهات. لە جیاتی ئامۆژگاری و بانگەواز بۆ کردەوەی چاک , خوداپەرستی, نوێژ و ڕۆژوو, ڕۆژی قیامەت, ناوەرۆکی ئایەتەکان گۆڕان بە جیهاد, هاندان بۆ کوشت وکوشتار, تۆڵەسەندنەوەو باج و خەراج سەندن.**

( ئایەتە خۆش ئاهەنگەکانی سورەتەکانی مەککی, کە جاروبار ووتە شاعیرانەو ئارام بەخشەکانی محەمەد لە بیرەوەریەکاندا زیندوو دەکاتەوە, لە هەڵچوون و ڕۆحی گەرمی پیاوێک دەدوێت کە گیرۆدەی ئەندێشەی خەونە خەیاڵاوی یەکانی خۆیەتی, لە مەدینەدا کەمتر



ئاینی ئیسلام ڕەخنەی لەم کارە گرت و جێگا تایبەتیەکانی لەشفرۆشییان بە ئاشکرا لەو خاوەن کەنیزانە داخست. وە سەبارەت بە قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە, ئەم ئایەتە هاتووە :

ـ ( و لا تکرهوا فتیاتکم علی البغاء ان أردن تحصنا لتبتغوا عرض الحیاة الدنیا و من یکرهن فان الله من بعد اکراههن غفور رحیم ) النور / 33 .

واتا : ( کەنیزانی خۆتان بۆ بەدەسهێنانیماڵی دنیا ناچار بە زینا و خۆفرۆشی مەکەن, ئەگەر ویستیان پاک بمێنن, جا بە ڕاستی خوا بۆ ئەو کەنیزانە کە بە زۆر بە زیناکردن دراون, غەفور و ڕەحیمە ).

## ـ دیاردەی فرەژنی :

**ئەم دیاردەیە بە تایبەت لە ناو دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتەکاندا نەریتێکی باو بوو. پیاوی وا هەبووە زیاتر لە 10 ژنی هەبووە! .**

**ئیسلام ئەم دیاردەیەی قەدەغە نەکرد, بەڵکو چاکسازیەکی تێدا کرد و حەڵاڵی کرد, ئەویش ئەوە بوو سنورێکی بۆ دیاری کرد کە, پیاوێک بۆی نەبوو لە یەک کاتدا لە چوار ژن زیاتری هەبێت, جگە لە کەنیزان.**

وە لەم ئایەتەی خوارەوەدا بوو بە یاسای ئیسلام :

ـ ( فانکحوا ما طاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع فأن خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ما ملکت أیمانکم ) النساء / 3 .

واتا : ( لە ئافرەتان کە خۆشتان لێیان دێ و پێتان خوشیک و پاکن, دووان یا سیان یا چوار ژن مارەی بۆ خۆتان ببڕن, جا ئەگەر بترسن کە نەتوانن دادگەری لە بەرچاو بگرن, یەک ژن بەسە, یا لە ژنانێ کە خاوەنی ئەوانن کەڵک وەربگرن ).

## دیاردەی لێدان و ئەشکەنجەی ژنان لە لایەن پیاوانەوە :

ئەم دیاردەیە کە لە کۆمەڵی عەرەبستاندا نەریتێکی باو بوو, ئاینی ئیسلام حەرامی نەکرد, بەڵکو سووکە ڕیفۆرمێکی تێدا کردو , بە چارەسەری زانی بۆ ژنانێک کە سەرپێچی فەرمانی پیاوەکانیان دەکەن.

واتا : ( خوا لە بابەت منالّەکانتانەوە ڕاتان دەسپێرێ کە بۆ کوڕ بە ئەندازەی دوو کچ میرات هەیە ).

**یانی لە میرات وەرگرتندا, بۆ مێینەش بە نیوەی نێرینە, مافی دانا. بێگومان جێ بەجێکردنی ئەم یاسایە بۆ ئەو سەردەمە, ئەگەرچی نیوە ماف بووە, بەڵام هەنگاوێکی باش و بە قازانجی ژنان بووە.**

( سیستەمی قورئان ژنی لە بێ مافی پێش ئیسلام, لە وەرگرتنی میرات, ڕزگار نەکرد, بەڵکو نیوەی مافی پیاوی پێ ڕەوا بینی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتنێکی گرنگ و بەرچاو بوو. هەر وەکو میلو دەڵێ : ڕیفۆرمێکی ئازایانە بوو, وە لە ڕاستیدا دەتوانین بە یەکێک لە مەزنترین سەروەریەکانی محەمەد بیژمێرین ) .[1]

**ـ ژن بردن بە میرات :**

دیاردەیەکی دیکە کە لە ناو خێڵە عەرەبەکاندا باو بوو ئەوە بوو کە, ئەگەر ژنێک مێردی بمردایە, بە زۆر بە میرات دەدرا بە برای مێردەکەی. یانی بە بێ پرس و ڕەزامەندی ژنەکە.

ئیسلام ڕەخنەی لەم نەریتە گرت و چاکسازیەکی تێدا کرد.. ئەویش ئەوە بوو کە دەبێ پرس بە ژنەکە بکرێ و بەوە قایل بێت. لەم بارەیەوە لە سورەتی " النساء " ئایەتی 18 دا دەڵێت :

ـ ( یا أیها الذین آمنوا لا یحل لکم ان ترثوا النساء کرها ) .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە, بۆتان حەڵاڵ نیە بە زۆر ژنان بە میرات بەرن ).

**ـ ناردنی کەنیزان بۆ لەشفرۆشی :**

دیاردەیەکی دیکە ئەوە بوو هەندێک لە پیاوانی خاوەن کەنیزان, بۆ بەدەستهێنانی پارە, کەنیزانی خۆیان بە زۆر ناچار بە لەشفرۆشی دەکرد.



دەبینرێت. ئاهەنگی شیعر و ئاوازی مۆسیقا لە ئایەتی مەدەنی دا بەرەو کزی و خامۆشی دەچێت و حوکم و بڕیاری توند و ڕەق جێگای دەگرێتەوە ) .[28]

ئایەتەکانی : ( دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم ) , ( زۆرەملێ لە ئایندا نیە ), ( پێغەمبەر هیچی لەسەر نیە ڕاگەیاندن نەبێت ) و ( بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاک خەڵک بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە ) و...هتد, ئەمانە ئایەتی محەمەدی مەککە بوون.. ئایەتی سەردەمی لاوازی و نەبوونی دەسەڵات بوون و, بەسەر چوون .

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بە سەر دەسەڵاتدا لە مەدینە, ئیدی محەمەد خاوەن حوکم و دەسەڵات و هێزە. گوتاری توندوتیژی ئایەتەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو هێزو دەسەڵاتەن و ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکرێن کە لەگەڵ ئیسلامدا نین :

ـ ( یا أیها النبي حرض الموءمنین علی القتال ) الأنفال / 65 .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر بڕواداران دنە بدە بۆ جەنگ کردن ).

ـ ( و قاتلوا في سبیل الله الذین یقاتلونکم ) بقرة / 190 .

واتا : ( وە لە ڕێگای خوادا بە شەڕ بێن لەگەڵ ئەوانەی وا جەنگتان لەگەڵ دەکەن ).

ـ ( و قاتلوهم حتی لاتکون فتنة و یکون الدین لله ) بقرة / 193 .

واتا : ( وە لەگەڵ ئەوانە شەڕ بکەن تا فیتنە لەناو بچێ و دین ببێتە تایبەتی خودا ).

ـ ( و من یبتغ غیر الأسلام دینا فلن یقبل منه ) آل عمران / 85 .

واتا : ( وە هەرکەسێ بێجگە لە ئیسلام دینێ تر هەڵبژێرێ, جا هەرگیز لێی قەبوڵ ناکرێ ).

**شەڕی ئوحود :**

لە تۆڵەی شەڕی بەدردا, قورەیشەکان هێزی خۆیان کۆکردەوەو, بە لەشکرێکی ( 3000 ) کەسییەوە هێرشیان بەرەو مەدینە برد.. محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام, لەسەر داوای سەرکردەکانی سوپاکەی, سوپای موسوڵمانانی بردە دەرەوەی مەدینە, بۆ ئەوەی پێش بە هێرشی قورەیشەکان بگرن.

( عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ) 29 کە شارەزاییەکی باشی لە شەڕو هێرش و پەلاماردا هەبوو, چوونە دەرەوەی موسوڵمانانی پێ هەڵە بوو. بۆیە خۆی و خێڵی خەزرەج لە فەرمانی محەمەد دەرچوون, لە مەدینەدا مانەوەو بەشداری شەڕیان نەکرد. ئەمە بووە هۆی لاوازیەک بۆ سوپای موسوڵمانان.

پێش ڕوودانی شەڕ, محەمەد بۆ هاندان و بەرزکردنەوەی ورەی سوپای موسوڵمانان, ئەم ئایەتەی خوارەوەی بۆ خوێندنەوە :

ـ ( سنلقي في قلوب الذين كفروا الرعب ) آل عمران / 151 .

واتا : ( بە زوویی ترس و لەرز ئەخەینە ناو دڵ و دەروونی کافران ).

لە دەشتی ئوحود هەردوو سوپاکە بە یەکدا هاتن.. شەڕێکی خەست لە نێوانیاندا ڕوویدا, لە ئەنجامدا قورەیشەکان سوپای موسوڵمانەکانیان شکاند و, بەگوێرەی شەڕی بەدر تۆڵەیان لێ کردنەوە.. [ ( 70 ) کەسیان لێ کوشتن و ( 70 ) کەسیشیان لێ بە دیل گرتن ] .30

محەمەد خۆیشی لەم شەڕەدا بریندار کرا.. بە بریندار بوونی پێغەمبەری ئیسلام, کۆمەڵێک لە موسوڵمانان شەڕەکەیان بەجێ هێشتبوو و ڕایانکردبوو!.

[ لەوانەی کە هەڵاتن و پێغەمبەری خۆیان بەجێ هێشت, عوسمانی کوڕی عەفان, سواد کوڕی غزیە, حارس کوڕی حاتب, سەعد کوڕی عوسمان, عەقەبە کوڕی عوسمان, دوای ( 3 ) ڕۆژ ئنجا گەڕابوونەوە بۆ مەدینە ] .31



با پێکەوە سەرنجی ئەم چەند دیاردەیەی خوارەوە بدەین کە لەو سەردەمەدا باو بوون و لە بەرنامەی ئاینی ئیسلام ( قورئان )دا ڕەخنەیان لێ گیراوە :

### ـ دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچانی تازەلەدایکبوو :

ئەم دیاردەیە لە ناو هەندێک لە خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدوورگەدا شتێکی باو بوو.. محەمەد هەر لە ناو ڕەوتی حونەفاوە, پێش ئەوەی پێغەمبەرێتی خۆی ڕابگەیەنێت, ڕەخنەی لەم دیاردەیە گرتووە . لە ڕێکخستنی بزوتنەوەی ئیسلامیشدا هەر ڕەخنەگری ئەو دیاردەیە بووە. لەم ئایەتەی خوارەوەدا داوای لەو خەڵکانە کردووە کە واز لەو نەریتە بهێنن :

ـ ( و اذا بشر أحدهم بالأنثى ظل وجهه مسودا و هو كظيم يتوارى من القوم من سوء ما بشر به أيمسكه على هون أم يدسه في التراب الا ساء ما يحكمون ) النحل / 58 , 59 .

واتا : ( وە هەر کاتێ بە یەکێ لەوانە بە کچ مزگێنی بدرێ, دەموچاوی " لە بەر ناڕەحەتی " ڕەش هەڵدەگەڕێ و هەر پیش دەخواتەوە, لە هۆزی دەتۆرێ, لە بەر ئەو مزگێنیە خراپە کە پێی درابوو " نازانێ " ئایا بە نەنگەوە ئەو " کچە " ڕابگرێ یا بیخاتە ژێر گڵ, وشیار بن بەدفەڕانە حوکم دەکەن ).

### ـ بەشە میرات بۆ ژنان :

لە سەردەمی پێش ئیسلامدا ژن مافی وەرگرتنی هیچ بەشێک لە میراتی نەبووە.. ئیسلام ڕەخنەی لەم بێ مافیەی ژنان گرتووەو, گۆڕانی تێدا کردووە.

بەگوێرەی یاسای ئیسلام, وەک لەم ئایەتەی خوارەوەدا داڕێژراوە, ژن نیوەی مافی پیاوی لە وەرگرتنی میراتدا پێ براوە :

ـ ( يوصيكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الأنثيين ) النساء / 11 .

سەرچاوەیەکی خۆشی و چێژوەرگرتنی سێکسی, بەدەر لە حەز و ئارەزووی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە.
ئێستا لەم بەشەدا, ئەو چاکسازیانەی بە هاتنی ئاینی ئیسلام و, لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد خۆیدا, لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەلایەتی ژنانی کۆمەڵگای نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا ئەنجامدراون, هەروەها جێگاوشوێنی ژنان لە قورئاندا باس دەکەین :

## 1 ـــ چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ژناندا :

بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام, پێش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا دابمەزرێنێ, وەک بزوتنەوەیەکی ئاینی ڕیفۆرمخواز, لە قورئاندا ڕەخنەی لە کۆمەڵێک دیاردەو نەریتی باوی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای عەرەبستان بە گشتی و, هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان گرتووەو, خوازیاری کۆمەڵێک چاکسازی کۆمەڵایەتی بووە.

**کاتێکیش کە ئاینی ئیسلام بوو بە دەسەڵات لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا, بە کردەوە هەندێک لەو چاکسازیانەی لە ژیانی ژنانی ئەو کۆمەڵگایەدا ئەنجام داوە.**

**ئەو ڕیفۆرمانە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا, چ وەک ئامۆژگاری, یان وەک حوکم و یاسا باسکراون.**

**ئەگەر بە پێوانەی ئەو سەردەمە و بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پێش ئیسلام هەڵیان بسەنگێنین, بەڵگەی ئەوە بە دەستەوە دەدەن کە, بۆ ئەو هەلومەرجە دیاریکراوەی کۆمەڵگای عەرەبستان, هەنگاوی بەرەو پێشەوەچوون بوون و بە قازانجی ژنانی ئەو کۆمەڵگایە بوون.**



( یەکێک لە هۆکارە سەرەکی یەکانی شکانی موسوڵمانان لە شەڕی ئوحوددا ـ ساڵی چواری کۆچی ـ ئەوە بوو کە ئێشکگرو بۆسەچی یەکانی سەر بەرزایی یەکان بە تەماحی کۆکردنەوەو دەسکەوتنی غەنیمەت و دەسکەوتەوە سەنگەرەکانیان بەجێ هێشتبوو ) .[32]

بەلام محەمەد بەگوێرەی ئەم ئایەتەی خوارەوە هۆی شکاندنەکەی گەڕاندبووەوە بۆ فەرمانی خودا :
ـ ( و ما أصابكم يوم التقى الجمعان فبأذن الله و لم يعلم المؤمنين ) آل عمران / 166 .
واتا : ( وە ئەو زیانانەی وا لە " ئوحود " ڕۆژی ڕووبەڕوو بوون بە ئێوە گەیی بە فەرمانی خوا بوو, لە بەر ئەوە بوو تا بڕواداران بناسرێن ).

**شاڵاوی تیرۆرکردنی نەیاران** :

دوای شەڕی ئوحود ( شمشێری ئیسلام لە ناو شاری مەدینەدا کەوتە گەڕ, بۆ بێدەنگ کردنی هەر جۆرە نارەزاییەک لە دەوڵەت ) .[33]

محەمەد بۆ ئەوەی نیشانی خەڵک و نەیارانی ئیسلامی بدات کە, شکستی شەڕی ئوحود دەسەڵاتی مەدینە لاواز ناکات و, کۆڵ بە موسوڵمانان نادات, فەرمانی دا بە لەناوبردنی چەند کەسێک لە نەیاران, لەوانە :

[ سەلام کوڕی ئەبی ( جولەکە بوو ) , ئەبی رافع , حارس کوڕی سوەید , ئەبی عەفک ( تەمەنی زیاتر لە 100 ساڵ بووە , شیعرێکی وتبوو بۆ کوشتنی حارس کوڕی سوەید, شیعرەکە ئاوا دەست پێدەکات :

لقد عشت دهرا و ما ان أرى    من الناس دارا و لا مجمعا ...الخ .

لە سەر ئەو شیعرە, محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام فەرمانی بە ( سالم کوڕی عەمیر ) دا , بۆ کوشتنی ئەبی عەفک .. , خالید کوڕی سوفیان ( عەبدوڵلای کوڕی ئەنیس )ی بۆ نارد کوشتی , فاتیمە کچی ڕەبیعە

" ام قرفة " ( زەید کوڕی حارسە )ی بۆ نارد کوشتی , هەردوو قاچی بە دوو حەبل بەستەوە, ئنجا هەردوو حەبلەکەی بەست بە دوو وشترەوە, هەر یەکەیان ڕوو لە لایەک, لە وشترەکانی دا ڕایان کرد, ژنە لەت بوو بە دوو پارچە ) ] .34

کەعب کوڕی ئەشرەف, سەرۆکی خێڵی " بەنی نەزیر "ی جولەکە, تەمەنی نزیکەی ( 100 ) ساڵ بوو.

( جولەکەیەکی زیرەک و ناودارو هونەرمەند بوو, ڕۆژێک پێغەمبەر بە یارانی گوت : کێ بێ کەعب لە کۆڵ بکاتەوە! ؟ , موسوڵمانێک کە ناوی محەمەدی کوڕی سەلمە بوو, لەگەڵ یەکێکی تر کە بە " باوکی نایلە " بەناوبانگ بوو, محەمەد ئەم دووانەی نارد, کەعبیان دایە بەر شمشێران و کوشتیان ) .35

**هێرش بۆ سەر جولەکەکانی خێڵی بەنی نەزیر :**

دوای کوشتنی ( کەعب کوڕی ئەشرەف )ی سەرۆکی خێڵی بەنی نەزیر, ئنجا محەمەد ڕووی هێرشی کردە سەر خێڵەکەی, بەو هۆیەی کە, بە وەحی بە محەمەد ڕاگەیەندراوە کە, جولەکەکان هەوڵی کوشتنی ئەدەن! .

( ئیبن ئیسحاق دەگێڕێتەوە : بەهۆی جوبرائیلەوە هەواڵ گەیشتووە بە محەمەد کە, جولەکەکانی بەنی نەزیر نیازی کوشتنی محەمەدیان هەبووە ) .36

بۆیە محەمەد نامەیەکی بۆ ناردبوون کە تیایدا نووسیبووی :

[ دەرچن لە وولاتەکەم, نامەوێ لەگەڵ ئێوەدا بژیم, ماوەی ( 10 ) ڕۆژتان هەیە, دوای ئەوە هەر کەسێکتان ببینم لە ملی ئەدەم ] .37

بە دوای نامەکەدا ئەم ئایەتەش دابەزی :

( ألم تر الى الذين نافقوا يقولون لأخوانهم الذين كفروا من اهل الكتاب لئن أخرجتم لنخرجن معكم و لا نطيع فيكم أحدا أبدا و إن قوتلتم لننصرنكم والله يشهد انهم لكاذبون ) الحشر / 11 .



## بەشی پێنجەم :

# ژن لە سایەی دەسەڵات وئەحکامی قورئاندا

پێشتر لە باسی زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا, تیشکێکمان خستە سەر هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان بەر لە سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام.

ووتمان کۆمەڵگای عەرەبستان لەو سەردەمەدا, کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری بووە.. یانی لە خێزان و لە کۆمەڵدا بە گشتی, پیاو خاوەن دەسەڵات و بڕیار بووە. لە سایەی دەسەڵاتی لەمێژینەی پیاودا, ژن چەوساوەو بێ ماف و پلەی کۆمەڵایەتی نزم بووە.

هیچ جێگایەکیان لە خاوەنداریێتی ئابوری و بڕیاردانی خێزانیشدا نەبوو. تەنانەت خاوەنی ژیانی خۆیشیان نەبوون. بەڵکو لە لایەن پیاوانەوە وەک سامان و کەرەسەکانی دیکەی موڵکی پیاوان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

کچ پێش شووکردن, موڵکی باوک و برا بووە. پیاوانی خزم و خێڵیش دەستیان خستۆتە ژیانیەوەو خۆیان بە خاوەنی زانیوە.. دوای شووکردنیش بووە بە موڵکی مێرد و, وەک ئامرازی خزمەت و

واتا : ( ئایا دووڕووەکانتان نەدیوە کە بە برا کافرەکانی خۆیان, لەوانەی کە ئەهلی کتێبن دەیانووت, هەر کاتێ ئێوە دەربکرێن ئێمەش لەگەڵتان دێین و هیچ کات بە زیانی ئێوە لە هیچ کەس تاعەت ناکەین, وە ئەگەر لەگەڵ ئێوە جەنگین, یارمەتیتان ئەدەین, لە حاڵێکدا بە ڕاستی خوا شایەدی ئەدا کە ئەوانە درۆزنن ).

جولەکەکان بەگوێرەی نامەکەی محەمەدیان نەکردو, ماڵەکانیان چۆڵ نەکرد.. بۆیە ئەویش بە سوپای موسوڵمانان هێرشی کردە سەریان و لە ماڵەکانی خۆیاندا گەمارۆی دان.. داوای لێ کردن کە تەسلیم بە ئیسلام بن!.. بەڵام جولەکەکان قەبوڵیان نەکردبوو.. محەمەد فەرمانی دا باخی دارخورماکانیان ببڕن و کشتوکاڵ و دەغڵ و دانیان بسووتێنن..! .

[ پێغەمبەر هێرشی بردە سەر بەنونەزیر, ئەوان لە سەنگەرو ماڵەکانی خۆیاندا دامەزران, فەرمانی دا دارخورماکانیان ببڕن و بسووتێنن. دوژمنانی خودا هاواریان کرد : ئەی محەمەد تۆ چاکسازیت دەوێت! ئایا بڕینی داری بەردارو دارخورما چاکسازیە!؟, ئایا هیچ خراپەیەکت بەو جۆرە لەسەر زەویدا بینیوە؟.

ئەم قسەیە پێغەمبەری تووڕە کرد.. هەندێک لە موسوڵمانەکانیش بە ڕاستی ئەو کارەیان بە خراپەکاری دانا و بە هاوەڵەکانی خۆیان ووت مەیبڕنەوە, ئەوە نیعمەتی خودایە, وە هەندێکی دیکەیان ووتیان بیبڕنەوە. بۆیە خودا ئەم ئایەتەی خوارەوەی دابەزاند, تا نیشانی بدات کە بە ئەمری خودا بووە : ـ ( ما قطعتم من لينة أو تركتموها قائمة على أصولها فبأذن الله و ليخزي الفاسقين ) الحشر / 5 ] 38.

واتا : ( هەر دارخورمایەکتان دەبڕی یا دەتانهێشتەوە بە فەرمانی خوا بوو تا فاسقان پەست بکا).

بەم شێوەیە محەمەد ماوەی ( 15 ) ڕۆژ گەمارۆی دان, لە ئەنجامدا جولەکەکان بۆ ئەوەی نەکوژرێن, وتووێژیان لەگەڵ محەمەددا کردو,



**پەراوێزی بەشی چوارەم**

1ـ عەلی دەشتی / بیست وسێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , ل 47 .
2 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ج 1 ص 353 .
3 – عەلی دەشتی / بیست وسێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , ل 211 .
4 ـ داستانی نوح لە قورئاندا , لە تەوراتەوە وەرگیراوە .

ناچار قایل بوون بەوەی بە دەستی بەتاڵ مەدینە بەجێ بهێڵن..بەکۆمەڵ ڕەویان کرد, هەندێکیان بەرەو لای جولەکەکانی خەیبەر و هەندێکیشیان بەرەو فەلەستین ڕۆیشتن.

محەمەد دەستی بەسەر هەموو موڵک و سەروەت و سامانیاندا گرت و کردنی بە موڵکی تایبەتی خۆی, تەنانەت هیچ بەشی سەربازەکانی سوپای موسوڵمانانی نەدابوو, کە لە گەمارۆکەدا بەشدار بوون! , بۆیە سەربازان ڕەخنەیان لە پێغەمبەری ئیسلام گرتبوو. ئەویش بە دابەزاندنی ئەم ئایەتەی خوارەوە وەڵامی ڕەخنەکەی دابوونەوە :

ـ ( و ما أفاء الله على رسوله منهم فما أوجغتم عليه من خيل و لا ركاب ) الحشر / 6 .

واتا : ( ئەوەی لە دارایی ئەوان کە خوا بە پێغەمبەری خۆی دا, ئێوە ئەسپ و وشترتان بۆ نەهاژتووە, و زەحمەتتان بۆ نەکێشاوە ).

مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە, محەمەد پێی وابووە کە, خودی خۆی بە وتووێژ ئەو دەسکەوتانەی بە دەستهێناوە!, سەربازانی سوپای موسوڵمانان لە شەڕدا بە دەستیان نەهێناوە. بۆیە هەمووی بە مافی خۆی زانی و بەشی کەسی نەدا.

**شەڕی خەندەق :**

ساڵی پێنجی کۆچی, قورەیشەکان بە بەشداری هەندێک جولەکە, کە هێزەکەیان نزیکەی ( 10000 ) کەس دەبوون ,بە سەرۆکایەتی ئەبوسوفیان خۆیان ئامادەکرد و هێرشیان بردە سەر شاری مەدینە.

موسوڵمانەکان بەم هێرشەیان زانیبوو, بەدەوری مەدینەدا چاڵێکیان هەڵکەند, " سەلمانی فارسی " بیری ئەو چاڵ هەڵکەندنەی بە محەمەد وتبوو. بەم پلانە قورەیشەکان نەیانتوانی بچنە ناو شاری مەدینە.. ماوەیەک لە گەمارۆدا وەستان, دواتر لە بەر سەرما, هێزەکەیان بەرەو مەککە کشاندەوە. ئەم هێرشە ناونرا ( شەڕی خەندەق ).

**هێرش بۆ سەر جولەکەکانی بەنی قورەیزە :**



ـ ( كذبت قوم لوط بالنذر, انا أرسلنا عليهم حاصبا الا آل لوط نجيناهم بسحر ) القمر / 33 , 34 .

واتا : ( هۆزی لوت پێغەمبەری خۆیان بە درۆ خستەوە, بە ڕاستی بایەکی توندمان نارده سەریان, وردەبەرد و لمی بە دەم خۆیەوە دەهێنا " و هەمووی لە نێوبردن " , مەگەر خانەدانی لوت نەبێ, لە بەرەبەیاندا ئەوانمان ڕزگار کرد ).

بە گوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, ژنان و منداڵانی ئەو هۆزە, لە حاڵێکدا کە ئەوان ئەو تاوانەیان نەکردووە, کەچی لەو سزای بە کۆمەڵ کوشتنەدا لە ناوبراون!.

**ـــ داستانی فیرعەون :**

لە قورئاندا وا هاتووە کە , خودا " موسا "ی ناردووە بۆ لای فیرعەونی میسر, تا بە هۆزەکەی بڵێت کە, بڕوا بە موسا بهێنن پێغەمبەری خودایەو بچنە سەر ئاینی جولەکە . فیرعەون و هۆزەکەی بڕوایان بە موسا نەکردووە, بۆیە لە تۆڵەی ئەوەدا, خودا فیرعەون و هەموو خەڵکی هۆزەکەی پێکەوە نوقمی زەریا کردووە!.

ـ ( و اذا فرقنا بكم البحر فأنجيناكم و أغرقنا آل فرعون و أنتم تنظرون ) البقرة / 50 .

واتا : ( ئەو دەمەی وا زەریام بۆ ئێوە لەت کرد, ئێوەم ڕزگار کردو فیرعەونیانم غەرق و نوقم کرد, وە ئێوە تەماشاتان دەکرد ).

بە گشتی لە ڕوونکردنەوەو نموونە ئایەتەکانی ئەم بەشەدا ئەوە دەرکەوتووە کە, محەمەد لە هەموو ڕێگا و شێوەکارێک , بۆ ڕاکێشانی سەرنج یا ناچارکردنی خەڵک بۆ هاتنە ژێر ئاڵای ئاینی ئیسلام و دەسەڵاتەکەی , کەڵکی وەرگرتووە.

ئەوەی بە لاوە گرنگ بووە کە کەس بە نەیاری دەسەڵاتی ئیسلام نەمێنێتەوە, بۆیە هیچ سڵی نەکردووە لە بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکان, وە لە ئایەتەکانی قورئاندا وەک ڕێگاچارەی خودایی باسی کردووە .

* * *

هەروەها قورئان بە باسکردن و گێڕانەوەی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵانەی کە لە ڕووداوە سروشتیەکانی وەک لافاو , زریان , بوومەلەرزە و گڕکاندا ڕوویان داوە, یا لە چیرۆک و داستان و ئەفسانە کۆنەکانەوە وەری گرتوون, ڕەواج بە زەبرو زەنگ و کوشتنی بە کۆمەڵ دەدات و بە سزای بەرهەقی خودایی لە قەڵەمیان دەدات. بەو مەبەستەی خەڵک لەو بە کۆمەڵ کوشتنانە , وانەی ترس وەرگرن و تەسلیم بە ئیسلام بن, تا خوای گەورە تووشی لەو جۆرە بەڵایانەیان نەکات , بۆ نموونە :

**ـــ ئەفسانەی نوح** (4) :

بە گوێرەی دەقی قورئان, نوح یەکێک بووە لە پێغەمبەران, هۆزەکەی ژمارەیەکی کەمیان نەبێت بڕوایان پێی نەهێناوە.. بۆیە خودای گەورەو میهرەبان لێیان تووڕە دەبێت و, بۆ تۆڵەسەندن تۆفانێکی بە سەردا هەڵکردوون, نوح و بڕوادارەکانی نەبێت , هەرچی بێ بڕوا بووە نوقمی کردووەو فەوتاندوونی!

ـ ( و أوحى الى نوح انه لن يؤمن من قومك الا من قد آمن فلا تبتئس بما كانوا يفعلون , واصنع الفلك بأعيننا و وحينا و لا تخاطبني في الذين ظلموا أنهم مغرقون ) هود / 36 , 37 .

واتا : ( وە بە نوح وەحی کرا کە بێجگە لەوانەی تا ئێستا بڕوایان پێ هێناوە, ئیتر هیچ کەس لە هۆزی تۆ بڕوا ناهێنن, کەوایە لە کارگەلێ کە دەیکەن هیوا بڕ و غەمگین مەبە, ئێستا لە بەرچاوی ئێمەو بە پێی وەحی ئێمە گەمی " کەشتی " ساز بدەو, لە بابەت ئەوانەوە کە ستەمیان کرد هیچ لێم مەپاڕێوە بە ڕاستی ئەوانە لە نوقم بوانن ).

**ـــ داستانی لوت** :

بە گوێرەی دەقی ئایەتی قورئان, لوت پێغەمبەر بووە. پیاوانی خەڵکی شارەکەی ( مەدیەن ) هەموو تێکڕا هۆمۆ ( نێرباز ) بوون.

لوت داوای لێکردوون کە واز لەو ڕەفتارەیان بهێنن, بەڵام هۆزەکەی بە قسەیان نەکردووە. لە بەرئەوە خودا بە بارانی بەرد, هەموو خەڵکی شارەکەی پێکەوە لە ناوبردووە!.



لە دوای شەڕی خەندەق, محەمەد دەسبەجێ هێرشی بردە سەر خێڵی بەنی قورەیزە و گەمارۆی دان. پێی ووتن, چەند کەسێکیان لە شەڕی خەندەقدا یارمەتی قورەیشەکانیان داوە.

خێڵی بەنی قورەیزە, کە خۆیان بە خاوەن پەیمان لەگەڵ محەمەد دەزانی, ووتیان شەڕ ناکەین و تەسلیم دەبین.

موسوڵمانەکان, لە ماڵەکانیان هێنایاننە دەرەوە, بە گوریس بە چەند ڕیز پێکیانەوە بەستن و هەموویان بردن لە ماڵێکدا زیندانییان کردن, نزیکەی ( 700 ) کەس دەبوون.

تەبەری دەڵێت : ( پێغەمبەری خودا ـ دخ ـ لە ماڵی بەنی نەجار دا زیندانی کردن, ئنجا خۆی چوو بۆ بازاڕی مەدینە, فەرمانی دا چاڵیان هەڵکەند ) .[39]

محەمەد بە " سەعد کوڕی مەعاز "ی ووت :

تۆ حوکمیان بدە.. " سەعد "یش ووتی :

من حوکمیان ئەدەم بەوەی, پیاوەکان بکوژرێن, موڵک و سامانیان دابەش بکرێن و, ژن و منداڵیان بکرێنە کەنیزە و کۆیلە.

محەمەد بە " سەعد "ی ووت: حوکمەکەت حوکمی خودایە.

پێغەمبەری ئیسلام, خۆی بە دیار چاڵەکانەوە دانیشت و فەرمانی دا بە ( عەلی و زوبێر ) کە ملیان بپەڕێنن! .

تەبەری دەڵێت :

( پێغەمبەری خودا ـ دخ ـ فەرمانی دا بە کوشتنی هەر کەسێکیان کە تووکەبەری ڕووابێ ) .[40]

واتا نەک هەر گەورەسالان, بەڵکو ملی مێردمنداڵەکانیشیان بە شمشێر پەڕاند! .

دوای ئەم قەسابخانەیە, دەستیان کرد بە دابەشکردنی دەسکەوتەکان, کە بریتی بوون لە : ( 1500 شمشێر, 300 قەڵغان, 2000 ڕم, کۆمەڵێک حوشتر و کەل وپەل ) . [41]

( ئنجا پێغەمبەری خودا ـ دخ ـ " ڕێحانە کچی عەمرو " ی بۆ خۆی برد. لە دەسکەوتەکان پێنج یەکی بۆ خۆی جیاکردەوەو ئەمری کرد, ئەوەی کە ماوە بفرۆشرێ و پارەکەی دابەش بکرێ بەسەر موسوڵمانانندا ) . 42

لەو بارەیەوە لە ئایەتی 27 / الأحزاب دا ئاوا هاتووە :

ـ ( و أورثكم أرضهم و ديارهم و أموالهم و أرضا لم تطئوها و كان الله على كل شيء قديرا ).

واتا : ( خوا زەوی و خانوو و ماڵی ئەوان و زەوی گەلێ کە پێتان تێ نەنابوو, بە ئێوەی گەیاند, وە خوا بەسەر هەر کارێکدا بە دەسەڵاتە ).

ـ ( ذلك بأنهم شاقوا الله و رسوله, و من يشاق الله فأن الله شديد العقاب ) الحشر / 4 .

واتا : ( ئەمە بە سزای ئەوە بوو کە لەگەڵ خواو پێغەمبەری ئەودا دژایەتییان کردو, هەرکەسیش لەگەڵ خوادا دژایەتی بکا, عەزابی خوا سەختە ).

لە مانای ئەو دوو ئایەتەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە, بەهۆی ئەوەی چەند کەسێک لە جولەکەکانی بەنو نەزیر لە شەڕی خەندەقدا, یارمەتی قورەیشەکانیان داوە, بۆیە محەمەد هەموویانی تووشی ئەو چارەنووسە ڕەشە کردووە!.

**لە ڕاستیدا, ئەو شێوە سیاسەت و هەڵوێست و مامەڵەیەی محەمەد لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە, ئیسلام پێی ناوەتە قۆناغێکی باڵاترەوە, قۆناغی دەسەڵاتی یەکلایەنەی ئیسلام.. دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئاوا لە مەدینە , بە لای محەمەدەوە گەلێک گرنگ بووە, بۆ ئەوەی نە قورەیشەکان, نە جولەکەو دیان, نە خێڵە عەرەبەکانی دیکەی حیجاز و نیمچەدوورگەی عەرەبستان, زاتی دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئیسلام نەکەن.. هێز و سوپای ئیسلام ڕوو لە هەر خێڵ و ناوچەیەک بکات, ملی بۆ کەچ بکەن و سەری تەسلیمی بۆ دانەوێنن .**



هەروەها لە چەندین ئایەتی دیکەشدا, ئەگەرچی وەک ووشە تیرۆر بەکار نەهاتووە, بەڵام بە مانا و ناوەرۆک هەر بانگەوازی تیرۆر دەکات و, داوا لە موسوڵمانان دەکات دژی نەیاران پیادەی بکەن. بۆ نموونە :

ـ ( سألقي في قلوب الذين كفروا الرعب فاضربوا فوق الأعناق و اضربوا منهم كل بنان ) الأنفال / 12.

واتا : ( ئێمە ترس و وەحشەت ئەخەینە ناو دڵ و هەناوی بێ بڕوایان, جا بە توندی بکوتن بە ناو تەوقی سەریاندا و هەموو پەنجەکانیان ورد بکەن ).

هەروەها بۆ ترساندن و تۆقاندنی نەیارانی ئیسلام, بە فەرمانی محەمەد , بڕیاری کوشتنی بە کۆمەڵی ( 700 ) کەس لە جولەکەکانی خێڵی بەنی قورەیزە و, بە زۆردەرکردنی جولەکەکانی هەردوو خێڵی بەنی نەزیر و بەنی قەینوقاع دەرکراوەو بە ئامادەبوونی خۆی جێ بەجێ کراوە.

جگە لەوانە, زەبروزەنگ و توندوتیژی وەک یاسا, کە بەشێکن لە ئایەتەکانی ئەحکام, بە فەرمانی محەمەد لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا پیادەکراون. بۆ نموونە :

ـ ( و السارق و السارقة فاقطعوا أيديهما جزاء بما كسبا نكالا من الله والله عزيز حكيم ) المائدة / 38 .

واتا : ( دەستی ژن و پیاوی دز " لە سزای دزی کردندا " ببڕن, بە ناوی سزایەک لە لایەن خواوە, وە خوا عەزیز و حەکیمە ).

ـ ( يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى ) بقرة / 177 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە لە مەڕ کوشت وکوشتاری ناهەق حوکمی قساس " تۆڵەی خوێن " تان لە سەر نووسراوە ).

ـ ( واللاتي ياتين الفاحشة من نساءكم فاستشهدوا عليهن أربعة منكم فان شهدوا فأمسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت ) النساء / 15 .

واتا : ( وە کەسانێ لە ژنانی ئێوە کە زینا ئەکەن, چار شایەدان لە خۆتان لە سەریان بگرن, جا ئەگەر شایەدیان لە سەر دان, جا ئەوانە " ژنە زیناکەرەکان " لە ماڵی خۆتان ڕابگرن تا دەمرن ) .

واتا : ( ئەی پێغەمبەر لەگەڵ کافران و دوو ڕووان جیهاد بکە و بە سەریاندا توند و تووڕە بە, وە جێگایان جەهەندەمە و چ چارەسەرێکی خراپە ).

ـ ( فلا تطع الكافرين و جاهدهم به جهادا كبيرا ) الفرقان / 52 .

واتا : ( لە کافران ئیتاعەت مەکە و, بە قورئان ملە بە ملانێ یەکی گەورەیان لەگەڵدا بکە ).

### ـ تیرۆر ( الأرهاب ) :

چەمکی تیرۆر لە زمانی عەرەبیدا, هەروەها بەگوێرەی مانای دەقی ئایەتی قورئان, یانی ترساندن و تۆقاندن.. واتا ترساندن و تۆقاندنی نەیاران و دوژمنان بە هەر شێوەیەک کە دەتوانیت, بۆ ئەوەی چۆکیان پێ دابدەیت و ملیان پێ کەچ بکەیت.

**تیرۆر شێوەیەکە لە شێوەکانی زەبروزەنگ, کە دەسەڵاتی ئیسلام بە ڕابەری محەمەد بۆ چەسپاندن و پارێزگاری کردنی دەسەڵاتەکەی, لە بەرانبەر نەیارانی ئیسلامدا پیادەی کردووە. وە لە بەرنامەی ئیسلامدا, یانی لە قورئاندا, وەک ڕێگایەکی خەبات چاوی لێکردووەو موسوڵمانان هاندەدات بیگرنە بەر.**

لە قورئاندا حەوت جار , بە شێوەی جۆراوجۆر , ووشەی تیرۆر ( ئیرهاب ) لە سورەتەکانی ( البقرة / 40 , الأعراف /154 , الأنفال / 60 , النحل / 51 , الأنبياء / 90 , القصص / 32 , الحشر / 13 ) دا بەکارهاتووە. بۆ نموونە :

ـ ( و اعدوا لهم ما استطعتم من قوة و من رباط الخيل ترهبون به عدو الله و عدوكم ) الأنفال / 60 .

واتا : ( وە بۆ ئەوان " دوژمنان " ئەوەی لە وزەتاندایە لە هێز و ئەسپانی دابەستراو " بۆ جەنگ " ئامادەی بکەن, بە هۆی ئەوە دوژمنی خوا و دوژمنی خۆتان بترسێنن ).

ـ ( لأنتم أشد رهبة في صدورهم من الله ) الحشر / 13 .

واتا : ( یەقینەن ترسی ئێوەیان زیاتر لە خودا لە دڵدایە ).



هەندێک لە لێپرسراوانی سوپای موسوڵمانان, بۆ بەرژەوەندی خۆیان, خوازیاری ئەو شەڕ و پەلامار دانانە بوون. ( هەلومەرجی شەڕ بوو بەهۆی سەرهەڵدانی توێژێک لە شەڕکەران, بە تایبەت سەرکردە سەربازیەکان, کە شەڕکردن بوو بە پیشە و سەرچاوەی ژیانیان بەهۆی تالآنی و دەسکەوتەوە ) .[43]

### پەیمانی حودەیبییە :

هاوکات لەگەڵ مەحکەم کردنی دەسەڵاتی مەدینەدا, دەستە سەربازیەکانی سوپای موسوڵمانان, بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ڕێگاکانی بازرگانی قورەیش, بەم ڕێگایە توانیان بازرگانی قورەیش لاواز بکەن.

هەروەها هێرشیان دەکردە سەر خێڵە عەرەبە هاوپەیمانەکانی قورەیش (ايلاف قريش ), وە پەیمانیان لێ وەردەگرتن کە هاوکاری قورەیش نەکەن, بۆ نموونە : ( پێغەمبەر توانی هاوپەیمانی خێڵی بەنی مەدلەج بۆ قورەیش هەڵوەشێنێتەوەو, پەیمانیشی لێ وەرگرتن. هەروەها پەیمانی لەگەڵ خێڵی بەنی زەمەر مۆر کرد ) . [44]

بەم شێوەیە, محەمەدی ڕابەری ئیسلام بە کوشتار و تالآنیکردن و فشار و سەندنی باج و خەراج, توانی سوپای موسوڵمانان بباتە ڕادەیەک کە, لەگەڵ دەسەلآت و هێزی سەربازی سەدان ساڵەی قورەیش هاوسەنگی دەنواند.. هەر بە زەبری ئەم سوپایە, خێڵەکانی نیمچەدوورگەشی تێگەیاند کە, لە بەرانبەر شالآوی ئیسلامدا بەرەنگاریان پێ ناکرێت.

ئەم هەلومەرجە نوێیە, دەسەڵاتدارانی قورەیشی گەیاندە ئەو بڕوایە کە, دان بە دەسەڵاتی مەدینەدا بنێن. وە بۆ پاراستنی ڕێگاکانی بازرگانییان, لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا, پەیمانی ( حودەیبییە )یان لەگەڵ محەمەددا مۆر کرد.

لەم پەیمانەدا ( کە لە حودەیبییە مۆر کرا ), نوێنەری قورەیشەکان

( سوهەیل کوڕی عەمرو ), وە نوێنەری موسوڵمانان محەمەد خۆی بوو.. لە ئەنجامی گفتوگۆدا, هەردوولا لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتن :

[ ـ پەیمانەکە ماوەی ( 10 ) ساڵ بخایەنێت .

ـ هیچ لایەنێک لەو ماوەیەدا هێرش نەکاتە سەر لایەنەکەی دیکە.

ـ هەر کەسێک, یا هەر خێڵێک لە خێڵە عەرەبەکان, ئازادن لەوەی ببن بە هاوپەیمانی هەرلایەک لەو دوو لایەنە.

ـ هەر کەسێک لە قورەیش, بچێتە لای محەمەد, بەبێ ڕەزامەندی کەس وکارەکەی, دەبێ تەسلیم بە قورەیشی بکاتەوە.

ـ هەر کەسێک لە موسوڵمانان, بچێتە لای قورەیش, بۆیان هەیە وەری بگرن و تەسلیم بە محەمەدی نەکەنەوە.

ـ محەمەد و موسوڵمانان, بۆیان هەیە ساڵی داهاتوو, بۆ ماوەی ( 3 ) ڕۆژ بێن بۆ مەککە, بۆ عەمرە کردن ] . 45

لە سەر ئەم ڕێکەوتنە, ژمارەیەک لە موسوڵمانان و سەرکردەکانی ئیسلام ڕەخنەیان لە محەمەد گرت..دەیانگوت نەدەبوو محەمەدی ڕابەرمان پەیمانی لەگەڵ کافران مۆر بکردایە!, لەوانە عومەری کوڕی خەتاب.

( عومەر بە ڕادەیەک ئەم پەیمانەی پێ ناخۆش بوو, کە بەتەواوی پێی سەغڵەت بوو ) .46

محەمەد بەم ئایەتە وەڵامی دانەوە :

ـ ( انا فتحنا لك فتحا مبينا ) الفتح / 1 .

واتا : ( بە ڕاستی ئێمە فەتح و سەرکەوتنی ئاشکرامان بە تۆ داوە ).

مەبەستی محەمەد لەم ئایەتە ئەوەبوو کە, پەیمانی حودەیبیە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ئیسلام.



دەستاندن, بەڵام ویستی تا ئێوە بە یەکتر تاقی بکاتەوەو کەسانێ کە لە ڕێگای خوادا کوژراون, جا هەرگیز کردەوەیان بە فیڕۆ نابا ).

ـ ( قاتلوهم يعذبهم الله بأيديكم و يخزهم و ينصركم عليهم ) التوبة / 14 .

واتا : ( لەگەڵیان بجەنگن, خوا بە دەس ئێوە ئازاریان ئەدا و پەستیان دەکا و یارمەتی ئێوە ئەدا " تا زاڵ بن " بە سەریاندا ).

ئنجا شەڕی خێڵە جولەکەکان و خێڵە عەرەبەکانی دیکەی نیمچەدوورگەو...هتد. کە هەموویان بە بەرنامە بەڕێوە چوون و شەڕەکان لە ئایەتەکانی قورئاندا ئاماژەیان پێدراوە.

**ـ جیهاد** :

چەمکی جیهاد لە قورئاندا , بە مانای تێکۆشان بە سەر و ماڵ لە پێناوی ڕاگرتن و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا. جیهاد ئەرکی سەر شانی هەموو موسوڵمانێکە.

**موسوڵمانی موجاهید دەبێ هەردەم ئامادە بێت بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا, لە هەر جێگایەک پێویست بێت.. وە بۆ شەڕ و کوشتارەکان لە ڕیزی پێشەوە بێت.**

ـ ( تؤمنون بالله و رسوله, و تجاهدون في سبيل الله بأموالكم و أنفسكم ذلكم خير لكم ان كنتم تعلمون ) الصف / 11 .

واتا : ( بە خودا و پێغەمبەری خودا بڕوا بێنن و لە ڕێگای خوادا بە ماڵ و گیانی خۆتان جیهاد بکەن, ئەمە بۆ ئێوە باشترە ئەگەر بزانن ).

بە لای محەمەدەوە جیهادکردن پێداویستیەکی گرنگی خەبات و تێکۆشانی موسوڵمانان بووە بۆ دامەزران و چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیسلام, بۆیە لە ئایەتەکانی قورئانیشدا ئەو گرنگیە ڕەنگی داوەتەوە.

لە سورەتەکانی ( البقرة, آل عمران, المائدة, الأنفال, التوبة, النمل, الحج, الفرقان, العنكبوت, محمد, الحجرات, الممتحنة, الصف, التحريم ) دا, 23 جار ووشەی " جیهاد " بە کارهاتووە, بۆ نموونە :

ـ ( يا أيها النبي جاهد الكفار و المنافقين و اغلظ عليهم و مأواهم جهنم و بئس المصير ) التوبة / 73 .

( لە ئیسلامدا هەتا پێش حودەیبیە, هیچ فەتحێک ئەوەندە مەزن نەبووە, لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا, بەقەدەر هەموو ژمارەی موسوڵمانان, خەڵک هاتنە ناو ئیسلامەوە ) . 47

لە ڕاستیدا پەیمانی حودەیبیە, یەکێک بوو لە تاکتیکە سیاسیە سەرکەوتووەکانی محەمەد, بۆ خۆسازدان لەو ماوەیەدا, بۆ بەرپاکردنی هێرشی چارەنووسساز بۆ سەر دەسەڵاتی قورەیش.

**هێرش بۆ سەر جولەکەکانی قەڵای خەیبەر :**

دوای مۆرکردنی پەیمانی حودەیبیە, محەمەد پەلاماری بردە سەر جولەکەکانی خەیبەر.. ئەوان لە قەڵاو ماڵەکانی خۆیاندا دامەزران, بە نیازی بەرگریکردن. محەمەد بە سوپای موسوڵمانان گەمارۆی دان و داوای لێکردن کە تەسلیم بە ئیسلام بن. بەڵام جولەکەکان تەسلیم نەبوون.

گەمارۆ ماوەی ( 14 ) ڕۆژی خایاند.. ئنجا محەمەد فەرمانی دا بە ئاگرتێبەردانی قەڵاو ماڵەکانیان بە خۆیانەوە.

بۆیە ناچار سەرۆکەکەیان ( کەنانە کوڕی ئەبی حەقیق ) داوای لە محەمەد کرد کە, ئەمانیش بە هەمان بڕیارەکەی خێڵی بەنی نەزیر قایل دەبن, واتا دەست لە هەموو موڵک و سەروەت و سامانیان هەڵگرن و بە دەستی بەتاڵ بڕۆن! . محەمەدیش بەوە قایل بوو.

لە سەر ئەو بڕیارە, جولەکەکان لە قەڵاو ماڵەکانی خۆیان هاتنە دەرەوەو خۆیان تەسلیم کرد. موسوڵمانەکان دەستیان گرت بە سەر هەموو سەروەت و سامانیاندا.

[ ئنجا محەمەد فەرمانی دا بە کوشتنی ( 93 ) کەس لە دیلەکان, لەوانە ( کەنانە کوڕی ئەبی ) و براکەی. شایانی باسە کە محەمەد,



**هەروەها جگە لە ڕەواجدان و پیادەکردنی زەبروزەنگ بۆ پاراستن و فراوانکردنی دەسەڵاتی ئیسلام, لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیشدا , زەبروزەنگ لە یاسا و حوکمە کۆمەڵایەتیەکاندا کاریان پێ کراوەو, لە ئایەتەکانی قورئاندا وەک دەقی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ داڕێژراون.**

دەیان ئایەت لە ئایەتەکانی مەدەنی , بە تایبەت دوای ساڵی یەکەمی کۆچی, تەرخانن بۆ پیادەکردنی زەبروزەنگ بە چەندین شێوەی جیاجیا, بۆ نموونە :

**ـ هاندان بۆ شەڕ و کوشتار لەگەڵ بێ بڕوایان :**

دوای دامەزرانی سوپای موسەڵمانان, ئیدی شەڕ لە دژی کافران ڕاگەیەندرا و, سەرەتا بە هێرش و پەلامار بۆ سەر قورەیشەکان دەستی پێکرد.

ـ ( فاذا انسلخ الأشهر الحرام فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم و خذوهم و احصروهم و اقعدوا لهم كل مرصد فان تابوا و أقاموا الصلاة و اتوا الزكاة فخلوا سبيلهم ان الله غفور رحيم ) التوبة / 5 .

واتا : ( جا کاتێ مانگە حەرامەکان تەواو بوون, لە هەر کوێ موشریکانتان دەسکەوت بیانکوژن و ئەوان بە دیل بگرن و ئابڵوقەیان بدەن و لە هەر کەمینگایەکدا ڕێگایان پێ بگرن, جا ئەگەر تۆبە بکەن و نوێژ بەجێ بهێنن و زەکات بدەن, ڕێگایان بۆ بکەنەوە, بە هەقیقەت خوا غەفور و ڕەحیمە ).

ـ ( فاذا لقيتم الذين كفروا فضرب الرقاب حتى اذا أثخنتموهم فشدوا الوثاق فأما من بعد و أما فداء حتى تضع الحرب أوزارها ذلك و لو يشاء الله لأنتصر منهم و لكن ليبلوا بعضكم ببعض و الذين قتلوا في سبيل الله فلن يضل أعمالهم ) محمد / 4 .

واتا : ( جا کاتێ لەگەڵ کافران " لە شەڕدا " ڕووبەڕوو بن, لە ملیان بدەن, تا بە تەواوی تێکیان دەشکێنی, جا " دیلەکان " توند ببەستن, لە پاشان منەتیان لە سەر دابنێن و " ئازادیان بکەن " یا بە فدیە و بارمتە تا جەنگ دوایی دێ, ئەمەیە حوکمی خودا, هەر کاتێ خوا بیویستبا خۆی تۆڵەی لێ

ژنەکەی کەنانە ( سوفیە کچی حەی ) بۆ خۆی داگیر کرد.. کاتی خۆی محەمەد باوکی سەفیەی لەگەڵ جولەکەکانی قورەیزە کوشتبوو ]. 48

هەر لە گەڕانەوەیاندا بەرەو مەدینە, محەمەد فەرمانی بە سوپای موسوڵمانان دا, بۆ گەمارۆدانی جولەکەکانی ( وادي القرى ).

دوای ( 4 ) ڕۆژ گەمارۆ, تالآنیان کردن و, محەمەد بە سەریدا سەپاندن کە, دەبێ ساڵانە نیوەی بەرهەمیان وەکو باج بدەن بە دەسەلآتی مەدینە.

بە هەمان شێوە, جولەکەکانی خێڵی ( سەیما ) و ( فدک ) قایل بوون , بۆ ئەوەی محەمەد شەڕیان نەکات و دەریان نەکات!.

لە دوای پەیمانی حودەیبیەوە, دەستە سەربازیەکانی سوپای موسوڵمانان, بەردەوام هێرشیان دەبردە سەر خێڵە عەرەبەکان, بۆ ئەوەی بیانکەن بە ئیسلام, یان پەیمانیان لەگەڵ مۆر دەکردن کە باج بدەن بە دەوڵەتی مەدینە.

[ لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا, سوپایەکی ( 10000 ) کەسی لە دەوری محەمەد کۆ بووەوە ] .49

**هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی حودەیبیە** :

گەشەی ئاینی ئیسلام و فراوان بوونی قەڵەمڕەوەکەی گەیشتە ڕادەیەک کە, تەنیا دەسەلآتی قورەیش لە مەککە, وەک ڕێگر لە یەکخستنی خێڵە عەرەبەکانی نیمچەدوورگە مابوو.. بۆیە ئیتر لای محەمەد, پەیمانی حودەیبیە زەمینەی مانەوەی نەمابوو, دەیویست بە جۆرێک هەڵیوەشێنێتەوە!.

لە ماوەی پەیمانەکەدا [ ( ئوم کەلسوم کچی عوقبە ) لە مەککەوە هەلآت و هات بۆ مەدینە, داوای موسوڵمان بوونی خۆی کرد.. براکانی ئوم کەلسوم هاتن بۆ لای محەمەد و داوایان لێکرد کە, بە گوێرەی بەندەکانی حودەیبیە, خوشکەکەیان بداتەوە. بەڵام محەمەد



محەمەد بۆ داڕشتنی بیروباوەڕەکانی , عەودالێ بووە بە دوای ئەفسانە ئاینیە کۆنەکاندا, بە دوای سەرچاوەکانیدا گەڕاوەو لە داڕشتنی ئایەتەکانی قورئاندا سوودی لێ وەرگرتوون.

ئەم شێوە ئایەتانە بە زۆری لە ئایەتەکانی " مەککی " ن , لەو قۆناغەدا بە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی ئیسلام هێشتا خاوەنی هێز و دەسەلآت نەبووە, بە ڕادەیەکی زیاتر بۆ قایل کردنی خەڵک بە ئاینەکەی, محەمەد لە داڕشتنی ئایەتەکاندا پەنای بۆ گێڕانەوەی داستان و ئەفسانە ئاینیە کۆنەکان بردووە.

## 4 ــ زەبر و زەنگ :

لە باسی ( ڕەنگدانەوەی تەرازووی هێز لە دەقەکانی قورئاندا ) لەوە دواین کە, بزوتنەوەی ئیسلام دوای ئەوەی بوو بە خاوەنی دەسەلآت و هێز, محەمەدی ڕابەر بڕیاری جیهادی ڕاگەیاند.

ئیدی لەو بڕیارە بەدواوە, نواندنی هێز و زەبروزەنگ وەک ئامرازێکی گرنگ و پێداویستیەکی چارەنووسسازی دەسەلآتی ئیسلام, لە لایەک بۆ بەرگری لە دەسەلآت لە بەرانبەر دوژمنان و نەیاراندا, وەلە لایەکی دیکە بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەلآتەکە و کردنی خێڵە عەرەبەکان بە ئیسلام, هەروەها بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی مادی, بە ڕێ خرا.

**ئەم وەرچەرخانە لە قۆناغی دوای کۆچەوە دەستی پێکردووە و بە ڕوون و ئاشکرا لە ئایەتەکانی مەدەنیدا ڕەنگی داوەتەوە.**

**زمانی نەرم و شێوەکاری هێمنانە گۆڕدراون بە زمانی توندوتیژی و هاندان بۆ شەڕ و پەلامار.. نەریتی باوی شەڕی نێوان خێڵەکان و بە تالآنبردنی سەروەت و سامان, کران بە یاسا و نەریتی دەسەلآتی ئیسلام.**

**ئایەتەکانی قورئان , شەڕ و کوشتاری لە ژێر ناوی جیهاد و کوشتار لە ڕێگای خودادا , پیرۆز کرد و ڕەواجی بە هەڕەشە و تیرۆر و تۆقاندن دا.**

واتا : ( " مەریەم " ئیشارەی بە عیسا کرد, ووتیان : چلۆن لەگەڵ منداڵێکی نێو لانک و بێشکە قسە بکەین, لە ناکاو عیسا بە زمان هات و ووتی من بەندەی خودام کتێب " ئینجیل " م پێ ئەداو ئەمکاتە پێغەمبەر ).

دەربارەی ئەفسانەیەک لە سەر ئیبراهیم, لە قورئاندا دەڵێت :

ـ ( و اذ قال ابراهیم رب أرني كيف تحي الموتى, قال أو لم تؤمن, قال بلى و لكن ليطمئن قلبي, قال فخذ أربعة من الطير فصرهن اليك ثم اجعل على كل جبل منهن جزءا , ثم ادعهن يأتينك سعيا و اعلم ان الله عزيز حكيم ) البقرة / 260 .

واتا : ( وە ئەو دەمەی کە ئیبراهیم فەرمووی : ئەی پەروەردگاری من پێم نیشان بدە چلۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە ؟ , خوا فەرمووی : مەگەر بڕوات نەهێناوە ؟ " ئیبراهیم " ووتی : بەڵێ, بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیا بم, خوا فەرمووی : چوار مەل بگرەو " سەریان ببڕە " گۆشتیان تێکەڵ بکە, جا لە سەر هەر کێوێک هەندێ لەوانە دابنێ, لە دواییدا بانگیان بکە, بە لەز دێنە لات, و بزانە خوا خاوەن عیزەت و حیکمەتە ).

هەروەها لە ئەفسانەیەکدا دەربارەی سلەیمان , لە قورئاندا دەڵێت :

ـ ( و لسليمان الريح غدوها شهر و رواحها شهر و أسلنا له عين القطر و من الجن من يعمل بين يديه بأذن ربه, و من يزغ منهم عن أمرنا نذقه من عذاب السعير ) السبأ / 12 .

واتا : ( وە بۆ سولەیمان با مان ڕام کرد, بەیانیان ڕێگای مانگێکی دەبڕی و ئێوارانیش مانگەڕێیەک دەڕۆی , وە کانیەکی مسی تواوەمان بۆ جاری کرد و دەستەیە لە جنۆکە بە فەرمانی پەروەردگاری کاریان بۆ دەکرد و ئەگەر یەکێ لەوانە لە فەرمانی ئێمە لای بدابا عەزابی ئاگری سووتێنەرمان پێ دەچێژان ).

ئەو ئایەتانەی سەرەوە چەند نموونەیەک بوون لە سەدان ئایەتی دیکەی لەو بابەتانە.. لە زمانی کەسانێکی دیکەوە نەگێڕدراونەتەوە , یا لەو دەقانە نین کە بە فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام ناسراون, تا زانایانی ئیسلام بڵێن هەندێکیان جێگای گومانن! .. ئەو نموونانە دەقی بێ ئەملاوئەولای ئایەتی قورئانن !.



نەیدانەوەو ووتی بەندەکان باسی ژنیان تێدا نیە. ئەم ئایەتەش بەدوای ئەو ڕووداوەدا دابەزی :

ـ ( يا أيها الذين آمنوا اذا جاءكم الموءمنات مهاجرات فامتحنوهن الله يعلم بأيمانهم فان علمتموهن موءمنات فلا ترجعوهن الى الكفار ) الممتحنة / 10 ) ] 50 .

واتا : ( ئەی کەسانێ کە بڕواتان هێناوە کاتێ کە ژنانی بڕوادار کۆچیان کردو هاتنە لاتان ئێوە تاقی یان بکەنەوە, خوا بە بڕوایان زانا ترە, جا ئەگەر زانیتان کە بڕوایان هێناوە, مەیانگێڕنەوە لای کافران ).

**گرتنی شاری مەککە :**

محەمەد لەوە دڵنیا بوو کە, ئیتر تەرازووی هێز بە لای ئیسلامدا شکاوەتەوە, لە قورەیش زۆر بەهێز ترن, بۆیە لە ساڵی( 8 )ی کۆچیدا بە سوپایەکی ( 10000 ) کەسیی, هێرشی بردە سەر شاری مەککە.

قورەیش دەیانزانی کە چیدی بەرەنگاری دەسەڵاتی ئیسلامیان پێ ناکرێ, بۆیە شەڕیان نەکردو, سوپای موسوڵمانان بەبێ شەڕکردن هاتنە ناو شاری مەککەوە.. قورەیش تەسلیم بە محەمەد و سوپای موسوڵمانان بوون و, هاتنە ژێر ئاڵای ئیسلام.

بە گرتنی شاری مەککە, کە لە مێژووی ئیسلامدا بە ( فەتحی مەککە ) ناسراوە, ئیدی هێزێکی ڕێگر لە بەردەم دەسەڵاتی ئیسلامدا, لە نیمچەدوورگەی عەرەبدا, نەما.

دوای گرتنی شاری مەککە بەبێ شەڕ, قورەیشەکان لەگەڵ محەمەد دا تەواو خۆیان گونجاندو, سەرکردەکانیان لای محەمەدی ڕابەر کران بە سەرکردەی ئیسلام!.

( بەم شێوەیە مەککە, جێگاوشوێنی تایبەتی خۆی بە زیادەوە گەڕاندەوە, بەوە کە لە دوای فەتح بوو بە مەڵبەندی یەکانگیربوونێکی جیهانی ) . 51

دوای گرتنی شاری مەککە, هێرشی سوپای موسوڵمانان بۆ سەر خێڵە عەرەبەکان بەردەوام بوو , بۆ ئەوەی بە زۆر بیانکەن بە موسوڵمان .. هەر خێڵێکیش موسوڵمان نەبوونایە , باجێکیان لە سەر فەرز دەکرا بە ناوی ( جزیە ) 52. بە گوێرەی ئەم ئایەتەی خوارەوە :

ـ ( قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله و لا باليوم الآخر و لا يحرمون ما حرم الله و رسوله و لا يدينون دين الحق من الذين أوتوا الكتاب حتى يعطوا الجزية عن يد و هم صاغرون ) التوبة / 29 .

واتا : ( بجەنگن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوایان بە خوا و ڕۆژی بەرێ نیە , وە بە حەرامی نازانن ئەوەی وا خوا و پێغەمبەری ئەو حەرامیان کردووە, وە خۆیان دیندار ناکەن بە دینی هەق لەو کەسانە کە کتێبیان پێ دراوە تا بە دەستی خۆیان بە سەرشکاوی جزیە بدەن ).

ئیدی لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە, خێڵە عەرەبەکان کۆمەڵ کۆمەڵ, بۆ پاراستنی خۆیان لە شەڕ و هێرشی ئیسلام, موسوڵمان بوونی خۆیان ڕادەگەیاندو دەهاتنە ژێر ئاڵای ئیسلام .

ئەم سەرکەوتنەی ئیسلام لە نیمچەدوورگەی عەرەبستاندا, لە سورەتی ( النصر ) دا ئاوا بەیان کراوە :

ـ ( اذا جاء نصر الله و الفتح و رأيت الناس يدخلون في دين الله أفواجا فسبح بحمد ربك و استغفره انه كان توابا ).

واتا : ( کاتێ کە یارمەتی خوا و زاڵبوون بگا, وە خەڵک دەبینی پۆل پۆل دێنە نێو دینی خوا, جا بێخەوشی پەروەردگارت بۆ ستایش بڵێ, وە لەو مەغفیرەت بخوازە, بەڕاستی ئەو تۆبەوەرگرە ).

بەم شێوەیە یەکێتی خێڵە عەرەبەکان, بە ڕابەری محەمەد, لەژێر ئاڵای ئیسلامدا, لە ماوەی ( 23 ) ساڵدا دامەزرا.

**بەڵێ, بە ڕابەری محەمەد, وەک سەرکردەیەکی ئاینی و سیاسی و سەربازی, بە ڕاهێنانی سوپای موسوڵمانان بە زەبرەزەنگ, بە سڵ نەکردن لە کوشتارکردن و قوربانیدان, هەروەها بە دابەزاندنی**



مەبەستی ئەم ئایەتە ئەوەبووە, لە لایەک خەڵک بڕوا بە توانای لە ڕادەبەدەری خوداو غەیب و ڕووداوە غەیبیەکان بکەن, وە لە لایەکی دیکە بڕوا بە محەمەد خۆی بهێنن و بە پێغەمبەری خودای بناسن و بچنە ژێر ئاڵای ئیسلام.

هەروەها لە کۆکردنەوەی ئەفسانەکاندا, محەمەد سوودی لە ئەفسانە ئاینیەکانی پێش ئیسلام وەرگرتووەو لە ئایەتەکانی قورئاندا وەک ڕووداوی ڕاست و موعجیزەی خودایی نیشانیان دەدات , بۆ نموونە :

ـ ( و اذ استسقى موسى لقومه فقلنا أضرب بعصاك الحجر فانفجرت منه أثنتا عشر عينا قد علم كل أناس مشربهم كلوا و اشربوا من رزق الله و لا تعثوا في الأرض مفسدين ) البقرة / 60 .

واتا : ( ئەوسا کە موسا بۆ هۆزی تینووی خۆی داوای ئاوی کرد, جا دەستوورمان پێدا بە عەساکەت لە بەردەکە بدە, لە ناکاو دوانزە کانی ئاوی لێ هەڵقوڵی, بە جۆرێکی وا کە هەر یەکە کانی تایبەتی خۆی ئەناسی, " وە بەوانمان ووت " لە ڕسق و ڕۆزی خوا بخۆن و بخۆنەوە, بەڵام لە زەویدا فەساد مەکەن و پەرە بە فەساد مەدەن ).

ـ ( فأوحينا الى موسا ان أضرب بعصاك البحر فأنفلق البحر فكان كل فرق كالطود العظيم ) الشعراء / 63 .

واتا : ( جا وەحیمان بە موسا کرد کە دارەکەت لە دەریا بدە, دەریا لەت بوو کە هەر لەتەی وەکو کێوێکی گەورەی لێ هات ).

ـ ( فألقى عصاه فأذا هي ثعبان مبين, و نزع يده فأذا هي بيضاء للناظرين ) الأعراف / 107 , 108

واتا : ( جا " موسا " دارەکەی دەستی فڕێدا, لە ناکاو بووە ئەژدیهایەکی گەورەو ئاشکرا, وە دەستی خۆی لە " گیرفانی " دەرهێنا, جا لە ناکاو سپی بوو بۆ بینەران ).

هەروەها لە ئەفسانەی ئاینی دیانەوە, دەربارەی عیسا دەڵێت :

ـ ( فأشارت اليه قالوا كيف نكلم من كان في المهد صبيا, قال اني عبدالله أتاني الكتاب و جعلني نبيا ) مريم / 29 , 30 .

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە ئەفسانەیەکی ئاینیە, مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم ئەفسانەیە لەلایەک بۆ ئەوەی سەرنجی مرۆڤ بەرەو بڕواهێنان بە غەیب ڕابکێشێ, وە لەلایەکی دیکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کردەوەی دزێو ئاگادار بکاتەوەو بەرەو ئەو کردەوانە هانیان بدات کە, لە ڕوانگەی ئیسلامەوە کردەوەی چاکن.

ـ ( اذ آوى الفتية الى الكهف فقالوا ربنا آتنا من لدنك رحمة و هيء لنا من أمرنا رشدا, فضربنا على آذانهم في الكهف سنين عددا, و لبثوا في كهفهم ثلاث مائة سنين و ازدادوا تسعا ) الكهف / 10 , 11 , 25 .

واتا : ( کاتێ ئەم کوڕە گەنجانە " حەوت گەنج " چوونە غارێک جا ووتیان ئەی پەروەردگاری ئێمە, ڕەحمەتی خۆتمان بۆ بنێرەو ڕێگای ڕزگاربوونمان بۆ ئامادە بکە. جا چەندین ساڵ لەو غارەدا " پەردەی خەومان " بە سەر گوێیاندا کێشا. ئەوانە لە غاری خۆیاندا " 300 " ساڵ مانەوەو نۆ ساڵی تریان پێ زیاد کرد ).

ئایەتی 1 هەتا 30 , واتا 30 ئایەت لە سورەتی الکهف باسی ئەو ئەفسانەیەی سەرەوەی کردووە!, تا سەرنجی خەڵک بۆ توانا و دەسەڵاتی ڕەهای خودا ڕابکێشێ.. وە لە باسی ئەم ڕووداوە ئەفسانەییەوە پێیان دەڵێت : موسوڵمان بن, ئەگەر نا, خودا لە توانایدایە هەموو شتێکتان بە سەر بهێنێت.

ـ ( سبحان الذي أسرى بعبده ليلا من المسجد الحرام الى المسجد الأقصى الذي باركناه حوله لنريه من آياتنا انه هو السميع البصير ) الأسراء / 1 .

واتا : ( پاکە ئەوەی کە بەندەی خۆی لە شەوێکدا لە مەسجدولحەرامەوە بردە " مسجد الأقصى "یەک کە دەورا دەورمان پڕ بەرەکەت کرد تا ئایاتی خۆمان بەو نیشان بدەین, بە ڕاستی هەر ئەوە ژنەوا و بینا ).

لەم ئایەتەی سەرەوەدا محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام خۆی پاڵەوانی ڕووداوێکی ئەفسانەییە! , لە ماوەی یەک شەودا بەبێ هیچ ئامرازێکی گواستنەوە, لە مەککەوە گەیشتۆتە فەلەستین و لەوێشەوە چووە بۆ حەوتەمین تەبەقەی ئاسمان و ئنجا گەڕاوەتەوە مەککە, هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتووە! .



**ئایەتەکانی گەرم وەک ئاگر و هاندەر بۆ شەڕەکان, بزوتنەوەی ئیسلام بوو بە دەسەڵات و دەوڵەت.**

( دەسەڵات و دەوڵەتی مەدینە, وە لە سەروو ئەوەوە پێغەمبەر " محەمەد " ڕۆڵی بناغەیی و کاریگەری بینی بۆ دامەزران و گەشەی هەلومەرجی ماددی و ڕوحی لە پێکهێنانی نەتەوەی عەرەبدا ) .53

بزوتنەوەی ئیسلام , وەک زۆر بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دیکەی مێژووکرد, لە هەر کۆمەڵ و جێگایەکی دنیا, ململانێی سیاسی و سەربازی کردووە, ڕێگای هەوراز و نشێوی بڕیوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.. لە ڕاستیدا ڕۆڵی محەمەد, لە داڕشتن و پیادەکردنی بەرنامەکەیدا وەک کەسی یەکەم و ڕابەری بەتوانای بزوتنەوەکە, تا دامەزراندنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی, یەکجار گرنگ بووە.

جگە لە مەسەلە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان, محەمەد لە خەباتی خۆیدا وەک سەرکردەیەکی سەربازی, ڕابەری ( 26 ) شەڕی گەورەو بچووکی کردووە, کە بریتین لە :

**شەڕی وەدان , بوات , عوشەیرە , بەدری یەکەم , بەدری گەورە , بەنی سولەیم , سوەیق , غەتفان , بەحران , ئوحود , حەمرائولئەسەد , بەنی نەزیر , ڕوقاع , بەدری دواین , دەومەتولجەندەل, خەندەق ,بەنی قورەیزە , بەنی لەحیان , زی قرد , بەنی موستەڵەق , حودەیبیە , وادیلقورا , فەتحی مەککە , حونەین , تائیف , تەبوک .**

**( شایانی باسە کە پێغەمبەر خۆی لە ( 9 ) شەڕدا بەشداری ڕاستەوخۆی کردووە, کە ئەمانەن :**

**بەدری گەورە , ئوحود , خەندەق , قورەیزە , موستەڵەق , خەیبەر , فەتحی مەککە , حونەین، تائیف ) 54**

هەروەها محەمەد وەک سەرکردەیەکی سیاسی ئەو کاتە, بۆ فراوانترکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی, نامەی بۆ کۆمەڵێک لە پادشا و ئەمیرەکانی دەوروبەری نیمچەدوورگەی عەرەبستان نووسیوە, تا بێنە ژێر ئاڵای ئیسلام, لەوانە :

[1ـ نەجاشی حەبەشە پاشای حەبەشە.
2ـ مونزیر کوڕی ساوا ئەمیری بەحرەین.
3 ـ کیسرا ی فارس پاشای تەیسەفون ( مەدائن ).
4 ـ هەرقل قەیسەر ی ڕۆم لە قودس.
5 ـ مقەوقەس گەورەی میسر لە ئەسکەندەریە.
6ـ جەیفەروعەبد , کوڕانی ئەلجولەندی پاشای عومان.
7ـ هوزەکوڕی عەلی پاشای یەمامە.
8ـ حارس کوڕی ئەبی شەمر غوتەی دیمەشق ]. 55

لێرەدا دەقی دووان لەو نامانە, وەک نموونە دەهێنینەوە:

**[ ( بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان**

**لە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا و نامەبەرانیەوە بۆ " هەرقل "ی ڕۆم**

**سڵاو لەو کەسەی ڕێگای ڕاستی دەگرێ, دوای ئەوە :**

**موسوڵمان بە, بە موسوڵمان بوونت خودا دووجار پاداشتت دەداتێ.. ئەگەر سەرپێچی بکەیت, گوناهی ئەریسیەکانت لەسەر دەکەوێ.. ئەی خاوەن پەڕاوە پیرۆزەکان, وەرن بۆ ئەو ووتانەی خودا, کە لە نێوان هەردوو لاماندا هەیە. با هیچ خودایەکی دیکە نەپەرستین و هاوبەشی بۆ دانەنێین. تەنیا ئەو سەروەرمان بێت. ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا , بڵێن ئێمە موسوڵمانین ).**

هەروەها لە نامەیەکدا ئاوا بۆ نەجاشی حەبەشەی نووسیوە :

**( بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان**

**لە محەمەدی پێغەمبەری خوداوە بۆ نەجاشی پایەداری پادشای حەبەشە**



**کردوون , وەک ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی کۆمەڵگای عەرەبستان بۆ ئاینی ئیسلام کەڵکی لێ وەرگرتووە.**

سەرجەم لە قورئاندا ( 397 ) ئایەت لەسەر باس و بابەتی ئەفسانەیی داڕێژراون و, ڕەواجیان پێ دراوە. با پێکەوە سەرنجی چەند نموونەیەک لەو ئایەتانە بدەین :

ـ ( و الجان خلقناه من قبل من نار السموم ) الحجر / 27 .

واتا : ( وە هۆزی " جن "مان بەر لەوە لە ئاگری گەرم و سووتێنەر بەدی هێنا ).

پێشتر ووتمان کە, باوەڕ بە جنۆکە لە ناو کۆمەڵی عەرەبستاندا, لە سەردەمی پێش ئیسلامدا باو بووە. بۆیە محەمەدیش حسابی بۆ ئەم باوەڕەی خەڵکی کۆمەڵەکەی کردووەو بەرپەرچی نەداونەتەوە. نەک هەر بەرپەرچی نەداونەتەوە, بەڵکو گرنگی پێ داوەو جێگایەکی دیاری لە قورئان و ئاینی ئیسلامدا داوەتێ! , تا ئەو ڕادەیەی یەکێک لە سورەتەکانی قورئانی بە ناونیشانی ( الجن ) بۆ باسی جنۆکە تەرخان کردووە! .

لەو سورەتەدا ڕەواج بەو ئەفسانە کۆن و باوەی ئەو سەردەمە دەدات, بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە خەڵک بەرەو ئەوە بەرێت کە, بێنە ژێر ئاڵای ئاینێکەوە ڕێز لە بەشێک لە بۆچوونە باوەکانی ئەوان دەگرێت.

با پێکەوە ئەم چەند ئایەتەی خوارەوە وەک نموونە بخوێنینەوە :

ـ ( اذ يلتقي الملتقيان عن اليمين و عن الشمال قعيد ) قاف / 17 .

واتا : ( دوو مەلائیکە لە لای ڕاست و لای چەپی مرۆڤ دانیشتوون و کردەوەی دەنووسن ).

بەگوێرەی ئەم ئایەتە, دوو ئەوەندەی ژمارەی مرۆڤ, فریشتەی کاتب لە غەیبدا هەن.. هەر کەسێک دوو فریشتەی تایبەتی خۆی بۆ دانراوە. فریشتەی لای شانی ڕاست کردەوەی چاکە و , فریشتەی لای شانی چەپ کردەوەی خراپەی دەنووسنەوە!.

( عەرەبی خەڵوەتنشین خەڵکێکی نەزان و قوربانی دەستی وەهم و خورافەن, بە ڕادەیەک کە پێیان وایە لە گۆشەو پەنای هەر تاشەبەردێکدا جنۆکەیەک یان شەیتانێک لە کەمیندایە, پەستی و زەبوونی لە کلکی گا دا و گەورەیی و سەرفرازی لە ناوچەوانی ئەسپ دا دەبینن ) . 1

بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام, لەو هەلومەرجە زەینیە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەدا سەری هەڵدا.. یانی لە هەلومەرجێکی پڕ لە خورافاتەوە هەنگاوی سەرەتایی هەڵگرتووە.

بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئان, قورئان خۆی لە غەیب و ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە! .

لە ڕاستیدا هیچ ئاینێک لە غەیبەوە نەهاتۆتە بوون.. ئاینی ئیسلام و بەرنامەکەی ( قورئان ) , وە هەموو ئەو ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕانەی کە خوازیاری بووە و لە سورەت و ئایەتەکاندا داڕێژراوە, لە پەیوەند بە هەلومەرجی تایبەتی سەردەمێکی دیاریکراوی گەشەی هوشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای عەرەبستان و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکانیدا هاتۆتە ئاراوە.

( ئاین بە هەموو شێوەو باوەڕە جیاجیاکانەوە, لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا, بە شێوەیەکی کتوپڕ یا دوورەپەرێزو دابڕاو لە پرۆسەی ژیانی خەڵک و بزوتنەوەی گەشەی مێژوو, لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فکریەوە, نایەتە ئاراوە.. بەڵکو ڕاستی ئەوەیە کە, ئاین ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی هەیە ) . 2

( جێگای سەرسوڕمان نیە کە عەرەبەکانی سەدەی شەشەمی زاینی بەهرەو شارەزاییەکی زۆریان لە وەهم و خورافاتدا هەبووبێت, بەڵکو سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم دوو بابەتە لە قورئاندا بە شێوەیەکی ئیجابی و وەک مەسەلەیەکی واقیعی و ئاسایی ڕەنگی داوەتەوە ) . 3

**ئەفسانە, نەک هەر ڕەنگدانەوەی لە قورئاندا هەیە, بەڵکو بە سەلیقەوە وورد و درشتی ئەفسانەی کۆن و ئەو کاتەی تۆمار کردووەو پیرۆزی**



**سڵاوتان لێ بێت, سڵاوی خودای گەورەو سەروەرت پێشکەش دەکەم.**

**شایەدی ئەدەم کە عیسا کوڕی مەریەم, ڕۆح و ووشەی خودایە. هەر ئەو ڕۆحەی خستە مەریەمی پاکیزەو بێگەردەوە. عیسای لە ڕۆحی خۆی ئافەریدە کرد, هەر وەک چۆن ئادەمی لە خۆڵ دروست کردو ژیانی پێدا.**

**من بانگهێشتت دەکەم بۆ ئەو خودایەی کە تاک و تەنهایەو هاوبەشی نیە. داوات لێ دەکەم بڕوای پێ بهێنیت و بڕوا بەوە بهێنیت کە من پێغەمبەری خودام, وە بە فەرمانی ئەو هاتووم.**

**جەعفەری کوڕی مامم لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی موسوڵماندا ناردووە بۆ لاتان, ئەگەر گەیشتە لاتان, ڕێزیان بگرن و دەست لە لووتبەرزی هەڵگرن. خۆت و سەربازەکانت بانگهێشتی لای خودا دەکەم, من نامەی خۆم گەیاند, ئامۆژگاریەکەم وەرگرن.**

**سڵاو لەو کەسەی ڕێگای ڕاستی دەگرێ ).**

**بەڵام پادشاو میرەکان وەڵامی بانگهێشتی محەمەدیان نەدایەوە..بۆیە دەبوو دوای ئەوە بە سوپای موسوڵمانان بچێتە سەریان, بۆ ئەوەی بانگەوازی ئیسلام بە گەلان بگەیەنێت ] 56 .**

بەڵێ, ئیدی محەمەد , محەمەدی خاوەنی دەسەڵات و سوپا, بە زمانی هێز بەرنامەی کار و بڕیارە ئاینی و سیاسیەکانی جێ بەجێ دەکرد!.

بە کورتی, لەم بەشەدا, وەک لە ڕوونکردنەوەو نموونەی ئایەتەکاندا باسمان کردووە, دەقەکانی قورئان ڕەنگدانەوەی دوو قۆناغی جیاوازی گەشەی هێز و دەسەڵاتن :

لە قۆناغی پێش کۆچدا بەرەو مەدینە, یانی لە سەردەمی لاوازیدا, تایبەتمەندی ئایەتەکان ئەوەیە کە, نەرم و نیانن, پشتیان بە هێز و دەسەڵات نەبەستووە.

بەڵام ئایەتەکانی قۆناغی دوای کۆچ, بە تایبەت دوایساڵی یەکەمی کۆچ, ڕەنگدانەوەی هەلومەرجێکن کە هێز و دەسەڵات لە پشتیانەوەیە..توندوتیژ

بوونەوەی ناكۆكیەكان و شەڕوكوشتارەكان لە ئایەتەكاندا ڕەنگیان داوەتەوە, گوتارەكان ڕەق و هاندەرن بۆ زەبروزەنگ و توندوتیژی.

**بەگوێرەی ئەو دوو قۆناغە جیاوازە, لە قورئاندا دووچۆنایەتی جیاواز, یان دوو ئیسلامی جیاواز هەن. ئیسلامێكی نەرم و نیان, كە بریتیە لە ئیسلامی سەردەمی لاوازی و نەبوونی هێز و دەسەڵات. هەروەها ئیسلامێكی توندوتیژ, كە بریتیە لە ئیسلامی سەردەمی هێز و دەسەڵات.**

* * *



هەركەس نەبێ بە موسوڵمان, هیچ وەرناگرێ! بەڵكو بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێنرێ! .

**ئەو بەڵێن و پاداشتانەی لە ئایەتەكانی قورئاندا باس كراون, بۆ ئەو سەردەمەی خەڵكی ڕەشوڕووتی عەرەبستان, بە بەراورد لەگەڵ ژیانی پڕ لە زەحمەتی بیاباندا, خەیاڵی خۆش و فراوان بوون. كاری لە بیركردنەوەو هەڵوێستی خەڵكانێك كردووە, بۆ ئەوەی ژیانی خۆش لە بەهەشتی ئەو دنیا زامن بكەن , موسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.**

## 3 ـــ ئەفسانە :

لە باسی زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا, پێشتر ئاماژەمان بەوە كرد كە, مرۆڤی كۆمەڵگای عەرەبستانیش, وەك هەر كۆمەڵگایەكی تر لەو سەردەمەدا, بەهۆی لاوازی لە تێڕوانین و بیركردنەوەدا بەرانبەر بە دیاردەو ڕووداوەكانی سروشت و كۆمەڵ, كە چۆن هەن ؟ وە چۆن ڕوودەدەن ؟ , ئەوەندە پەییان بە ڕاستیەكان نەبردووە, بۆیە لە لێكدانەوەكانیاندا بۆ زۆربەی ئەو دیاردە و ڕووداوانە, پەنایان بردۆتە بەر باوەڕ بە غەیب و بیركردنەوەی ئەفسانەیی.

بێگومان ئەو شێوە تێڕوانین و بیركردنەوەیە, بۆ ئەو سەردەمەی كۆمەڵگای عەرەبستان ئاسایی بووە, چونكە ڕادەی گەشەی زانستەكان لەو قۆناغەدا ئەوەندە پەرەیان نەسەندبوو. كە ئەوەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی ڕادەیەكی لاوازی پێشكەوتن و گەشەی ئابوری ئەو سەردەمەی كۆمەڵگای عەرەبستان بوو.

دیاردەی باوەڕ بە غەیب و ئەفسانە و وەهم, لە هزر و ئەندێشەی خەڵكی كۆمەڵگای عەرەبستاندا بە گشتی, ڕەگوڕیشەی قووڵ و لەمێژینەیان هەبوو.

ڕاستی ئەوەیە لە کۆمەڵی چینایەتیدا بە شێوەیەکی گشتی و بە درێژایی مێژوو, جیاوازی چینایەتی , یا دەوڵەمەندی و هەژاری دیاردەیەکی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایەیە و, تا کۆمەڵگای بێ چین و یەکسان دانەمەزرێ ئەو جیاوازیە هەر دەمێنێ.

ـ ( ان الله اشترى من المؤمنين أنفسهم و أموالهم بان لهم الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون و يقتلون وعدا عليه حقا في التورات و الأنجيل و القرآن ومن أوفى بعهده من الله فاستبشروا ببيعكم الذي بايعتم به وذلك هو الفوز العظيم ) التوبة / 111 .

واتا : ( بەڕاستی خوا گیان و ماڵی بڕوادارانی کڕیوە کە بەهەشتیان بداتێ, لە بەرئەوەی لە ڕێگای خوادا جەنگ دەکەن, جا دەکوژن و دەکوژرێنەوە ئەمە بەڵێنێکی هەقە لەسەر ئەو کە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا باسی کردووە, وە چ کەسێ لە خوا بە بەڵێنی خۆی وەفادارترە, مزگێنییان بێ بۆ ئەو کڕین و فرۆشتنەی لەگەڵ خوادا کردووتانەو هەر ئەمەیشە دەسکەوتێکی گەورە ).

مەبەستی ئایەتەکانی قورئان لە پاداشت , پاداشتی دوای مردنە بۆ موسوڵمانان! . بە موسوڵمانانی هەژار دەڵێ :

خەم مەخۆن کە لە ژیاندا هەژار و نەدارن! لە ژیانی کولەمەرگیتان ناڕازی مەبن, ئەوە بەشی خودایە کە بە ئێوەی بەخشیوە! .. سەیری ئەوە مەکەن کە خەڵکێک لە دەوری ئێوە, خۆیان و نەوەکانیشیان لە سەروەت و سامانی زۆروزەبەند بەهرەمەندن, لە هیچیان کەم نیە و بە ئارەزووی دڵی خۆیان ڕادەبوێرن, ئەوەش هەر بەشی خوایە بەوانی داوە! . هەژاریی ئێوە تاوانی دەوڵەمەندانی تێدا نیە! . ژیانی ئەم دنیایە گاڵتەیە, ئەوەندە بە گرنگ مەیگرن, گرنگ ئەوەیە فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەری خودا بەجێبێنن, لە پێناوی خودادا تێ بکۆشن و خۆتان بەخت بکەن.

هەژار و دەوڵەمەند لای خودا جیاوازیان نیە, بە خەباتکردن لە ڕێگای خودادا نەبێ.. ئەو کەسە گرەو دەباتەوە کە بووە بە موسوڵمان, چونکە ژیانی هەمیشەیی لە بەهەشتدا بە پاداشتی زۆرەوە بەدەست دەهێنێ.



**پەراوێزی بەشی سێ هەم**

ـ أبو الحسن النيسابوري / أسباب النزول , ص 135 .

2 ـ عەلی دەشتی / بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , ل 96 .

3 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ج 1 ص 232 .

4 ـ دار الندوة : شورایەک بوو لە نوێنەرانی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکانی شاری مەککە,بۆ ڕێکخستن وپاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە کۆمەڵدا.

5 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ج 1 ص 333 .

6 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 340 .

7 ـ عەلی دەشتی / بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی , ل 102 .

8 ـ خليل عبدالكريم / النص الموءسس و مجتمعه, ص 116 .

9 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية, ج 1 ص 353 .

10 ـ سليمان مظهر / قصة الديانات, ص 496 .

11 ـ محمد سعيد طالب / الدولة و الدين , مطبعة الأهالي, سورية, ص 142 .

12 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 144 .

13 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 145 .

14 ـ موهاجرین : بەو موسوڵمانانە دەوترا کە لە دەرەوەی مەدینەوە هاتبوون بۆ مەدینە.

15 ـ ئەنسار : بەو موسوڵمانانە دەوترا کە خەڵکی مەدینە بوون .

16 ـ محمد سعيد طالب / الدولة و الدين , ص 145 .

17 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 146 .

18 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول , مكتبة مدبولي الصغير, الطبعة الثانية 1996 , مطبعة اطلس, ص 40 .

19 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 123 .

20 ـ أبي الحسن النيسابوري / أسباب النزول , ص 235 .
21 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول, ص 93 , 94 .
22 ـ خليل عبدالكريم / النص الموءسس و مجتمعه, ص 148 .
23 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول , ص 114 .
24 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 116 .
25 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 129 .
26 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 130 .
27 ـ [ عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی کوڕی سەلول ئەلخەزرەجی, ئەخبارییەکان لە بارەیەوە ئەڵێن : ئەگەر پێغەمبەر نەچوایەتە مەدینە, ئەو دەبوو بە سەرۆکی شار ] ( محمد سعيد طالب / الدولة والدين, ص 157 ) .
28 ـ عەلی دەشتی / بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتی, ل 111 .
29 ـ لە دوای شەڕی " ئوحود "دوە, محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام " عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی بە سەرۆکی مونافیقەکان ناو دەبرد ! , مەبەستی لە مونافیق ئەو کەسانە بوو کە [ بە سەرزارەکی موسوڵمان بوون , بەڵام بە دڵ لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا نەبوون, بەڵکو ئیسلامیان تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوو ] ( محمد سعيد طالب / الدولة و الدين , ص 160 ) .
30 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول, ص 149 .
31 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو / ل 155 .
32 ـ عەلی میرفیردەوسی / ئیسلام ناسی , ل 42 , ئەویش لە تەفسیری لاهیجی / ب 1 ل 400 , و تاريخ الطبري , ج 3 ص 1095 وەری گرتووە.
33 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول, ص 177 .
34 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 175 , 179 .
35 ـ عەبدولعەزیز عەلائەدین موستەفا کۆیی / ژیان و ڕەوشتی پێغەمبەر, ل 226 .
36 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول, ص 231 .
37 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 231 .
38 ـ أبي الحسن النيسابوري / أسباب النزول , ص 237 .



بێستانگەلێگ هەیە کە چۆمەئاو بە بن دارەکانیدا تێ ئەپەڕێ, ئەوانیش بۆ هەمیشە لەوێدا ئەمیننەوە, وە ژنانی پاک و خاوێن و ڕەزامەندیان لای خوا دەستدەکەوێ ).

دەبینین پاداشتەکان, لەو کالاّیانەی کە لە ژیانی واقیعی ئەو سەردەمەدا هەبوون , لەگەڵ ڕەزامەندی خودا, تێپەڕیان نەکردووە.

ـ ( زين للذين كفروا الحياة الدنيا و يسخرون من الذين آمنوا والذين اتقوا فوقهم يوم القيامة و الله يرزق من يشاء بغير حساب ) بقرة / 212 .

واتا : ( ژیانی ئەم دنیا بۆ کافران ڕازاوەتەوەو گاڵتە ئەکەن بەوانەی بڕوایان هێناوە, بەڵام ئەوانەی وا لە خوا پەروایان هەیە, لە ڕۆژی قیامەتدا لە سەرەوەی ئەوانەن, وە خوا بە هەرکەس کە بیەوێ بەبێ ئەژمار ڕزق و ڕۆزی ئەدا ).

ئەم ئایەتەی سەرەوە پێی وایە کە ژیانی خۆش و ڕازاوە لەم دنیایەدا هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە موسوڵمان نین!.

بەڵام ئەگەر سەیری ژیانی واقیعی بکەین, دەبینین بەو جۆرە نیە کە لەو ئایەتەدا هاتووە, ژیانی ئەم دنیایە تەنها بۆ کافران نەڕازاوەتەوە. لە هەموو مێژووی ئیسلامدا بە گشتی و, لە سەردەمی محەمەدیشدا بە تایبەتی, چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار هەبووە.. زۆر لە سەرکردەکانی ئیسلام لە سەردەمی محەمەد خۆیدا دەوڵەمەندی گەورە بوون.

ئێستاش بە هەزاران ملیۆنێر و سەدان ملیاردێری موسوڵمان هەن, کە بەهەشتی ئەم دنیایەیان بە سەرمایەکانیان کڕیوە. لە هەمان کاتدا ملیۆنەها خەڵکی هەژاریش هەن کە موسوڵمان نین. یانی ئاستی ژیان و گوزەران , یا دەوڵەمەندی و هەژاری, پەیوەندیەکی بە بیروباوەڕی ئاینی یەوە نیە. ناکرێ بوترێ فلانە کەس لە بەرئەوەی موسوڵمان نیە, خودا ژیانی ئەم دنیای بۆ ڕازاندۆتەوە, فلانیش بەهۆی ئەوەی موسوڵمانە, خودا لە ژیانی ئەم دنیادا هەژاری کردووەو لەو دنیا ژیانی خۆشی پێ دەبەخشێ.

خوداوه, کاری له بیر و مێشکیان کردووه و هانی داون که ئەگەر له ژیانی ئەم دنیا له نیعمەتی وا بەهرەمەند نەبوون, باشتر وایه ببن به موسوڵمان, تا لەو دنیا ژیانی خۆشی هەمیشەیی ناو باخەکانی بەهەشت بۆ خۆیان بەدەست بهێنن!.

بێگومان خەیاڵی دارشتنی ئایەتەکانی پاداشت, هەر له ژیانی واقیعی ئەو کاتەی دەوڵەمەند و ئەرستۆکراتەکانی عەرەبەوە سەرچاوەیان گرتووه, که خاوەنی خانوو, ڕەز وباخ, خواردنی خۆش و بادەنۆشین, زێڕ و زیو, ژنی جوان و زۆر, ئەسپی جوان, مەڕومالاّت و...هتد بوون.

دیاره بەدەستهێنان و بەهرەمەند بوون لەو پێداویستیانەی ژیان, ئاواتی زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمه بوون.. لەو سەردەمەدا ئەو پێداویستیانه سەرچاوەی چێژوەرگرتن و ژیانی خۆشی دەوڵەمەندان بوون, بۆیه له ئایەتەکانی پاداشتدا, لەو جۆره بەڵێنانه به موسوڵمانان دراوەو, لەوانه واوەتر نەچووه. بۆ نموونه :

ـ ( زين للناس حب الشهوات من النساء و البنين و القناطير المقنطرة من الذهب و الفضة و الخيل المسومة و الأنعام و الحرث ذلك متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن المئاب ) آل عمران / 14 .

واتا : ( خۆشەویستی ئارەزووەکانی نەفسانی بۆ خەڵک ڕازاوەتەوه که بریتی یه له ژنان زارۆڵه کیسەی زێڕ و ئەسپی خۆشڕەنگ و نیشانەدار و پڕخاڵ مەڕومالاّت کشتوکاڵ, ئەمانه کالاّی ژیانی دنیان و سەرەنجامی چاک لای خوایه ).

بەگوێرەی ئەو ئایەتەی سەرەوە, ئەو پێداویستیانەی که باسی کردوون, کالاّی ژیانی ئەم دنیان, پاداشتی باشتر و سەرەنجامی چاک لەو دنیایه!.

دەبا بزانین سەرەنجامی چاک له ئایەتی دواتردا چی یه ؟ :

ـ ( قل أؤنبئكم بخير من ذلكم للذين اتقوا عند ربهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها و أزواج مطهرة و رضوان من الله ) آل عمران / 15 .

واتا : ( بڵێ : ئایا ئەتانەوێ ئێوه له شتێ چاتر له تەواوی ئەم " سەرمایەی دنیایی " ئاگادار بکەم ؟ بۆ پارێزگاران لای پەروەردگاریان باغ و



39 ـ طبري / تأريخ الرسل و الملوك , ج 2 ص 584 .
40 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ب 2 ل 591 .
41 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ب 2 ل 589 .
42 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول , ص270 , ئەویش له ( ابن سعد / الطبقات , ص 510 ) وەری گرتووه .
43 ـ محمد سعيد طالب / الدولة و الدين , ص 146 .
44 ـ سيد محمد القمني / حروب دولة الرسول , ص 201 .
45 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 291 .
46 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 293 .
47 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 296 .
48 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 307 .
49 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 321 .
50 ـ عەبدولعەزیز عەلائەدین موستەفا کۆیی / ژیان و ڕەوشتی پێغەمبەر , ل 330 .
51 ـ د. حسين مروة / النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية , ج2 ص 357 .
52 ـ [ جزيه : باجێکی ماڵی بوو, لەسەر ئەو خەڵکانه دانرابوو کە, ناوچەکانیان له لایەن سوپای موسوڵمانانەوە داگیر دەکرا .. بڕەکەی بریتی بوو له چوار دینار زێڕ, یان چل درهەم زیو.. لەو پیاوانه وەردەگیرا که تەمەنیان له سەروو هەژدە ساڵانەوە بوو. یانی له ژن و منداڵ نەدەسەندرا ] ( أبوبكر الجزائري / منهاج المسلم , ص 336 ) .
53 ـ محمد سعيد طالب / الدولة و الدين , ص 151 .
54 ـ د. شوقي أبوخليل / أطلس التأريخ العربي الأسلامي , ص 32 .
55 ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو , ل 33 .
56 ـ سليمان مظهر / قصة الديانات , ص 511 .

# بەشی چوارەم :

# ڕەنگدانەوەی شێوەی کار ی ئیسلام لە دەقەکانی قورئاندا

پێشتر ووتمان کە, بزوتنەوەی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان , بەرئەنجامی ڕادەیەک لە گەشەی ئابوری ـ کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی و مل ملانێکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای عەرەبستان بوو, لە هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراودا.

محەمەدیش ئەو ڕابەرە هوشیارە بوو کە, لە زەمینەی مادی ناکۆکی و مل ملانێکانی ناو کۆمەڵەکەی خۆی حاڵی بوو.. لەو ڕاستیە تێگەیشتبوو کە زەمینەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادایە و بزوتنەوەیەک لە سەرەتای سەرهەڵداندایە. باری دەروونی کۆمەڵەکەی خۆی باش دەناسی و, دەیزانی ئاستی هوشیاری خەڵکەکە لەوەدایە کە ئەفسانە و بیروباوەڕی ئاینی جۆراوجۆر, لە لایان ڕەگی قووڵ و ڕەواجی زۆریان هەیە.

دەستپێشکەری کرد لە هێنانە مەیدانی ئەو بزوتنەوە سەرەتاییە داو,



لەگەڵ گەشەی ئیسلامدا, ئەوانە بەردەوام بە هێزی سوپای ئیسلام لێ دەدران و چاوترسێن دەکران . بە هێرش و پەلاماری خوێناوی, بە زەبری شمشێر دەکران بە موسوڵمان.

بۆ نموونە خێڵی قورەیش, کە محەمەد خۆی قورەیشی بوو, دوای بیست ساڵ بەرەنگاریکردنی ئیسلام و چەندین شەڕی خوێناوی لە نێوانیاندا, ئەوەبوو لە هێرشی سوپای موسوڵمانەکاندا بۆ سەر شاری مەککە, لە ساڵی ( 8 )ی کۆچیدا, توانای بەرەنگارییان نەماو, بۆ کۆتایی هێنان بە هەڕەشە و ترساندن و کوشتاری ئیسلام, ناچار تەسلیم بە ئیسلام بوون و موسوڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند.

## 2 ـــ مزگێنی و پاداشت :

مزگێنی و پاداشت بۆ بڕواداران, دیاردەیەکی بەربڵاوە لە ناو ئایەتەکانی قورئاندا, محەمەد وەک ڕێگایەک و ئامرازێک بۆ سەرنج ڕاکێشان و قایلکردنی خەڵک بە ئاینی ئیسلام بە کاری هێناوە.

سەرجەم لە هەموو قورئاندا ( 416 ) ئایەت, باس لە مزگێنی و پاداشتی ئەودنیا دەکەن.. هەر بە تەنیا ئەم ئایەتەی خوارەوە, سەبارەت بە مزگێنی بەهەشت, ( 41 ) جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە :

ـ ( و الذين آمنوا و عملوا الصالحات سندخلهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها ) .

واتا : ( کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاروکردەوەی چاکیان کردووە, بە زوویی ئەیانبەینە ناو بەهەشتگەلێ کە چۆمەئاو بەژێر دارەکانیاندا بێ و بڕوا و هەمیشەش لەوێدا ئەمێننەوە ).

ئەم بەڵێنە, یانی بەڵێنی باخەکانی بەهەشت, بۆ خەڵکی هەژاری بیابانی ووشک وبرنگی نیمچەدوورگەی عەرەبستان, کە ڕەز و باخ لەوێ یەکجار کەم بووە, ژیان لە سەر خەیاڵی وەها , لە پەیوەند بە ئاین و پاداشتی

لە ژێر ئالای بیروباوەڕە ئاینیەکانی خۆیدا, ماوەی ( 23 ) ساڵ ڕابەرایەتی کرد. تا لە ئەنجامدا بزوتنەوەکەی بە سەرکەوتن و ئامانجی خۆی ( بەدیهێنانی یەکێتی خێڵە عەرەبەکان ) گەیاند.

سەرکەوتنی بزوتنەوەکە و دامەزرانی دەسەڵاتی یەکگرتووی ئیسلام, لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان, بە لای محەمەد دوە, ئامانجی ستراتیجی بوو.

بەگوێرەی بەرنامە و پلانێک کە, پێ بە پێی ڕەوتی بزوتنەوەکە داپڕشتووە ( یانی ئایەتەکانی قورئان ), بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ستراتیجیە, بە هەر شێوە و ڕێگایەک بۆی کرابێ, بۆی دەسبەکار بووە! .

ئەو شێوەکارانەی وەک ڕێگای خەبات چاو لێکردوون و پیادەی کردوون. لێرەدا هەندێک لەو ڕێگایانە, لەگەڵ نموونە و بەڵگەی ئایەتەکانی قورئان, باس دەکەین :

## 1 ـــ هەڕەشە و ترساندن :

هەڕەشە و ترساندن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە, محەمەد لە بانگهێشتنی خەڵکدا بۆ ئاینی ئیسلام پەنای بۆ بردووە. لە ئایەتەکانی قورئانیشدا پێی ڕاگەیاندوون کە, ئەگەر ئەتانەوێت تووشی ئازارو ئەشکەنجەی ئەو دنیا و بەڵاو نەهامەتیەکانی ئەم دنیایە نەبن! , ئەوا پێویستە ملکەچی هەموو فەرمان و داواکاریەکانی خودا و پێغەمبەری خودا بن! .

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئایەتەکانی قورئاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

سەرجەم لە ( 1489 ) ئایەتدا , کە دەکاتە نزیکەی چواریەکی هەموو قورئان, هەڕەشەو ترساندن بە شێوەی جۆراوجۆر بەکار هاتووە. وەک : ترساندن بە نووکی شمشێر , ترساندن بە ڕۆژی قیامەت, ئاگری جەهەننەم, بە لەعنەت کردن و دوورخستنەوە لە ڕەحمەتی خودا,



واتا : ( جا سەرەنجام ئەو " هود " و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودا بوون, بە ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان کردن, وە ڕەگ و ڕیشەی کەسانێ کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و بڕوادار نەبوون لە بنەوە بڕی ).

ئەم ئایەتانەی سەرەوە, چەند نموونەیەک بوون لە قورئان, کە باس لە هەڕەشە و ترساندن و شێوەی جۆراوجۆری ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی مرۆڤ دەکەن, بۆ سەردانەواندن و مل پێکەچکردنی خەڵک.

زۆربەی ئایەتەکانی هەڕەشە و ترساندن, ئاراستەی کافران و ئەهلی کتێب کراون . کافرانیش لە ڕوانگەی قورئانەوە, ئەو کەسانەن کە ئاینی ئیسلامیان قبوڵ نەکردووە, یا نایکەن , بۆیە دەبێت سزای خودایی وەرگرن! .

هەروەها بەشێکیش لەو هەڕەشە و ترساندنانە, ڕوو لەو موسوڵمانانەیە کە ئاینەکەیان بە ڕێکو پێکی ( وەک چۆن قورئان داوایان لێ دەکات ) جێ بەجێ نەکردووە.

لە بەرئەوە دەبێ کافر و موسوڵمان و, ئەوانەش کە ئاینی ئیسلامیان پێنەگەیشتووە, چاوەڕوانی ئەو ئازار و ئەشکەنجانە بن !.

بەگشتی یانی لە ئیسلامدا, هیچ چارەیەک لە بەردەم مرۆڤدا نیە جگە لەوەی کە موسوڵمان بن !.

**هەڕەشە و ترساندن بە ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر, یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام , بۆ برەودان بە ئاینەکەی بە کردەوە بەکاری هێناوەو, لە بەرنامەی ئاینی ئیسلامیشدا, یانی لە قورئاندا, وەک دەقی خودایی پیرۆز کراوەو هەرگیز گۆڕان هەڵناگرێ.**

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڕەشە و ترساندن لە ئیسلامدا بەو شێوەیە ڕەواجی هەبووە, گەلێک لە خەڵک وخێڵەکانی نیمچەدوورگە بە ئاسانی تەسلیم بە ئیسلام و قورئان نەدەبوون.

توورەبوون و ڕقی خودا, پارچەپارچەکردن و ڕووڕەشی دنیا و قیامەت, ئاوی کوڵاو کردن بە دەموچاو و لەشدا, خواردنەوەی ئاوی کوڵاو, عەزابی ئاسمانی و بارانی بەرد بەسەردا باراندن, نوقم کردنی بە کۆمەڵ لە ئاودا, ڕزق و ڕۆزی بڕین, دەرد و نەخۆشی, بە کۆمەڵ لەناوبردن, شاربەدەر کردن, لە ڕەگوڕیشە دەرهێنان و کردن بە تەپوتۆز, قوڕقوشمی تواوە پێ خواردنەوە, کۆت وزنجیر کردن, لێدان بە گورزی ئاسنین, کردن بە مەیمون, ترساندن بە دێو و جنۆکە وئەژدیها و...هتد .

با بۆ نموونە سەیری ئەم ئایەتانەی خوارەوە بکەین :

ـ ( و قل الحق من ربكم فمن شاء فليوءمن و من شاء فليكفر انا أعتدنا للظالمين نارا أحاط بهم سرادقها و ان يستغيثوا يغاثوا بماء كالمهل يشوي الوجوه بئس الشراب و ساءت مرتفقا ) الكهف / 29 .

واتا : ( وە بڵێ هەق ـ هەر ئەوەیە کە ـ لە پەروەردگارتانەوە هاتووە, جا هەر کەس دەیەوێ با بڕوا بێنێ و هەر کەسیش دەیەوێ با کافر بێ , بە ڕاستی ئێمە بۆ ستەمکاران ئاگرێکمان ئامادە کردووە کە گڕەکەی لە هەر لایەکەوە دەوری ئەوانی داوەو ئەگەر داوای یارمەتی بکەن, بە ئاوێک یارمەتی دەدرێن وەکو قوڕقوشمی سووربووە کە دەم و چاویان دەبرژێنێ , چ خواردنەوەیەکی خراپە و چ نیشتگەیەکی خراپە کە هاواڵی دێو و کافرانن ).

ـ ( و لو شئنا لأتينا كل نفس هداها و لكن حق القول مني لأملأن جهنم من الجنة و الناس أجمعين ) السجدة / 13 .

واتا : ( وە ئەگەر بمانویستبا ـ بە زۆر ـ ڕێنوێنی پێویستمان بە هەر مرۆڤێک ئەدا, بەڵام بەڵێنی من ـ بەرهەقە ـ کە بە ڕاستی لە جنۆکان و مرۆڤ دوژەهـ تەژی دەکەم, هەی جمەی بێ ).

ـ ( لهم من فوقهم ظلل من النار و من تحتهم ظلل ذلك يخوف الله به عباده, يا عباد فاتقون ) الزمر / 16 .

واتا : ( بۆ ئەوان لە بان سەریانەوە سێبەرەکانی ئاگر و ,لە ژێریانیش سێبەرەکانی ئاگر هەیە, ئەمە شتێکە خوا بەندەکانی خۆی پێ ئەترسێنێ, ئەی بەندەکانی من جا خۆتان لە ـ عەزابی ـ من بپارێزن ).



ـ ( فكلا اخذنا بذنبه فمنهم من أرسلنا عليه حاصبا و منهم من أخذته الصيحة و منهم من خسفنا به الأرض و منهم من أغرقنا و ما كان الله ليظلمهم و لكن كانوا أنفسهم يظلمون ) العنكبوت / 40 .

واتا : ( جا هەموویانمان بە تاوانیانەوە گرت, تۆفان لەگەڵ خیز و لمم بەسەر هەندێکیاندا ڕژاند و هەندێکیشمان بە هەورەبریسکە و بوومەلەرزە گرت و هەندێکیشمان لە ئاودا نوقم و غەرق کردن, خوا ستەمی لێ نەکردوون, بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە ).

ـ ( هذان خصمان أختصموا ربهم فالذين كفروا قطعت لهم ثياب من نار يصب فوق رؤسهم الحميم, يصهر به ما في بطونهم و الجلود, و لهم مقامع من حديد, كلما أرادوا أن يخرجوا منها من غم أعيدوا فيها و ذوقوا عذاب الحريق ) الحج / 19 , 20 , 21 ,22 .

واتا : ( ئەمانە دوو تاقمن کە لە بابەت پەروەردگاریانەوە کەوتنە دژایەتی و قڕەقڕ کردن, جا کەسانێ کە کافر بوون, جلکیان لە ئاگر بۆ دەبڕدرێ و ئاوی کوڵاو و سووتێنەر بە سەر سەریاندا دەکرێ, بە جۆرێکی وا هەم دڵ و دەروونیان و هەم پێست و ڕواڵەتیان دادەتوێنێ و دەبێتە ئاو, وە بۆ ئەوان گورزی ئاسنین هەیە, هەر کاتێ بیانەوێ لە خەم و خەفەتی دوژەهـ بڕۆنە دەرێ دووبارە دەگێڕدرێنەوە نێوی و پێیان دەگوترێ عەزابی سووتێنەر بچێژن ).

ـ ( و قدمنا الى ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا ) الفرقان / 23 .

واتا : ( بە کردەوەیان ڕادەگەین جا هەموویان وەکو تۆز بە با دەدەین ).

ـ ( و ترى المجرمين يومئذ مقرنين في الأصفاد, سرابيلهم من قطران و تغشى وجوههم النار ليجزي الله كل نفس ما كسبت ان الله سريع الحساب ) ابراهيم / 49, 50 , 51 .

واتا : ( وە لەو ڕۆژەدا تاوانباران پێکەوە لە کۆت وزنجیردا ئەبینی, کراس و جلکەکانیان لە قەیتەرانە وە ئاگر دەم و چاویشیان دائەپۆشێ, تا هەر مرۆڤێک هەرچی ئەنجام داوە خوا سزا و پاداشتی بداتەوە بە ڕاستی خوا ـ سريع الحساب ـ ە ).

ـ ( فانجيناه و الذين معه برحمة منا و قطعنا دابر الذين كذبوا بآياتنا و ما كانوا مؤمنين ) الأعراف / 72 .

# لەم کتێبەدا . . .

قورئان کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ئەحکامی ئەزەلی و نەگۆڕو پێشوەخت نەبووە کە تەسلیم بە محەمەدی ڕابەری ئیسلام کرابێت ! ، تا بەگوێرەی ئایەتەکان ژیان وچارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی و گەردون بەرێتە پێشەوە بەڵکو ئایەتەکانی قورئان ( جگەلەوانەی کە گێڕانەوەی ئەفسانەی چیرۆک و بەسەرهاتی کۆنن ) ، لەئەنجامی ڕووداوی ڕۆژانە ، یالەوەڵام بەپرسیاری خەڵکدا ، یا لەپەیوەندی بەدیاری کردنی ئەرک و حوکمەکان بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای نیمچە دوورگەی عەرەبستان ، لەماوەی بیست وسێ ساڵی ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامدا ، لەلایەن محەمەدی پێغەمبەری ئیسلامەوە دارێژراوە

هەربۆیە ناوەرۆکی بیروبۆچوونەکانی قورئان لەسەرهەموو مەسەلەکان پابەندی گەشەی فیکری و کۆمەڵایەتی و نەریت و تەنانەت سروشت و سەرجەم تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی عەرەبستان .